زنجیرەی (ڕوونکردنەوەی شەریعەت بەبەڵگەی قورئانو سوننەت)

# پرسیارەکانی
# مانگی ڕەمــەزان

زیاتر لە(٢٠٠) پرسیارو وەڵام سەبارەت بە فەزڵو پاداشتو ئەحکامەکانی (ڕەمەزان، ڕۆژوو، تەراویح، لیلة القدر، ئیعتیکاف کردن، سەرفترە، جەژن، شەشەڵان)


ئاڕاستە کردنی پرسیارەکان

م/ صلاح الدین عبدالكریم

وەڵامدانەوەی پرسیارەکان

د. عبداللطیف أحمد مصطفى

دکتۆرا لە زمانی عربی و بیروباوەڕی ئیسلامی

مامۆستا لە پەیمانگای زانستە ئیسلامییەکان/سلێمانی


---------------------------------------


ماڵپەڕی بەهەشت

www.ba8.org

islam_kurd_ba8@yahoo.com

07701517378

عێراق - کوردستان - کەلار

هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ

کتێبی ژمارە (١٢٩) لە کتێبەکانی ماڵپەڕی بەهەشت

بسم الله الرحمن الرحيم

## پێشەکی

إِنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِيْنُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوْذُ بِاللهِ مِن شُرُوْرِ أَنْفُسِنا وَمِنْ سَيِّئاتِ أَعْمَالِنا مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ .

وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُوْلُهُ.

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اتَّقُواْ اللّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلاَ تَمُوتُنَّ إِلاَّ وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ﴾ ﴿سورة آل عمران ١٠٢﴾ .

﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُواْ رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالاً كَثِيرًا وَنِسَاء وَاتَّقُواْ اللّهَ الَّذِي تَسَاءلُونَ بِهِ وَالأَرْحَامَ إِنَّ اللّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا﴾ ﴿سورة النساء : ١﴾ .

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلًا سَدِيدًا يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَن يُطِعْ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا﴾ ﴿سورة الأحزاب : ٧٠ ـ ٧١﴾ .

أَمَّا بَعْدُ ...

فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيْثِ كِتَابُ اللهِ وَخَيْرَ الهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ) وَشَرَّ الأُمُوْرِ مُحْدَثَاتُهَا وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ وَكُلَّ ضَلالَةٍ فِي النَّارِ .

خوێنەری بەڕێز ئەم پەرتوکەی بەردەستت لە بنچینەدا بریتی بوو لە شانزە (١٦) زنجیرەی بەرنامەی: (**ڕوونکردنەوەی شەریعەت بەبەڵگەی قورئانو سوننەت**) ی کەناڵی (الأثر) ی ئاسمانی کە پێکهاتبوو لە پرسیارو وەڵام سەبارەت بە: (مانگی ڕەمەزانو ئەو شتانەی کە پەیوەستن پێوەی لە بەرۆژوو بوونو تەراویحو، ليلة القدر و، ئیعتیکاف کردنو، سەرفترەو، چەژنو، شەشەڵانو.....) لە وەڵامدانەوەی مامۆستای بەڕێز/ د. عبداللطيف أحمد مصطفى.

جا لەبەر داخوازی زۆری موسڵمانانو کاریگەری بەسەریانەوەو گرنگی بابەتەکانو وەڵامە بە پێزو بەهێزەکانی دکتۆری بەڕێز بەپێویستمان زانی کە وەکو پەرتوك بڵاو بکرێتەوە تا سودەکەی زیاترو بڵاوتر بێتو لەناو خوێنەرانی بەڕێزیشدا بمێنێتەوە، هەر بۆیە چەند برایەکی بەڕێزو خەمخۆر ئەرکی نوسینەوەی ئەو شانزە زنجیرەیان گرتە ئەستۆی خۆیانو هەستان بە نوسینەوەی خوای گەورە پاداشتی خێریان بداتەوە، پاشان منیش هەستام بە پێداچونەوەی بۆ ئەوەی بە چاپێکی پوخت بکەوێتە بەر دەستی خوێنەرانی ئازیز، وە ئەگەر هەر هەڵەو کەموکورتی تێدا بێت ئەوا داوای لێخۆش بوون لە

خوای گەورەو پاشانیش لێبوردن لە ئێوەی بەڕێز دەکەین، وە بە پشتیوانی خوای گەورە لە چاپەکانی تردا چاك دەکرێنەوە.

وە بە بۆچونی من ئەمە تەنها پەرتوکێکە کە بەم شێوازە پاکە بە بەڵگەی قورئانو سوننەت روکنێکی ئیسلامی تێدا روون کرابێتەوە بە تێگەیشتنی پێشینە چاکەکانی ئوممەت دور لە هەموو دەمارگیرییەك، بۆیە هیچ موسڵمانێك لێی بێ پێویست نییەو هەرکەسێك بیخوێنێتەوە لەهەر ئاستێکدا بێت إن شاء الله سودی لێ دەبینێت، بۆ ئامۆژگاریم بۆ موسڵمانان ئەوەیە کە لێی سودمەند بن إن شاء الله .

داواکارم لە خوای گەورە پاداشتی هەموو ئەو کەسانە بداتەوە کە بوونە هۆی بڵاو کردنەوەی ئەم پەرتوکە بەنرخە بەتایبەتی بەرێز د. عبداللطیف و ئەو کەسانەی کە ئەرکی نوسینەوەیان گرتە ئەستۆ.

وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم.

صلاح الدين عبدالكريم

چوارشەممە ٤ جمادي الآخرة ١٤٣٣ك

بەرامبەر ٢٥/٤/ ٢٠١٢ز

# پرسیارەکانی

# مانگی ڕەمەزان

## پ١/ مانای وشەی ڕەمەزان چییە وە بۆچی ئەم ناوەی لێنراوە؟

و/ ووشەی ڕەمەزان لە زمانی عەرەبیدا لە (رَمَضَ) هاتووە یاخود لە (الرمضاء) هاتووە (رَمَضَ) یانی شدة الحر (الرمضاء) واتە: شدەتی گەرمایی یانی ئەو پەڕی گەرمایی یانی کە کاتێك لە دەشتدا بەردوو ئەو جۆرە شتانە سوور دەبێتەوە بە هۆی شدەتی تیشکی خۆر کاتێك کە لێی دەدات زەوی گەرم دەبێتو زۆر خاكو خوڵ وای لێدێت کە گەرمدابێت بۆیە ئەو مانگە بە ڕەمەزان ناونراوە، جاران یانی ناوی مانگەکان لە چییەوە نراون کە لە عەربیەوە نەقڵ کراوە لە کۆنەوە قەدەری خوای پەروەردگار وابووە کە ئەو مانگەی کە بە ڕۆژووبوون تێیدا فەرز کرا قەدەری خوا وابووە کە ئەو مانگە گەرمایەو دنیا هەمووی گەرم دا هاتووە وە ناونرا بە مانگی ڕەمەزان ﴿شَهْرُ رَمَضَانَ الَّذِي أُنْزِلَ فِيهِ الْقُرْآنُ﴾ ﴿البقرة:١٨٥﴾ لەو مانگە دابوو کە خوا قورئانی دابەزاند وە ئەو مانگەش بوو کە خوای پەروەردگار کە ڕۆژووی تێدا فەرزکرد ﴿فَمَنْ شَهِدَ مِنْكُمُ الشَّهْرَ فَلْيَصُمْهُ﴾ ﴿البقرة:١٨٥﴾ کەواتە دابەزینی قورئانوگرنگی فەرزبوونی ڕۆژوو کەوتە ئەو مانگەوە کە دنیا گەرمەو شدەتی خۆر لە زەوی دەدات بۆیە ناو نرا بە ڕەمەزان .

## پ٢/ مامۆستا گیان کارەکانی خوای گەورە پڕ لە حیکمەتە هیچ ئیشیکی نییە کە بەبێ حیکمەت بێت بزانین حیمکەت لە بەڕۆژوو بوونی مانگی ڕەمەزان چییە؟

و/ هیچ کارێك نییە کە خوای پەروەدگار ئەمری پێ کردبین، هیچ شتێك نییە کە خوا فەرزی کردبێت ئیلا سوودی تێدایە، وە هیچ شتێك نییە کە خوا حەرامی کردبێت ئیلا ئەو شتە فەسادی تێدایە، وە ڕەمەزانیش یەکێکە لەو واجباتانەی کە خوای پەروەردگار لەسەر موسڵمانانی داناوە وە لەبەر حیکمەتێکی زۆر لەبەر مەسڵەحەتێکی گەورە کە هەموو ئەو پاداشتانە خوای پەروەردگار لە یەك ووشە کۆی دەکاتەوە کە لە قورئانە پیرۆزەکەی دا دەفەرمووێ:

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى الَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ﴾ ﴿البقرة:١٨٣﴾ .

واتە: ئەی ئیمانداران خوای گەورە ڕۆژووی لەسەر ئێوە داناوە هەر وەکو چۆن لەسەر کەسانی پێش ئێوەشی دانابوو بۆ ئەوەی بە تەقوا بن، کەواتە حیکمەت لە فەررزبوونی ڕۆژوو گرتنی ڕۆژوو لەسەرمان ئەوە شتێکە، وە لەبەر چی لە مانگی ڕەمەزاندا فەرزکرا وە شتێکی ترە، حیکمەت لە ڕۆژو وەکو وتمان خوای پەروەردگار ڕوونیکردۆتەوە بە پوختی دەفەرمووێ: (لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ) بەڕۆژوو بن بەڵکو بە تەقوابن، کەواتە ڕۆژوو وا لە مرۆڤ دەکات کە تەقوای خوای پەروەردگار بکاتو نەفسی پاك کاتەوەو دەروونی خاڵص بکات بۆ خوای پەروەردگارو ڕەوشتو ئەخلاقی جوان بکات، کەسێك بێت بگەڕێتەوە بۆ لای خوای پەروەردگار لە کرداریداو لە هەڵسو کەوتیداو لە مامەڵەو ڕەوشتیداو کەسێکی ڕەوشت جوانو کەسێکی چاكو باشی لێ دەرچێت ئەوەش ڕۆژوو گرتن هۆکارێکی زۆر زۆر بەهێزە بۆ ئەوەی مرۆڤ بە ڕەوشتو ئیمان بەرزو بە تەقوا بێت، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێ:

(إِذَا كَانَ يَوْمُ صَوْمِ أَحَدِكُمْ فَلاَ يَرْفُثْ وَلاَ يَجْهَلِ)(١).

ئەگەر ڕۆژەکەتان ڕۆژێکی ئەوەبوو کە کەسێك تێیدا بە ڕۆژوو بوو نەدەچێتە لای خێزانی نەجنێو دەدات نەقسەی ناشیرین دەکات وە ئەگەر کەسێکیش قسەی پێ وت با ڕەدی نەداتەوە بڵێت من بەڕۆژووم بڵێت من بە ڕۆژووم، کەواتە ڕۆژو وات لێدەکات جنێو نەڵێتو دەمی خۆی بگرێتو دەم پاك بێتو ڕەوشت جوان بێت، نەچێت شەڕو هەرا لەگەڵ کەسانێك بکات ئەگەر بیانەوێ شەڕیشت لەگەڵ بکەن مرۆڤ ئەخلاقو ڕەوشتی لەوە جوانتر بێت ئەو ڕۆژوو گرتنە وا لە مرۆڤ دەکات ئەخلاقو ڕەوشتی بەرزبکاتەوە، یان پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت: (رُبَّ صَائِمٍ حَظُّهُ مِنْ صِيَامِهِ الْجُوعُ وَالْعَطَشُ) (٢) .

واتە: هەندێك کەس هەیە بەڕۆژووە لە بەڕۆژوو بونەکەیدا تەنها تینوویەتیو برسیەتی بۆ دەمێنێتەوە خێری بۆ نانوسرێ، چونکە ئادابی بە ڕۆژووبوونەکەی تێدا نەبووەو نەی زانیوە، حیکمەت لە بەڕۆژووبووندا ئەوەیە بە تەقوا بێت تەقوای خوای نەکردووە دەمی خۆی نەپاراستووە لە قسەی خراپ لە غەیبەت کردن لە جنێودان لە درۆکردن لە بوهتانکردن وە چاوی خۆی نەپاراستووە لە نەزەرکردن وە سکی خۆی نەپاراستووە لە حەرام تێکردن وە ڕەوشتی خۆی نەپاراستووە ئەو کەسە هیچ نیعمەتی بە ڕۆژووبوونی نەزانیوە بۆیە خوای گەورە هیچ خێری بۆ نانوسێتو ئەجری وەرناگرێت ئیلا برسیەتیو تینوویەتی بۆ دەمێنێتەوە، کەواتە یەکەم ئایەتی بە ڕۆژووبوون بە (لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ) وە کۆتا ئایەتیش دیسان هەر بەوە کۆتایی پێهاتووە خوای گەورە دەفەرمووێت: بۆ ئەوەی بە تەقوا بن ئایەتەکانی ڕۆژوو بە تەقوا دەستی پێکرد بە تەقوا کۆتایی هات، کەواتە حیکمەت لە بەڕۆژووبوون ئەوەیە مرۆڤ تەقوای خوای گەورە بکات وە مرۆڤ کە بەڕۆژوو بوو وای لێدێ جارێ برسی دەبێتو وای لێدەکات بگەڕێتەوە لای خوای گەورە برسیەتی وات لێدەکات بیر لە فەقیریو برسیەتی بکەیتەوە لەمەو دوا چاك بیت لەگەڵیانو بیریان لێبکەیتەوە ئەوەش خەسڵەتێکی تەقوایە، برسیەتی وا لە مرۆڤ دەکات شەهووەتی کەم دەکاتەوە بۆ ئەوەی کاری خراپە نەکات (إِنَّ الشَّيْطَانَ يَجْرِي مِنَ الإِنْسَانِ مَجْرَى الدَّمِ) (٣) شەیتان لەناو مرۆڤ دەڕوات هەر وەك چۆن خوێن لەناو دەمارەکان دەڕوات، شەیتانیش هەموو کاتێ هانی مرۆڤ دەدات بەرەو شەهووەتو خراپەی دەباتو دەیەوێ بەرەو خراپەمان بەرێو لامان بدات، بەڵام کە مرۆڤ بە ڕۆژووبوو چۆن دەمارەکانی خوێن تەسك دەبنەوە چونکە خۆراکی تێدا ناچێت بەهەمان شێوەش شەیتان دوور دەکەوێتەوە لە مرۆڤ، کەواتە کۆمەڵێك حیکمەت هەیە لە بە ڕۆژووبووندا کە هەمووشیان لەوەدا کۆدەبنەوە مرۆڤ تەقوای خوای گەورە دەکات زیاتر کەسێکی باش دەبێت کەسێکی چاك دەبێت لەگەڵ خوای خۆی لەگەڵ نەفسی خۆی لەگەڵ دەوروبەرەکەی لەگەڵ خێزانی خۆی ڕۆژو وات لێ دەکات بە تەقوا بیت خۆپارێزبیت لە هەموو شتێك کە خوای گەورە پێی ناخۆشە سیفەتێکی ناشیرینە کەواتە مەبەست لە بەڕۆژووبوندا کە خوا لەسەری واجب کردووین خوای گەورە برسیەتی ئێمەی ناوێت تینوویەتی ئێمەی ناوێت حیکمەت لە بەڕۆژووبوندا ئەوە نییە تەنها تۆ برسی بیتو تینوو بیت حیکمەت لەوەدا ئەوەیە خۆت ڕابهێنیت پەروەردەی

---

(١) أخرجه البخاري ومسلم، وانظر: صحيح أبي داود: ٢٠٤٥، و صحيح الجامع الصغير: ٧٨٣ )

(2) صحيح ابن خزيمة: ١٨٨٠ ، و مسند أحمد بن حنبل:٨٦٥٨ .

(3) مختصر الأحكام المستخرج على جامع الترمذي ٩٨٨ .

نەفسی خۆت بکەی لەسەر ئەوەی کە کەسێك بیت باوەڕت بەکەم هەبێت وەئەگەر خواردنێکی کەمیش بێت کەسێك بیت ئاگات لە فەقیرو هەژار بێت، کەسێك بیت کە ئەخلاقت جوان بێت، کەواتە خوای گەورە تەقواکەی لە بەرۆژبوونەکەی ئێمە دەوێت نەك برسێتیو تینوێتی لە ئێمە بووێت، چونکە خوای گەورە نایەوێت عەزابمان بدات بەڵکو ئەوە ڕێگایەکە بۆ ئەوەی زیاتر ڕەوشت جوانو ئەخلاق جوان بین بە تەقوا بین بۆیە خوای گەورە ئەو ڕێگایەی لەسەر ئێمە داناوە جا بۆیە لێرەوە دەیڵێم هەر کەسێك کە حیکمەتی بە ڕۆژووبوون نەزانێت وابزانێ مەبەستی شەریعەت لە فەرزبوونی ڕۆژوودا برسیەتیو تینویەتییە ئەوە بە هەڵە حاڵی بووە بەڵکو دەبێت هەموومان بزانین مەبەست ئەوەیە کە دەبێت بە تەقوابین جا بۆیە هەر کەسێك کەلە سەرەتای مانگی ڕەمەزانو کۆتایی ڕەمەزان هەر وەکو یەك بێت ئەو هەموو ڕۆژووەی کە بە ڕۆژووبووە بەرەو تەقوای نەبردێتو کەسێکی بە تەقوای لێدەرنەچووبێت ئەوە هیچ لە ڕۆژووەکەی حاڵی نەبووە، وە ئەو مەبەستەش کە شەریعەت هەیەتی لە بەرۆژووبوندا نەی پێکاوە بۆیە پێویستە مرۆڤ لە سەرەتاوە تەقوای خوای گەورە بکات وە هەوڵ بدات بە ڕۆژووەکانی زیاتر بەتەقوا بێت بەڵکو ئامانجەکە بپێکیو خوای گەورە لێی ڕازی ببێت إن شاء الله .

## پ٣/ ئەم مانگە پیرۆزە فەزڵێکی یەکجار زۆری هەیە دەتوانن هەندێ لەو فەزڵانەمان بۆ باس بکەن؟

و/ هەڵبەتە مانگی ڕەمەزان وەکو لە ئایەتو فەرموودەکاندا هاتووە فەزڵو پلەو پایەی زۆر گەورەیە، وە هەر بۆیەشە خوای پەروەردگار بەڕۆژووبوونی ئێمەی خستۆتە ئەو مانگە پیرۆزەوە ئەو مانگە پیرۆزەی کە پیرۆزیەکەی لە سەرەتادا لەوەوە وەرگرتووە کە قورئان تێیدا دابەزیووە ﴿شَهْرُ رَمَضَانَ الَّذِي أُنْزِلَ فِيهِ الْقُرْآنُ﴾ ﴿البقرة:١٨٥﴾ وە تێیدا بەڕۆژوو دەبین کەواتە ئەو مانگە پیرۆزیەکەی لەوەدا دەست پێدەکات کە قورئانی تێدا دابەزیوە قورئانیش بریتیە لە چی بۆ ئەو مانگە پیرۆز دەبێتو پلەی بەرز دەبێتەوە بەهۆی دابەزینی قورئان تیایدا، چونکە قورئان وەکو خوای گەورە باسی کرد هیدایەتە بۆ خەڵك خەڵکی بەبێ هیدایەت لە نەزانینو گومڕاییدا دەبن خوای پەروەردگار قورئانی نارد بۆ ئەوەی بەهۆی ئەو قورئانەوە ڕێنمایی خەڵك بکرێت لە گومڕاییەوە بۆ ڕێگای ڕاست لەجەهەنەمەوە بۆ بەهەشت لە ڕەوشتی ناشیرینەوە بۆ ڕەوشت جوان لە زوڵمو ستەمەوە بۆ دادگەری لە شەخص پەرستیەوە بۆ تەنها خوا پەرستی لە بیدعەو گومڕاییەوە بۆ هیدایەتو ڕێگای پێغەمبەری خوا ﷺ، ئەو قورئانە زۆر مەزنە مرۆڤ بەبێ قورئان لە گومڕاییدا دەبێت بەهۆی ئەو قورئانە خوای گەورە داوای لە پێغەمبەری خوا ﷺ کرد کە خەڵکی لە تاریکیەوە دەربێنێ بۆ ڕوناکی، کەواتە قورئان هیدایەتە وەکو خوای گەورە دەفەرمووێت: (وَبَيِّنَاتٍ مِنَ الْهُدَى) هیدایەتە بۆ خەڵك ئەو هیدایەتە لەو مانگەدا دابەزیوە، وە هەروەها قورئان هەر هیدایەتێك نییە بە کورتیو بەپوختی بەس قورئان ڕوونکەرەوەی زۆری تیدایە:

﴿وَلَا يَأْتُونَكَ بِمَثَلٍ إِلَّا جِئْنَاكَ بِالْحَقِّ وَأَحْسَنَ تَفْسِيرًا ﴾ ﴿الفرقان:٣٣﴾.

واتە: هەر شوبهەیەك کە ئەهلی باتڵ بیهێنێت هەر دوو دڵیو گومانێك کە ئەهلی باتڵ دروستی بکات ئەوە ئەو قورئانە ڕوونی کردۆتەوە، قورئان ڕێگای ڕاستی ڕوونکردۆتەوە (وَبَيِّنَاتٍ مِنَ الْهُدَى وَالْفُرْقَانِ) وە قورئان حەقو ناحەق لێك جیادەکاتەوە ئەهلی بەهەشتو ئەهلی جەهەنەم لێك جیا دەکاتەوە، ئەو قورئانە چاکەو خراپە

لەیەك جیادەكاتەوە، مرۆڤ بەبێ قورئان هیدایەتی بۆ وەرناگیرێت لە گومڕاییدا دەبێت، مرۆڤ بەبێ ئەو قورئانە (بَیِّنات)ی ناكەوێتە دەست بەڵكو لە شكو گوماندا دەبێت مرۆڤ بەبێ قورئان ناتوانێ حەقو ناحەق لێك جیاكاتەوە ڕێگای بەهەشتو ڕێگای جەهەنەم لێك جیاكاتەوە ڕێگای چاكەو ڕێگای خراپە لەیەك جیاكاتەوە، كەواتە ئەم قورئانە بەتەنها ئەو هەموو چاكەو كەرامەی تێدایە كە لەم مانگەدا هاتۆتە خوارەوە، بۆیە بەڕاستی مانگێك قورئانی تێدا هاتبێتە خوارەوە ئەو فەزڵە بەتەنها بەسە بۆ ئەوەی كە بزانین چ مانگێكی پیرۆزە پێویستە ئێمەی موسڵمانیش قەدری بزانین بەڵام قەدر زانینەكەی بەوە نابێت هەر تێیدا برسی بین‌و تینوو بین، بەڵكو بەوە دەبێت كە بزانین بۆچی ئەم مانگە ڕێزی لێگیراوە لەبەر ئەم قورئانە پیرۆزە بۆیە ئێمەش قەدری ئەم قورئانە بزانین وە لەو مانگەدا زیاتر لە مانگەكانی تر قورئان بخوێنینەوە وە تەفسیرەكەی بخوێنینەوە وە لەبەری بكەین وە عیبادەتی خوا بەم قورئانە بكەین‌و شەوانەش لە شەونوێژو تەراویحدا قورئان زۆر بخوێنین وەكو هاوەڵان‌و سەلەفی صالح خوێندوویانە، كەواتە یەكێك لە فەزڵە گەورەكانی مانگی ڕەمەزان ئەو قورئانە مەزنەیە كە تێیدا دابەزیووە.

* فەزڵێكی تری مانگی ڕەمەزان ئەوەیە كە مانگی ڕەمەزان شەوێكی تێدایە كە پێی دەوترێ شەوی قەدر كە لەو شەوەدا قورئان دەستی بە دابەزین كردووە قورئان هاتۆتە خوارەوە خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ إِنَّا أَنْزَلْنَاهُ فِي لَيْلَةِ الْقَدْرِ﴾ ﴿القدر:١﴾ ئێمە دامان بەزاند قورئان لە شەوی قەدر كە لە ڕەمەزاندایە وە بە تایبەتی لە تاكەكانی دە شەوی كۆتایی ڕەمەزاندایە:﴿ لَيْلَةُ الْقَدْرِ خَيْرٌ مِّنْ أَلْفِ شَهْرٍ﴾ ﴿القدر:٣﴾ لیلة القدر خێری زیاترە لە خێری عیبادەتی هەزار مانگ بێگومان هەزار مانگ بەبێ لیلە القدری تێبكەوێتەوە، تەماشا دەكەین بەقەدەر خێری یەك شەوە واتە پێش ئەو ئومەتە كە فەزڵی خوای پەروەردگار زۆرە بەسەر ئومەتی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەگەر خواپەرستانی پێشوو هەزار مانگ عیبادەتیان كردبا ئێمەی ئومەتی ئیسلامی ئومەتی پێغەمبەری خوا ﷺ بەس تەنها خێری شەوی لیلة القدر خێری زیاترە لە خێری عیبادەتی هەزار مانگ ئەوەش بەڕاستی یەكەمیان فەزڵو كەرامەتی خوای پەروەردگار تێدا دەردەكەوێت كە خوای گەورە چەند لەگەڵ ئێمە بەرەحمە ئەخێری ئومەتانین خوای گەورەش فەزڵێكی بەسەردا ڕشتووین كە لە هەموو ئومەتەكان زیاترە بۆیە مانگی ڕەمەزان یەكێك لە فەزڵەكانی تری ئەوەیە كە ووتمان شەوی قەدری تێدایە، كە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموویت: [٤] (أَتَاكُمْ شَهْرُ رَمَضَانَ) مانگی ڕەمەزانتان بۆ هات (فِيهِ لَيْلَةٌ)كە شەویكی تێدایە كە هەموو خێرێكی تێدایە هەر كەسێك بێبەش بێت لە خێری ئەم شەوە ئەوە لەهەموو خێرێك بێبەشە، كەواتە مانگی ڕەمەزان مادام ئەو شەوەی تێدایە فەزڵی زۆر گەورەیە لەو شەوەدا ئەو خێرە گەورەمان دەست دەكەوێت خوای گەورە یارمەتیمان بدات مرۆڤ بتوانێ لەو شەوەدا عیبادەتی خوای گەورە بكات.

* یەكێكی تر لە فەزڵەكانی مانگی ڕەمەزان ئەوەیە كە هەر كەسێك بەڕۆژ تێیدا بە ڕۆژووبێت بە خالصی بۆ خوای گەورەش لە گوناهی ڕابردووی خۆش دەبێت، پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: " (مَنْ صَامَ رَمَضَانَ إِيمَانًا وَاحْتِسَابًا غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ ) [٥]، واتە: هەر كەسێك مانگی

(4)السنن الكبرى للنسائي ٢٤٠٢.

(5) رواه البخاري ٣٨ ومسلم ٧٦٠.

ڕەمەزان بە ڕۆژوو بێتو ئیمانی بە فەرز بوونی هەبێت، وە داوای پاداشت لە خوای گەورە بکات ئەوە خوای گەورە لە گوناهی ڕابردووی هەموو بوراوە.

بەڕاستی نیعمەتێکی گەورەیە مانگی ڕەمەزان ببێتە هۆی ئەوەی خوا لە گوناهی ڕابردووت خۆش بێت وەکو لە حەدیسێکی تردا پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموویت: (وَرَمَضَانُ إِلَى رَمَضَانَ مُكَفِّرَاتٌ لِمَا بَيْنَهُنَّ مَا اجْتُنِبَتِ الْكَبَائِرُ) [٦].

واتە: ڕەمەزان بۆ ڕەمەزان گوناهی نێوانیان هەمووی ڕەش دەکاتەوە بە مەرجێك مرۆڤ لە گوناهی گەورە دوورکەوێتەوە.

* فەزلێکی تری ئەم مانگە ئەوەیە کە: (مَنْ قَامَ رَمَضَانَ إِيمَانًا وَاحْتِسَابًا غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ )) (٧) واتە: هەر کەسێك شەوانە لە مانگی ڕەمەزان تێیدا قيام الليل بکات کە لە کوردەواری خۆماندا پێی دەڵێن تەراویح نوێژی تەڕاویح بکات ئەوە خوای گەورە لە هەموو گوناهەکانی ڕابردووی دیسان خۆش دەبێت، خۆ ئەگەر شەوی ليلة القدر عیبادەتی خوا بکات شەونوێژ بکات ئەوە زیادەیەك هاتووە بۆ ئەم فەرموودە کە ئیمامی احمد ڕیوایەتی کردووە دەفەرمووێ: (مَنْ قَامَ لَيْلَةِ الْقَدْرِ ثُمّ وُفِّقَتْ لَهُ غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدّمَ مِنْ ذَنْبِهِ وَمَا تَأَخّرَ) [٨] .

واتە: هەر کەسێك لە شەوی ليلة القدر هەستێتەوە عیبادەت بکات خوا لە گوناهی ڕابردوو داهاتوشی خۆش دەبێت دەی چ لەو فەزڵە گەورەترە مرۆڤ بۆ نوێژ دەکات؟ بۆ ئەوەی خوا لێی خۆش بێت، بۆ قورئان دەخوێنێت؟ بۆ ئەوەی خوا لێی خۆش بێت، بۆ ڕۆژوو دەگرێت؟ بۆ ئەوەی خوا لێی خۆش بێت، دەی تۆ ئەگەر ئەو شەوە بە نسیبت بێت ئەوە خوای گەورە لە گوناهی داهاتوو ڕابردوت خۆش دەبێت، ئەو فەزڵە گەورەت دەست دەکەوێت.

* یەکێکی تر لە فەزڵەکانی مانگی ڕەمەزان ئەوەیە کە دوعا تێیدا قەبوڵە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموویت: (ان لكل عبد دعوة مستجابة) [٩] هەموو بەندەیەکی موسڵمان دەعوەیەکی موستەجابەی هەیە وە لە هەموو ڕۆژێکیشدا مرۆڤی موسڵمان کاتێك کە ڕۆژوو دەشکێنێت لەو کاتەدا دوعای قەبوڵە، ئەوەش فەزڵێکی تری مانگی ڕەمەزانە کە دوعا تێیدا قەبوڵە وە بۆیە خوای گەورە کە فەزڵی بەڕۆژووبونی مانگی ڕەمەزانی بۆ باس کردین ئەوجا خوای گەورە هانی داوین بۆ ئەوەی کە دوعای لێ بکەین خوای گەورە فەرموویەتی: دەی داوام لێ بکەم من وەڵامتان دەدەمەوە، لێم بپاڕێنەوە دوعاتان قەبوڵ دەکەم، کەواتە ڕەمەزانو دوعا قەبوڵ بوون بەیەکەوە بەستراونو پەیوەندیان بە یەکەوە هەیە، ئەی ئەو کەسانەی کە دەتانەوێ خوای گەورە دوعاتان قەبوڵ بکات ئیشتان بە خوایەو ئەوە مانگی ڕەمەزان هات دەی دوعا بکەو زیاد لە خوای گەورە بپاڕێوە خوای گەورە دوعات قەبوڵ دەکاتو دوعات وەڵام دەدرێتەوە ان شاء الله.

---

(6) رواه مسلم ٣٤٩ ، مسند أحمد بن حنبل ٨٩٩٠.

(7) رواه البخاري ٣٦ ومسلم ٧٦١.

(8) رواه الإمام أحمد في باقي مسند الأنصار باب حديث عبادة بن الصامت برقم ٢٢٢٠٥.

(9) أخرجه أحمد في المسند (٩٥٠٤) والمروزي في زوائد الزهد لابن المبارك (١٦٢١) ، وأخرجه مسلم في الصحيح (٤١١) والترمذي في الجامع (٣٦٠٢) ، وابن ماجه في السنن (٤٣٠٧).

* یەکێکی تر لـە فەزڵەکانی مانگی ڕەمەزان ئەوەیە: (إِنّ لِلّهِ فِي كُلِّ لَيْلَةٍ عُتَقَاءِ مِنَ النّارِ)(١٠) خوای گەورە دای ناوە هەموو شەوێك کۆمەڵە کەسانێك ئازاد دەکات لـە ئاگری دۆزەخ بڕیاری ئەوەیان بۆ دەدرێت کە ئەوانە نەچنە ناو ئاگری دۆزەخ و نەسوتێن ئەوەش هەموو شەوێك دووبارە دەبێتەوە لـە مانگی ڕەمەزان.

* یەکێکی تر لـە فەزڵەکانی مانگی ڕەمەزان ئەوەیە کە لەو مانگەدا دەرگاکانی بەهەشت دەکرێنەوە وەکو پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی.

* یەکێکی تر لـە فەزڵەکانی مانگی ڕەمەزان ئەوەیە دەرگاکانی دۆزەخ هەموو دادەخرێن.

* وە یەکێکی تر لـە فەزڵەکانی مانگی ڕەمەزان ئەوەیە کە ( تفصد فيه الشياطين مَردة الجن ) شەیتانەکانو جنییە سەرکەشەکان هەمووی دەبەسترێنەوە زنجیر بەست دەکرێن، کەواتە ئەو سێ فەزڵەی کۆتایی کە سەیر کەین دەرگاکانی بەهەشت دەکرێنەوە وە دەرگای دۆزەخیش دادەخرێن وە هەروەها شەیتانەکانیش دەبەسترێنەوە، کەواتە عیبادەت تێیدا ئاسان دەبێت کەواتە ئەی ئەو کەسەی کە بەهەشتت دەوێت دەرگای بەهەشت کراوەتەوە هەوڵی بۆ بدە، ئەی ئەو کەسەی کە لـە جەهەنەم دەترسی دەرگای دۆزەخ داخراوە کەواتە خۆت لـە خەراپە بپارێزە، ئەی ئەو کەسەی تۆ بێهێز بووی بەرامبەر شەیتانەکان کە شەهوەتیان بۆ دەڕازاندیەوە ئێستا شەیتانەکان بەستراونەتەوە مانگێکە خوای گەورە عیبادەتو خوا پەرستیمان بۆ ئاسان دەکات بۆیە مرۆڤ تێیدا ئەو مانگە پیرۆزە ئەو مانگە پڕ لـە خێرو بەرەکەتە قەدری بزانێت وە بتوانێ و بزانێ چۆن لـە خێرو بەرەکەتی ئەو مانگە بێبەش نابێت چۆن ئەو هەموو بەرەکەتو خێرەی دەستکەوێت بۆ ئەوەی بەختەوەری دنیاو قیامەت ببێت

**پ٤/ ئایا داخستنی دەرگاکانی دۆزەخ مانای وایە هەر کەسێ لەو مانگەدا بمرێ ناچێتە دۆزەخ و لە بەهەشتدا دەمێنێتەوە؟**

و/ نەخێر بێ گومان مەبەست ئەوە نییە چونکە هەندێ کەس هەیە مونافیقە دەمرێ ﴿فِي الدّرْكِ الأَسْفَلِ مِنَ النّارِ وَلَن تَجِدَ لَهُمْ نَصِيرًا﴾[النساء :١٤٥] هەندێ کەس هەیە موسڵمانیکەو تاوانی گەورەی هەیە وە تۆبەشی لێ نەکرد بێ (تحت مشيئة) یە بەڵام مەبەست ئەوەیە کە لێرەدا دەرگاکانی بەهەشت کراونەتەوە وە دەرگاکانی دۆزەخ داخراون مانای ئەوە نییە کەسێك کە لـە ڕەمەزاندا بمرێت ناچێتە دۆزەخەوە لەوانەیە موسڵمانی وا هەیە هەر بە ڕۆژووش نابێت موسڵمانیشە کافر نابێت بە ڕۆژوو نەگرتن ئەگەر باوەڕی بە ڕۆژوو هەبێت کەواتە مانای ئەوە نییە ئەگەر مانگی ڕەمەزان هات مرۆڤ ناچێتە دۆزەخەوە مانای ئەوەیە ڕێگای چوونە ناو ئاگر تەسك بۆتەوە وە ڕێگای بەهەشت فراوان بۆتەوە هەر کەسێك کە بیەوێ، بۆیە لـە واقیعدا ئەوەش دەبینین لـە ڕەمەزاندا مزگەوتەکانمان پڕن ئەهلی خێر زۆرە موسڵمانان بە زۆری هاتونەتەوە خەڵکی بۆ عیبادەت زیاد دەبێت وە بۆ ئەهلی شەر کەم دەبێت مەبەستەکە ئەوەیە نەك بە یەکجار یەعنی هەرچی خراپە نەمێنێتو هەرچی شەیتان ئیشی خۆی نەکاتو خەڵکی هەموو ببێتە ئەهلی بەهەشت نەخێر وانییە

(10)رواه الترمذي: (٦٨٢)، وابن ماجه: (١٦٤٢)، وصحَّحه ابن خُزَيْمة: (١٨٨٣)، وابن حِبَّان: (٣٤٣٥)، والحاكم: (١/ ٤٢١).

**پ٥/ شەیتانەکان زنجیر بەست دەکرێن هەندیك دەڵێن بۆچی هێشتا کەسانێك لە خراپەکاری بەردەوامن ئەگەر شەیتانەکان وە جنە سەرکەشەکان زنجیر کراون ؟**

و/ ئەو پرسیارە لە شوێنی خۆیتی چونکە هەندێ کەس بە هەڵە تێدەگات پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموویت کە شەیاتینە جنە سەرکەشەکان ئەوانە زنجیر بەست دەکرێن بەڵام دەبێ ئێمە بزانین کە ئەو شتانەی کە خراپە بۆ مرۆڤ دەڕازێنێتەوە ئەمری پێ دەکات تەنها شەیتانەکان نین ﴿إِنَّ النَّفْسَ لَأَمَّارَةٌ بِالسُّوءِ ﴾﴿یوسف:٥٣﴾. نەفسی مرۆڤ خۆشی ئەمری خراپەی پی دەکات کەواتە هەندێ جار با شەیتانەکەش بەسترابنەوە نەفسی خۆت ئەمری خراپەت پێ دەکات ئەوە لەلایەك لەلایەکی تریشەوە مانای ئەوە نییە کە شەیاتین بە هیچ شێوەیەك کاری خراپە نەکاتو کاریگەری خراپی نەبێت بەڵکو مرۆڤ جاری وا هەیە بەستراوەتەوە بەڵام بە دەم قسەی خۆی هەر دەکات وە لە دوورەوە هەوڵێك هەر دەدات شەیاتینیش کەواتە شەڕیان کەم دەبێتەوە بەڵام نەفسی ئینسان هەر ئەمر بە خراپە دەکات وە هەروەها برادەری خراپ شەیتانی مرۆڤ نەبەستراونەتەوە، چونکە خوای گەورە باسی (الشیاطین) و (مَردة الجن) کرد کە دەبەسترێتەوە بەڵام شەیاتینی ئینس هەیە ئەوان برادەری خراپ دێ هانت دەدات لە جیاتی ئەوەی کە بە ڕۆژوو بێت وای پێ دەکات کە بە ڕۆژوو نەبێت لەجیاتی ئەوەی کە بۆ مزگەوت بچێت تاعەتی خوا بکات دەی با بۆ خراپە جا بۆیە دەبێت مرۆڤی موسڵمان وریا بێت هەم لە برادەری خراپو شەیتانی مرۆڤ خۆی بپارێزێ هەم پەنا بە خوا بگری لە شەڕی نەفسی خۆی بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ دەیفەرموو: (اللَّهُمَّ قِنِي شَر نَفْسِي) [11] خوایە پارێزی لە شەڕی نەفسم، ئێمە زیاتر پێویستمانە کە داوا لە خوا بکەین بمانپارێزێ بەگشتی پێویستە موسڵمانان هەموویان لەو مانگەدا هەوڵدەن چۆن ئەو ڕەحمەمان پێدەکات شەیاتینی بەستۆتەوە ئێمەش نەفسی خۆمان بگرینەوە وە لەگەڵ برادەری خراپ نەگەڕێین گوێ لە مرۆڤی خراپ نەگرین تەلەفزیۆنو شەیتانەکان لێمان نەبنە شەیتانێك کە لە جیاتی شەیتانە جنەکان شەیتانە ئینسەکان کاریگەری لەسەرمان هەبێت ڕۆژووەکەمان بەتاڵ بکەنەوە عیبادەتی شەوانمان نەمێنێ بە دیار تەلەفزیۆنەوە دانیشین با بگەڕێینەوە لای خوا مانگێکە بەرەو بەهەشتت دەبات ئەگەر قەدری بزانیتو ئەگەر بزانی چۆن خێرەکانی تێدا بەدەست دەخەی داواشمان لە خوای گەورە ئەوەیە کە هیدایەتی موسڵمانان بداتو خێر لەم مانگە ببینین.

(11)أخرجه أحمد في المسند (١٩٥٤٢) ، و صحيح ابن حبان (٩٠٦).

# ڕۆژوو گرتن

**پ٦/ ئەمانەوێ بەشێوەیەکی گشتی فەزڵی بەڕۆژووبونی مانگی ڕەمەزانمان بۆ دەربخەی جگە لە ڕەمەزاندا، کاتێك کە موسڵمانێك بە ڕۆژوو دەبێت چ ئەجرو پاداشتێکی دەست دەکەوێت؟**

و/ بەڕۆژووبوون بێگومان فەزڵی زۆرە وەکو لە فەرموودە صەحیحەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ چەندان فەزڵی تێدا باسکراوە بۆ نموونە:

* **عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: " (مَنْ صَامَ رَمَضَانَ إِيمَانًا وَاحْتِسَابًا غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ)** (١٢).

واتە: هەرکەسێ مانگی رەمەزان بەڕۆژوو بێتو باوەڕی بە فەرز بوونی هەبێتو چاوەڕوانی پاداشنی خوا بێت ئەوا خوای گەورە لێی بوراوەو لێی خۆش بووە.

کەواتە یەکێك لە فەزلەکانی ڕەمەزان یاخود فەزڵەکانی ڕۆژوو ئەوەیە کە خوای گەورە بەهۆی ڕۆژووەوە لە گوناهەکانی خۆش دەبێتو لە گوناهەکانی دەبورێت.

* فەزڵێکی تری بە ڕۆژووبون ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: (لِلصَّائِمِ فَرْحَتَانِ يَفْرَحُهُمَا عند َفْطَرَ) مرۆڤی بە ڕۆژوو دوو خۆشحاڵی بوونی بۆ هەیە، دوو مژدەی خۆشی بۆ هەیە پێیان دڵ خۆش دەبێت لەکاتی ڕۆژوو شکاندنەکەی: یەکێکیان ئەوەیە کە ڕۆژووەکەی تەواوکردو ئەوجا دەستی کردەوە بە نان خواردن و بە ئاو خواردنەوە کە ڕۆژیەکە دوای حەرام بوونی ئێستا بۆی حەڵاڵ بوو، دووەمیشیان ئەوەیە کە دەگات بە پەروەردگاری خۆی خوای گەورە چ ئەجرو پاداشتێکی بۆ ئەو کەسە داناوە کە بە ڕۆژووبووە پاداشتێکی وەها گەورە کە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموویت:

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: (كُلُّ عَمَلِ ابْنِ آدَمَ يُضَاعَفُ الْحَسَنَةُ عَشْرُ أَمْثَالِهَا) (١٣) .

هەموو کردەوەیەکی نەوەی ئادەم خوای گەورە بە فەزڵو کەرەمی خۆی بۆی زیاد دەکات نەك یەك ئەجر بەرامبەری یەك ئەجر بەرامبەری یەك چاکە نەخێر هەر چاکەیەك بکەی خوای گەورە بە دە تاوەکو ٧٠٠ بەڵکو زیاتریش بۆت دەنوسرێت (إلا الصوم" فإنه لي) تەنها ڕۆژوو نەبێت جا تەنها ڕۆژوو نەبێت وەنەبێت ڕۆژوو ئەو پاداشتەی نەبێت نەگاتە ئەو پلەیەی کە یەك تا دە تا ٧٠٠ بێت، نەخێر ڕۆژوو لەوەش زیاترە خوای گەورە فەرمووی: (إلا الصوم" فإنه لي وأنا أَجْزِي بِهِ) ڕۆژوو بۆ منە تایبەت بۆ منە وەمن پاداشت بۆ ڕۆژووەوان دەدەمەوە بۆ دەفەرمووێ: (فإنّه لي) خۆ هەموو کردەوەکانی تر بۆ خوای پەروەردگارە مرۆڤی موسڵمان وەکو خوای گەورە فێری کردووین بڵێین:

﴿قُلْ إِنّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ﴾ ﴿الأنعام :١٦٢﴾ .

بڵێ کە نوێژەکەمو ڕۆژووم حەیوان سەربرینمو ماڵ بەخشینمو وەژیانم بە گشتی هەمووی بۆ خوابێت، بەڵێ موسڵمان دەبێ هەمووی بۆ خوابێت بەڵام ئەو ئیخلاصە لە هیچ عیبادەتێکدا دەرناکەوێت وەکو لە ڕۆژوودا دەردەکەوێت، چونکە کە نوێژ دەکات بۆی هەیە بۆ ڕیایی خەڵك بیکات و لە پێش چاوی خەڵك نوێژ بکات لەبەر خاتری خەڵك نەك بە خاڵصی لەبەر خوا نوێژ بکات، وە بچێ زەکات بدات لە پێش چاوی خەڵك، بلێ

(١٢) رواه البخاري ٣٨ ومسلم ٧٦٠ .

(١٣) روى البخاري (١٧٦١) ومسلم (١٩٤٦).

من دەرس دەخوێنمو بلێ من چاکە لەگەڵ خەڵك دەکەم مەبەستیشی خەڵك بێت، بەڵام ڕۆژوو ئەگەر بگیرێت لە بەیانییەوە تا ئێوارە ناکرێت بۆ خەڵکی بێت، چونکە ئەگەر بۆ خەڵکی بێت خۆ بەدرێژایی ئەو ڕۆژە خۆ خەڵك کامێرایان لەسەر دانەناوە بڵێن داخوا چی دەکات هەر مەجالی دەبێت قومێك ئاو بخواتەوە کەواتە مادام ئەو کەسە خەڵك ئاگای لێی یان ئاگای لێنەبێ بەنهێنیو تەنهایی ڕۆووەکەی دەگەیەنێتە سەر کەواتە دیارە خاڵیصەن بەتەنها بۆ خوای پەروەردگارە، جا بۆیە خوای پەروەردگار فەرمووی: (إلا الصَوم" فإنّه لي) تەنها ڕۆژوو لەو فەزڵەش گەورەتر هەیە کە تەنها بە ٧٠٠ قات لە ئەجر بووەستێتو خێری لەوە کۆتایی پێبێت (فإنه لي وأنا أَجْزِي بِه) بۆ منەو من خۆم دەزانم پاداشتی ڕۆژووەوان چییە. بۆیە زانایان دەفەرموون ڕۆژوو سەبری دەوێت خوای پەروەردگاریش لە قورئاندا فەرموویەتی: ﴿إِنَّمَا يُوَفَّى الصَّابِرُونَ أَجْرَهُمْ بِغَيْرِ حِسَابٍ﴾[الزمر:١٠]
.

واتە: ئەوانەی کە صابرن ئەوانە ئەجرو پاداشتیان دەدرێتەوە نەك تا ٧٠٠ بەڵکو بەبێ حسیابو بەبێ ژمارە، کەواتە حەقی خۆیەتی مرۆڤانی بە ڕۆژوو دڵی خۆشبێ جگە لەوەی ئێواران نان دەخواتو ئاو دەخواتەوە دڵی خۆشە دڵی بە شتێکی لەوەش گەورەتر خۆشبێت کە، كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ إِذَا أَفْطَرَ قَالَ: ( ذَهَبَ الظَّمَأُ، وَابْتَلَتْ الْعُرُوقُ، وَثَبَتَ الْأَجْرُ إِنْ شَاءَ اللَّهُ ) (١٤) ئەجرەکە جێگیر دەبێت لای خوای پەروەردگار تێنوویەتی ڕۆیشت برسیەتی ڕۆیشت ئەوجار ئەجرەکەش جێگیربوو ئەو ئەجرەی کە بەبێ حیسابە کە خوا خۆی دەڵێ بۆ خۆمە هەر بۆ خۆشم پاداشتی ڕۆژووەوان دەدەمەوە دەی بەڕۆژێك تۆ ئەو هەموو پاداشتە گەورەییەت دەست کەوێت بەڕاستی فەزڵێکی گەورەیە کە هەقی خۆیەتی مرۆڤانی موسڵمان حەقی ڕۆژوو بزانێ، چونکە ئەو ئەجرو پاداشتە گەورەیەی لەسەرە.

* یەکێکی تر لە فەزڵەکانی بەڕۆژووبون ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: ( الصِّيَامُ جُنَّةٌ يَسْتَجِنُّ بِهَا الْعَبْدُ مِنَ النَّارِ) (١٥) دەفەرمووێ ڕۆژوو قەڵغانە بۆ مرۆڤ چۆن مرۆڤێك کاتێك کە لەشەڕبێت تەماشا دەکەی کاتێك کە قەڵغانێکی پێیە بۆ ئەوەی کە شمشێری دوژمن هات بەو قەڵغانە خۆی بپارێزێت لە شـمشێری دوژمن پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت بەڕۆژووبون قەڵغانە بەڵام لە شمشێر ناتپارێزێ بەڵکو ئەو ڕۆژووە بەندە دەپارێزێ لە ئاگری دۆزەخ، چۆن خۆت لە شمشێر دەپارێزی تۆش بەم ڕۆژووەوە خۆت لە ئاگر دەپارێزی خوای گەورە لە ئاگری دۆزەخ دەتپارێزێ بەهۆی بە ڕۆژووبون بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت:

عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ رضي الله عنه قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: ( مَنْ صَامَ يَوْماً فِي سَبِيلِ اللَّهِ بَعَّدَ اللَّهُ وَجْهَهُ عَنْ النَّارِ سَبْعِينَ خَرِيفًا ) (١٦) .

واتە: هەر کەسێ یەك ڕۆژ لە پێناوی خوادا بەڕۆژووبێت ئەوە خوای گەورە ئەو کەسە ٧٠ پایز لە ئاگری دۆزەخ لادەدات، لە فەرموودەیەکی تردا پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت: هەرکەسێ یەك ڕۆژ لەپێناوی خوادا

(١٤) رواه أبو دواد وحسنه الألباني في الإرواء.

(١٥) رواه الطبراني في الكبير وحسنه الألباني (٣٨٦٧) في صحيح الجامع.

(١٦) رواه البخاري (٢٨٤٠)، ومسلم (١١٥٣).

بەڕۆژووبێت ئەوە خوای گەورە چاڵێك دەخاتە نێوان ئەو كەسەی كە ڕۆژێك لەپێناوی خوادا بەڕۆژووبوە لەگەڵ دۆزەخ ئەو خەندەقە ئەوەندە گەورەو فراوانە تۆ لەدۆزەخ دوور دەخاتەوە بە ئەندازەی نێوان ئاسمانو زەوی، كەواتە بەڕاستی بەڕۆژووبون نیعمەتێكی گەورەیە بەڕۆژوو بوون نیعمەتە مرۆڤ ئاگای لەو هەموو فەزڵەی بەڕۆژووبوون بێت بەڕاستی نیعمەتە ڕۆژووگرتن دەبێت مرۆڤی موسڵمان دڵی پێی خۆش بێت بەڕۆژوو بوون تۆ حەفتا ساڵ لە ئاگری دۆزەخ دووركەویتەوە بەڕۆژوو بوون خەندەقێك لەبەینی تۆو دۆزەخ دابنرێت كە ئەوەندە لە دۆزەخت دوور كاتەوە كە چۆن ئاسمانو زەوی لەیەكەوە دوورن كەواتە حەقی خۆیەتی مرۆڤی موسڵمان دڵی پێ خۆش بێت بە بەرۆژووبون لەسەر شانی سووك بێت نەك بە شتێكی قورسی دابنێت بەڵكو لەزەتی لێوەربگرێتو تاموو چێژی هەبێت، بەڕۆژووبون چونكە ئەو پاداشتە گەورەیەی خوای پەروەردگار بۆی داناوە .

*هەروەها لە یەكێكی تر لە فەزڵەكانی بەڕۆژووبون پێغەمبەری خوا ﷺ باسی كردووە كە ڕۆژوو گرتن هیچ پاداشتێكی نییە تەنها بەهەشت نەبێت لە فەرموودەیەكی تردا پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت لە بەهەشتدا دەرگایەك هەیە ناوی ڕەیانە ئەو دەگایە تایبەتە بەو كەسانەی بەرۆژوو بوون لە دونیادا ئەهلی بەهەشت لە دەرگاكانی ترەوە دەچنە بەهەشتەوە بەڵام ئەم دەرگایە تایبەتە بەو كەسانەی كە بە ڕۆژووبون خوای گەورە بە نسیبمان بكات.

* فەزڵێكی تری بەرۆژووبون ئەوەیە كە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموویت: (الصِّيَامُ وَالْقُرْآنُ يَشْفَعَانِ)[١٧] ڕۆژوو لەگەڵ قورئان هەردووكیان شەفاعەت دەكەن بۆخاوەنەكەیان بۆ ئەو كەسانەی كە بەڕۆژووبووە قورئانی خوێندووە ڕۆژوو دەفەرموێت: (يَقُولُ الصِّيَامُ أَيْ رَبِّ مَنَعْتُهُ الطَّعَامَ وَالشَّهَوَاتِ بِالنَّهَارِ فَشَفِّعْنِي فِيهِ) ئەی پەروەردگارم من ئەو شەخصەم قەدەغە كرد لە خواردن و خواردنەوە وە هەروەها لە شەهوەتی خۆی دەفەرمووێ شەفاعەتی من قەبوڵكەو بەهەشتی بە نسیب كە، ئەوجا قورئان دەفەرمووێت سەیری كەن لە نەصی فەرموودەكە قوڕئان نافەرمووێ ئەی خوایە بەڵام ڕۆژوو فەرمووی ئەی خوایە بەڵام قوڕئان نافەرمووێ چونكە قورئان سیفەتی خوایە قورئان شتێكی مەخلوق نییە بە خوای گەورە بڵێ ئەی خوایە قورئان دەفەرمووێت: (وَيَقُولُ الْقُرْآنُ مَنَعْتُهُ النَّوْمَ بِاللَّيْلِ ) منیش ئەو بەندەم قەدەغەكرد لە نوستنی شەوانە، چونكە شەوان خەریكی خوێندنەوەی من بوو نوێژی شەونوێژی دەكردو تەراویحی دەكردو قورئانی دەخوێندەوە، ئەوجا خوای پەروەردگار شەفاعەتی ڕۆژوو قورئان قەبوڵ دەكاتو لەو بەندە خۆش دەبێت لە دۆزەخ دەی پارێزێت، وە هەروەها ئەو كەسە دەباتە ناو بەهەشتەوە، كەواتە تەماشا كەین مرۆڤی موسڵمان كە بیری لێبكاتەوە ڕۆژوو دەبێتە هۆی لە گوناح خۆش بوون دەبێتە هۆی ئەوەی كە دڵت خۆشبێت لە دونیادا وە دڵت خۆشبێت بە پاداشتی قیامەتت ئەجرێكت هەیە بەبێ حیساب لای خوای پەروەردگار وەلە دۆزەخ دەت پارێزێ دەرگای

(١٧) رواه أحمد في مسنده (١٧٤/٢ ، رقم ٦٦٢٦) ، و الطبراني في المعجم الكبير ( ١٤٦٧٢ – القسم الجديد ) ، و الحاكم في المستدرك (٧٤٠/١ ، رقم ٢٠٣٦).

تایبەتت بۆ دانراوە تێیدا بچیتە بەهەشتەوە وە هەروەها ڕۆژوو خاوەنەکەی لەدونیادا لە زیناو خراپەکاریو داوێن پیسی دەپارێزێ، پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموویت: (يَا مَعْشَرَ الشَّبَابِ مَنِ اسْتَطَاعَ مِنْكُمُ البَاءَةَ فَلْيَتَزَوَّجْ) [١٨] .

واتە: ئەی کۆمەڵی گەنجان هەرکەسێك لە ئێوە توانی ژن بێنێ با بیهێنێت چونکە لەمەودوا چاوی دەپارێزێ لە نەزەر وەهەروەها عەورتی مرۆڤیش دەپارێزێ، چونکە حەڵاڵی خۆی هەیە هەر کەسێك نەتوانێ ژن بێنێ با بە ڕۆژوو بێت چونکە ڕۆژوو گرتن شەهوەتەکەی دەشکێنێت کە شەهوەتیشی شکا لە فاحیشەو تووشبونی زینا دوور دەکەوێتەوەو دەپارێزرێ.

* کەواتە یەکێکی تر لە فەزڵەکانی ڕۆژوو ئەوەیە کە مرۆڤ لە دونیادا لە خراپەکاریو نەزەرو داوێن پیسیو فاحیشە دەپارێزێت، پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموویت خوای گەورە فەرمووی: (يَدَعُ طَعَامَهُ وَشَهْوَتَهُ مِنْ أَجْلِي) (١٩) ئەو کەسە واز لە شەهوەتو خواردنو خواردنەوە دێنێ لەبەر خاتری من کەواتە ئەوەش یەکێکە لە فەزڵەکانی ڕۆژوو.

* وە دیسان لە فەزڵی بەڕۆژووبون ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموویت:

(لَخُلُوفُ فَمِ الصَّائِمِ أَطْيَبُ عِنْدَ اللَّهِ مِنْ رِيحِ الْمِسْكِ) [٢٠] .

واتە: تامو بۆنی ڕۆژووەوان خۆشترە لای خوای گەورە لە بۆنی میسك. کەواتە ئەسەری عیبادەت شیرینو خۆشە مرۆڤ کە بەڕۆژوو دەبێتو هیچ ناخوات سبحانە اللـه بەهۆی ڕۆژووەوە بۆنت خۆش دەبێت پلەت بەرز دەبێتەوە لە فاحیشەو خراپە دەگەڕێیتەوە دەرگای بەهەشتت بۆ دەکرێتەوە لە دۆزەخ دوور دەخرێیتەوە خوا لە گوناهت خۆش دەبێت قورئانو ڕۆژوو شەفاعەتت بۆ دەکەن بەهەشتت بە نسیب دەبێت خوا ئەجرێکت دەداتەوە بەبێ حیساب، کەواتە ڕۆژوو ئەو فەزڵەی هەبێت وەڵاهی حەقی خۆیەتی مرۆڤی عاقڵ لەدەست خۆی نەدات جگە لەمانگی ڕەمەزانیش هەوڵ بدات زیاتر لە ڕۆژووانەی کە سونەتن تێیاندا بەڕۆژووبێت بەڵکو لەو دەرگایەوە بچیتە ژورەوەو لە دۆزەخ دوور کەوێتەوە خوا بمان پارێزێت

## پ٧/ حوکمی بەڕۆژووبون چی یە بەشێوەیەکی گشتی لە ڕەمەزاندا؟

و/ بێگومان بەڕۆژووبون وەکو خوای پەروەردگار لە قورئانە پیرۆزەکەیدا فەرمووی:

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ﴾﴿البقرة:١٨٣﴾پێشتر هەر لە سورەتی (البقرة) دەفەرمووێ:

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِصَاصُ﴾ ﴿البقرة:١٧٨﴾ ئێوە (القصاص)تان لەسەر فەرز کراوە دوایی دەفەرمووێ:

﴿كُتِبَ عَلَيْكُمْ إِذَا حَضَرَ أَحَدَكُمُ الْمَوْتُ إِن تَرَكَ خَيْراً الْوَصِيَّةُ لِلْوَالِدَيْنِ وَالأقْرَبِينَ بِالْمَعْرُوفِ حَقّاً عَلَى الْمُتَّقِينَ﴾ [البقرة:١٨٠] کەسێك کە لەسەرە مەرگ دابێ کە شتێکی لە دوای خۆی بەجێ هێشتبێ واجبە لەسەری وەسیەت بکات، ڕۆژووتان لەسەر فەرزکراوە کەواتە بەڕۆژووبونی مانگی ڕەمەزان فەرزە وە بێگومان بەڕۆژوو

(١٨) أخرجه البخاري كتاب «الصوم»، باب الصوم لمن خاف على نفسه العزوبة: (٤٥٦/١)، ومسلم كتاب «النكاح»: (٦٣٠/١)، رقم: (١٤٠٠)، من حديث ابن مسعود رضي الله عنه.

(١٩) رواه البخاري (١٨٩٤) ومسلم (١١٥١).

(٢٠) أخرجه البخاري (١٨٩٤) و (١٩٠٤) ، ومسلم (١١٥١).

بوونی مانگی ڕەمەزان بە چەند قۆناغێکدا ڕۆیشت کە فەرزە، سەرەتا مانگی ڕەمەزان فەرز نەبوو سەرەتا ئەوە فەرز بوو کە پێغەمبەری خوا ﷺ هەموو مانگێك دوو ڕۆژ تێیدا بەڕۆژووبوو ئەوە فەرز بوو دوای ئەوە کە هاتنە مەدینە مانگی ڕەمەزان فەرز کرا لەسەر موسڵمانان کە مانگی ڕەمەزان فەرز کرا چۆن فەرزکرا لەسەر هەموو موسڵمانان فەرز بێت لەسەری بیگرێت؟ نەخێر ئیختیاری تێدابوو واتە ئەگەر بتوانێ بەڕۆژوو بێت وە دەش توانێ بەڕۆژوو نەبێتو لە جیاتی ئەوە فیدیە بدات ئەوە قۆناغی دووەم ئەوجا لە قۆناغی سێیەم فەرزی کرد، بێینەوە سەر حوکمی ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان خوای گەورە لە ئایەتەکەدا ئاماژەی بەوە کرد کە فەرزە، پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت ئیسلام لەسەر پێنج پایە بنیات نراوە یەکەم پایە شەهادەیە کە خوا بپەرستیو شوێن پێغەمبەری خوا ﷺ بکەویت، دووەم پایە نوێژە، سێیەمیان زەکاتە، چوارەمیان حەجە، پێنجەمیان ڕۆژووگرتنە، کەواتە بەڕۆژووبونی مانگی ڕەمەزان فەرزێکە لە ئەرکانەکانی ئیسلام، وەهەروەها لە فەرموودەیەکی تریشدا کە بوخاری و موسلیم بۆمان دەگێڕنەوە عەرەبێکی دەشتەکی هاتە لای پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: پێم بڵی سەبارەت بە نوێژ خوا چی لەسەر من فەرز کردووە؟ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: پێنج نوێژی لەسەر فەرز کردوویت خوای گەورە لە شەوو ڕۆژێکدا ئیلا مەگەر نوێژی سوننەت بکەیت، فەرمووی: پێم بڵێ لە زەکات چیم لەسەر فەرزبووە؟ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: تەنها زەکاتی فەرز ئیلا مەگەر خێر بکەی، ئەوجا فەرمووی: ئەی لە ڕۆژوو چیم لەسەر فەرزبووە؟ فەرمووی مانگی ڕەمەزان فەرزە لەسەرت ئیلا مەگەر ڕۆژووی سوونەت بگری، کابرا فەرمووی: نە زیادی دەکەم نەکەمی دەکەم ئەوەندە دەکەم کە خوا لەسەری فەرز کردووم. واتە پێنج فەرزەکانم دەکەم هیچ سونەتێك ناکەم کاتێك کە کابرا ڕۆیشت پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: (أفلح ان صدق) واتە: سەرفرازبوو ڕزگاربوو نەجاتی بوو ئەگەر ڕاست بکاتو دەچێتە بەهەشتەوە ئەو کەسە ئەگەر ڕاست بکات، جالێرەدا ئەوەمان بۆ روون بۆوە کە بەڕۆژووبونی مانگی ڕەمەزان فەرزە دووەمیشیان ئەوەمان بۆ دەردەکەویت کە ئیسلام زۆر ئاسانە کابرایەکی دەشتەکی دێتە لای پێغەمبەری خوا ﷺ ئەویش ئیسلامی لە پێنج ووشەی کورتدا کۆدەکاتەوە کە ئەرکانەکانی ئیسلامە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت: سەرفرازبوو دەچێتە بەهەشتەوە ئەگەر ڕاست بکات ئەگەر کەسێك ڕاست بکات لەگەڵ خوای خۆی ئەو مەرجەی تێدابێت وە کار بەو ڕوکنانەی ئیسلام بکات ئەوە دەچێتە بەهەشتەوە خوای گەورە بەبەهەشتی شاد دەکات ئەوەش فەزڵێکی گەورەیە بە کارێکی بچوكو کەم کە ئەرکێکی زۆر گەورە نییە لەسەر مرۆڤ بەڕۆژوو بێت لە ساڵێکدا مانگێك بەڕۆژوو بێت یا لە ڕۆژێکدا پێنج نوێژ بکات ئاسانە إن شاءَ اللّهُ خوای گەورە بەنسیبمان بکات.

**پ٨/ ئایە ڕۆژوو تەنها لەسەر ئوممەتی ئیسلام فەرزکراوە یان لەسەر ئوممەتانی تریش فەرزکراوە؟ وە ئەگەر لەسەر ئەوانیش فەرزبووە ئایا هەرهەمان شێواز بووە یان جیاواز بووە؟**

و/ پرسیارێکی جوانە خوای گەورە لە ئایەتەکەدا ئاماژەی بەوە کردووە کە دەفەرمووێ:

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ﴾﴿البقرة:١٨٣﴾ بەڕۆژوو بوون لەسەر ئێوە ئەی ئوممەتی محمد ﷺ ئوممەتی ئیسلام ڕۆژوو لەسەر ئێوە فەرزکراوە هەر وەکو چۆن لەسەر ئوممەتانی پێش ئێوە فەرز کرابوو لێرەدا خوای پەروەردگار باسی مانگی ڕەمەزانی نەکرد فەرزکرا بێت فەرمووی ڕۆژوو لەسەرتان فەرزکراوە کەواتە

بەڕۆژووبون فەرزكراوە هەندێ لە زانایان بڕوایان وایە كە مانگی ڕەمەزان فەرزبوو لەسەر ئوممەتانی پێش ئێمەش لەسەر یەهودو نەصارا، هەندێكیان دەڵێن هەر لە ئادەمو نوحەوە فەرزبووە بەڕۆژووبون بەڵام چۆن هەندێك لە زانایان تەنها سێ ڕۆژبووە لە مانگێكدا بەڕۆژووبون وە ڕۆژووی یوم عاشورا لەدوای عیسیو موساوە تا سەردەمی ئێمەش فەرزبووە دوایی كە مانگی ڕەمەزان هاتوەو عاشورا بە فەرزی نەماوەتەوە بۆتە سوننەت، كەواتە ئەسڵی ڕۆژووگرتن فەرزبووە لەسەر ئوممەتانی پێش ئێمەش، بۆ؟ چونكە بەڕۆژووبون لە قازانجی مرۆڤە لە هەموو سەردەمێكدا وە لە هەموو شوێنێك بەهۆی ڕۆژووەوە مرۆڤ نەفسی پاك دەبێتەوە ڕەوشتی بەرز دەبێتەوە ئیمانی پتەو دەبێ، چاكە كار دەبێی لە خراپە دووردەكەوێتەوە، كەواتە ڕۆژوو قازانجە بۆ هەموو ئوممەتێكو هەموو سەردەمێك تەماشا دەكەین هەندێك شەریعەت هەیە لە ئوممەتێكەوە بۆ ئوممەتێكی تر فەرقی هەیە، بەڵام ڕۆژوو ئەوەندە گرنگەو ئەوەندە بەبەرەكەتەو ئەوەندە فەزڵی هەیە خوا لەسەر هەموو ئوممەتانی پێش ئێمەشی فەرز كردووە، بەڵام مانگی ڕەمەزان بە تایبەت خوای گەورە دەفەرموێت دوای ئەوەی ڕۆژووتان لەسەر واجب بووە دەفەرمووێ چەند ڕۆژێكن ئەوجارە خوای گەورە ڕۆژەكان دیاری دەكات دەفەرمووێ: ﴿شَهْرُ رَمَضَانَ الَّذِي أُنْزِلَ فِيهِ الْقُرْآنُ﴾ ﴿البقرة:١٨٥﴾ ئەو مانگە دیاری كراوەی كە پێویستە تێیدا بەڕۆژوو بین ئەو مانگە ڕەمەزانەیە كە قورئانی تێدا هاتۆتە خوارەو لەوەدا بەڕۆژوو بین والله اعلم .

**پ/٩ ئەگەر كەسێك بەبێ ئەوەی عوزرێكی شەرعی هەبێت لە مانگی ڕەمەزاندا بەڕۆژوو نەبێت سزای ئەو كەسانە لای خوای گەورە چی یە؟**

و/ ئەو كەسەی كە بەڕۆژوو نابێت دوو حاڵەتی هەیە حاڵەتێكیان ئەوەیە كە باوەڕی بەڕۆژووگرتن نەبێت بێگومان باوەڕ نەبوون بە ڕۆژوو گرتن باوەڕ نەبوونە بە یەكێك لە پایەكانی ئیسلام كە لەو شتانەیە زانراوە لە دیندا بە گرنگی ئەو كەسە كافرە، كەسێك باوەڕی بەڕۆژووبونی مانگی ڕەمەزان نەبێت كافر دەبێت ئیلا ئەگەر كەسێك لە شوێنێكی وا ژیابێت كە نەیبیستبێ بەڕۆژوو بوونی مانگی ڕەمەزان فەرزە ئەوە عوزری هەیە بە نەزانی خۆی، ئەما ئەگەر كەسێك بیستبێتیو بزانێ بەڕۆژووبون ڕوكنێكی ئیسلامەو باوەڕی پێی نەبێتو بەڕۆژووش نەبێت ئەوە پێی كافر دەبێت، ئەی كە باوەڕی پێیەتیو دەڵێ من ناتوانم نان نەخۆم ناتوانم بەڕۆژوو بم و ئاو نەخۆمەوە ناتوانم لەخێزانم دوور كەومەوە ئەو كەسە كە بڵێ نایگرم لەبەر تەمبەڵی یان لەسەر نەوسنی یان لەبەر شەهوەت بازی خۆی نەك لەبەر باوەڕ پێنەبوون بێت ئەوە بێگومان مرۆڤێكی فاسقە، مرۆڤێكە دەرچووە لە تاعەتی خوای پەروەردگار وە گوناهێكی گەورەی كردووە ئەو گوناهە گەورەش عقوبەی گەورەیە هەر وەكو لە چەند فەرموودەیەكدا پێغەمبەری خوا ﷺ ڕوونی كردۆتەوە، بۆ نموونە یەكێك لەو فەرموودانە پێغەمبەری خوا ﷺ جارێكیان بەسەر مینبەرەكەی خۆی دەكەوت لەپلەی یەكەمی سەركەوت فەرمووی ئامین لە پلەی دووەم سەركەوت فەرمووی ئامین لە پلەی سێیەم سەركەوت فەرمووی ئامین، دوای ئەوەی كە هاتە خوارەوە هاوەڵان پرسیاریان لێ كرد بۆچی دەتفەرموو ئامین؟ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی بەڵێ جبریل هاتە لام دوعای كرد فەرمووی: هەر كەسێ بگاتە مانگی ڕەمەزانو بەڕۆژوو نەبێت تێیدا ئەوە لەبەهەشت دوور كەوێتەوە منیش وتم: ئامین، جا لەو فەرموودەدا بەڕاستی ترسێكی زۆر گەورەی تێدایە جبریل دوعا بكاو پێغەمبەری خواش ﷺ بڵێ

ئامین، کەواتە دڵنیایەو ڕاستە پەنا بەخوای گەورە دوعای ئەو دووانە قەبوڵە کە هەرکەسێك بگاتە مانگی ڕەمەزان و بەڕۆژوو نەبێت دوور بکەوێتەوە لە بەهەشت، خوا پەنامان بدات.

لە فەرموودەیەکی تردا پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت: لەکاتێکدا من خەوتبووم دوو کەس هاتنە لام هەردوو قۆڵیان گرتم یەك لەو لاوە یەکیش لەو لاوە بردیانم بۆ شاخێك بۆ شوێنێکی زۆر نارەحەت، وتیان: سەرکەوە وتم من ناتوانم سەر ئەو شوێنە نارەحەتە کەوم، ووتیان ئێمە بۆت ئاسان دەکەین بڕۆ، دەفەرمووێ: ڕۆیشتم تا گوێم لە گریانێکی زۆر بوو، ووتم ئەوە چییە؟ وتیان: ئەوە گریانی ئەهلی ئاگرە خوا پەنامان بدات لە ئاگری دۆزەخ ئەو ئاگرەی کە ئاگری دونیا بەهەموو هێزو توانای خۆی بەشێکە لە حەفتا بەشی ئاگری دۆزەخ خوا پەنامان بدات، کێ هەیە لەخەڵکانی سەردەمی ئێمەو خەڵکانی ئەم دونیایە بتوانێ پێنج دەقیقە خۆی ڕابگرێت فڕێی بدەنە ناو ئاگری کورەیەکەوە؟! موسڵمانان بیخەنە بیری خۆتان بیخەنە پێش چاوی خۆتان ئەو بورکانانەی کە هەرە زۆربەی موسڵمانان بینیویانە لە تەلەفزیۆنەکاندا کە بورکانێکی گەورە دەست پێ دەکات ئەو هەموو ئاگرە دێتە دەرەوە وەکو ڕووبارێك ئاگر دەڕوات بیربکەوەو پرسیار لەخۆت بکە ئەگەر پێنج دەقیقە بخرێیە ناو ئەو بورکانەوە تەحەمول دەکەی؟! نەوەڵا دە ئەو بورکانە ئاگرە بەشێکە لە حەفتا بەشی ئاگری دۆزەخ خوا بمان پارێزێ، وە ئەوەی ئێوە پێنج دەقیقە تەحەمولی ناکەی ئەوەی ئێرەت بەسە فڕێ بدرێیە ناوی نامێنێت‌و دەسوتێیت‌و خۆڵەمێشەکەشت نامێنێ ئەی چۆنە ئەگەر بخرێیتە ناو بورکانێکی گەورەوە خوا پەنامان بدات، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ئەوە گریانی ئەهلی ئاگرە پەنا بەخوا دوای ئەوە دەفەرمووێ: بەرزیان کردمەوە بینیم قەومێك هەڵواسراون بە پشتی پێیان چۆن هەڵواسراون با ئەوە بێنینە پێش چاوی خۆمان کە قەسابەکان عەلاگەیەکیان هەیە شتی پێ هەڵدەواسن قولاپێکەو لاشەی سەربڕاوەکەیان پێ هەڵواسیوە بەوە هەڵی دەواسن بە قاچی خوارەوەی نێوان هەردوو ئێسکەکانی گەورەکەو بچوکەکە ئەوێ کون دەکەن‌و بە قولاپەکەی هەڵدەواسن سەرەو خوار هەڵدەواسرێ، پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت: ئاوا بەو ڕەگی پشتی قاچیان سەرەوبن هەڵواسراون وە دەمو لێویان هەمووی شەقشەق بووەو هەڵواسراوە وە دەمو لێویان خوێنیان لێدێتەوە خوارەوە لێی دەڕژێ بەردەوام دەفەرمووێ وتم کێن لەو ئازارە نارەحەتە دان پێیان وتم ئەو دوو کەسەی کە لەگەڵم بوون ئەوانە ئەو کەسانەن کە ڕۆژوو دەشکێنن پێش ئەوەی کە کاتی ڕۆژوو شکاندن بێت، واتە ڕۆژووەکەیان ناگەێننە سەرو بەڕۆژوو نابن بە تەواوی جا لێرەدا سبحان اللە کەسێك کە بەڕۆژوش بێت نەی گەێنێتە سەر ئەوە سزای بێت، ئەی ئەو کەسەی کە هەر لە سەرەتاوە بەڕۆژوو نابێت هەر خۆی پێ خەریك ناکات دەبینیت موسڵمانان بەڕۆژوون تێنویانە سیس بوونە ئەو خەریکی جگەرە کێشانە خەریکی مەشروب خواردنەوەیە، خەریکی نان خواردنە، خەریکی ڕابواردنە، ئەو کەسەی کە هەر بیری لێناکاتەوە کە ئەمانە حوکمی ڕۆژوو گرتن شمولی ناکات، دەبێ ئەوانە عقوبەیان چی بێت خوای گەورە بمان پارێزێت، کەسێك بەڕۆژوو بێت نەی گەیاندە سەر ئەی ئەوەی هەر لە سەرەتادا بەڕۆژوو نەبێت؟! کەواتە بەڕاستی عقوبەی ئەو کەسانە خەتەرە داوا دەکەم لە موسڵمانان ترسی ڕۆژی قیامەتیان هەبێت لە ئاگری دۆزەخ بترسن داوا دەکەم لە موسڵمانان ڕۆژووەکانی بەتەواوی بگرن‌و بیگەێننە سەر .

**پ١٠/ حوكمی بەڕۆژوو بوون لەسەر موسڵمانان واجبە ئایە لەسەر كێ واجبە؟**

و/ بێگومان بەپێی بەڵگەكانی قورئانو سوننەت واجبە لەسەر موسڵمانێكی بالغی عاقڵی صەحیحی موقیم، واتە ئەو كەسەی كە دەڵێین لەسەر موسڵمانێك یانی مەبەست ئەوە نییە كە مرۆڤی كافر بەڕۆژوو بوون لەسەری واجب نەبێت، نەخێر مرۆڤی كافر (مخاطب)ن، بە (أصول)ی شەریعەتو بە (فرع)ی شەریعەت (مطالبن) بە عیباداتی وەكو نوێژو ڕۆژوو زەكاتو وە بەوەش ئەو عیبادەتەیان لێ قبوڵ ناكرێت بەبێ (التوحید) بۆیە ڕۆژی قیامەت خوای پەروەردگار دەفەرموێت پرسیار لەدۆزەخێكانی ناو ئاگر دەكرێت: چی ئێوەی خستۆتە ناو ئاگر؟ ﴿مَا سَلَكَكُمْ فِي سَقَرَ * قَالُوا لَمْ نَكُ مِنَ الْمُصَلِّينَ * وَلَمْ نَكُ نُطْعِمُ الْمِسْكِينَ * وَكُنَّا نَخُوضُ مَعَ الْخَائِضِينَ﴾ ﴿المدثر:٤٢-٤٥﴾ ئەوانیش دەڵێن: نوێژمان نەدەكرد خواردنی فەقیرو هەژاریشمان نەدەدا، كوفریشیان هەبووە خوای پەروەردگار ئەو كوفرەشیان باس دەكات جگە لەوەش تاوانی تریشیان كە نوێژیان نەكردووە خواردنی فەقیرو هەژاریشیان نەداوە، كەواتە خوای پەروەردگار لەسەر كوفرەكەشی عقوبەی دەدات وە هەروەها لەسەر تاوانەكانیشی عقوبەی دەدات، بەڵام كێ ڕۆژوو گرتنەكەی ڕاستە؟ ئەو كەسەی كە موسڵمان بێت، ئەو كەسەی كە بالغ بێت، چونكە مناڵ لەسەری واجب نییە، وە ئەو كەسەی كە عاقڵ بێت شێت لەسەری واجب نییە، بە بەڵگەی فەرموودەی پێغەمبەری خوا ﷺ یەكێك لەوانە شێتە قەڵەمی لەسەر نییە، وە هەروەها ئەو كەسەش كە مناڵە قەڵەمی لەسەر نییە، واجب نییە لەسەری بەڕۆژوو بێت، ئەوجار زانایان دەفەرموون لەش ساغ بێت نەخۆش نەبێت، ئەو كەسەی كە نەخۆش بێت لەسەری واجب نییە بەڕۆژوو بێت، دێین باسی دەكەین پشت بەخوای گەورە، وە كەسێك بێت لەسەفەر نەبێت لەماڵی خۆی بێت لەسەفەر نەبێت، هەر كەسێك ئەو سیفەتانەی تێدا بوو ئەوە واجبە لەسەری بەڕۆژوو بێت، وە سەبارەت بە ئافرەت مەرجەكە ئەوەیە كە لەحاڵەتی سوڕی مانگانەی نەبێت، یان لە زەیستانیدا نەبێت كە منالی بووە، چونكە لەو دوو بارەدا حەرامە لەسەری بەڕۆژوو بێت، وە گوناهیشی دەگاتێ لەو دوو حاڵەدا بەڕۆژوو بێت.

**پ١١/ منالْ ڕۆژووی لەسەر نییە بەڵام ئایە پێویستە لەسەر كەس و كاری ڕاییێنن لەسەر بەڕۆژوو بوون؟ وە ئەگەر بەڕۆژوو بوو ئایە خێرەكەی بۆ خۆیەتی یان بۆ دایك و باوكێتی؟**

و/ ڕوبەیعی كچی موعەویز دەفەرمووێت: صەحابەیەك (ڕەزای خوای لێ بێت) دەفەرمووێ: ئێمە ڕۆژی عاشورا كە پێغەمبەری خوا ﷺ خەبەری نارد فەرمووی بە ڕۆژوو بن خۆمان بە ڕۆژوو بووین، وەهەروەها دەچووین مندالەكانیشمان وا لێدەكرد بەڕۆژوو بن پێمان دەووتن بەڕۆژوو بن، ئێوەش هیچ مەخۆنو نەخۆنەوە، دەچوین یاریمان لە صوف بۆ دروست دەكردن بۆ ئەوی پێی بخافڵێن، ئەگەر برسیان بووایە ئەوە یەكسەر ئەو یاریەمان دێنا دەمان دایە دەستو بۆ ئەوەی یاری پێ بكاو برسیەتی لەبیر بچێتەوە، دەفەرمووێ ئێمە منالەكانمان والێ دەكردن بەڕۆژووبن بۆ ئەوەی كاتێك بالغ دەبنو تەكلیفیان دەكەوێتە سەر بۆیان ئاسان بێت تێیدا بەڕۆژوو بن، كەواتە ڕاهێنانی منالْ لەسەر بەڕۆژوو بوون كارێكی چاكە وە سەلەفی صالح كردوویانە، بەڵام بەمەرجێك ئاگامان لێی بێت منالێكی لاوازو نەخۆش نەبێت كە زەرەری لێبداتو توشی نەخۆشی بكات، لێرەدا گوناهە لێیگەڕێی

بەڕۆژوو بێت، ئەگەر بۆ خۆشی بیەوێت نابێت مەجالی بدرێت، چونکە ڕۆژوو بۆ ئەوە نەهاتووە کە مرۆڤ بەهیلاك بەرێ بۆ ئەوە هاتووە کە مرۆڤ تەواو بکات بەرەو چاکی ببات، بەڵام ئەجرو پاداشتەکەی بێگومان بۆ دایكو باوکێتی کە هانی منداڵەکەیان دەدەن لەسەر بەڕۆژوو بوون، هەروەکو چۆن حەجیش ئەجرو پاداشتی منداڵەکە کە حەج بکات بۆ باوك ودایکیەتی، وە بێگومان ئەو منداڵەش سوود لەو بەڕۆژوو بوونە دەبینێت، کە کەسێکی وا دەبێت کە خوا بەرەکەت دەخاتە تەمەنیەوە لە منداڵەیەوە تەحەمولی برسێتیوتێنوێتی بکات کە لەسەریشی واجب نییە بێگومان خوای گەورە سەرکەوتووی دەکات إِنْ شَاءَ اللَّهُ.

**پ١٢/ ووتمان شێت ڕۆژووی لەسەر نییە، ئەی ئەگەر خوای گەورە پاش چەند ساڵێك شیفای داو چاك بووەوە ڕۆژووی ئەو ساڵانەی کە شێت بووە بە قەزا دەیگێڕێتەوە یاخود لەسەری نییەو لەو کاتەی کەوا چاك بۆتەوە دەست پێدەکات؟**

و/ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی قەڵەمی لەسەر نییە ئەسڵەن کەواتە واجب نییە لەسەری، بۆ نموونە مانگی ڕەمەزانی ئەمساڵ کەسێك بەڕۆژوو بوونی لەسەر واجب نییە، چونکە ئەسڵەن تەکلیفی لەسەر نییە، نەك بڵێین ڕێگرێك هەیە کە ڕێگرەکە لاچوو وەکو چۆن کە لە سوڕی مانگانەی ئافرەتدا ڕێگرێك هەیە کە ڕێگرەکە لا چوو دەبێت بەڕۆژوو بێت یان مسافر یان نەخۆش بەڵام شێت هەر بنچینەدا لەسەری نییە.

**پ١٣/ ئایە چ جۆرە نەخۆشییەکە ڕۆژووی لەسەر نییە نەخۆشییەکی ئاساییە یان نەخۆشییەکە کە توانای ڕۆژووی نەبێت نەخۆشییەکە دیاریکراوە چ نەخۆشییەکە؟**

و/ هەڵبەتە نەخۆش دوو حاڵەتی هەیە وە چەند جۆرێکیشی هەیە دوو حاڵەتەکە ئەوەیە ئایە ئەو نەخۆشییە نەخۆشیەکی قورس بێت یان سووك بێت، ئەو نەخۆشییە ئەمەلی ئەوەی هەیە کە چاك ببێتەوە ئەو نەخۆشە یان نەخۆشێکی بەردەوامە ئەمەلی چاکبوونەوەی نییە مەگەر خوای گەورە ڕەحمی پێ بکات، ئەگەر هاتو کەسێك نەخۆشبوو نەخۆشیەکی بەردەوام بوو ئەوە ئەو کەسە لەسەری نییە بەڕۆژوو بێت بەڵکو لەسەر ئەو نەخۆشە ئەوەیە کە لەبەر هەر ڕۆژێك خواردنی فەقیرێك دەدات، وەکو نەخۆشی شەکرەو زەختو یان هەر نەخۆشیەکی تر بێت کە بەردەوام بێت لەگەڵی وە دیار نییە بەرەو چاك بوونەوە بێت ئەوە ڕۆژوو گرتنی لەسەر نییە، بەڵکو لەبڕی هەر ڕۆژێك خواردنی هەژارێك دەدات، ئەمە حاڵەتێکی نەخۆشی، حاڵەتی دووەم: ئەو نەخۆشەی کە نەخۆشیەکی کاتییە نەخۆشی بەردەوام نییە ئەوەیان سێ حاڵەتی هەیە یەکەمیان: ئەوەیە کە نەخۆشیەکە زۆر زۆر کەمە کاریگەری لەسەر نەخۆشەکە نیەو ڕۆژووەکەش کاریگەری لەسەر نەخۆشەکە نییە بۆ نموونە سەرئێشەیەکی کەمی هەیە یان هەڵامەتێکی کەمی هەیە تۆزێ بێ هێزە ئەو جۆرە نەخۆشیانە زانایان دەفەرموون ئەوە نییە کە پێی بوترێ نەخۆشی، وە کە واش بوو ڕوخسەتی نییە بە ڕۆژوو نەبێت، بۆ؟ چونکە لە ئیسلامدا سەیری مەقاصد دەکرێت دینی ئیسلام بۆ ئەوە نەهاتووە دوو شتی لەیەك جیا جیا بکاتەوە حوکمەکەیان دوو شتی لەیەك جیاش یەك حکومیان بداتێ ڕۆژوو بۆیە لابراوە لەسەر مرۆڤی نەخۆش چونکە تۆزێك زەحمەتی تێدایە کاتێك کە نەخۆشیەکەی نەخۆشی بێت بەڵام پێی نەگوترێ نەخۆشی سەر ئێشەیەکی کەمی هەیە ئەوە نە بەخۆی دەڵێ نەخۆشم نە خەڵکیش بە نەخۆشی دادەنێ بۆیە جمهوری زانایان دەفەرموون دەبێ بە ڕۆژوو بێتو ڕوخسەتی

نییە، بەڵام بۆ نموونە نەخۆشیەکی توندی هەبێت بۆ نموونە سەر ئێشەیەکی توندی هەیە یان سك ئێشانی لێیە یان هەر نەخۆشیەکی تری هەبێ ئەوە چاکتر وایە کە بەڕۆژوو نەبێت بەتایبەتی بزانێ ئەگەر زەرەری لێ دەدات باشتر وایە بەڕۆژوو نەبێت وە دوایی دەیگرێتەوە قەزای لەسەرە فیدیەی لەسەر نییە، بەڵام جۆری سێیەمیان ئەوەیە کە بەڕۆژوو بیت بەهیلاکت دەبات ئەوە واجبە لەسەری ڕۆژووەکەی بشکێنێت وەحەرامە لەسەری ئەگەر بەڕۆژوو بێت چونکە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَلاَ تُلْقُواْ بِأَيْدِيكُمْ إِلَى التَّهْلُكَةِ ﴾﴿البقرة:١٩٥﴾.

واتە: خۆتان بەدەستی خۆتان بەرەو هیلاکەت مەبەن.

﴿وَلاَ تَقْتُلُواْ أَنفُسَكُمْ﴾ ﴿النساء:٢٩﴾. واتە: خۆتان بەدەستی خۆتان مەکوژن، بەهەمان شێوەش کەسێك ئەگەر دڵنیا بیت ئەگەر بەڕۆژوو بێت دەزانێت نەخۆش دەبێت حەڵەتی خۆی دەزانێت نەك ڕۆژی یەکەمی مانگی ڕەمەزان چونکە بەگشتی لەیەکەم ڕۆژی مانگی ڕەمەزان لەبەر ئەوەی یەکەم جارە بەڕۆژوو دەبێت تووشی نەخۆشی دەبێت سەر ئێشەیەکی توند نارەحەتی، ئەوە تا ئەوەی تریان بزانێ کە بەڕۆژوو بێت دەزانێ نەخۆش دەبێت جا نەخۆشیەکی گەورە بێت یان قورس بێت یان نەخۆشیەکی وابێت بێتاقەتی بکات زانایان دەفەرموون ئەوەش بۆی هەیە کە بەڕۆژوو نەبێت ئەوە سەبارەت بە کەسانێکی نەخۆش بن ئەوەش بە ئایەتی قورئان کە خوای پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿فَعِدَّةٌ مِّنْ أَيَّامٍ أُخَرَ ﴾﴿البقرة:١٨٤﴾.

**پ١٤/ زۆر کەس هەیە کە نەخۆشیەکی گران و قورسیشی هەبێت کە پزیشکی متمانە پێکراویش پێی وتبێ خرا پە بەڕۆژوو بیت ئەڵێ دڵم مورتاح نابێت کەوا بەڕۆژوو نەبم چونکە چەند ساڵە بەڕۆژووم چۆن ئێستا دەستم تێبچی بەڕۆژوو نەبم ئامۆژگاری بۆ ئەو کەسانە چییە؟**

و/ ئەو کەسانە گوناهیان دەگاتێ نەك خێریان بگاتێ چونکە یەکەم: مرۆڤ عیبادەتێك دەکات بۆ خوا دەی کات، دووەمیشیان: دەبێ بەو شێوەیە بێت کە پێغەمبەری خوا ﷺ لەسەری بووە ڕێنمایی کردووین نەك عیبادەتی خوای گەورە بکەیت کە بۆ خۆت و عەقڵی خۆت و وە حەز کردنی خۆت دەتەوێت، نەخێر تەقوای خوا ئەوەیە کە دوو مەرجی تێدایە: ئیخلاص بۆ خوا وە شوێنکەوتنی پێغەمبەری خوا ﷺ، ئەو کەسانەی کە بە بەڕۆژوو بوون نەخۆش دەبن یان نەخۆشیەکەی زیادی دەکات هەروەها پزیشکی متمانە پێکراویش ئامۆژگاریان دەکات بەڕۆژوو نەبن چونکە زەرەریان لێ دەدات کە بەڕۆژوو بن، گوناه باردەبن شەڕیان زیاترە لە خێریان وە ئەگەر بێت و وابزانێ بۆی دروست نییە ئەو کاتە بە بیدعەچیش حیساب دەکرێت، چونکە ئەو کاتە گومڕا دەبێت و خوای گەورە ڕێی پێداوە بەڵام ئەو ڕێگا بەخۆی نادات .

**پ١٥/ سەبارەت بە ڕێبوار ئەو کەسەی کە سەفەر دەکات و شارەکەی خۆی بەجێ دێڵێت ئەمیش ڕوخسەتی پێدراوە کە بەڕۆژوو نەبێت ئایە لە حەقی ئەو کەسەیە بەڕۆژوو بێت باشترە یان بەڕۆژوو نەبیت ڕوونکردنەوەیەك لەو بارەیەوە ؟**

و/ دیسان سەفەریش بەهەمان شێوە چەند شێوازێکی هەیە سەفەرێك کە مرۆڤ تێیدا بەڕۆژوو بێت بەلایەوە قورس نەبێت بەڕۆژوو بوونەکە، وە یاخود سەرەڕای ئەوەی کە قورس نییە بەڕۆژوو بێت ئەو بەڕۆژوو بوونە لە کاری خێریش نەیگرێتەوە تەمەڵی نەکات و پەکی نەخات بێگومان بەڕۆژوو بوون خێر ترە، بۆ نموونە لە ڕۆژێکی

گەرمدا صەحابە (ڕەزای خوایان لێ بێت) دەفەرموون لەگەڵ پێغەمبەری خوا بوون ﷺ کەسمان بەڕۆژوو نەبووین ئیلا پێغەمبەری خوا نەبێت ﷺ کەلەگەرما دەستمان لەسەر سەری خۆمان دادەنا، تەنها پێغەمبەری خوا ﷺ بەڕۆژوو بوو، ئەگەر بزانی بەڕۆژوو بوون قورس نییە لەسەرت یاخود ڕێگریت ناکات بۆ کاری خێر ئەوە بە ڕۆژوو بوون خێر ترە، بۆ نموونە موسڵمان کاتێك کە لە غەزا بوون پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی ڕۆژوو بشکێنن ئەوە بەهێزتر دەبن بۆ شەڕکردنو شمشێر وەشاندنو شەڕ کردن لەگەڵ دوژمندا، یان بۆ نموونە کەسێك کارێکی خێری بەدەستەوەیە لەسەفەرێکدا یارمەتی هەژارو فەقیرو یان هەر کارێکی خێر بێت یان بۆ عومرە دەچێت دەیەوێ تەواف بکاتو قورئان بخوێنێتو کۆمەڵێك کاری خێر بکات لەسەفەریش دایە ئەگەر بەڕۆژوو بێت تەوافەکەی ناتوانێ بکات، ئەگەر بەڕۆژوو بێت لەوانەیە نەتوانێ شەویش نەتوانێ شەونوێژ بکات، ئەگەر لەکاری خێر پەکی بخات باشتر وایە بەڕۆژوو نەبێت لەسەفەردا، حاڵەتی دوومیان ئەوەیە کە بەڕۆژوو بوو لە بەڕۆژوو بوونەکە لەسەفەردا مەشەقەت بێت لەسەری کە مەشەقەت بوو لەسەری نەخێر بەڕۆژوو نەبێ خێرترە ووتمان کە مەشەقەت نەبێت لەکاری خێریش پەکت نەخات بە ڕۆژوو بوون خێرترە، ئەگەر بە پێچەوانەوە بوو مەشەقەت بوو لەسەری ئەوە با بەڕۆژوو نەبێت شکاندن خێرترە، وە لەحاڵەتی سێیەم ئەو کەسە بەهیلاك بەرێت لەسەفەردا کە بەڕۆژووە ئەوە واجبە لەسەری بیشکێنێ وە ئەگەر نەشیشکێنێ گوناهبار دەبێت، وەئەگەر باوەڕیشی وابێت بۆی نییە بەڕۆژوو نەبێتو ڕۆژوو بشکێنێت لەسەفەردا ئەوە کەسێکی بیدعەچییە گومڕا دەبێت، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ لەسەفەرێکدا کە ئەمری کرد ڕۆژوو بشکێننو هەندێکیان ڕۆژوویان نەشکاند پێغەمبەری خوا ﷺ تورە بوو هەرکەسێك کە بەڕۆژوو بێتو ڕۆژوەکەی نەشکێنێت ئەوە تاوانی کردوەو گوناه بارە، لە فەرموودەیەکی تریشدا لە ئەو سێ کەسەی هاتنە ماڵی پێغەمبەری خوا ﷺ پێغەمبەر فەرمووی من بەڕۆژوو دەبمو دەیشیشکێنم، یەکێکیان وتی بەڕۆژوو دەبمو نایشکێنم، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: (فَمَنْ رَغِبَ عَنْ سُنَّتِي فَلَيْسَ مِنِّي) [٢١] ئەوەی لە سوننەتی من پشت هەڵکات لەمن نییە، کەواتە هەندێ کەس بەتایبەتی کەسانێکی پیر تەماشا دەکەی وا دەزانێ دینداریەتی لەوە دایە هەر بەڕۆژوو بێت لەسەفەرەکەی ئەگەر مەشەقەتیشی تێدابێت ئەوە گوناهی دەگاتێ وەتوشی بیدعەش دەبێت وە شەڕیشی زیاترە لە خێری، لەو حاڵەتانەشدا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (ليس مِن البِرّ الصِّيامُ في السَّفَر) [٢٢] لەخێرو پاداشتو چاکە نییە مرۆڤ لەسەفەردا بەڕۆژوو بێت بەو حاڵەتە واللە اعلم.

---

(٢١) رواه البخاري (٥٠٦٣) ومسلم (١٤٠١) .

(٢٢) رواه البخاري (١٩٤٦) ومسلم (١١١٥) .

**پ١٦/ موسافیر ڕوخسەتی پێدراوە کەوا بەڕۆژوو نەبێت بەڵام ئەو هۆکارە تازانەی کەوا ئێستا لە ئارادایە وەکو فرۆکەو ئۆتۆمبێل کە هەندێ کەس ئەڵێن کەوا ئەو کەسەی کە لەسەفەرە هەست بە هیچ ناخۆشیەك ناکات کاتێك کەوا بەم هۆکارانە سەفەرەکەی ئەکات ئایە ئەم هۆکارانە ئەبنە هۆی ئەوەی ئەو ڕوخسەتەی خوای گەورە بە موسافیری داوە لەدەستی بدات و نەبێتە ڕوخسەت بۆی کەوا کاتێك لەسەفەرە بەڕۆژوو نەبێت؟**

و/ خوای پەروەردگار ئەحکامەکان چ واجب بێت چ حەرام بێت چ موستەحەب بێت چ مەکروھ بێت ڕەبتی کردوون بە وەسفێکی ئاشکراوەوە (وصف ظاهر منضبط)، وەکو زانایانی (أصول) دەفەرموون، بۆ نموونە عیلەتی ڕۆژوو شکاندن ئەو ڕوخسەتە چییە کە خوای پەروەردگار داویەتی بە کەسێك کە لەمانگی ڕەمەزان بەڕۆژوو نەبێت عیلەتەکە دەبێت وەسفێك بێت ئاشکرا بێت بۆیە سەفەر کراوەتە عیلە هەرکەسێك لەسەفەر بێت ئەوە بۆی هەیە بەڕۆژوو نەبێت، نەخۆشی ئەوە عیلەتێکی ئاشکرایە ئەوە کابرا بەڕۆژوو نابێت، بەلأم ئێمە بلێین نەخێر عیلەتی بەڕۆژوو نەبوون مەبەستەکە لەوەدایە ئایە سەفەر بە تەیارە دەکات یا بە سەیارە یا بە قیتار یا بە سواری ولاغ یا بەپێ؟ ئەگەر سەیارەکە زۆر خێرا بێت کەواتە بۆی نییە بەڕۆژوو نەبێت، ئەگەر سەیارەکە هێواش ڕۆیشتو مۆدیل کۆن بێت ئەوە روخسەتی نییە هەر دەبێت بەڕۆژوو بێت یعنی ئەو وەسفانە منزبت نین بۆیە خوای پەروەردگار عیلەیەکی داناوە

﴿فَمَن كَانَ مِنكُم مَّرِيضاً أَوْ عَلَى سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِّنْ أَيَّامٍ أُخَرَ﴾ ﴿البقرة:١٨٤﴾.

دوو وەسفی دیارو ئاشکراو منزبتی داناوە هەر کەسێ نەخۆش بوو یان لەسەفەر بوو ئەوە بۆی هەیە بە ڕۆژوو نەبێت، کە بەڕۆژوو نەبوو چەند ڕۆژانێکی تر بە ئەندازەی ئەو ڕۆژانە دەگرێتەوە کە تێیدا بەڕۆژوو نەبووە، کەواتە ناکرێت بلێین جۆری سەیارەکە یان جۆری هۆکاری گواستنەوەکە عیلەتی حوکمەکە دیاری دەکات، ئەمڕۆ خەڵك بە هۆکاری پێشکەوتووتر سەفەر دەکات لەوانەیە ئەوەندە ماندوو نەبێت وەکو جاران بە ولاغ سەفەری کردووە کەواتە ئەمڕۆ ڕوخسەتی نەبێت نەخێر خوای پەروەردگار ڕەبتی حوکمەکەی کردووە بە وەسفێك کە بریتیە لە سەفەر ﴿فَمَن كَانَ مِنكُم مَّرِيضاً أَوْ عَلَى سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِّنْ أَيَّامٍ أُخَرَ﴾ ﴿البقرة:١٨٤﴾.

هەر کەسێ لەسەفەردا بێت بۆی هەیە بەڕۆژوو نەبێت جا بەهەر هۆکارێك سەفەر بکات وە خوای گەورەش زانایە کە لەداهاتوودا چی دروست دەبێت، یان خوای پەروەردگار دەیفەرموو هەر کەسێ سەفەر بکاو ماندوو بێت تێیدا نەخێر فەرموویەتی هەر کەسێ لەسەفەر بێت هەتا ئەو کەسانەش کە سایەقی ڕێگان کە ڕۆژانە لە سەفەردان ئەوانیش بۆیان هەیە بەڕۆژوو نەبن هەر ڕۆژانێك کە سەفەریان نەکرد لەو ڕۆژانەدا قەزای دەکەنەوەو دەیگێڕنەوە .

**پ١٧/ ئەو کەسانەی کەوا لە مانگی ڕەمەزاندا لە چێشتخانە کار دەکان هەندێ لە چێشتخانەکان کراوەیە بە بیانوی ئەوەی بۆ ئەو کەسانەی کەوا ڕێبوارن و موسافیرن چەند چێشتخانەیەکی دیاریکراو دەکرێتەوە حوکمی ئەو کەسانە چییە کەوا لەو چێشتخانەیە کار دەکەن ئایە هاوکاری کردنە لەسەر تاوان یاخود ڕێگای پێدراوە؟**

و/ با سەرەتا باسی حوکمی چێشتخانەکان بکەین ئەوجا بچینە سەر ئەو کەسانەی کەوا ئیشی تێدا دەکەن: بێگومان موسافیر وەکو باسمان کرد ڕوخسەتی پێدراوە ئەوەش ڕەحمەتی خوای گەورەیە، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (السّفَرُ قِطْعَةٌ مِنَ الْعَذَابِ) [٢٣] سەفەر کردن بەشێکە لە ئازار مرۆڤ تێیدا نارەحەت دەبێت، بەڕاستی بۆ ئەوەی ئەو نارەحەتیەی لەسەر لابچێت بۆی هەیە بە ڕۆژوو نەبێت، کە بەڕۆژوو نەبوو کەواتە دروستە لەسەر ڕێگاکان چێشتخانە بکرێتەوە بۆ خاتری ئەو کاسانەی کە موسافیرن، بەڵام لەناو شارە بچوکەکان بە تایبەتی کە (الاحكام الشرعية بني على الأعم الأغلب ) واتە: (ئەحکامە شەرعییەکان بنیات نراون لەسەر گشتیێی و زۆرینە) کە خەڵك بچێت لەو شوینە بچوکانە لە چێشتخانە نان بخوات ئەو شتە زۆر کەمە لە شارۆچکەیەکی بچوکدا چەند چێشتخانە بکرێتەوە چەند ساردەمەنیەك بکرێتەوە هەمووی بە بیانوی ئەوەی کە ڕێگایان پێدراوە لە یاسادا بۆ ئەو کەسانەی کە موسافیرن، ئەو دەرگا کردنەوە فراوانە لە بابەتدا شەرعیدا نییە، بەڕاستی بۆیە ئەو کەسانەی کە ئەو جێگایانە دەکەنەوە با لەخوای گەورە بترسن ئەگەر بزانن زۆرینەی خەڵك ئەوانەن دێن بۆ چێشتخانەکانیان کە موسافیرن وە تەجروبەیان هەیە ساڵانی ڕابردوو ئەوە دەتونن بیکەنەوە، بەڵام کە بزانن زۆرینەی ئەو کەسانەی کە دێن نان دەخۆن خەڵکانی شارەکەی خۆیەتی کارێکی باش نییەو بێ شەرعی یەو نابێت بکرێتەوە، ئەوجا بێینە سەر ئەو پرسیارەی کە کردت ئایە ئیش کردن لەو چێشتخانانە دەڵێین بەگوێرەی ئەو چێشتخانەیە دەگۆڕێ ئەگەر چێشتخانەی سەر ڕێگاکان بێت و بەڕاستی بۆ ڕێبوارەکان بێت ئەوە ئیشکردن تێیدا دروستەو هیچ کێشەی نییە ئەو کەسەش کەلە چێشتخانەکە کار دەکات مادام موسافیر نییە بۆی نییە ئەو بەڕۆژوو نەبێت دەبێت بەڕۆژوو بێت، بەڵام چێشتخانەی ناو شارەکان و شارۆچکەکان بەڕاستی ئەوە پێویست نیەو شەرعی نییەودروستە نییە بۆ موسافیرەکان بکرێنەوە، نەکردنەوەی چێشتخانەکە شەرعی یە نە ئەو کەسەش ئیشی تێدا دەکات شەرعییە بەڵکو گوناهبار دەبێت چونکە هاوکاری دەکات لەسەر (الاثم والعدوان) و لەسەر گوناه .

**پ١٨/ لە مانگی ڕەمەزانە هەندێ کەس ئیشیان بۆ دەکرێت وەستاو کرێکار ئیش دەکات ئەڵێن هەندێ لە کرێکارەکان بە ڕۆژوو نین بەبیانوی ئەوەی ناتوانن بەڕۆژوو بن ئەگەر ئیشەکە بکەن داوای خواردن دروستکردن لە خاوەن ماڵ دەکەن ئایە تا چ ڕادەییەك خاوەن ماڵ دروستە خواردنیان بۆ دروست بکات لە رەمەزاندا؟ .**

و/ تەقریبەن هەمان وەڵامە ئەویش لەوەدا ئەو کەسەی کەوا ئیش دەکات ئەو وەستایە یان ئەو کریکارانەی کە لەگەڵیەتی ئەگەر ئەوان رووخسەتیان هەبێت بەڕۆژوو نەبن کەواتە خواردن دروستکردن بۆیان دروستە، چونکە خواردن دروستکردنەکە فەرعێکە لەو ئەسڵە (تُفرع عن ذات الاصل) ئەگەر ئەسڵی بەڕۆژوو نەبونی ئەوان

---

(٢٣) رواه البخاري (١٦٨٥) ومسلم (٧١٥) .

دروست بێت خواردن بۆ دروستکردنیان دروستە ئەگەر بەڕۆژوو نەبونی ئەوان دروست نەبێت ئەوا نابێت خواردنیان بۆ دروستکەیت‌و هاوکاریان بکەیت .

**پ١٩/ ئەی ئەو کەسانەی کەوا کار دەکەن خاوەن کارێکی قورسن وە بژێوی ژیانیان پەیوەستە بەو ڕۆژەی کەوا ئیشی تێدا دەکەن ئەگەر ڕۆژێکیش کار نەکەن لەوانەیە بژێوی ژیانیان دەست نەکەوێت‌و ماڵ‌و منداڵەکەیان بەبێ بژێوی بمێنێتەوە وە ئیشەکەشیان قورسە ناتوانن تێیدا بەڕۆژوو بن تا چەند ڕێگا دراوە بەو کەسانەو ڕووخسەتیان هەیە بەڕۆژوو نەبن؟ وەکو کەسێك لە هاویندا‌و لەبەر خۆر بلۆك ڕادەکێشێت‌و ئیش دەکات یان ئەوانەی لە کورەی گەچدا کاردەکان تەپ‌و تۆزێکی زۆر دەچێت بەسەریاندا وە جگە لەو ڕۆژانەیەی کەوا دەستیان دەکەوێت هیچ داهاتێکی تریان نییە؟**

و/ ئەو دوو مەرجەی کە باست کرد یەکەمیان بژێوی تریان نەبێت کە ئەو ئیشەیان نەکەن هیچ هۆکارێکی تریان نەبێت بۆ بژێویان، وە دووەمیشیان ئەگەر ئیش بکەن نەتوانن بەڕۆژووبن زەحمەتێکی زۆر بێت لەسەریان، ئەوە کۆمەڵێك لە زانایان فەتوایان داوە کە بەڕۆژوو نەبن ئەگەر ئەو دوو مەرجە تێیاندا هەبێت بۆیان هەیە بەڕۆژوو نەبن، زانایانیش قیاسی دەکەن بۆ سەر ئەو کەسەی کە موسافیرە، بۆ نموونە چونکە زەحمەتیەکی تووش دەبێت هەرچەندە سەفەرەکەشی واجب نەبێت ئێستا کەسێك بۆ خۆشی خۆی بۆ نموونە لە سلێمانیەوە سەفەر بکات بۆ دهۆك بۆی هەیە سەفەر بکات لە ڕەمەزان یان نا؟ ئەگەر ئیشێکی گرنگیشی نەبێت بۆی هەیە سەفەر بکات کە سەفەریشی کرد بۆی هەیە بەڕۆژوو نەبێت، جا زانایان دەفەرموو بۆ سەفەرێکی موباحیش دروستە مرۆڤ بەڕۆژوو نەبێت تێیدا ئەی کە بۆ ئیشێکی زەرور وە داهاتیشی نەبێت تووشی زەحمەتیش بێت ئەوەشیان دەفەرموون دروستە بەڕۆژوو نەبن، چونکە خوای پەروەردگار لە دیندا قورسی لەسەر دانەناوین:

﴿وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي الدِّينِ مِنْ حَرَجٍ ﴾﴿الحج:٧٨﴾.

وە دیسان خوای گەورە ئاسانی بۆ ئێمە دەوێ قورسی بۆ ئێمە ناوێ:

﴿يُرِيدُ اللهُ بِكُمُ الْيُسْرَ وَلا يُرِيدُ بِكُمُ الْعُسْرَ ﴾[البقرة:١٨٥].

وە هەروەها فەرموویەتی خۆتان مەکوژن خۆتان بە هیلاکەت مەدەن کەسێك کە هیچ بەدیلی تری نەبێت جگە لەو ئیشە پێویستیشی پێبێت قورسیش بێت لەسەری نەتوانێ بەڕۆژوو بێت بۆی هەیە بەڕۆژوو نەبێت .

**پ٢٠/ بەڵام لە کاتێکی تردا کە مەجالی هەیە ئەوە دەبێت بیگرێتەوە؟**

و/ ئەوە بێگومان دەبێت بیگێڕیتەوەوتمان قیاس بۆ سەر موسافیر کەواتە گرتنەوەی لەسەرە.

**پ٢١/ خوێندکارانی پۆلی شەشەم زۆر جار پرسیاری ئەوە دەکەن کەوا دوا ساڵیانە ئەوە ١٢ ساڵە کە ئەخوێنن جاوەڕێی ئەم ساڵەن بۆ ئەوەی کەوا پلەی باش بێنن دەڵێن کە بەڕۆژوو بین ناتوانین وەکو پێویست بخوێنین وە ناشتوانین وەکو پێویست ئەو نمرانەی کە مەبەستمانە بەدەستی بێنین، ئایە ڕوخسەت بۆ ئەوان هەیە کەوا بەڕۆژوو نەبن‌و دوایی بە قەزا بیگێڕنەوە؟**

و/ قوتابی ئەگەر هەر لە خۆیەوە ترسێکی هەبێت بڵێ ئەگەر بەڕۆژوو بم ناتوانم بخوێنم ئەوە تەنها ئەو ترسە عوزر نییە بۆ ئەوەی بە ڕۆژوو نەبێت، بەڵام ئەگەر بەڕۆژوو بوو نەخۆشی بکات ئەگەر مەترسی نەخۆش بوون‌و پەککەوتنی هەبوو نەی توانی لەو حاڵەتەدا هەندێك لە ئەهلی عیلم ڕووخسەت دەدەن بەڕۆژوو نەبێت لەبەر

مەترسی نەخۆش کەوتن کە نەخۆشیش کەوێت ناتوانێت وانەکانی بخوێنێت مەسڵەحەتێکی گەورەی لەدەست دەچێت، بەڵام ئامۆژگاری بۆ قوتابیان لەهەر قۆناغیك بن عیلمو زانست پەیوەستە بە تەقواوە مرۆڤ تا تەقوای خوا زیاتر بکات وە ڕۆژووبونیش رەئسی تەقوایە خوای پەروەردگار زیاتر فێری دەکات خوای گەورە زیاتر دەرگای خێری لێدەکاتەوە کە بەرۆژوو بوون دوعای قەبوڵ دەبێت لەو ڕۆژەدا دوعایەك بکات خوا قەبوڵی بکات زۆر گرنگترە لەوەی کە دە سعات بخوێنێت، خوای گەورە وەڵامەکانی ڕاست بکاتو یارمەتی بدات وە دوعای خێر بۆ خۆیان بکەن خوای گەورە دوعایان قەبوڵ دەکات لەو مانگە پیرۆزەدا وە ناشبێت یەکسەر ڕێ بەخۆیان بدەن بەبیانوی تاقیکردنەوە وە بەرۆژوو نەبن.

**پ٢٢/ سەبارەت بە ئافرەتی دووگیان یان شیردەر ئایە ڕووخسەت بۆ ئەوانە هەیە کە بەڕۆژوو نەبن وە ئایە ئەگەر بەڕۆژوو نابن دواتر بە قەزا ئەی گێڕنەوە یاخود فیدیە ئەدەن؟**

و/ لە قورئاندا خوای گەروە باسی کردوون هەردووکیان ئافرەتی شردەر لەگەڵ ئەوەی کە سکی هەبێت، حوکمی ئەو دوو ئافرەتە چییە؟ خوای گەروە لە قورئانە پیرۆزەکەیدا باسی کردووە: ﴿وَعَلَى الَّذِينَ يُطِيقُونَهُ فِدْيَةٌ طَعَامُ مِسْكِينٍ﴾ (البقرة:١٨٤) لەسەرەتا خوای گەروە کە باسی کرد مانگی ڕەمەزان فەرزە لەسەرمان ڕۆژووگرتن لەسەرمان فەرزە ئەوجا خوای گەروە ئیختیارێکی بە خەڵك بەخشی خوای گەروە خەڵکی ئازاد کرد هەر کەسێ لەسەفەر بێت یان نەخۆش بێت ئەوە بۆی هەیە بەڕۆژوو نەبێت، ئەوە ڕووخسەتی هەیە، ئەی ئەو کەسانەی کە لەسەفەر نین نەخۆشیش نین لە ماڵەوە دانیشتون بە ئیسراحەت؟ لە سەرەتای ئیسلامدا بۆ ئەوەی تا خەڵك ڕابێت خوای گەروە سەرپشکی کردنو ئیختیاریدا پێیان، ﴿وَعَلَى الَّذِينَ يُطِيقُونَهُ فِدْيَةٌ طَعَامُ مِسْكِينٍ﴾ (البقرة:١٨٤) ئەو کەسانەی دەتوانن بیگرن بۆیان هەیە نەیگرنو فیدیە بدەن، فیدیەکەش لەبری هەر ڕۆژێك خواردنی فەقیرێك بدەن، خواردنەکەش واتە دوو مشت، خوای گەورە دەفەرمووێت:﴿ فَمَنْ تَطَوَّعَ خَيْراً فَهُوَ خَيْرٌ لَهُ﴾ (البقرة:١٨٤) .

واتە: هەر کەسێك ئەگەر بێتو زیاتر لە خواردنی فەقیرێك بدات لەبری هەر ڕۆژیك خواردنی دوو بدەی خوای گەروە فەرمووی باشترە، خۆ ئەگەر بەڕۆژوو بن ئەوە لەسەرەتای ئیسلام ئەوە ڕۆژوو گرتنەکە خێرترە، لەسەرەتادا بە ئیختیاری بوو لە دوایدا خوای گەروە دەفەرموویت:

﴿شَهْرُ رَمَضَانَ الَّذِيَ أُنزِلَ فِيهِ الْقُرْآنُ هُدًى لِّلنَّاسِ وَبَيِّنَاتٍ مِّنَ الْهُدَى وَالْفُرْقَانِ فَمَن شَهِدَ مِنكُمُ الشَّهْرَ فَلْيَصُمْهُ﴾ (البقرة :١٨٥) .

هەر کەسێك لەو مانگادا لەسەفەردا نەبوو ئەوە پێویستە بەڕۆژوو بێت، ئایە ئەو ئایەتە ئایەتی پێشەوەی نەسخ کردەوە؟ سەلەمەی کوڕی ئەکوەع (ڕەزای خوای گەورەی لێ بێت) دەفەرمووێت: کۆمەڵێك لە سەحابە دەڵێن ئەو ئایەتی ﴿فَمَن شَهِدَ مِنكُمُ الشَّهْرَ فَلْيَصُمْهُ﴾ (البقرة :١٨٥) ئەوە ئایەتی پێشووی کە تەخیرو هەڵبژاردن بوو نەسخی کردەوە، ئەو کەسەی کە موسافیرو نەخۆشە حوکمی ئەوان هەر وەکو خۆی مایەوە، بەڵام ئەو کەسەی کە نەخۆش نییەو موسافیریش نییە ئەوە خوای گەروە فەرمووی: ﴿فَمَن شَهِدَ مِنكُمُ الشَّهْرَ فَلْيَصُمْهُ﴾ (البقرة :١٨٥) سەلەمەی کوڕی ئەکوەع (ڕەزای خوای گەورەی لێ بێت) دەفەرمووێت: ئەم ئایەتە تەخیرەکەی

پێشووی نسخ کردەوە، کەواتە ئەوە نەما حز بکەی بەڕۆژوو بیت یان بەڕۆژوو نەبیت فیدیە بدەیت، دەبێت بەڕۆژوو بیت. ابن عباس وابن عمر (ڕەزای خوای گەورەیان لێ بێت) هەردووکیان دەفەرموون: نەخێر ئەو ئایەتی: ﴿فَمَن شَهِدَ مِنكُمُ الشّهْرَ فَلْيَصُمْهُ﴾ (البقرة :١٨٥) ئایەتی پێشووی نسخ نەکردۆتەوە، بەڵکو تایبەتی کردووە بەو کەسانەی ﴿وَعَلَى الّذِينَ يُطِيقُونَهُ فِدْيَةٌ طَعَامُ مِسْكِينٍ﴾ (البقرة:١٨٤) ابن عباس (ڕەزای خوای گەورەی لێ بێت) دەفەرموێت: (ليست منسوخة هو الشيخ الكبير والمرأة الكبيرة) ئەوە هەر جێگیرە بۆ حەقی پیرەمێردێك یان پیرەژنێك (لا يَسْتَطِيعَانِ أَنْ يَصُومَا) نەتوانن بەڕۆژوو بن (فَيُطْعِمَانِ مَكَانَ كُل يَوْمٍ مِسْكِينًا) لەبری هەر ڕۆژێك خواردنی فەقیرێك دەدەن کە ئیمامی بوخاری ڕیوایەتی کردووە، کەواتە دەفەرمووێ تەخیرەکە بۆ پیرەکان ماوەتەوە ئەوە بوخاری ڕیوایەتی کردووە، لە شوێنێکی تردا هەر ابن عباس (ڕەزای خوای گەورەی لێ بێت) دەفەرمێت: (إِذَا خَافَتِ الْحَامِلُ عَلَى نَفْسِهَا والمرضعُ على ولدِها في رَمَضَانَ) ئەگەر ئافرەتی حاملە لە خۆی بترسێت کە بەڕۆژوو بێت مەشەقەتی تووش دەبێتو نارحەت دەبێت کە لە نارحەتی ترسا، یاخود ئافرەتی شیردەر لە منالەکەی ترسا کە بەڕۆژوو بێت شیری تێدا نەمێنێت بیداتە منداڵەکەی ئەوە زەرەر لە منالەکەی بدات فەرمووی: (يُفْطِرَانِ وَيُطْعِمَانِ لِكُلِّ يَوْمٍ مِسْكِينًا) ئەوە ئافرەتی شیر دەریشو ئافرەتی حاملەش هەردووکیان ڕۆژووەکەیان دەشکێنن وە لەبری هەموو ڕۆژێك کە شکاندوویانە ئەوە خواردنی فەقیرێك دەدەن وە ئەو ڕۆژوەش ناگرنەوە، ئەوە ئیبنو جەریری طبري ڕیوایەتی کردووە وە شیخ ئەلبانی لە (إرواء الغليل)دا ئەو فەرموودە بە صحیح دادەنێت دەفەرمووێت: (صحيح على شرط مسلم)، کەواتە لێرەدا تەماشا دەکەین ئەو ئایەتی: (وَعَلَى الّذِينَ يُطِيقُونَه) بە جێگیری مایەوە بۆ چوار کەس بۆ پیرەمێردێك کە نەتوانێ بەڕۆژوو بێت، بۆ پیرەژنێك کە نەتوانێت بەڕۆژوو بێت، یعنی مەشەقەتی تێدا ببینێت چونکە لە شێوەیەکی تردا بە (وَعَلَى الّذِينَ يُطَوّقُونَهُ) هاتووە یعنی ئەو کەسانەی کە ڕۆژوو لەسەریان قورسە وەکو پیرەمێردو پیرەژن وەکو ئافرەتی حاملەو ئافرەتی شیردەر ئەو چوارە ئەو ئایەتە لە حەقی ئەواندا مایەوە، بەڵام لە حەقی کێ نەسخ بۆتەوە کە ئیختیاری لەبەر دەستا نەماوە کە لەو چوارە نەبێت ئیختیار نەما وەکو جاران کە هەرکەسێ عوزریشی نەبێت دەیتوانی بەڕۆژوو نەبێت بەڵام دوای ئەوەی ئایەتی: ﴿فَمَن شَهِدَ مِنكُمُ الشّهْرَ فَلْيَصُمْهُ﴾ (البقرة :١٨٥) دابەزی ئیختیار بۆ ئەوانە نەماو پێویستە لەسەریان هەموو بەڕۆژوو بن، بەڵام ئەو چوارە بۆیان هەیە هەر بەڕۆژوو نەبن، لە ڕیوایەتێکی تردا ئیبن عباس (ڕەزای خوای گەورەی لێ بێت) ئافرەتێکی دی کە دووگیان بوو یان شیردەر بوو پێی فەرموو: (أنت بمنزلة الذي لا يُطيقه، عليك أن تطعمي مكانَ كل يوم مسكينا، ولا قَضَاء عليك) تۆ لەو کەسانەی کە ناتوانن تۆ تەنها ئەوەت لەسەرە لەبری هەموو ڕۆژێك خواردنی فەقیرێك بدەی وە قەزاشت لەسەر نییە، وە لەڕیوایەتێکی تردا دەفەرمووێ: (أن هذه إذا خافت على نفسها) ئەگەر ئافرەتی دووگیان لەنەفسی خۆی ترسا، یان شیردەر لە منداڵەکەی ترسا، وە هەروەها لە ئیبن عمر هاتووە (الحامل والمرضع تفطر ولا تقضي) وە شیخ الالبانی ئەوەی تصحیح کردووەو چەند ڕیوایەتێکی تریشە، بەڵام لێرەدا زانایان خیلافیان هەیە لەسەر ئەوە هەندێکیان بۆ نموونە لەمەزهەبی ئیمامی شافیعیو ئیمامی مالیكو ئیمامی احمد دەفەرموون: (الحامل والمرضع) ئەوانە دەبێت بیشیگێڕنەوەو فیدیەش بدەن، وە مەزهەبی ئەبو حنیفە، وە ثوری دەفەرمووێ: تەنها گێڕانەوەی

لەسەرە بەبێ فیدیە، بەڵام مەزهەبی ئیبن عەباس‌و ئیبن عمر (ڕەزای خوایان لەسەر بێت) دەفەرموون بەس فیدیەیە بەبێ گێڕانەوە بەپێچەوانەی مەزهەبی دووەم، وەبێ گومان ئەم مەزهەبەش ڕاجیحو تەواوە، وەمەزهەبی ئیبن حەزمیش دەفەرمووێ: نەگێڕانەوەی لەسەرە نە فیدیەی لەسەرە، ئەمەیان مەرجوحەو تەواو نییە، بەڵکو مەزهەبی ڕاجیحو تەواو ئەوەی سێیەمیانە کە ئیبن عمرو ئیبن عباس تەفسیریان کردووەو باسی هۆکاری دابەزینی ئایەتەکەیش دەکەن، ئەوەش ئاسانکاری خوای گەورەیە بۆ ئەو دوو ئافرەتە: دووگیان یان شیردەر بێت، وە هەر کەسێکیش قیاسی بکات بۆ سەر موسافیر دەڵێین قیاسەکە هەڵەیە چونکە موسافیر لەساڵێکدا جارێك یان دوو جار سەفەری بکەوێتە ڕەمەزان ئاسانە بیگێڕێتەوە، بەڵام ئافرەت هەموو ساڵێك یان لە حەملی هەیە یان شیردانی هەیە بڵێین وەڵا دەبێت بیگێڕێتەوە قورسە لەسەری، کەواتە قیاس بە پێچەوانە کرایەوە ئەوەش ئاسانکاریەکە بۆ ئافرەتان ئەوەش بەزەیی خوای گەورەیە بۆیان.

**پ٢٣/ کەس ئەڵێ کە ناتوانم خەڵکی فەقیر کۆبکەمەوە یان دەستم کەوێت‌و ژەمە خواردنێکیان بۆ دروست بکەم ئایە دەتوانێت لەجیاتی خواردن پارە بدات بە فەقیر؟**

و/ ئەنەس (ڕەزای خوای گەورەی لێ بێت) ساڵێکیان لە مانگی ڕەمەزان نەخۆش کەوت نەی توانی (فصنع جفنة ثريد فدعا ثلاثين مسكينا فأشبعهم)، دەفەرمووێ قاپێك خواردنی تێووشەی دروست کرد سی فەقیری بانگ کردو تێری کردن، قورئانیش دەفەرمووێ: (فِدْيَةٌ) فیدیەکە خواردن بێت، چونکە ڕەمەزان برسێتیە فیدیەکەی خواردن دانە نەك پارەدان، ئەو پارەیە لەوانەیە بیدەیە کەسێك کابرا بچی بە جگەرەی بدات بە مەشروبی بدات بەشتێکی خراپی بدات یان بەس بۆ خۆی سەرفی بکات، بەڵام کە فیدیە خواردن بوو بۆ فەقیر کە بۆ خۆشی نەتوانێت فەقیر کۆبکاتەوە کەسیك هەردەبێت پارەی پێ بدات بڵێت خواردن بۆ فەقیر بکڕە یان بە سەرۆك خێزان بدات پێی بڵێت تۆ دەکەمە وەکیل لە ڕۆژی قیامەت کە بچێت خواردن بکڕێت بۆ خێزانەکەی لەبری ئەوەندە ڕۆژە چەند سەر خێزانە ئەوەشیان دروستە ئاسانکارییە ان شاء الله ئەگەر پارە وەرگرتن بێت ئەوە پێچەوانەی ئایەتەکەیە وە پێچەوانەی فەرموودەکانیشە .

**پ٢٤/ ئەی ئەگەر خێزانێك لە شەش تا حەوت کەس پێك هاتبوو دەتوانێت چەند جارێك خواردنیان بۆ بکات تاوەکو سی کەسەکە تەواو دەبێت یان سی کەسی لیك جیاواز بێت ؟**

و/ باشتر وایە سی کەسی لێك جیاواز بێت وەکو لە فەرموودەکاندا هاتووە.

**پ٢٥/ ئافرەت ئەگەر لەناو ڕەمەزاندا مناڵی بوو ئایە ئەو ڕۆژانە بیگێڕێتەوە یان دەبێت فیدیە بدات ؟**

و/ ئافرەت ئەگەر سوڕی مانگانەی هەبێت یان ئەگەر مناڵی ببێت لە ڕەمەزاندا ئەو دووانە حەرامە لەسەریان بەڕۆژوو بن واجبە لەسەریان بیگێڕنەوە، فیدیەش نادات هەر چەندە ئەگەر ساڵیشی بەسەردا بسوڕێتەوە نەی گرتبێتەوە هەر قەزای لەسەرە فیدیەی لەسەر نییە، چونکە هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نییە.

**پ٢٦/ سەبارەت بە ئافرەت ئەگەر ئافرەت لە بێ نوێژی پاك ببێتەوە ئەو ڕۆژەی کە چەنێکی ماوە لە ڕۆژەکە دەست هەڵگرێ لە خواردنەوەو بەڕۆژوو ئەبێت یان نا؟ وە ئایە ئەو ڕۆژەی بۆ ئەژمێردرێت یان نا دەبێت بە قەزا بیگێڕێتەوە لە پاشاندا؟**

و/ ئافرەتێك کاتێك کە ئەوەی خوا لەسەری داناوە کە سوڕی مانگانەو بێ نوێژی مانگانەیە کاتێك کە لە ڕۆژی ڕەمەزاندا پاك بووەوە لە بەیانییەکەی بێت پێش نیوەڕۆ یان دوای نیوەڕۆ بێت یان دوای عەسر بێت ڕای هەندێ زانایان وایە کە دوای پاك بوونەوەی دەبێت دەست هەڵگرێت لە خواردنو خواردنەوە تاوەکو کاتی بەربانگ نەهیچیش بخواو نەهیچیش بخواتەوە وە بۆیشی بەڕۆژوو حیساب نییە، بەڵام مادام پاك بوەتەوە نابێت هیچ بخواو هیچ بخواتەوە هەڵبەتە ئەوە بۆ چونێکە هیچ بەڵگەی لەسەر نییە بەڕاستی لەگەڵ ڕێزماندا بۆ هەموو زانایان بۆچونەکە هیچ بەڵگەیەکی شەرعی لەسەر نییە، بەڵکو ئافرەت کە لە دوای بانگی بەیانی پاك بۆوە کۆتایی بە سوڕی مانگانەی هات ئەوە ئەو ڕۆژەی تازە لەدەست چووە وە لەسەری واجب نییە ئەو ڕۆژە بەڕۆژوو بێت وە کە بەڕۆژووش نەبێت ئافرەت ئازادە بۆ خۆی، خوای گەورە ڕێگای پێداوە نان دەخواتو ئاو دەخواتەوە وە ئەگەر بۆ نموونە پیاوەکەشی لەسەفەر بوو بێتو بەرۆژوو نەبێتو بگەڕێتەوە بۆی هەیە بچێتە لای، کەواتە شتێك کە خوا حەرامی نەکردبێت ناتوانین ئێمە حەرامی بکەین بەقسەی هیچ زانایەك کاتێك کە بەڵگەی قورئانو فەرموودەی لەسەر نەبێت، بۆیە ئافرەت پێویست نییە لەسەری باقی ڕۆژەکەی کە بە پاك بۆتەوە تێیدا خۆی بگرێتەوە لە خواردنو خواردنەوە، بەڵکو حەڵاڵە بۆیو ئەو ڕۆژەشی لەسەر نییە بەڵکو دوایی دەیگرێتەوە.

**پ٢٧/ ئەی ئەگەر هاتو پێش بانگی بەیانی ئافرەت پاك بووەوە بەڵام فریای ئەوە نەکەوت کەوا خۆی بشوات ئایە کە بەڕۆژوو ئەبێت ئەو ڕۆژەی بۆ حساب دەکرێت ؟**

و/ ئەو ئافرەتە واجبە لەسەری نیەتی بەڕۆژوو بوون بێنێت، وە ئەگەر خۆشۆرینەکەش بکەوێتە دوای بانگی بەیانیەوە هیچ زەرەر نادات وە ڕۆژووەکەشی ڕاستە بە پشتیوانی خوای گەورە .

**پ٢٨/ ئەو کەسانە کێن کە پێویستە ڕۆژووی ڕەمەزان بە قەزا بگێڕنەوە؟**

و/ ئەوانەی کە لەسەریان واجبە ڕۆژووی ڕەمەزان بەقەزا بگێڕنەوە ئەو کەسانەن کە بەڕۆژوو نەبوون، بۆ نموونە خوای گەورە باسی ئافرەتی کردووە کە سوڕی مانگانەی هەبێت واجبە لەسەری بەڕۆژوو نەبێت، وە واجبە لەسەری دوایی بیگرێتەوە، هەروەها ئافرەتێك کە لە حاڵەتی زەیستانیدا بێت واجبە لەسەری بەڕۆژوو نەبێت، وە واجبە لەسەری دوایی بیگرێتەوە، سێیەمیان: نەخۆش، چوارەمیان: موسافیر، ئەو کەسەی کە ڕێبوارەو لەسەفەرە ئەو کەسەش دوایی ڕۆژووەکەی دەگرێتەوە، وە لای هەندێ لەزانایان ئەو کەسەش کە ڕۆژووەکەی بشکێنێت بەبێ عوزر ئەویش واجبە لەسەری بیگرێتەوە، هەندێ لەزانایانیش دەفەرموون ئەوەی بەبێ عوزر ڕۆژووەکەی بشکێنێت ئەوە سزاکەی ئەوەیە کە هیچ بەڵگەیەك نییە لەسەر ئەوەی کە بیگێڕێتەوە، بەهەرحاڵ مرۆڤ کە تاوانی کرد پێویستە کردەوەی چاکی بەدوادا بکات، ئەما ئەو کەسانەی کە باسمان کردن ئەوە واجبە لەسەریان دوایی ڕۆژووەکەیان بگرنەوە.

**پ٢٩/ ئایە کە دوایی ڕۆژوەکەی دەگرێتەوە وەکو ڕەمەزان هەموویان لەسەریەك ئەگرێتەوە، یاخود بۆی هەیە بە ئارەزووی خۆی ناو بەناو ڕۆژووەکەی بگرێتەوە ؟**

و/ خوای پەروەردگار فەرمووی: (فَعِدَّةٌ مِنْ أَيَّامٍ أُخَرَ) واتە: کەسێك کە بەڕۆژوو نەبوو کە عوزری شەرعی هەبێت خوای پەروەردگار فەرموویەتی بەئەندازەی ئەو ڕۆژانەی کە نەیگرتووە ڕۆژوەکەی بگرێتەوە لە ڕۆژانی تر، نەیفەرموو یەکسەر وە نەیشیفەرمووە بەیەکەوە (تتابع)ەکەی پێویستە، وە نە ( على الفور)یش هیچیان واجب نین، وە بەڵگەی لەسەر نییە، بۆیە ابن عباس (ڕەزای خوای پەروەردگاری لێ بێت) دەیفەرموو: (لا بئس أن تفرق) هیچ کێشە نییە کە بە تەفریقی بیگرێتەوە، ئەمڕۆ بەڕۆژوو بێت دوای دوو سێ ڕۆژی دیکە بیگرێتەوە، دوای دوو سێ ڕۆژی تر قەزای ڕۆژێکی تر بکاتەوە کێشە نییە، وە دروستە دواش بخرێت ئەگەر بگاتە مانگی شەعبانیش، عائیشە (ڕەزای خوای پەروەردگاری لێ بێت) دەفەرمووێت:

(كَانَ يَكُونُ عَلَي الصومُ مِنْ رَمَضَانَ، فَمَا أَسْتَطِيعُ أَنْ أَقْضِيَهُ إِلا فِي شَعْبَانَ) .

واتە: من ڕۆژووی مانگی ڕەمەزانم دەکەوتە سەر نەم دەتوانی بیگێڕمەوە تاوەکو مانگی شەعبان دادەهات ئەو کات دەمگرتەوە، کەواتە دروستە دوای بخەیتو کێشە نییە، دەشبێت بکەوێتە دوای ڕەمەزانێکی تریش ئەوەشیان هەر دروستە لە مەزهەبی شافعیدا هەڵی بگرێت بۆ دوای ڕەمەزانێکی تر، دەفەرموون لەگەڵ هەموو ڕۆژێك کە دەیگێڕێتەوە فیدیەش بدات، وە ئیمامی مالیکیش وای فەرمووە، بەڵام لەڕاستیدا فیدیە دانەکە هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نییە لە قورئانو حەدیسدا، بۆیە مرۆڤ پێویستە پەلە بکات لەوەی کە کاتێك ڕۆژووی لەسەرە زوو بیگرێتەوە باشترە وەکو خوای گەورە فەرمانی پێکردووین: (وَسَارِعُوا) (سَابِقُوا) یان پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (بَادِرُوا بِالْأَعْمَالِ) [٢٤] مرۆڤ پەلە بکات لەگەڕانەوەی، چونکە کێ دەڵێت مرۆڤ دەمێنێتەوە تاوەکو مانگێکی تر تاوەکو ساڵێکی تر، بەڵام ئەگەر هاتوو ئەو کەسە نەیگێڕایەوە لەو ساڵەدا کەوتە دوای ڕەمەزانی ساڵی داهاتوو ئەوە فیدیەی لەسەرە یان تەنها قەزایە؟ خوای گەورە تەنها قەزای باس کردووە ئەوەی باس نەکردووە دەبێت فیدیەی لەگەڵ بێت، شتێکیش کە خوای گەورە داینەنابێتو پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی پێنەکرد بێت بۆ ئێمە نییە لەسەر خەڵکی واجب بکەین، وە ئەو بارە قورسە بخەینە سەر خەڵك، بەڵکو تەنها واجبە لەسەری قەزای ڕۆژووەکە بکاتەوە ئەگەر ڕەمەزانی تریشی بەسەردا هاتبێت .

**پ٣٠/ ئەگەر هاتوو ئەو قەزایەی لەسەر بوو وە مرد ئایا لەپاش خۆی کەسو کاری دروستە ڕۆژووەکەی بۆ بگرنەوە یان نا؟**

و/ ئەگەر کەسێك قەرزار بێت یان ڕۆژووی لەسەر بێت یان بەگشتی ڕۆژووی قەرز بێت یان ڕۆژووی نەزر بێت زانایان سێ بۆچونیان هەیە، لێرەدا ئایا کەسو کاری دەتوانن ڕۆژووی بۆ بگرنەوە یان ناتوانن بۆی بگرنەوە؟ بە ڕەهایی یان تەنها جۆرە ڕۆژوویەك؟ زانایان بوون بە سێ مەزهەب: لێرە زاهیری قەولی ئیمامی شافعی و مالیك (ڕەحمەتی خوای پەوەردگاریان لێ بێت) بۆچونیان وایە کە مرۆڤ غەیری عەمەل و کردەوەی خۆی عەمەلی کەسی پێناگات بە بەڵگەی فەرموودەی خوای پەوەردگار: ﴿وَأَنْ لَيْسَ لِلْإِنْسَانِ إِلَّا مَا سَعَى ﴾ ﴿النجم:٣٩﴾.

(٢٤) رواه الترمذي ( ٣ / ٢٥٧ ) .

واتە: بۆ مرۆڤ نییە هیچ خێرو پاداشتێك تەنها ئەوە نەبێت كە خۆی ئەنجامی داوە، هەر وەكو چۆن كەس ناتوانێت نوێژ لە جیاتی كەس بكات، وە ناتوانیٚ شایەتمان لە جیاتی كەسێكی تر بێنێت، وە زیكر لە جیاتی كەسێكی تر بكات، بەهەمان شێوەش كەس ناتوانێت ڕۆژوو لە جیاتی كەسێكی تر بگرێت بەو بەڵگەیە كە خوای پەوەردگار فەرموویەتی:

﴿وَأَنْ لَيْسَ لِلْإِنْسَانِ إِلَّا مَا سَعَى ﴾ ﴿النجم:٣٩﴾. وە هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی مرۆڤ كە مرد كردەوەكانی كۆتایی پیٚ دێنێت تەنها سیٚ شت نەبێت: ئەو سیٚ شتەش بریتیە لە خێرێكی بەردەوام وە هەروەها بریتیە لە زانستێكی سوود بەخش كە خەڵك سوودی لیٚ ببینێت، یان منداڵێكی صاڵح كە دوعای خێرو چاكەی پیٚ بكرێت، جا دەفەرموون ڕۆژوو گرتنەوەی تێیدا باس نەكراوە كەواتە ناكرێت كەس ئەو ڕۆژووەی لە جیاتی بگرێتەوە، مەزهەبی دووەمی ئەهلی عیلم ئەوەیە كە ڕۆژووی قەزا وەهەروەها ڕۆژوی نەزری كە لەسەر بوو بێت ئەو مرۆڤە كە دەمرێت ئەوە دروستە بۆی بگیرێتەوە كەس‌و كاری بۆی دەگرنەوە، ئەمە بۆچونی فەرموودەناسانە بە زۆری‌و، ئەبوو پور، وە یەكێكە لە قەولەكانی شافیعی وە ئیمامی نەوەویش ئەوەی تەفسیر كردووە، وە ئیبن حەزمیش بۆی ترجیح كردووە بە بەڵگەی فەرموودەی عائیشە (ڕەزای خوای پەروەردگاری لیٚ بێت) (مَنْ مَاتَ وَعَلَيْهِ صِيَامٌ صَامَ عَنْهُ وَلِيُّهُ) واتە: هەر كەسێك مردوو ڕۆژووی لەسەر بوو ئەوە وەلیەكەی جا كوڕەكەیەتی یان كچەكەیەتی ئەوانە ڕۆژووی بۆ دەگرنەوە . لێرەدا دەفەرموون ئەو فەرموودە گشتی یە هەر كەسێك مرد ڕۆژووی لەسەر بێت جا ئەو ڕۆژووە ئایە نەزر بێت یان ئەو ڕۆژژووە قەزا بێت. ئەوە بە بەڵگەی فەرموودەی عائیشە (ڕەزای خوای پەروەردگاری لیٚ بێت) پێویستە وەلیەكانی بۆی بگرنەوە وە ئەوەش زاهیرەكەی خەبەرە بەڵام حەقیقەتەكەی (طلب)ە، واتە: با وەلیەكەی جا كوڕەكەیەتی یان كچەكەیەتی ئەو ڕۆژووەی لە جیاتی بگرێتەوە، وە هەروەها لە فەرموودەی ئیبنو عەباسدا پیاوێك هاتە لای پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ڕۆژووی مانگێكی لەسەرە لە ڕیوایەتێكی تردا ڕۆژووی نەزری لەسەرە ئایا من بۆی بگرمەوە؟ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: بەڵیٚ چونكە قەرزی خوای پەروەردگار لە هەموو قەرزێك حەقترو پێویستترە كە بدرێتەوە. بۆیە لێرە زانایان دەفەرموون: كاتێك كە كەسێك دەمرێت دەبێت لەو پارەیەی كە جێی دێڵێت كفن‌و دفن‌و ئەو خەرجیەی كە بۆ ناشتنی دادەنرێت ئەوە لە پارەكانی خۆی سەرف بكرێت پێش ئەوەی بەسەر میراتگرەكانی دابەش بكرێت دوایی سەیری قەرزی خوای گەورە دەكرێت لەسەری‌و قەرزەكانی خوای گەورەی لێبدرێتەوە ئەوجا قەرزی بەندەكانی لێبدرێتەوە ئەوجا میراتەكە دابەش بكرێت: (دَيْنُ اللَّهُ أَحَقُ أَنْ يُقْضَىٰ) ﴿متفق عليه﴾.

بۆ نموونە ئەو كەسە حەجی نەكردووە لەسەریشی واجب بووە دەبێت پارەیەك لە میراتەكەیدا بدرێت بۆ حەجەكەی، بۆ نموونە شتێكی لەسەر خۆی نەزر كردووە ئەوە پێویستە ئەو نەزرەی بۆ بكرێت بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی كە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی:

(فَدَيْنُ اللَّهُ أَحَقُ أَنْ يُقْضَىٰ) [متفق عليه] فەرمودەكەش لە بوخاری‌و موسلیم دایە، وە هەروەها بورەیدە دەفەرمویٚ دانیشتبووم لای پێغەمبەری خوا ﷺ ئافرەتێك هاتە لای فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ من خێرم

بۆ دایکم کردووە وە دایکیشم مرد ئەویش پێی فەرموو: ئەجرەکەت واجب بووە، ئەو خێرەی کە کردی بۆ دایکی خێرێکی جاریە بوو (رَدهَا عَلَيْكِ الْمِيرَاثُ) بە حوکمی میرات ئەو جاریەی کە دابووت بە دایکت کردبوتە خێر بۆ دایکت، کە دایکت مرد جاریەکە میرات بۆ تۆی دەگێڕێتەوە، ئەوجا فەرمووی ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ (إِنَّهُ كَانَ عَلَيْهَا صَوْمُ شَهْرٍ أَفَأَصُومُ عَنْهَا قَالَ صُومِي عَنْهَا) [٢٥] بەڵام دایکم ڕۆژووی مانگێکی لەسەر بوو ئایا ئەو مانگەی لەجیاتی بگرمەوە؟ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: (صومي عنها) لەجیاتی بیگرەوە، لێرەشدا نەیفەرموو (صوم نذر) ئەمەش بوخاریو موسلیم ڕیوایەتیان کردووە.

مەزهەبی سێیەم ئەوەیە کە تەنها ڕۆژووی نەزر کە کەسێك نەزری کردبێت لەسەر خۆی بەڕۆژوو بێت وە مردبێو نەزرەکەی بەجێ نەگەیاند بێت ئەوە ئەو ڕۆژووە نەزر کراوە لەسەر کوڕەکەی یان کچەکەیەتیو دەتوانن بۆی بگرنەوە، ئەما ڕۆژووی قەرزی لەسەر بێت ڕەمەزانی نەگرتبێت ئەوەیان ناگیرێتەوە ئەمەشیان شێخ ئەلبانی (ڕەحمەتی خوای پەروەردگاری لێ بێت) کە تەرجیی ئەوە دەکات، بەڵام هەندێ لە ئەهلی عیلم دەفەرموون فەرموودەی عائیشەو ئیبنو عەباسو بورەیدە تییاندا بە ڕەهایی هاتووە، مادام بە گشتی هاتووە نابێت تایبەت بکرێت بە یەکێك لە ئافرادەکانی، خۆی عامەو گشتیە تەخصیصو تایبەت ناکرێت، بەڵکو ئەو تاکە کە نەزرە ئەوەش دەچێتە ژێر عامەکەوە، ئەما بڵێین بە عموم نامێنێتو تخصیص دەکرێت زانایان کۆمەڵێکیان دەفەرموون بە گشتیەتی خۆی دەمێنێتەوە کە کەسێك قەرزار بێت جا قەرزی مانگی ڕەمەزان بێت یان ڕۆژووی نەزر بێت لەسەری ئەوە وەلیەکەی بۆی هەیە بیگرێتەوە بەڵکو واش چاکە کە بیگرێتەوە.

**پ٣١/ هەندێك لە ئافرەتان جۆرە حەبێك بەکاردەهێنن لە ڕەمەزان بۆ ئەوەی سوڕی مانگانەیان دوا بخات تاوەکو بتوانن لە ڕەمەزاندا هەموو مانگەکە بەڕۆژووبن ئایە حوکمی بەکارهێنانی ئەو جۆرە حەبانە چییە؟**

و/ مەسەلەی ئافرەت شتێکە خوای گەورە لەسەری داناوە (كتب الله على بنات آدم) خوای گەورە لەسەری داناون زۆربەی مانگەکان ئافرەتان تووشی سوڕی مانگانە دەبن، تووشی بێ نوێژی دەبن وە ئەگەر لە مانگی ڕەمەزاندا تووش ببێت شەش ڕۆژ بێت یان زیاتر یان کەمتر لەو ڕۆژانەدا ناتوانێت تێیدا بەڕۆژوو بێت وە ناتوانێت نوێژیشی تێدا بکات، جا هەندێ لە خوشکانو لە دایکان دەیانەوێت ئەو خێرەیان بە تەواوی دەست کەوێت بتوانن هەموو مانگەکە بەڕۆژووبن وە هەموو شەوەکانی شەو نوێژیشی تێدا بکەن بۆیە ئەو حەبە بەکار دەهێنن بۆ ئەوەی مەنعی سوڕی مانگانە بکەن مانگەکە تێیدا بەڕۆژووبن تووشی بێ نوێژی نەبن، لە وەڵامدا دەڵێین: ئەگەر ئەو کارە نەکرێت باشترە، چونکە خوای پەروەردگار ئافرەتی وا دروست کردووە وە ئافرەتێك کە بە درێژایی مانگەکە بەڕۆژوو بوو جگە لەو ڕۆژانەی تێیدا توشی ئەوە دەبێت بێگومان ئەجری ئەوەشی بۆ دەنوسرێ نەك لەڕێ لابچێت، هەر کەسێك کە عادەتی هەبێت لەسەر خێرێك دوایی کە عوزرێکی شەرعی بۆ هات خوای پەروەردگار خێرەکەی بە تەواوی بۆ دەنوسێت، وە بارێکە خوای گەورە لەسەری داناوە وە پێویست ناکات ئەو ئەرکە بخاتە سەر خۆی، بەڵام ئەگەر کردی دەڵێین بەمەرجێك زەرەری بۆ لەشی نەبێتو کێشەی بۆ دروست نەکات دروستە، وە پاك بۆوەو سوڕی مانگانەی نەما با ڕۆژووەکەی بگرێت و دروستە وە نوێژەکانیشی دروستە.

---

(٢٥) رواه مسلم ( ١١٤٩ ) .

**پ٣٢/ ئایا ئەی لەکاتی** (الإستحاضة) **ئایە ئافرەتان دروستە بەڕۆژوو بن یان نا؟ وە پێش ئەوەش ئەگەر پێناسەیەکی** (الإستحاضة) **ت بکردایەو ڕوونت بکردایەتەوە؟**

و/ لە شەرعدا حیچ هەیە وە (الإستحاضة) هەیە حیچ بریتیە لەو سوڕی مانگانەی کە تووشی ئافرەت دەبێت، بەڵام (الإستحاضة) وەکو نەزیف وایە وەکو خوێن بەربوونێك وایە دەمارێکە خوێنی بەردەبێت، هەندێ ئافرەت هەیە بە درێژایی مانگەکە یان بە درێژایی ساڵ هەر خوێنی هەیە وەهەر پاك نابێتەوە ئەوە ئەو خوێنە (الإستحاضة)ی پێ دەوترێت، وەکو نەزیف وایە ئەوە نە مەنعی نوێژ دەکات نە مەنعی ڕۆژوو دەکات نە مەنعی ئەوە دەکات کە حەرام بێت پیاوی خۆی بێتە لای، بەڵکو وەکو ئەوە وایە کە شوێنێکی بە خوێندا هاتبێت ڕێی نوێژوو ڕۆژوو ناگرێت، وە هەر ئافرەتێك لەو حاڵەتەدا بوو کە بەردەوام خوێنی بینی ئەوە تەنها ئەو چەند ڕۆژە نوێژو ڕۆژوو ناکاتو ناگرێت کە عادەتی مانگانەی خۆیەتی بۆ نموونە پێش ئەوەی کە تووشی ئەو عادەتی بێ نوێژیە بێت مانگانە بۆ نموونە لە سێی مانگەوە تاوەکو ٩ مانگ تووشی سوڕی مانگانە دەبوو با ئێستاش هەر وابکات، ئەگەر نەتوانێ خوێنەکە جیا بکاتەوە ئەوا ئەو خوێنە ڕەشە یان سورێکی تۆخە ئەوە خوێنی سوڕی مانگانەیە ئەوی تریان نەخێر خوێنەکە ڕەنگەکەی جیاوازە کە جیاکاری نەبێت وە بەگوێرەی عادەتی مانگانە نۆ ڕۆژەکەی خۆی شەش ڕۆژەکەی خۆی بۆی نییە نوێژوو ڕۆژوو بکات دوایی با خوێنیشی هەر بێت ئەوە نوێژو ڕۆژووی خۆی دەکات، وە ئەگەر عادەتەکەی نەزانی بەڵام توندی ڕەنگی خوێنەکە جیاکاتەوە بەپێی ئەوە ئەو ڕۆژانەی کە عادەتە تێیدا بەڕۆژوو نابێت ڕۆژەکانی تر بە ڕۆژوو دەبێت ئەگەر هیچ جیاکاریەکی نەبوو نە بە ڕەنگی خوێنەکە نە بە عادەکەی خۆی زانی کامەیە ئەوە فەرموودەی صحیحی لەسەرە (تحیضي بعلم الله ستة أیام أو سبعة أیام) شەش ڕۆژ تا حەوت ڕۆژ وا دادەنێت لە مانگێکدا کە عادەتە دوایی تێیدا بەڕۆژوو دەبێت إِنْ شَاءَ اللَّهُ هیچ ڕێگریەك نییە.

**پ٣٣/ ئەی کەسانێك هەن زیاد چوونەتە ناو ساڵەوە وە عەقڵیان تەقریبەن لەدەست داوە ئاگایان لە دەوروپشتی خۆیان نەماوە حوکمی ئەو جۆرە کەسانە چییە ؟**

و/ خواي ثەروةردطار دةفةرموويَت: ﴿لَا يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا ﴾﴿البقرة:٢٨٦﴾.

خوای پەروەردگار داوا لەهیچ کەسێك ناکات تەنها ئەگەر توانای خۆی نەبێت، پیرەمێردێك یان پیرەژنێك کە گەیشتە ئەو تەمەنە زۆرە خەڵافا واتە هەر عەقڵی ڕۆژووی نەما یان نازانێ ڕۆژووگرتن چۆنەو کەی کۆتایی دێت یاخود بەهیچ شێوەیەك ناتوانێت، ئەوانە ڕۆژوویان هەر لەسەر نییە وە نە قەزا کردنەوەشی نە فیدیەشی لەسەرە، بەڵام ئەوەی لە زنجیرەکانی پێشوو باسمان کرد کە پیرەمێردێك یان پیرەژنێك کە ڕۆژوو قورس بوو لەسەریان تەنها فیدیە دەدەن ئەوە دەتوانێ بیگرێ بەڵام قورسە لەسەری بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ باسی دەکەین ئەوەیە کە هەر ناتوانێ بیگرێت نازانێ ڕۆژوو چییە نازانێ نوێژ چییە وەکو منداڵی لێهاتۆتەوە ئەوانە ڕۆژوویان هەر لەسەر نییە وە نە قەزا کردنەوەشی نە فیدیەشی لەسەرە ان شاء الله تەکلیفیان لەسەر هەڵگیراوە.

**پ٣٤/ هەندێك لە خەڵكی ئەڵێن: ئەگەر كەسێك بەبێ عوزری شەرعی ڕۆژێك لە ڕەمەزان نەگرێت ئەوە ئەگەر بێت و دواتر هەموو ساڵەكە بەڕۆژوو بێت خێری ئەو ڕۆژەی دەست ناكەوێتەوە ئەگەر تەوبەش بكاتو پەشیمانیش بێتەوە، ئەمەوتەیە تا چەند ڕاستە ؟**

و/ بەڵێ ئەمە دەدرێتە پاڵ پێغەمبەری خوا ﷺ وەكو ئەو فەرموودەی كە باس دەكرێت كە فەرموودەیەكی صحیح نییە، بێ گومان بەڵێ وەكو باسمان كرد ڕای زانایان هەندێكیان لەسەر ئەوەیە كە مرۆڤ بەبێ عوزر ڕۆژوو نەگرێت بۆی نییە بیگرێتەوە ئەما خوای پەروەردگار تەوبەی لێ قەبوڵ ناكات وە یان هەموو ساڵەكە بەڕۆژوو بێت ڕۆژووی سوننەت بگرێت تازە كەلێنی ئەوە پڕ نابێتەوە، نەخێر مرۆڤ ئەگەر تاوان بكات تەوبەی بەدوادا بكات خوای پەروەردگار (يَقْبَلُ التَّوْبَةَ عَنْ عِبَادِهِ) خوای پەروەردگار تەوبەی بەندەی خۆی وەردەگرێت وە هەروەها ڕۆژووی سوننەتیش كەلێنی فەرزەكان پڕ دەكاتەوە وەكو گوناهـ بەڵام لەسەری لاناچێت تاوەكو فەرز بە فەرز پڕ نەكرێتەوە ئەما ئەگەر فەرموودە بێت یان قەولێكی ڕاست بێت قەولێكی ڕاست نییە.

**پ٣٥/ باسی ڕوكنەكانی ڕۆژوومان بۆ بكەی وە پێش ئەوەش پێناسەی ڕوكنمان بۆ بكەی ئایە ڕۆژوو چەند ڕوكنی هەیە؟**

و/ ووشەی ڕوكن لە زمانی عەربیدا بریتیە لە (ماهية الشيء وحقيقته) واتە كاتێك بۆ نموونە باسی خانویەك بكەین ئەو خانووە دیوارەكانو سەقفەكانی بریتین لە ڕوكنەكانی ئەو خانووە، واتە ڕوكن ئەوەیە كە حەقیقەتی عیبادەتی لێ پێك دێت، حەقیقەتی شتەكە لەوە پێك دێت كە نەبێت شتەكەیش نابێت، واتە لە كاتی ئەنجامدانی ئەو عیبادەتە ئەو شتە نەما بەبێ ئەوە عیبادەتەكە نابێت، جا هەر لەسەر ئەو پێناسەیە باسی یەكەم ڕوكن بكەین جمهوری زانایان باسی دەكەن ئایا ڕوكنە یا ڕوكن نییە ئەویش بریتیە لە نیەت، جمهوری زانایان باس لەوە دەكەن كە یەكەم ڕوكنی ڕۆژوو بریتیە لە نییەت مرۆڤ دەبێت نیەتی هەبێت چونكە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێ: (إِنَّما الأَعْمَالُ بالنِّيَّاتِ) [٢٦] هەموو كردەوەیەك بە نیەتە كەسێك بۆ نموونە نان ناخوات، چونكە نانی دەست ناكەوێت ئاو ناخواتەوە چونكە ئاوی دەست نەكەوتووە یان قەڵەوە دەیەوێ خۆی لاواز بكات ئەو كەسە نیەتی خوا نییەو نییەتی ڕۆژوو نییە كەواتە نیەتی ڕۆژووی بۆ نانوسرێت، بەڵام كەسێك كە ڕەمەزان بە ڕۆژوو دەبێت ئیمانی بەوە هەیە كە لەسەری واجبە وە چاوەڕێی پاداشتیش لە خوای گەورە دەكات كە خوای گەورە پاداشتی بداتەوە بۆیە نان ناخواو ئاو ناخواتەوە ئەوە پێی دەوترێ كەسێك كە بەڕۆژوو بووە.

**پ٣٦/ ئایە نیەتەكە بەدەمە كە زۆرێك لە مزگەوتەكانە لەدوای تەواو بوون لە نوێژی تەراویح یان پێش ئەوەی دەست پێبكەن یەكێك بە دەنگی بەرز داوا لە خەڵكەكە دەكات دەڵێت: ڕەحمەتی خواتان لێ بێت نیەتی ڕۆژووی بەیانی بهێنن، ئایا دروستە نیەت بەدەم بهێنرێت یان صیغەیەكی تایبەتی هەیە یاخود تەنها لە دڵەو ئەوەندە بەسە كە مرۆڤ نیەتی هەبێت؟**

و/ بێگومان نییەت بریتیە لە كردەوەیەكی دڵ باگنی مرۆڤ كە نیەتی شتێك بێت لە دڵدا مەبەستیەتی ئەما ووتنی نیەت بەدەم زانایان دەفەرموون بیدعەیە، ئیمامی نەوەوی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمووێت: نیەت

(٢٦) رواه البخاري ومسلم في صحيحهما.

شوێنەکەی دڵە بۆ نموونە کاتێك مرۆڤ بیەوێ سەفەر بکات لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر نیەتی هەیە سەفەر بکات ئەو نیەتە وای لێدەکات کە خۆی ئامادە بکاتو خۆی ڕێك بخاتو سەفەرەکەی دەکات نیەتی هەبوو بەبێ ئەوەش بڵێ خەڵکینە (بسم الله الرحمن الرحيم) من ئەمڕۆ دەچمە سەفەرێك دەچمە ئەو شوێنە (الله اکبر)، ئەو شتانە نییە نیەت دڵە، یان بۆ نموونە نیەتت هەیە نان بخۆی دەنا نای خۆی، دەتەوێ خۆت بشۆی نیەتت هەیە دەتەوێ کارێك بکەی نیەتت هەیە ئەو نیەتە پاڵت پێوە دەنێت بەرەو ئەو شتە کە تۆ دەتەوێتو مەبەستە بیکەی، کەواتە نیەت بریتیە لە مەبەستی دڵ کە پاڵنەری مرۆڤە بۆ کردنی شتێك یان واز هێنان لە شتێك بریتیە لە ئیشێکی دڵ بەتەنها، زمانو دەم هیچ کارێکی نیە لە نیەتدا.

## پ٣٧/ ئەگەر بە دڵ نیەتت هەبێتو بە زمانیش بیڵێی زیاتر مرۆڤ قەناعەتی پێدێت؟

و/ ئاخر ئەوە پێی ناوترێ نیەت ئەوە پێی دوترێ زیادە کە بەڵگەی لەسەر نییە، پێغەمبەری خوا ﷺ بەدەم نیەتی نەهێناوە ئەوجا لەوە سەیرترو غەریب تر یەعنی بۆ نموونە نوێژ کە لە نوێژیدا نابێت نیەت بەدەم بهێنرێت لەوێشدا شوێنەکەی دڵە، بۆیە کەسێك کاتێك گوێی لە بانگ دەبێت بەپەلە هەڵدەستێت دەستنوێژ هەڵدەگرێت بۆچی؟ دەستنوێژ دەگرێ بۆ ئەوەی بچێ نوێژ بکات دوای دەستنوێژ گرتنەکەی دەچێت بەرەو مزگەوت ڕادەوەستێ لە ڕیز چاوەڕییە ئیمامەکە بڵێ (الله اکبر) ئەویش بۆ ئەوەی نوێژەکەی بکات دەڵێ (الله اکبر)، ئەوانە هەمووی نیەتە بۆ ئەوە چووە نوێژی نیوەڕۆ بۆ نموونە بە جەمەعات بکات ئەوە نییەتە ئەما وابزانێ نیەتم ئەوەیە بڵێ من نیەتمە ئێستا نوێژی نیوەڕۆ چوار ڕکەعات بەجەماعەت دەکەم لەدوای ئەو ئیمامە بۆ خوای گەورە (الله اکبر)، ئەو قسانە هیچی ڕاست نییە جگە لە (الله اکبر) بەڵکو بە ووتنی مرۆڤ قەرزار دەبێتەوە لەسەری، چونکە کارێکی کردووە کە نە ئەمری خواو پێغەمبەری خوای ﷺ لەسەرە، وە بە بیدعە دادەنرێ، جا وتم ئەوە بۆ نوێژ هەمان شتیشیان بۆ ڕۆژوو داناوە تەماشا دەکەین لە زۆر لە مزگەوتەکاندا لە دوای نوێژی عیشا بەخەڵك دەوترێ خەڵکینە نیەت بێنن هەمووی بەیەکەوە نیەت دێنن بەدەنگ هەشیانە دەستیش دەگرێ وەکو نوێژ کە لە ڕاستیدا (الله اکبر) پەیوەندی بەڕۆژوو نییە پەیوەندی بە نوێژەوە هەیە، پێغەمبەری خوا ﷺ باسی نوێژمان بۆ دەکاتو دەفەرمووێ: (مِفْتَاحُهَا التكْبِيرُ) سەرەتا نوێژ بە (الله اکبر) دەست پێدەکات وە بە سەلام دانەوە کۆتایی دێت، کەچی تەماشا دەکەین ڕۆژووشیان کردە نوێژ کە (الله اکبر)ی بۆ دەکەن یان دەست لەسەر دەست دادەنێن ئەوە هەمووی بیدعەو نەزانییە، وە مرۆڤ نابێت بخەڵەتێت بەوەی کەسێك کە بەناوی مامۆستای ئاینیەوە ئەو شتە بکات، ئامۆژگاریمان بۆ ئەو مامۆستایانە ئەوەیە واز بێنن لەو کارانە (كُلُّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلُّ بِدْعَةٍ ضَلَالَةٌ وَكُلُّ ضَلَالَةٍ فِي النَّارِ) [٢٧] هەر شتێك کە ئەمری پێغەمبەری خوای ﷺ لەسەر نەبێت ئەوە نییەو مرۆڤ نەی کات، وە بەدەمیش ئەو قسە نەڵێت با بەنیەتی دڵی خۆی بێت، جا عەجەبەن کەسێك شەو هەستاوەتەوە فەقیرە خەریکی نان خواردنە جاران پێش ڕەمەزان عادەتی وا نەبووە کە شەو هاستاوەتەوە نان دەخوات مەبەستی ڕۆژوو گرتنە جا کە ئەوە نیەت نەبێت چ شتێك نیەتە؟! با بەدەمیش نەڵێت من نیەتمە بەیانی بەڕۆژوو دەبم، بابێینەوە سەر ئەسڵی

---

(٢٧) رواه النسائي في "سننه" (١٨٨/٣ ـ ١٨٩) من حديث جابر بن عبد الله بنحوه، ورواه الإمام مسلم في "صحيحه" (٥٩٢/٢).

باسەکەمان ئایە نیەت هێنان دەبێت هەبێت بەبێ نیەت ڕۆژوو قەبوڵ نییە، بەڵام ئایە نیەت ڕوکنی ڕۆژووە یان شەرتە؟ هەندێ لە زانایان دەفەرموون: نیەت چونکە پێش ئەوەی دەست بە عیبادەتە بکەی نیەت دێنی کەواتە نیەت مەرجی سەرەکی ڕۆژووە چونکە لە پێش عیبادەتە نیەتی نوێژ شەرتی صیحەتو راستێتی نوێژەکەیە نەك ڕوکن بێت، بەهەمان شێوەش دەفەرموون: ڕۆژوو دروست نیە بەبێ نیەت، ئەی کەواتە ڕوکنەکانی ڕۆژوو چین؟ یەکێك لە ڕوکنەکانی ڕۆژوو بریتیە لە (الإمساك عن المفطرات) هەرشتێك کە ڕۆژووی پێ دەشکێت مرۆڤ خۆی لێ بگرێتەوە لەبەر خاتری خوا لەبەر ڕۆژوو خۆی لێ بگرێتەوە لە کاتی گلوعی فەجرەوە لەبەرە بەیانەوە تاوەکو خۆر ئاوا دەبێت ئەوە بریتیە لە ڕوکنی ڕۆژوو بەبێ ئەوە ڕۆژوو بەتاڵە خۆت لەو شتانە بگریتەوە کە ڕۆژوو دەشکێنن هەر لە بەرە بەیانەوە تاوەکو خۆر ئاوا بوون ئەوەش بەبەڵگەی ئایەتی خوای پەروەردگار: ﴿فَالآنَ بَاشِرُوهُنَّ وَابْتَغُوا مَا كَتَبَ اللَّهُ لَكُمْ﴾ ﴿البقرة:١٨٧﴾.

باسی نیکاحی کرد چوونە لای خێزانت بەشەو بۆت حەڵاڵە خواردنو خواردنەوە بۆت حەڵاڵە ئەوجا تا ئەو کاتەی کە فەجر دێت، پاشان لە فەجرەوە تاوەکو شەو دێت خۆت بگریتەوە لەو شتانە.

**پ٣٨/ مامۆستا باسی ئەو ئایەتت کرد ئەگەر زیاتر تیشکی بخەیتە سەرو زیاتر بۆمان ڕوون بکەیتەوە مانای (الْخَيْطُ الأَبْيَضُ والْخَيْطِ الأَسْوَدِ) چییە؟**

و/خوای پەروەردگار باسی ئەوەی کرد کە لەشەودا حەڵاڵە بۆ موسوڵمان بچێتە لای خێزانی خۆی ﴿فَالآنَ بَاشِرُوهُنَّ وَابْتَغُوا مَا كَتَبَ اللَّهُ لَكُمْ﴾ ﴿البقرة:١٨٧﴾.

ئەوجا دوای ئەوە حەڵاڵە خواردنو خواردنەوە تا ﴿وَكُلُواْ وَاشْرَبُواْ حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَكُمُ الْخَيْطُ الأَبْيَضُ مِنَ الْخَيْطِ الأَسْوَدِ مِنَ الْفَجْرِ﴾ ﴿البقرة:١٨٧﴾.

تاوەکو داوێك پەتێکی سپی لە ڕەش جیا دەبێتەوە، جا مەبەستی بریتیە لە چی؟ یەکێ لە صەحابە (خوایان لێ رازی بێت خێتێکی ڕەنگ سپی لە قاچی خۆی بەست وە یەکێکی ڕەشیش چاوەڕێی کردن خەریکی خواردنو خواردنەوە بوو تاوەکو ئەوانە لەیەك جیاکاتەوە، چونکە بەشەو دیار نییە کامەیان سپیەو کامەیان ڕەشە چاوەڕێی کرد کە ئەوەندە دونیا ڕوناك بوو فەرمووی ئەوە تەواو خوای پەروەردگار ئەوەی مەبەستە، کە هاتەوە پێغەمبەری خوا ﷺ بۆی ڕوون کردەوە، چونکە هەموو کاتێك پێغەمبەری خوا ﷺ خوای پەروەردگار قورئانی بۆ ئەوە ناردووە ﴿لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ ﴾ ﴿النحل:٤٤﴾. بۆ ئەوەی قورئان بۆ خەڵك ڕوون بکاتەوە، مانای ڕاستەقینەی ئەم ئایەتەی بە صەحابەکەو بە تێکڕای موسڵمانان ووت کە مەبەست بریتیە لە چی؟ (الْخَيْطُ الأَبْيَضُ) واتە ڕووناکی ڕۆژ وە هەروەها خەیتە ڕەشەکەش بریتیە لە تاریکی شەو (سواد الليل) ئەوجا ئایەتەکە دیاری کرد فەرمووی (من الفجر) کەواتە مەبەست ئەوە نییە خەیتێك بێنی سپیو ڕەشێك تەماشای بکەیت، مەبەست ئەوەیە کاتێك کە سپیەتی بەرەبەیان دەردەکەوێت ڕەشایی شەو نامێنێت، وەکو چۆن بەپێچەوانەشەوە لە کاتی ڕۆژوو شکاندا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی:[٢٨] (إِذَا أَقْبَلَ اللَّيْلُ مِنْ هَاهُنَا) ئیشارەتی بۆ مەشریق کرد کە شەو لێرەوە هات تاریکایی شەو (وَأَدْبَرَ النَّهَارُ مِنْ هَاهُنَا) وەلەو لاشەوە خۆر نەما (وَغَرَبَتِ الشَّمْسُ فَقَدْ أَفْطَرَ

---

(٢٨) رواه البخاري (١٩٥٤) ومسلم (١١٠٠).

الصَّائِمُ) وە خۆر ئاوا بوو ئەوە ڕۆژوو تەواو بووەو دەبێت مرۆڤ ڕۆژووەکەی بشکێنێت، جا مەبەست لە سپیەتیو ڕەشیەتیەکەیە سپیەتی بەرەبەیان کە هاتوو ڕەشایی شەو نەما ئەوە ڕۆژوو دەست پیدەکات، کە تاریکی شەو هاتو ڕووناکی ڕۆژ نەما ئەوە ڕۆژوو کۆتایی پیدێت، ئەو نیشانەیەی داناوە بۆ ئەوەی هەموو کەسێك نەخوێندەواریش بێت با لە گوندێکیش بێت با بانگدانیشی تێدا نەبێت، بۆ نموونە لە دەشتێکە خوای پەروەردگار دوو نیشانەی ئەوەندە ئاشکرای داناوە بۆ بەرەبەیانو بۆ بەربانگ کە هەموو کەسێك بیزانێ.

**پ٣٩/ فەجر هەیە فەجری (صادق) و فەجری (کاذب) ئەگەر ئەوەت بۆمان ڕوون بکردایەتەوە چۆن مرۆڤ لەیەکیان جیا بکاتەوەو تێکەڵیان نەکات؟**

و/ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: (الْفَجْر فَجْرَانِ، فَأَمَّا الأَوَّل فَإِنَّهُ لا يُحَرِّم الطَّعَام، وَلا يُحِلّ الصَّلاة، وَأَمَّا الثَّانِي فَإِنَّهُ يُحَرِّم الطَّعَام، وَيُحِلّ الصَّلاة) [٢٩] دوو بەیانی هەیە بەیانیەکیان ئەوەیە نە خواردن حەرام دەکات نە نوێژی بەیانیشی پێ حەڵاڵ دەبێت دروست نییە، چونکە جارێ کاتی بەیانی نەهاتووە وە شەویش تەواو نەبووە بۆت هەیە نان بخۆیت، فەجری دووەمیش هەیە کە فەجری صادقی پێ دەوترێ ئەو بەرەبەیانەیە کە شەو نامێنێت ڕۆژ هات کە کاتی بانگی بەیانییە فەجری صادق فەجری دووەمە ئەوەیان: (يُحَرِّم الطَّعَام، وَيُحِلّ الصَّلاة) کە ئەو فەجرە هات نان خواردن حەرام دەبێت، هەروەها نوێژی بەیانیش دروست دەبێت، جا ئەو دوو فەجرە هەیە وە لەسەردەمی پێغەمبەری خوا ﷺ وە دوای ئەویش وە بگرە تا ئێستاش لە هەندێك لە وڵاتدا وە لەهەندێ شاردا لە هەردوو فەجرەکە دوو بانگ دەدرێت لە فەجری یەکەم بانگێکە پێغەمبەری خوا ﷺ دەیفەرموو: [٣٠] (لا يَغُرَّنَّكُمْ أَذَانُ بِلال) دەیفەرموو بانگی بیلال با نەتان خەڵەتێنێ واز لە خواردن مەهێنن وە نوێژی بەیانیش مەکەن جارێ چونکە بانگی بیلال لە فەجری یەکەم دایە، دوایی بانگی دووەم داهات کە لە کاتی فەجری صادقدا لەو کاتەدا نوێژی بەیانی دێتو نوێژ دەکرێت، جا کە فەجری صادق نەبێت با فەجری یەکەمیش بێت یانی کاتێك کە سپیاییەك دەردەکەوێت بە ئەستونی هەڵدەستێتە ئاسمانەوە لە جیهەتی ڕۆژهەڵاتەوە تەماشا دەکەی پێش ئەوەی بانگی بەیانی بێ سپیایەك دەردەکەوێت بەڵام عمودی هەڵدەستێت ئەو سپیایە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێ بەوە مەخەڵەتێن ئەوە بەرەبەیان نییە ئەوە فەجری صادق نییە، ئەی فەجری صادق کامەیە؟ ئەوەیە کە ڕەنگێکی سور لە جیهەتی ڕۆژهەڵاتەوە بە موستەتیلی بڵاودەبێتەوە بەسەر شاخەکاندا وە دەچێتە ناو کۆڵانو دەورو بەرەوە ڕەنگاییەکی سور دەردەکەوێت ئەوە بریتیە لە فەجری صادق جا هەرکاتێ ئەوە بەدەرکەوت ئەو کاتە بۆت نییە خواردنو خواردنەوە بخۆی ئەو کاتە نوێژی بەیانی بووە.

**پ٤٠/ کەواتە فەجری (کاذب) ئەو کاتەیە کە بیلال (خوای لێ ڕازی بێت) بانگی یەکەمی تێدا داوە کە بۆ ئەوە بووە کە خەڵکی بەئاگا بێ‌و بەخەبەر بێت، یاخود ئەوانەی لە شەونوێژو تەراویحن بگەڕێنەوەماڵەوە؟**

و/ بەڵێ.

---

(٢٩) رَوَاهُ الْبَيْهَقِيّ فِي سُنَنه.

(٣٠) رواه البخاري ومسلم.

**پ٤١/ ئێستا لە جیاتی بانگی یەکەم لە زۆربەی مزگەوتەکانەوە دەڵێن: (الامساك الامساك)، یاخود خەڵکینە ڕەحمەتی خواتان لێ بێت واز لە خواردن و خواردنەوە بێنن، پێش ئەوەی کە بانگ بدرێ بە چەند دەقیقەیەك ئایە ئەو شتە هیچ بنەماو بنچینەیەکی هەیە لەسەردەمی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەم ئیمساکە کراوە یاخود ئەگەر ئەو ئیمساکە کرا پێویستە خەڵك واز لە خواردن و خواردنەوە بێنێ یاخود بەردەوام بن تاوەکو بانگ دەدرێت؟**

و/ بێگومان ئەوەی کە ئاماژەت پێدا وە دیاردەیەکی تریش هەیە کە إنْ شَاءَ اللَّهُ باسی دەکەین ئەوانە هیچی لەسەردەمی پێغەمبەری خوا ﷺ دا نەبوون بەڵکو خوای پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿وَكُلُواْ وَاشْرَبُواْ حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَكُمُ الْخَيْطُ الأَبْيَضُ مِنَ الْخَيْطِ الأَسْوَدِ مِنَ الْفَجْرِ﴾ ﴿البقرة:١٨٧﴾.

تا بەرەبەیانی تا فەجری صادق تاوەکو بانگی بەیانی بۆت هەیە بخۆیت و بخۆیتەوە بەڵکو لە فەرموودەیەکی تردا پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێ ئەگەر بەدەست یەکێکتانەوە پەرداغێك هەبوو خەریکی خواردنەوەیەتی و لەو کاتە بانگی دا با تەواوی بکات یان پارویەکی بەدەستەوەیەو بانگی داوە با بیخوات کەئەمەش فەرموودەیەکی صحیحە وە زانایان تصحیح یان کردووە (فَلا يَضَعْهُ حَتَّى يَقْضِيَ حَاجَتَهُ مِنْهُ) [٣١]

کەواتە پێنج دەقە یان زیاتر یان کەمتر پێش ئەوەی بانگ ببێت خواردن لە خەڵك حەرام بکەیت و پێیان بڵێی دەست بگرنەوە لە خواردن ئەوە بیدعەیە هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نییە، بەڵکو شتێك کە حەڵاڵە تۆ لەخەڵك حەرامی دەکەیت، وە جاری واش هەیە کە مرۆڤ هەڵدەستێت پێنج دەقەی ماوە بۆ بانگ کە هەڵدەستی ئیمساك دەکرێ جا ئەو فەقیرە کە پەرداغێك ئاو نەخواتەوە دوو قلە خورما نەخوات ئەوە هەر موخالەفەی سوننەتی کردووە وە هەم بە هیلاکیش دەچێت، ڕۆژوو گرتنەکە لەسەری قورس دەبێت کەواتە مەسەلەی ئیمساك هەر کەسێك خواردن و خواردنەوەی قەدەغە بکات پێش بانگی بەیانی ئەگەر بە دەقیقەیەکیش بێت ئەوە کارێکی کردووە کە نە پێغەمبەری خوا ﷺ نە خوای گەورە پێی ڕازیە وە کارێکی بیدعەی کردووە وە کارێکی کردووە کە (السلف الصالح) لەسەری نەبوونە، وە پێویستە لەسەر موسڵمانان بە قسەیان نەکەن تاوەکو بانگ دەدات ئەوجا واز لە خواردن بهێنن تەنها مەگەر بەدەستەوە بێت ئەوە بیخۆ دایمەنێ.

وە دیاردەی تریش هەر لەو بابەتەوە کە بیدعەیەو لەناو خەڵکدا کارێکی خراپە تەماشا دەکەین لە جیاتی بانگی یەکەم کە بانگی یەکەم بۆ ئەوەیە کە (لیوقظ نائماً) بۆ ئەوەی کەسێك نوستووە بەخەبەر بهێنرێت، وە کەسێك کە خەریکی نوێژە پێی بوترێت وەرە فریای خواردنەکەت بکەوە، لەجیاتی بانگی یەکەم کە پێ تەماشا دەکەین بە صەڵاوات لێدان و بە قورئان خوێندن و بە سروود ووتن و بە دەفە لێدان و بەو جۆرە شتانە دەیانەوێ جێگای بانگی یەکەم بگرنەوە کە ئەوانەش بیدعەیە، بەڕاستی صەڵاوات لەسەر پێغەمبەری خوا ﷺ عیبادەتێکی بەرێزە هەر کەسێ پێغەمبەری خوا ﷺ لە خۆی خۆشتر نەوێت ئیمانی تەواو نییە، صەڵاوات لێدان لە خوا نزیکمان دەکاتەوە، بەڵام مانای ئەوە نییە لە جیاتی بانگ صەڵاوات لێبدەین ئەوە کارێکی خراپە، چونکە تەبدیل و گۆڕینی شەریعەتی خوای گەورەیە، یەعنی چۆن ئێستا ئێمە کەچووینە ڕکوع دەبێت بڵێین: (سُبْحَانَ رَبِّيَ العَظِيمِ وَبِحَمْدِهِ) ئایە بۆمان هەیە بڵێین: (اللَّـهُمّ صَلِّ عَلَى مُحَمّد وآلِ مُحَمّد) صەڵاوات لێبدەین؟ یان لە سوژدە بردن دروستە

---

(٣١) رواه أحمد (١٠٢٥١) وأبو داود (٢٣٥٠) وصححه الألباني في صحيح أبي داود.

صەلاَوات لێبدەین؟ بێگومان دروست نییە، ئێستا من لەو کەسانەی کە صەلاَوات لێدەدەن لە جیاتی بانگی یەکەم پێیان دەڵێین لێی مەدەن، ئەوانیش لەناو خەڵك پێمان دەڵێن کاکە ئەوانە باوەڕیان بە صەلاَوات نییە، دەڵێم: ئەگەر ڕاست دەکەی وەرە لە ڕکوع‌و لە سوژدە صەلاَوات لێبدە، بۆت هەیە؟ دەڵێ: نەخێر، پێی دەڵێین: دەی دیارە تۆش باوەڕت بە صەلاَوات نییە، ناچار دەبێ قەناعەت بکات وە تێبگات کە ئەوە باوەڕ نەبوون نییە بە صەلاَوات، بەڵکو مەسەلە ئەوەیە کە هەر شتەو لە شوێنی خۆی دانراوە، نابێت ئێمە شوێنی بگۆڕین، بانگی یەکەم هەبێت نەك ئێمە بیکەینە صەلاَوات دانو سروود وتنو دەفە لێدانو شتی تر، ئەوە بەو شێوەیە (السلف الصالح) نەیان کردووە نابێت ئێمەش بیکەین، یان لەوانەش خراپتر دیسان چاووشو دۆم تەماشا دەکەین هەر لە سەعات ١٢ شەووەوە بە کۆڵانەکاندا دەگەڕێن بە تەپڵ لێدان خەڵك بێزار دەکەن خەڵکانێك هەیە خەریکی شەونوێژە بەو تەپڵ لێدانە وەزعیان لێ تێك دەچێتو ئاگایان لە نوێژەکەیان نامێنێت، خەڵکانێك هەیە بۆ نموونە درەنگ خەوتووە دەیەوێ ئیسراحەت بکات بەو تەپڵە بەخەبەری دێنن، یان خەڵك هەیە نەخۆشەو بەڕۆژوو نابێت عوزری هەیە یان منداڵان بەڕۆژوو نابن بەو دەنگە گەورەی تەپڵ لێدانو دەنگ بەرز کردنەوەی ئەو جەماعەتە بۆ ئەو کۆرسە بەناو کۆڵاناندا دەگەڕێن، ئەوانە هەمووی بێ شەرعییەو تاوانە وە هەر کەسێکیش یەك دیناریان بداتێ لەسەر ئەوە گوناه بار دەبێت، چونکە نابێت هاوکاری بکرێن ئەگەر فەقیرن پێویستیان بە یارمەتییە بابێن لە ڕێگەی شەرعییەوە خەڵکی هاوکاریان دەکات، بەڵام کە بۆتە پیشەیانو دەیانەوێ بەوە پارە پەیدا بکەن کارێکی بێشەرعییە هەر کەسێك کە هاوکاریان دەکات ئەوە هاوکاری شتی بێشەرعی دەکاتو گوناهبار دەبێت ئاگامان لەوە بێت .

**پ٤٢/ ئایە پێویستە هەموو کەسێك خۆی بەدواداچوونی هەبێتو موراقەبەی ئەوە بکات کە فەجری صادق هەیە یان نا؟ ئەمە لە بەیانیاندا وە ئێوارانیش چاودێری خۆر بکات کە بزانێ خۆر ئاوا بووە یان نا؟ یاخود پەیوەست بێت بە بانگەوە کە بەیانی بانگی بیست دەست لە خواردنو خواردنەوە هەڵدەگرێتو ئێوارانیش بە بانگ ڕۆژوو دەشکێنێت؟**

و/ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: [٣٢] (والْمُؤَذِّنُ مُؤْتَمَنٌ) واتە بانگدەر دەبێت کەسێکی ئەمین بێت لەسەر نوێژوو ڕۆژووی موسڵمانان، خەڵکی سیقەو متمانەی بە بانگدەرەکە هەیە ئەو بانگدەرە دەبێت لە خوا بترسێت ئاگای لە نوێژوو ڕۆژوی موسڵمانان بێت، کاتێك بانگ بدات کە بانگ بوو بێتو فەجری صادق دەرچوو بێت، نەك لە فەجری کاژبەوە لە بیدایەتەوە بانگ بداتو خواردن لە خەڵك حەرام بکات، کە حەرامیش نابێتو جاری نوێژیش نەبووە، بەهەمان شێوەش ئێواران کاتێك کە خۆر ئاوا بوو، ووتمان (إِذَا أَقْبَلَ اللَّيْلُ مِنْ هَاهُنَا، وَأَدْبَرَ النَّهَارُ مِنْ هَاهُنَا) کە شەو لەولاوە هات لە جیهەتی مەشریقەوە وە لە جیهەتی مەشریقەوە خۆر ڕۆیشتو نەما وە خۆرئاوا بوو ئەوە پێویستە بانگدەر بانگ بدات، جا مادام (المؤذن مؤتمن) بێت کەواتە پێویست ناکات خەڵکی ئەو ئەرکە بخەنە سەر شانیان، نەك بڵێ من چاوەڕوانی بانگ دەکەم ڕۆژوو دەست پێدەکەمو ڕۆژووش دەشکێنم تەنها مەگەر دەرکەوێت کە ئەو کەسە بانگدەرەکە بەتەواوی لەکاتی خۆی بانگ نادات نە بەیانیان نە ئێواران،

---

(٣٢) رواه أحمد والطبراني في الكبير.

ئامانجمان : ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح
www.ba8.org

بۆ نموونە بەیانیان زۆر زووتر بانگ دەدات یان ئێواران زۆر زوو بانگ دەدات ئەوە ئەگەر زانیتو دڵنیا بوویت: (الْيَقِينُ لَا يَزُولُ بِالشَكِّ) ئەصڵ ئەوەیە کە بانگدەرەکە ئەمینەو بەقسەی بکرێت، بەڵام کە دڵنیا بوویت ئەو بانگدەرە بەیانیان پێش کاتی بانگ بانگی دا ئەوە تۆ بەقسەی مەکەو تا فەجری صادق دەرنەچێت بۆت هەیە بخۆیتو بخۆیتەوە، وە ئەگەر دڵنیا بوویت ئێوارە خۆر ئاوا بووەو بانگی نەداوە ئەستێرەش دیارە جارێ ئەوە تۆ بۆت هەیە ڕۆژووی خۆت بشکێنیت وە چاوەڕێی بانگ نەکەی، بەڵام ئاگامان لە مەسەلەیەك هەبێت بەتایبەتیش ئەوە ئامۆژگاریە بۆ گەنجانێك کە خۆشەویستیان بۆ سوننەت هەیە دەیانەوێ دەست بە سوننەتەوە بگرن لەوانەیە عەقڵی کەسانێك ئەوە قبوڵ نەکات کە جارێ مەلا بانگی نەدابێت هەر چەندە خۆریش ئاوابووبێت ڕۆژوو بشکێنیت، چونکە نازانن ئەوە سوننەتە نازانن ئەوە دینە وا دەزانن بانگدەرەکە هەموو شتێکە کە لەپێش چاوی ئەو ڕۆژوو دەشکێنی یان لە مزگەوتێك لەپێش چاوی خەڵکی نەزان فیتنەو موشکیلە دروست دەکەیت کەواتە ئامۆژگاریم بۆ گەنجان ئەوەیە کە جارێ سوننەتەکە بۆ خەڵك ڕوون بکەنەوە بۆ ئەوەی خەڵك تێبگات ئەوجا لە پێش چاوی ئەوان بیکەن، کە ڕوون نەکرابێتەوەو خەڵك تێنەگات یان عەقڵی خەڵك ئەوە وەرنەگرێت تۆ مەچۆ ئەو کارە بکەی بەڵکو لەماڵی خۆت ڕۆژووەکەت بشکێنە کە دڵنیابوویت خۆر ئاوابووە ئەوجا بڕۆ مزگەوت، پێویست ناکات فیتنە دروست بکەیت چونکە مرۆڤ دەبێت هەندێك سوننەت واز لێبێنێت بۆ ئەوەی فیتنە دروست نەبێت.

**پ٤٣/ئایە نابێتە زەحمەتی هەموو کەسێك بەیانیان تەماشای فەجر بکاتو ئێواران تەماشای چیا بەرزەکان بکات ؟**

و/ بێگومان زەحمەتە چونکە (المُؤَذِنون مؤتَمنون) تەنها کاتێك کەسێك کە یەقینی هەبوو کە بانگدەرەکە بانگی داوە دەنا لێی دەگەڕێت.

**پ٤٤/ ئەگەر کاتەکە پێش کەوتنو دواکەوتنی تێدابێت کێ گوناهبار دەبێت؟**

و/ ئەگەر خەڵکەکە نەزانن تاوان لەسەر بانگدەرەکەیە ئەگەر بانگدەرەکە بزانێت ئەوجا مەسەلەی ئیحگیاگ لێرەدا قەبول نییە بڵێ ئیحطیاطە با جارێ تاخیری بکەین یان خۆر ئاوا نەبووە یان بڵێ با پێشی بخەین ئەوە نابێت دەبێت مرۆڤ بە یەقین ئیش بکات تاوەکو فەجری صادق نەبێت بانگ نابێت وە کە خۆریش ئاوابوو یەکسەر بانگ بدات.

**پ٤٥/ ئایە کەسێك کە سەرەتا ڕەمەزان دێتو نیەتی ئەوەی هەیە کە مانگەکە هەمووی بەڕۆژوو بێتو گومانی لەوە نییە کە بەڕۆژوو دەبێت، ساڵانی تریش هەر بەڕۆژوو بووە ئایە ئەم نیەتە بەسە کەوا سەرەتای مانگ بیهێنێت بۆ هەموو مانگەکە یاخود پێویستە هەموو شەوێك نیەتەکەی لە دڵیدا تازە بکاتەوە؟)**

و/ پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ: [٣٣] (مَنْ لَمْ يُبَيِّتْ الصِّيَامَ مِنْ اللَّيْلِ فَلا صِيَامَ لَهُ) واتە: هەر کەسێك لە شەودا نیەتی بەڕۆژوو بوونی سبەی نەهێنێ ئەوە ڕۆژووەکەی بۆ نیە، وە هەندێ لە زانایان دەفەرموون واجبە هەموو شەوێك پێش فەجری صادق مرۆڤ نیەتی بەڕۆژوو بوونی بەیانی بهێنێت، هەندێ لە زانایان دەفەرموون ئەم فەرموودە

(٣٣) أخرجه أبو داود (٢٤٥٤).

مەوقوفە واتە راجح ئەوەیە کە صەحابەیەك فەرموویێتی، بۆیە دەفەرموون کە مرۆڤ لە سەرەتای مانگەکە نیەتی وابێت ئەو مانگە هەمووی بەڕۆژوو بێت لە دڵدا نیەتی خۆی جەزم بکاو پتەو بکات لەسەر ئەوە با شەو شەوەش نیەت نەهێنێت ئەوە بێگومان ڕۆژووەکەی دروستە وە هیچ کێشەی نابێت ان شاء الله، وە ئەم بۆچونەشیان پەسەندەو تەواوە، چونکە ئەوەش کە ئەو بۆچونە پشت ڕاست دەکاتەوە ئەوەیە کە کەسێك هەڵسایەوە بۆ پاشێو کردن یان شەو پێش ئەوەی کە بخەوێ بە نیازی ئەوەیە کە شەو هەڵسێ پارشێو بکات بۆ ئەوەی بەیانی بەڕۆژوو بێت جا کە شەو هەڵ نەستایەوەو پاشێویشی نەکرد ئەوا نیەتی هەبووە، وە کەبەیانیش بەڕۆژوو دەبێت ڕۆژووەکەی ڕاستە، بەڵام نیەت بەدەم هێنان ووتمان ئەوە هیچ ڕاستیەکی نییە، کەواتە لە سەرەتای مانگەکەوە مرۆڤ نیەتی وابێت وە هەموو شەوێکیش نیەتی وابێت کە شەو هەڵدەستێتەوەو پاشێو دەکاتو بەیانی بەڕۆژوو دەبێت ئەوە بەسە وە هیچ کێشەی نییە بە پشتیوانی خوای پەروەردگار.

**پ٤٦/ لە هەندێ لە وڵاتانی ئەوروپا ئەو کەسانەی کە لەوێ دێنەوە دەڵێن لای ئێمە جاری وا هەیە بە چەند مانگێك خۆر نابینرێت ئایە لەوێ ئەو کەسانە چۆن بەڕۆژوو دەبن وە ئایە حسابی وڵاتانی دراوسێ دەکەن یاخود حسابی مەککە دەکەن؟ بە چ شێوازێك بەڕۆژوو دەبن؟**

و/ لە وەڵامی ئەم پرسیارە فەرموودەیەك دەکەنە بەڵگە بۆ وەڵامەکەی کە فەرموودەی دەججالە کاتێك پێغەمبەر ﷺ باسی کرد کاتێك کە دەججال دێت چل ڕۆژ دەمێنێتەوە لەسەر زەوی ڕۆژێکیان وەك ساڵێك وایە ڕۆژێکیانیش وەکو مانگێك ڕۆژێکیانیش وەکو هەفتە وایە وە ڕۆژەکانی تریش وەکو ڕۆژەکانی ئێمە وایە، هاوەڵان پرسیاری ئەوەیان کرد وتیان ئەی پێغەمبەر ﷺ ئەو ڕۆژەیان وەکو ساڵێك وایەو وەکو هەفتەیەك وایەو وەکو مانگێك وایە چۆن نوێژو ڕۆژووەکانیان بکەن؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی ئەندازەی بۆ دادەنێن چۆن ڕۆژێك ٢٤ کاتژمێرە پێنج نوێژی تێدایە ئەوانیش لە ٢٤ کاتژمێر پێنج نوێژ دەکەن، واتە: مەسەلەکە تەقدیریە، تەقدیری بۆ دەکەن، یان بۆ مەسەلەی ڕۆژوو گرتن کە وڵاتێك بێت بە چەند مانگ خۆر هەڵنەیەت کە ئاوا بوو دەرنەیێت، ئەوە دیسان تەفسیری بۆ دەکەن حسابی ئەو وڵاتانەی بۆ دەکەن کە شەو و ڕۆژ تیایاندا ئاساییە نەك لە سنور لایدا بێت، وە بۆیە هەندێ لە ئەهلی علم دەفەرموون ئەگەر ١٢ بە ١٢ دەبنرێت هیچ کێشەیان نییە إِنْ شَاءَ اللَّهُ.

**پ٤٧/ هەر ئەو کەسانە ئەڵێن ڕۆژەکانیان زۆر درێژە جاری وا هەیە ئەگاتە ١٧ کاتژمێر ئایە ئەوان چۆن بەڕۆژوو بن کە زەحمەتە لەسەریان ١٧ کاتژمێر بەڕۆژوو بن؟**

و/ لێرەدا دوو قەول هەیە بۆ ئەهلی عیلم یەکێکیان: دەفەرمووێت مادام لە شەوو ڕۆژێکدا خۆرئاوا دەبێتو هەڵدێتەوە کەواتە ڕۆژیان هەر ڕۆژی ئاساییە وە شەویشیان شەوی ئاساییە هەر چەندە ڕۆژەکە درێژتر بێت لەشەو کەواتە دەبێت ڕۆژەکە هەمووی بەڕۆژوو بێت، هەندێکی تریان دەڵێن دیسان کەوا درێژ بوو تەقدیر دەکرێت بەڵام بۆچونی یەکەم باشترە، چونکە ڕۆژی ئاساییە وە قەدەری خوای گەورەشە کە هەندێ وڵات گەرمە هەندێ وڵات ساردە هەندێ وڵات ڕۆژ درێژە هەندێ وڵات ڕۆژ تێدا کورتە، واتە مرۆڤ کە لە وڵاتێك بوو کە وڵاتەکەی بەو شێوەیە بێت ئەوە دەبێت سەبر بگرێت إِنْ شَاءَ اللَّهُ ئەجری خۆشی دەبێت.

**پ٤٨/ هەندێ کەس لەبەر ڕۆژگار درێژی دێنەوە وڵاتی خۆمان لێرە ڕەمەزان بەسەر دەبەن پاشان دەگەڕێنەوە؟**

ئاساییە ان شاء الله.

**پ٤٨/ سەبارەت بە پاشێو کردن حیکمەت لە پاشێوکردن چی یە کە هەندێ کەس هەیە ئەڵێ لەبەر ئەوەی زستانان ڕۆژگار کورتە پێویست بە پاشێو ناکات ئایە پاشێو هیچ فەزڵو گەورەیەکی هەیە کە مرۆڤ هەڵسێتەوە شتێك بخوات؟ وە ئایا ئاساییە کە هەڵنەستێتەوەو هیچ شتێك نەخوات؟**

پێغەمبەر ﷺ سەبارەت بە پاشێوکردن فەرموویەتی: [٣٤] (تَسَحَّرُوا فَإِنَّ فِي السحُورِ بَرَكَةً ) واتە: پاشێو بکەن چونکە پاشێوکردن بەرەکەتی تێدایە، هەرشتێکیش بەرەکەتی تێدا بێتو خێری زۆری تێدا بێت، پاداشتی زۆری تێدا بێت مرۆڤی عاقڵ نابێت لە دەستی بدات، ئەو پاشێوکردنە بەرەکەتە لە چەند لایەنێکەوە: لایەنی یەکەمیان: ئەوەیە کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرمێت: [٣٥] (فصْلُ مَا بَيْنَ صِيَامِنَا وَصِيَامِ أَهْلِ الْكِتَابِ أَكْلَةُ السحَرِ) واتە: ئەوەی کە ڕۆژووی ئێمە لە ڕۆژووی ئەهلی کتاب جیا دەکاتەوە پاشێوە، چونکە یەهودو نەصارا کە بە ڕۆژوو دەبن پاشێو ناکەن، وە پێویستیشە مرۆڤی موسڵمان لە کافر جیاواز بێت لە ڕۆژوو گرتنو لە هەموو شتێکماندا، لێرەدا جیاکاری لە نێوان ئێمەو ئەواندا پاشێو کردنە، کەواتە پێویستە مرۆڤ پاشێو بکات بۆ ئەوەی لەوان جیا بێتەوە ئەوە حیکمەتێکە.

حیکمەتی دووەم لە پاشێوکردن: هێزو توانات پێ دەبەخشێت بۆ بەڕۆژوو بوونەکەت، چونکە خواردنو خواردنەوەیەکت خواردووە کە بەڕۆژ بەڕۆژوو بیت سودی لێ دەبینیتو ڕۆژووەکە بەلاتەوە ئاسان دەبێت، حیکمەتی سێیەمیان لە بەڕۆژوو بووندا ئەوەیە کە: پاشێوکردن بەرەکەتە کە هەر کەسێك شەو هەڵسێتەوە بۆ پاشێو کردن بەڵام بەو شێوەیە پاشێو بکات کە پێغەمبەر ﷺ کردوویەتی کە بریتیە لە دواخستن (ما يَزَالُ الأمة بِخَيْرٍ مَا عَجلُوا الْفِطْرَ وَأَخرُوا السحُورَ)[٣٦].

واتە: پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ: ئوممەتی من لەسەر خێرە تاوەکو بەربانگ پەلەی لێبکەنو پێشی بخەن وە هەروەها پاشێو دوابخەن، کە دوای بخات لێرەدا سودێکی هەیە ئەویش دەتوانێت فریای نوێژی بەیانی بکەوێتو بە جەماعەت بیکات، بۆیە ئەوە بە چاوی خۆمان دەبینین لە ڕەمەزاندا لە نوێژی بەیانی خەڵکێکی زۆری لێیە ئەوە بەرەکەتی پاشێو کردنەکەیە کە مرۆڤ هەڵساوەتەوە بۆ پاشێو کردن پاشێو دەکاتو زۆر نابات یەکسەر بانگ دەداتو دەستنوێژ هەڵدەگرێتو دێت بۆ مزگەوت، یان ئافرەتە لەماڵەوەیە بۆ پاشێوکردن هەڵساوەتەوەو نوێژی بەیانیشی ناچێت، بە پێچەوانەی ئەو کەسانەی کە پاشێو ناکەن ئەو هەموو بەرەکەتانەیان لە دەست دەچێت، تەماشا دەکەین بە حیساب دەیەوێ ڕۆژوو بگرێت بەڵام بۆ نوێژی بەیانی هەڵناسێت بەڕاستی هەڵەیەکی زۆر زۆر گەورەیە یاخود دوو کاتژمێر پێش پاشێو کردن نان دەخواتو نوێژی بەیانیشی دەچێتو ئەو بەرەکەتەی بە قسمەت نابێت.

---

(٣٤) رواه البخاري (١٩٢٣) ومسلم (١٠٩٥).

(٣٥) أخرجه مسلم في الصيام/ باب فضل السحور وتأكيد استحبابه واستحباب تأخيره وتعجيل الفطر (١٠٩٦).

(٣٦) رواه البخاري (١٩٥٧) ومسلم (١٠٩٨).

**پ٤٩/ شتێك هەیە لە سوننەتە باس كرا بێت بۆ خواردن لە كاتی پاشێوكردن یاخود هەر جۆرە خواردنێك دروستە؟**

و/ پێغەمبەر ﷺ دەیفەرموو(٣٧): (نِعْمَ سَحُورُ المؤمنِ التمرُ).

واتە: باشترین پاشێوی مرۆڤی ئیماندار خورمایە، واتە تەرێتی خواراماو شیرینێتی خورما ووزەیەكی زۆرو بەسوود بە لاشەی مرۆڤ دەبەخشیت، بۆیە دەیفەرموو باشترین پاشێوكردن بریتیە لە خورما. كە خورما هەبێت چاكە كە نەشبێت هەر خواردنێكی تر بخوات مرۆڤ كە بزانێ سودی بۆی هەیەو خۆی پێدەگرێت ئەوە دروستە ان شاء الله .

**پ٥٠/ ئەی ئەگەر ئەو كەسە خواردنی بۆ نەخورا چی بكات؟**

و/ ئەگەر قومێك ئاویش بخواتەوە ان شاء الله ئەو خێرەی بۆ دەنوسرێت

**پ٥١/ تا كەی ئەتوانێت بخوات و بخواتەوە؟**

و/ خوای گەورە فەرمووی: ﴿وَكُلُواْ وَاشْرَبُواْ حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَكُمُ الْخَيْطُ الأَبْيَضُ مِنَ الْخَيْطِ الأَسْوَدِ مِنَ الْفَجْرِ﴾ ﴿البقرة:١٨٧﴾.

وەكو باسمان كرد تاوەكو فەجری صادق دەردەچێت تاوەكو بانگ دەدرێ بۆی هەیە بخوات و بخواتەوە وەكو باسمان كرد كە پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (لا يَغُرنكُمْ أَذانُ بِلال) لێرەدا لەم فەرموودەیە وا دەردەكەوێت كە بیلال پێشتر بانگی دابێت فەرموودەیەكی ترمان هەیە كە پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ: (٣٨) (إِذَا أَذّنَ ابْنُ أُمِّ مَكْتُومٍ، فَكُلُوا وَاشْرَبُوا) ئەگەر ئیبنو مەكتوم بانگی دا ئێوە هەر بەردەوام بن لە خواردن و خواردنەوە تاوەكو بیلال بانگ دەدات دەست هەڵمەگرن مەخۆن و مەخۆنەوە چونكە ئەو كاتەیە كە فەجری صادق دەرچووە جا لەو فەرمودەیەدا وا دەردەكەوێت كە بیلال دووەم جار بانگی دابێت كەواتە تاوەكو فەجری صادق بۆت بخۆیت و بخۆیتەوە ان شاء الله.

**پ٥٢/ بێینە سەر بەربانگ كردن ئادابەكانی بەربانگ كردن چییە؟ وە كەی ڕۆژووەوان ئەتوانێت بەربانگ بكات؟**

و/ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (٣٩) (لا تَزَالُ أُمّتِي عَلَى سُنتِي مَا لَمْ تَنْتَظِرْ بِفِطْرِهَا النُّجُومَ) .

واتە: بەردەوام ئوممەتی من لەسەر خێرن تا ئەوكاتەی بۆ بەربانگ چاوەڕێی دەركەوتنی ئەستێرەكان ناكەن. یان لە فەرموودەیەكی تردا بەردەوام ئوممەتی من لەسەر خێرە تا پاشێو درەنگ بكات و زووش بەربانگ بكات، پەلەكردن لە بەربانگدا سوونەتی پێغەبەرانە، سوننەتی پێغەمبەر ﷺ دیسان موخالەفە كردنی یەهودو نەصارایە مرۆڤی موسڵمان پەلەلابكات بەڵام پەلە كردن ئەوە نییە كە پێش ئەوەی خۆرئاوا بێت بچێت ڕۆژوو بشكێنێت، بێگومان ئەوە كارێكی هەڵەیە هەرلاكەسێ وا بكات ئەوە ڕۆژووەكەی نەگەیاندۆتە جێ و ڕۆژووەكەی قەبوڵ نابێت، ئەوە كە بەربانگی كردەوە ووتمان پەلەی لێ بكات.

---

(٣٧) رواه أبو داود.

(٣٨) رواه البخاري ومسلم.

(٣٩) صحيح ابن حبان.

ئەدەبی دووەم لە ئادابی بەربانگ کردنەوە ئەوەیە دیسان بە خورما بێت ئەگەر دەستی نەکەوت با بە قەسپ بێت کە هەر نەبوو با بە ئاو بێت پاشان خواردنی تر بخوات، بەڵام بۆچی لێرەدا مرۆڤ یان بە خورما یان بە ئاو ڕۆژووەکەی بشکێنێت لێرەشدا دیسان بەرەکەتێکی تری تێدایە کە مرۆڤ بەوە ڕۆژووەکەی بشکێنێت برسیەتیەکەی دەکوژێت‌و تینویەتیەکەی کەم دەکاتەوە بۆ ئەوەی بچێت بۆ نوێژی مەغریب نوێژی جەماعەتی خۆی بکات پیاوان نوێژی جەماعەتیان بکەن ئەو کاتە دێنە ماڵەوە خواردنی ئێوارەی خۆیان بخۆن.

**پ٥٣/ کەواتە نابێت لەبەر خواردنەکە نوێژەکەی بفەوتێنێت کەخواردن ئامادە بێت؟**

و/ نەخێر ئەوە عوزر نییە، چونکە سوننەتی پێغەمبەر ﷺ بریتی بوو لە ڕۆژوو شکاندن لەسەر چەند دەنکە خورمایەك کە تاك بێت چاکە، یان ئاو ئەوجا بچیت جەماعەت بکەیت‌و ئەوجا بێیتەوە نان بخۆیت، بەڵام بەداخەوە کە هەندێ کەس حیکمەتی ڕۆژوو نازانن وادەزانن کە تۆ ئێوارە هەموو جۆرە خواردنێك ئامادە بکەیت پێش بانگ تۆ لەسەر سفرە دابنیشیت چاوەڕێ بکەیت هەر بانگی دا دەست بکەیت بە نان خواردن، خەڵك لە جەماعەتیش هاتۆتەوە تۆ تا ئێستا لێنەبویتەوە ئەوە تەماشا دەکەین ڕاستە ڕۆژووی گرت خوا خێری بنوسێت بەڵام لە لایەکی ترەوە وەکو سوننەت بەربانگی نەکردوە وە خێرێکی گەورەشی لەدەست چوو کە بریتیە لە نوێژی مەغریب بە جەماعەت ئەوەش گەورەیە بەڕاستی.

**پ٥٤/ هەندێ کەسیش زۆر پەرۆشی جگەرەکەیەتی حەزی لێیەتی چاوەڕێ دەکات تاوەکو بانگ دەدات یەکسەر بە جگەرە ڕۆژووەکە دەشکێنێت؟**

و/ ئەوە بریتیە لە ڕۆژوو شکاندن بە تاوان پەنا بە خوا.

**پ٥٥/ ئەی دوعا کردن لە کاتی ڕۆژوو شکاندن؟**

و/ بێگومان سوننەتە پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ: (٤٠)

(إِنّ لِلصَائِمِ عِنْدَ فِطْرِهِ لَدَعْوَةَ مَا تُرَدّ) ،

واتە: لە کاتی ڕۆژوو شکاندن مرۆڤی ڕۆژووەوان دوعایەکی هەیە کە قەبوڵەو ڕەت ناکرێتەوە، بە گشتی دوعا قەبوڵە لەو کاتەدا وە ئەو سوننەتەش کە هەیە لەو کاتەدا بکرێت پێغەمبەر ﷺ دەیفەرموو: (٤١) (ذَهَبَ الظَّمَأُ وَابْتَلَّتْ الْعُرُوقُ وَثَبَتَ الْأَجْرُ إِنْ شَاءَ اللَّهُ) ، واتە: تینویەتی ڕۆیشت‌و دەمارەکانمان تێر ئاو بوونەوەو ئەجرەکەش لای خوای گەورە جێگیر بووە ان شاء الله .

**پ٥٦/جگە لە ڕۆژوو لە ڕەمەزاندا چ شتێك جەختی لەسەر کراوەتەوە مرۆڤ ئەنجامی بدات؟**

و/ مانگی ڕەمەزان مانگی عیبادەتە خوای گەورە بە فەزڵو کەرەمی خۆی چەند شوێنێکی دیاری کردووە کە خێری زۆری لێ دەست دەکەوێت، وە چەند کاتێکی دیاری کردووە کە خێرو پاداشتی زۆرە، کەواتە مرۆڤ ئەو شوێنە پیرۆزانە سودی لێ ببینێت وە لە شوێنە پیرۆزەکان مەدینەیە کە نوێژ زۆر ئەجری زیاترە وە بیت المقدس وە مەککەی پیرۆزە، وە لەکاتە پیرۆزەکانیش مانگی ڕەمەزانە، مادام مانگی ڕەمەزان کاتێکی پیرۆزە پێویستە مرۆڤی

---

(٤٠) رواه ابن ماجه.

(٤١) رواه أبو دواد وحسنه الألباني.

موسڵمان ئەو کاتە پیرۆزە بە عیبادەتی چاك بەڕێوەبەرێت عیبادەتی باشیش جگە لە بەڕۆژوو بوونەکەی کە باسمان کرد هەروەها شەونوێژیش سوننەتە شەوانە بیکات، تەروایح زیاتر خێری هەیە وەکو لە مانگەکانی تر، هەروەها پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ: هەر کەسێك ڕۆژووەوانێك بەربانگی پێ بدات ئەوە وەکو ئەجری ئەو خێری بۆ دەنوسرێ بەبێ ئەوەی لە پاداشتی ئەو کەم بێتەوە خێرێکی زۆرە بەڕاستی خێر لەو کاتەدا.

**پ٥٧/ مامۆستا خواردن دروست بکرێتو دواتر بەسەر ماڵاندا دابەش بکرێت باشترە یان دەعوەتی پێ بکرێت؟**

و/ وەڵاهی بەسەر ماڵەکاندا دابەش بکرێت بۆ هەموو لایەك باشترە هەر کەسەی لەگەڵ ماڵو منداڵی خۆی نان بخوات خواردنی بۆ بەرن خێر ترەو چاکترە لەوەی کە دەعوەت بکرێت، وە ئاسانتریشە، پاشان صەدەقە بە گشتی لە ڕەمەزاندا پێغەمبەر ﷺ لە هەموو کەس سەخی ترو دەستکراوەتر بووە، وە پێغەمبەر ﷺ لە بایەکی خێرای زۆر بەهێز خێری لەوە بەپەلەتر کردووە، کەواتە مرۆڤ لە مانگی ڕەمەزاندا هەوڵ بدات کە چی لەدەستی دێت بیکات، وە ئەگەر هیچ پارەو خێری نەتوانی با قسەی خێر بکات، هەروەها زۆر قورئان خوێندن خێرێکی گەورەیە، چونکە خوای گەورە فەرموویەتی:

﴿شَهْرُ رَمَضَانَ الَّذِي أُنْزِلَ فِيهِ الْقُرْآنُ﴾ ﴿البقرة:١٨٥﴾.

واتە: ئەو مانگە قورئانی تێدا هاتۆتە خوارەوە، بەتایبەتی شەوانە هەوڵ بدات قورئانی زۆری تێدا بخوێنێت وە بەڕۆژیش ئەوەندەی کە بتوانێ قورئانی تێدا بخوێنێت، موسڵمانی وا هەیە لە ڕەمەزاندا دە جار خەتمی قورئان دەکات بەو شێوەیە بەڕاستی بەرەکەتە نیعمەتێکی گەورەیە کە مرۆڤ لە مانگی قورئاندا زۆر قورئان بخوێنێتەوەو تێی بگات، وە دوعا کردنو زیکر کردن، دانیشتن لە دوای نوێژی بەیانی تاوەکو خۆر هەڵدێت، هەرکەسێ ئەو خێرە بکات پاشان دوو ڕکات سوننەت بکات ئەوە ئەجرو پاداشتی وەکو کەسێك وایە کە حەجو عومرەیەکی تەواوی کرد بێت، ئەوانە هەمووی بریتین لە چەند خێرو ئادابێك کە مرۆڤ لە ڕەمەزاندا ئاگای لێ بێت، نەك وەکو ئەو کەسانەی کە ڕۆژیان خەوتنەو شەویشیان بێ ئاگاییە، هەندێ کەس کە ڕەمەزان دێت شەوو ڕۆژەکە پێچەوانە دەکاتەوە، بەڕۆژ دەخەوێتو لەوانەیە نوێژە فەرزەکانیشی نەکات تاوەکو عەصرو دوای عەصریش هەڵناستێت دەڵێ بۆ ئەوەی هەست بەماندوو بوونو تێنویەتی ڕۆژوو نەکەم، درەنگێکی عەصر هەڵدەستێت کە کەمێکی ماوە بۆ بانگ وە کە شەویش هات ئەوجا ناخەوێت لە بازاڕە یان بەدیار تەلەفزیۆنەوەیە، ئەوە بەڕاستی گوناهێکی گەورەیە مرۆڤ یەك نوێژی لەسەر ڕۆژووی بچوێنێت ئەوە قەرزار دەبێتەوە لەسەری، کەواتە سوننەت وایە مرۆڤ شەوانە زوو بخەوێت دوای ئەوەی کە تەراویح دەکات، یان تەراویحەکەی بخاتە دواوەو شەو زوو بخەوێت بۆ ئەوەی پاشیوەکەت بکەیت وە بەڕۆژیش کەسابەتێکی حەڵاڵ بکەیت ئەوە خێرێکی زۆرت دەگات.

**پ٥٨/ لە ڕەمەزاندا کەسانێك هەن ڕۆژوو دەگرن بەڵام نوێژ ناکەن ئایا ڕۆژووی ئەوانە قەبوڵە یان نا؟**

و/ نوێژ نەکردن پەنا بە خوای پەروەردگار زانایان دوو بۆچونیان هەیە: یەکێکیان: ئەوەیە کە دەفەرموون: مرۆڤ نوێژ نەکات ئەگەر باوەڕیشی پێ بێت کافر دەبێت، یەکێکی تریشیان ئەوەیە کە مرۆڤ باوەڕی بە نوێژ هەبێت نەیکات کافر نابێتو لە دین ناچێتە دەرەوە، بەڵام کوفرێکی عەمەلی کردووەو تاوانێکی گەورەی کردووە ئەو تاوانە لە زینا گەورەترە، ئەو تاوانە لە کوشتنی ناحەق گەورەترە پەنا بەخوای پەروەردگار، چونکە نوێژ نەکردن

تاوانی گەورەیە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: [٤٢] (الْعَهْدُ الَّذِي بَيْنَنَا وَبَيْنَهُمْ تَرْكُ الصَّلاةِ، فَمَنْ تَرَكَهَا فَقَدْ كَفَرَ) تەرك كردنی نوێژ تاوانێكی زۆر گەورەیە پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ: [٤٣]

(مَنْ فَاتَتْهُ صَلَاةُ الْمَغْرِبِ فَكَأَنَّمَا وُتِرَ أَهْلَهُ، وَمَالَهُ) .

واتە: هەر كەسێك نوێژی عەصری بچێت بۆ نموونە ئەوە وەكو خێزانو ماڵەكەی لەدەست چوبێت وایە، بەس با بیر لەم فەرموودەیە بكەینەوە كاتێك كە دەچیەوە ماڵەوە تەماشا دەكەی ماڵەكەت هەمووی سوتاوە وە مناڵەكانیشت هەمووی مردون، چ بەڵایەكە تووشت دەبێت كاتێك ڕۆژێك لە ڕۆژان بچیتە ماڵەوە ماڵەكەی خۆت كاول بووەو سوتاوە مناڵەكانیشت هەمووی مردون چەند ناڕەحەتە چەند بەڵایەكی گەورەیە، دەی پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ ئەوەی نوێژی عەصری بچێت وەكو ئەوەیە ماڵو مناڵەكەی هەمووی لەدەست چوبێت، بزانە بەڵایەكە زۆر گەورەیە بەڵام موسڵمانان هەستی پێناكەن بەلایانەوە بچوكە، خوای گەورە دەفەرمووێ:

﴿وَتَحْسَبُونَهُ هَيِّناً وَهُوَ عِندَ اللَّهِ عَظِيمٌ﴾[النور:١٥].

لای خوای گەورە زۆر گەورەیە نوێژ نەكردن یەك نوێژت بچێت (مَنْ فَاتَتْهُ صَلَاةُ الْعَصْرِ فَقَدْ حَبِطَ عَمَلُهُ) [٤٤] پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ كردەوەت پێی هەڵدەوەشێتەوە كەواتە نوێژ نەكردن تاوانێكی زۆر گەورەیە مرۆڤ كە نوێژ نەكات ڕۆژوو بۆچی دەگرێت؟! ناڵێم با نەیگرێت بەڵام چونكە تاوانی نوێژ نەكردنەوەی ئەوەندە گەورەیە جێگای سەرسوڕمانە، یان ئەو كەسانەی تەنها ڕەمەزان دەست دەكەن بە نوێژ كردنو بە گەڕانەوە بۆ لای خوا دوای ڕەمەزان دەچێتەوە سەر تاوان كردن ئەوانە بەڕاستی بەندەی ڕەمەزانن نەك بەندەی خوای گەورە بن با تەوبە بكەنو لەخوا بترسن با بشزانن نوێژەكانیان زۆر گەورەترە لە ڕۆژوو گرتنەكە با ئاگایان لە نوێژەكانیان بێتو بە جەماعەت بیكەن لە مزگەوت.

وە كەسێك كە مانگی ڕەمەزان هیچی بەڕۆژوو نەبێت تاوانەكەی بچوكترە لەوەی كە نوێژ ناكات یان جار جار نوێژی بچێت، چونكە شتی وانابێت وە بەوەش خۆیان نەخەڵەتێنن كە قەیناكە دەخەوم دوایی هەڵدەستم قەڵای دەكەمەوە وەكو لە كوردەواری دەڵێن قەزا كردنەوەو قەڵا كردنەوە لە نوێژدا نییە پێغەمبەر ﷺ ڕێگای بە دوو كەس داوە كە نوێژ قەزا بكەنەوە:

(مَنْ نَامَ عَنْ صَلاةٍ أَوْ نَسِيَهَا فَلْيُصَلِّهَا إِذَا ذَكَرَهَا) [٤٥] .

واتە: كەسێ بخەوێتو بەخەبەر نەیات نەك بەقەستی بخەوێت، یان لەبیری چوو بوو كە بەبیری هاتەوە یەكسەر نوێژەكەی بكات، ئەوەش ئەدایە نەك قەزا بێت، بەڵام تۆ بە ئەنقەست ئاگات لێ بێت كە ئێستا كاتی نوێژی (عەصرة) كاتی نوێژی نیوەڕۆیە، كاتی نوێژی بەیانییە، پاشێوەكەت بكەیو بخەویەوە بڵێی قەیناكە دوایی كە هەڵسام دەیكەم كە خۆرهەڵات ئەو نوێژە بەتاڵەو قبوڵ نییەو قەزا كردنەوەش دادت نادات.

(٤٢) أخرجه الإمام أحمد وأهل السنن بإسناد صحيح.

(٤٣) رواه البخاري.

(٤٤) رواه البخاري.

(٤٥) رواه أبو يعلى و الطبراني في الكبير ، و صححه الألباني في الصحيحة : ٣٩٦.

**پ٥٩/ ئەکرێت ئەو شتانەمان بۆ ڕوون بکەیتەوە کەوا ڕۆژوو بەتاڵ دەکەنەوە؟**

و/ سەبارەت بەو شتانەی کە ڕۆژووی پێ دەشکێت‌و پێی هەڵدەوەشێتەوە کۆمەڵێك شت هەیە کە زانایان یەك دەنگن لەسەری کە ئەوانە ڕۆژوو دەشکێنن، کۆمەڵێ شتی تریش هەیە کە خیلافی لەسەرە ئایە ڕۆژووی پێ دەشکێت یان پێی ناشکێت، ئەوانەی کە بۆچونی زۆرینەی لەسەرە کە ڕۆژووی پێدەشکێت بریتین لەچەند شتێك: یەکەمیان:

* لەدین هەڵگەڕانەوەو شەریك دانان بۆ خوای گەورە:

﴿وَلَقَدْ أُوحِيَ إِلَيْكَ وَإِلَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكَ لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ ﴾[الزمر:٦٥].

خوای پەروەردگار دیسان باسی کرداری کافر دەکات بە

﴿وَقَدِمْنَا إِلَى مَا عَمِلُوا مِنْ عَمَلٍ فَجَعَلْنَاهُ هَبَاءً مَنْثُورًا﴾ ﴿الفرقان:٢٣﴾.

کەواتە کافر بوون ڕۆژوو هەڵدەوەشێنێتەوە کە نوێژیش بکات لێی قەبوڵ نابێت، بۆیە دەبێت مرۆڤ لە (ردە) بترسێت کارێك نەکات کە پێی لەدین هەڵگەڕێتەوەو ماندوبوونەکەی بەزایە بچێت، بۆ نموونە کەسانێك دەبینین زۆر تێنووەو بەڕۆژووشەو کوفر دەکات پەنا بە خوای گەورە جنێو دەدات بە خوا، بە پێغەمبەر ﷺ بە قورئان، کوفر دەکات، ئەوە پەنا بەخوای گەورە با ڕۆژوو نەگرێت‌و با نوێژیش نەکات، چونکە کافر بووە، هەر کەسێ جنێو بە خواو بە پێغەمبەر ﷺ بدات ئەگەر تورەش بێت ئەو مرۆڤە کافر دەبێت وە نوێژو ڕۆژووەکەشی قەبوڵ نابێت.

* وە خاڵێکی تر بریتیە لە خواردنو خواردنەوە بە ئەنقەست لەڕۆژی ڕەمەزاندا، ئەگەر شتێك بخۆیت بەقەستی ئەوە ڕۆژوو بەتاڵ دەبێتەوە، چونکە خوای گەورە لە قورئانە پیرۆزەکەیدا فەرمووی:

﴿وَكُلُوا وَاشْرَبُوا حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَكُمُ الْخَيْطُ الأَبْيَضُ مِنَ الْخَيْطِ الأَسْوَدِ مِنَ الْفَجْرِ ثُمَّ أَتِمُّوا الصِّيَامَ إِلَى اللَّيْلِ ﴾[البقرة:١٨٧]. واتە تاوەکو بەرە بەیان بۆت هەیە بخۆیت‌و بخۆیتەوە ئەو کاتە دەست هەڵدەگری تاوەکو شەو، وە جێگای تێبینیشە کە پێویستە باس بکرێت کە جگەرە کێشانیش حوکمی خواردنەوەیەو ڕۆژووی پێدەشکێت، با وا نەزانن بڵێن تەنها دوکەڵەکەیە، بەڵکو شتێکە زانایان دەفەرموون: (مفطر)ە و ڕۆژووی پێ دەشکێت سەرەڕای ئەوەی کە خراپەیەو حەرامە، چونکە ئەگەر سەیری ئەو شتانە بکەین کە ڕۆژوو دەشکێنن (مفطرات)ن دەبینین خوای گەورە کۆمەڵێ شتمان لێ حەرام دەکات لەکاتی ڕۆژوودا کە لە ئەصڵدا زۆریان حەڵاڵن، خواردنو خواردنەوە لە ئەصڵدا حەڵاڵە، چوونە لای خێزان لە ئەصڵدا حەڵاڵە، بەڵام تەماشا دەکەین لە کاتی ڕۆژوودا لێت حەرام دەکات، یان بۆ نموونە ئەو کەسەی کە دەچێتە حەج‌و ئیحرام دەکات کە ئیحرامی بەست کۆمەڵێ شتی حەڵاڵی لێ حەرام دەکرێت، وەکو ڕاو کردنی لێ حەرام دەبێت، ژن مارەکردنی لێ حەرام دەبێت، چوونە لای خێزانی خۆی لێ حەرام دەبێت، وە جل لەبەر کردنی لێ حەرام دەبێت، نینۆك کردنی لێ حەرام دەبێت، قژ تاشینی لێ حەرام دەبێت، ئەوانە هەموو حەڵاڵن بەڵام لەو کاتەدا لێت حەرام کراوە، ئەی چ جای ئەو شتانەی کە لە ئەصڵدا حەرامن؟! بێگومان ئەوە زیاتر، کەواتە مرۆڤی ڕۆژووەوان دەبێت ئاگای لەوە بێت شتانێك کە لە ئەصڵدا حەڵاڵن خوا لێت مەنع بکات کەواتە ئەو شتەی کە لە ئەصڵدا حەرام بێت خۆتی لێ

بەدوور بگریت زیاتر، وە نێرگەلەش هەمان شتە مرۆڤ دەبێت خۆی بە دوور بگرێت لەو تاوانە –پەنا بە خوای گەورە–.

* خاڵێکی تر کە زانایان یەك دەنگن لەسەر ئەوەی کە ڕۆژوو گرتنەکە بەتاڵ دەبێتەوە جیماع کردنە لەگەڵ خێزان، بێگومان ئەوە ڕۆژووەی پێ بەتاڵ دەبێتەوە وە هەر کەسێ بە ئەنقەست ئەو شتە بکاتو لەبیریشی بێت (پەنا بە خوای گەورە) ئەوە تاوانێکی گەورەی کردووە وە دەبێت ڕۆژووەکە بگرێتەوە، هەروەها لەسەریەتی کەفارەتیش بدات، کەفارەتی جیماع ئەوەیە کە پێغەمبەر ﷺ لە فەرموودەی ئەو پیاوەدا باسی کرد کاتێك کە هاتە لای پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: [٤٦] (هَلَكْتُ، أُهلكت) خۆم بە هیلاك چووم وە خێزانیشم بە هیلاك برد، فەرمووی چ تۆی بە هیلاك برد؟ کابراش فەرمووی: (وقعت على أهلي في نهار رمضان) چوومە لای خێزانم لە ڕۆژی ڕەمەزاندا بەڕۆژووش بووم، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: دەتوانی بەندەیەك ئازاد بکەیت؟ وتی: ناتوانم نیمە، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: دەتوانی دوو مانگ لەسەر یەك بەڕۆژوو بیت؟ فەرمووی: ناتوانم، کابراش تەحەمولی قیامەتی خۆی دەکات کە وتی ناتوانم تەواو لێی دەگەڕێین، ﴿بَلِ الْإِنْسَانُ عَلَى نَفْسِهِ بَصِيرَةٌ وَلَوْ أَلْقَى مَعَاذِيرَهُ﴾﴿القيامة:١٤–١٥﴾.

پێغەمبەر ﷺ ئەوجا لەگەڵی گواستەوە بۆ قۆناغی سێیەم فەرمووی: ئەی دەتوانی خواردنی شەست فەقیر بدەیت؟ فەرمووی: نەخێر ناتوانم، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: دانیشە، پاشان خوای گەورە ڕزقێکی نارد لە یەك زەمبیلە خورما، پێغەمبەر ﷺ هاتە دەرەوە فەرمووی: کوا ئەو فڵانە کەسە؟ فەرمووی: ئەو خورمایە ببە دابەشی بکە بەسەر فەقیرو هەژاراندا، لێرەدا دەرسێك وەردەگرین کە کەفارەتی جیماع کردن لەڕەمەزاندا ئەو سێ شتەیە: یەکەم جار کە دەستت کەوێ دەبێت عەبدێك ڕزگار بکەیت، کە نەبوو دەبێت دوو مانگ لەسەر یەك بەڕۆژوو بێت، کە نەتتوانی ئەوە دەبێت خواردنی شەست فەقیر بدەیت، کە نەتتوانی ئەویش بکەیت کەسێکی تر دەتوانێت ئەو کەفارەتەت بۆ بدات، چونکە پێغەمبەر ﷺ خۆی کەفارەتی بۆ کابرا دا کە نەیبوو بیدات، کەواتە دروستە کەسێك کەفارەت بۆ کەسێك بدات بەڵام بەو مەبەستەی کە ئەو کەسەی کە کەفارەتەکەی بۆ دەدرێت خۆی نیەتی هەبێتو ئەو کەفارەتە لەبری دەدرێتو قەبووڵی بێت، وە سودێکی تر کاتێك کە پێغەمبەر ﷺ خورماکەی دا پێی فەرمووی: ئەی پێغەمبەر ﷺ بەسەر کێیدا دابەشی بکەم؟ فەرمووی بەسەر فەقیرو هەژاراندا، فەرمووی: لەم شاری مەدینەیە کەسی لەمن فەقیرتر تێدا نییە، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: دەی وەریگرەو برۆ بیکە خۆراك بۆ خێزانو منداڵی خۆت، لێرەدا سودێکی ترمان دەست دەکەوێت کە کەفارەت دەبێت خواردنی شەست فەقیر بێت، بەڵام لێرەدا پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: بیکە خواردنی خۆتو خێزانو منداڵت، لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە کەفارەتەکە غەیری خۆت بۆ بدات بۆت هەیە بیدەیتە خێزانی خۆت، بەڵام کە بۆ خۆت بیدەیت ئەوە دەبێت بیدەیتە شەست فەقیر جا لێرە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە جیماع ڕۆژوو دەشکێنێتو کەفارەتیشی دەکەوێتە سەر .

---

(٤٦) متفق عليه.

**پ٦٠/ ئایا کەفارەت تەنها لەسەر پیاوە؟ یان ئافرەتەکەش بە ویستو ڕەزامەندی خۆی ڕازی بێت کەفارەت دەکەوێتە سەر ئەویش؟**

و/ هەندێ لە زانایان دەفەرموون: پێغەمبەر ﷺ کاتێك بەو پیاوەی فەرموو: برۆ بەندەیەك ئازاد بکە، کە نەیبوو پێی فەرموو: دوو مانگ بە ڕۆژوو بە، کە نەیتوانی پێی فەرموو: نانی شەست فەقیر بدە، نەی فەرموو با خێزانیشت هەمان شت بکات، ﴿وَمَا كَانَ رَبُّكَ نَسِيًّا﴾[مريم:٦٤]. خوای گەورە شتی لە بیر ناچێت، وە پێغەمبەر ﷺ نەیفەرموو خێزانت ڕازی بووە یان ڕازی نەبووە؟ بە ئارەزووی خۆی بوو یان بە ئارەزووی نەبوو؟ جا قاعیدەیەکی ئوصولی دێننەوە: (تَرْكُ الاسْتِفْصَالِ فِي مَقَامِ الاِحْتِمَالِ يُنَزّل مَنْزِلَةَ العُمُومِ فِي المَقَالِ) مادام لە لایەنێك کە لەوانەیە ژنە خۆی ڕازی بوو بێت یان ڕازی نەبوو بێت، بەڵام مادام پێغەمبەر ﷺ داوای وردەکاری نەکرد بڵێ مادام خێزانی ڕازی نەبووە ئەو حوکمە نایگرێتەوە، وەکو لە مەزهەبی شافیعی ئافرەت لەسەری نییە، کۆمەڵێ تر لە ئەهلی عیلم دەفەرموون: نەخێر حوکمەکە گشتیە هەم ڕۆژووی پیاو هەم هی ئافرەتەکەش هەڵدەوەشێنێتەوە، وە کەفارەتەکەش بۆ هەردووکیانە ئەو ئافرەتە کە ڕازی بوو بێت بەو کارەو بە ڕەزامەندی خۆی کردبێتی نەك پیاوەکە زۆری لێ کرد بێت ئەوە پێویستە ئافرەتەکەش کەفارەت بدات، وە ئەوەشیان باشترە والله اعلم.

کەواتە ئەوانەی کە ڕۆژوی پێ هەڵدەوەشێتەوە: هەڵگەڕانەوە لەدین، خواردنو خواردنەوە بە ئەنقەست، وە هەروەها جیماع کردن.

**پ٦١/ ئەی ئەگەر کەسێك شتێکی خوارد لە بیری نەبوو کە بەڕۆژووە؟**

و/ ئەوە ڕزقێکە خوای گەورە بۆی ناردووە ڕۆژووی پێ ناشکێت.

**پ٦٢/ ئەگەر کەسێك کەسێکی بینی کە خواردن دەخوات بیری بخاتەوە کە بەڕۆژووە بۆ ئەوەی واز لەو خواردنە بهێنێت یان وازی لێ بێنێت؟**

و/ زانایان لە دوو ڕوانگەوە سەیری ئەو بابەتە دەکەن لە ڕویەکەوە دەڵێن مادام ڕزقێکە خوای گەورە بۆی ناردووە کەواتە لێی گەڕێو ئیشت پێی نەبێت کێشە نییە، ئاو دەخوات خواردنەوە دەخوات کێشە نییەو قەدەغەی مەکە، کۆمەڵێکی تر لە ڕوانگەیەکی ترەوە سەیری دەکەن دەڵێن ئەصڵ ئەوەیە مرۆڤی بەڕۆژوو هیچ نەخواتو هیچ نەخواتەوە کە ئێمە بینیمان ئەو کارە دەکات دەبێت قەدەغەی بکەین، دەیخەنە بابی فەرمان بەچاکەو نەهی لە خراپەوە، یاخود کەسێك بۆ نموونە لەخەو هەڵنەستێت پێویستە لەخەوی هەڵسێنین بۆ ئەوەی کە نوێژ بکات والله اعلم .

**پ٦٣/ ئەو خواردنەی کە دەیخوات ئەگەر کەسێکی منداڵ یان بە تەمەن بێت لێی بگەڕێیتو وە ئەگەر کەسێکی بەهێز بێت ئەوە بیخەیتەوە بیری؟**

و/ ئەو لێکدانەوەیە لێکدانەوەیەکی عەقڵیە، لە عەقڵدا مەقبولە، بەڵام ڕزقێکەو خوای گەورە بۆی داناوە بۆ خۆی تەکلیفی لەسەر نییە، واتە قەولی یەکەمی ئەهلی عیلم هیچ کێشەیەکی تێدا نییە، مادام دروستە بۆی هیچ کێشە نییە ان شاء الله وە ئەو کارەش دەکات بێ شەرعی نییە چونکە ئاگای لێ نییەو لەبیری چووە والله اعلم.

**پ٦٤/ ئایا خۆ ڕشاندنەوە ڕۆژوو بەتاڵ دەکاتەوە؟ یان کەسێك خۆی بڕشێتەوە؟**

و/ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: [٤٧]

(مَنْ ذَرَعَهُ الْقَيْءُ – أي: غلبه– فَلَيْسَ عَلَيْهِ قَضَاءٌ، وَمَنْ اسْتَقَاءَ عَمْدًا فَلْيَقْضِ).

واتە: هەر کەسێك ڕشایەوە بەبێ ئەوەی خۆی بڕشێنێتەوە ئەوە هیچی لەسەر نییەو ڕۆژووەکەی بەتاڵ نابێتەوەو نایگرێتەوە، بەڵام کەسێك خۆی بڕشێنێتەوە ئەوە دەبێتە چوارەم شت لەو شتانەی کە ڕۆژوی پێ هەڵدەوەشێتەوە.

**پ٦٥/ ئەگەر کەسێك دەرزی لە خۆی بدات بەڵام دەرزیەکە بۆ تخذیەیە لە جیاتی خواردنو خوارەدنەوەیە ئایە ڕۆژی پێ بەتاڵ دەبێتەوە یان نا هەرچەندە بەڕێی دەمەوە نییە؟**

و/ بێگومان دوو جۆر دەرزی هەیە دەرزیەك کە لەشوێنی خواردنو خواردنەوەیە مرۆڤ دەتوانێت چەند مانگێك ئەگەر ئەو موغەزیە بەکاربهێنێت دەتوانێت هیچ نەخوات، مادام وابوو ئەوە لە شوێنی خواردنو خواردنەوەیە کەواتە ڕۆژوی پێ دەشکێت، چونکە عیلەتەکە هەمان شتە، بەڵام ئەگەر هاتوو دەرزیەك بوو بۆ ئازار بوو یان چارەسەری نەخۆشیەکە نەك موغەزیو موقەوی بێت ئەوەیان ڕۆژووی پێ ناشکێت ئاساییە مرۆڤ بەکاری بهێنێت کە پێویستی کرد.

**پ٦٦/ ئایە ئەو شتانە چین کە ڕۆژوو بەتاڵ ناکەنەوە بەڵام پێویستە مرۆڤی ڕۆژووەوان خۆی لێ بپارێزێت؟**

و/ پێش ئەوە لەبیرمان نەچێت کە زانایان شتێك ئیلحاق دەکەن بە جیماعەوەو حوکمی ئەوی پێ دەدەن، ئەویش: (نزول المني بشهوة) واتە: کەسێك کە لە مانگی ڕەمەزاندا بەڕۆژووە بۆ نموونە گاڵتە لەگەڵ خێزانی خۆی بکات یان بەهەر هۆکارێکی تر مەنی بێتەوە، کە تووشی ئەو حاڵەتە ببێت ئایە ڕۆژوی پێ دەشکێت یان نا؟ زانایان لەسەر ئەوەن کە ڕۆژووی پێ دەشکێت، بەڵێ هەندێ لە ئەهلی عیلم دەفەرموون: ناشکێت چونکە بەڵگەی لەسەر نییە، بەڵام پێغەمبەر ﷺ لە فەرموودە قودسیەکەدا فەرمووی خوای گەورە دەفەرموێت:

(إلا الصَّوْمَ، فَإِنَّهُ لِي، وَأَنَا أَجْزِي بِهِ، يَدَعُ طَعَامَهُ وَشَرَابَهُ وَشَهْوَتَهُ) [٤٨] .

چونکە ئەو بەندەیە خواردنو خواردنەوەو شەهوەتەکەی واز لێ دێنێت لەبەر من، جا کە کەسێك خۆی ببێتە هۆکاری ئەوەی کە مەنی بێتەوەو ئاوی بێتەوە ئەو کەسە بێگومان وازی لە شەهوەتەکەی خۆی نەهێناوە، لەلای جمهوری ئەهلی عیلم ڕۆژووەکەی دەشکێت مادام خۆی بۆتە هۆکاری ئەوەی کە شەهوەتی بێتەوە، ئەوە ڕۆژووی پێ دەشکێت وە پێویستە قەزای بکاتەوە، وە لەبیرمان نەچێت کە ئەگەر هاتوو بەو خووە نهێنیەی (العادة السرية) کە لای گەنجانێکی لەخوا نەترس باوە ئەگەر ئەو کارە بکەن گوناهباریش دەبن لای خوای گەورە، جگە لە گوناهی ڕۆژوو شکاندنەکە گوناهی ئەو کارەش کە دەیکەن، وە جگە لە ڕەمەزانیش تاوانەو حەرامە، چونکە خوای گەورە فەرموویەتی:

---

(٤٧) صححه الألباني في صحيح الترمذي.

(٤٨) رواه البخاري في التوحيد باب قول الله تعالى: يريدون أن يبدلوا كلام الله برقم ٧٤٩٢، ومسلم في الصيام باب فضل الصيام برقم ١١٥١، وابن ماجة في الصيام باب ما جاء في فضل الصيام برقم ١٦٣٨.

﴿وَالَّذِينَ هُمْ لِفُرُوجِهِمْ حَافِظُونَ إِلَّا عَلَى أَزْوَاجِهِمْ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُمْ فَإِنَّهُمْ غَيْرُ مَلُومِينَ فَمَنْ ابْتَغَى وَرَاءَ ذَلِكَ فَأُولَئِكَ هُمْ الْعَادُونَ﴾ [المؤمنون:٥-٧].

مرۆڤ تەنها خێزانی خۆی حەڵاڵە بۆی، بەڵام ئەوە کارێکی خراپە مرۆڤ دەبێت تەقوای خوای گەورە بکاتو خۆی لێ بپارێزێت، ئەوجا گەنجیش کە دەڵێت من شەهوەتم هەیەو ئارەزوم هەیە، پێغەمبەر ﷺ عیلاجی بۆ داناوە: (يَا مَعْشَرَ الشَّبَابِ مَنِ اسْتَطَاعَ مِنْكُمُ البَاءَةَ فَلْيَتَزَوَّجْ) (٤٩).

واتە: ئەی کۆمەڵی گەنجان کێ لە ئێوە توانای هەیە ژن بێنێت با ژن بهێنێت، وە کەسێ بۆی نەکرێت ژن بهێنێت با بەڕۆژوو بێت ڕۆژوو عیلاجە بۆیو شەهوەتەکەی دەشکێنێتو لە حەرام دووری دەخاتەوە، کەواتە بە ڕۆژووبون عیلاجە نەك تۆ بچیت پەنا ببەیتە بەر ئەم عیلاجە نهێنیە خراپە کە کارێکی بێشەرعیەو مرۆڤ گوناهبار دەبێت، وە دیسان لە بیرمان نەچێت ئەی مرۆڤ کە بەڕۆژ خەوی لێکەوتووە لە خەودا توشی ئیحتیلام بوو، کە لە کوردەواری خۆماندا دەڵێن شەیتان پێکەنی کە ئیحتیلامە لە شەرعدا، یانی جەنابەتە کە تووشی بوو وە ئاوی هاتەوە ئەو کاتەیان چۆنە؟ مادام خۆی هۆکار نەبووە ڕۆژووی ناشکێتو ڕۆژووەکەی تەواوە هیچی لەسەر نییەو تاوانبار نابێتو تەنها غوسڵی لەسەرە.

## پ٦٧/ ئەی ئەو شتانە چین کە پێویستە مرۆڤی ڕۆژووەوان خۆی لێ بپارێزێت کە لەگەڵ ڕەوشتی ڕۆژووەوان ناگونجێت؟

و/ بێگومان ئەو شتەی لەگەڵ ڕەوشتی ڕۆژووەوان ناگونجێت هەموو شتێکە کە خوا حەرامی کردووە: پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ: (مَنْ لَمْ يَدَعْ قَوْلَ الزُّورِ وَالْعَمَلَ بِهِ وَالْجَهْلَ فَلَيْسَ لِلَّهِ حَاجَةٌ أَنْ يَدَعَ طَعَامَهُ وَشَرَابَهُ) (٥٠)، واتە: هەر کەسێك قسەی بەتاڵو قسەی ناحەقو بوهتانو درۆو غەیبەتو شایەتی دانی ناحەقو جنێودانو دەم شڕی واز لێ نەهێنێت ئەوە خوای گەورە پێویستی بەو کەسە نییە کە وازبێنێت لە خواردنو خواردنەوە، خوای گەورە ڕۆژووی بۆ ئەوە داناوە ئەخلاقو ڕەوشتمان جوان بکات، جا کە واز لەو شتانە نەهێنێت ئەوە خوای گەورە پێویستی بەوە نییە کە واز لە خواردنو خواردنەوە بێنێ، بەڵکو هەندێ کەسیش لە ڕۆژووەکەیان بەس برسیەتیو تینوێتیان بۆ دەمێنێتەوە، چونکە خۆیان نەپاراستووە لەو شتانەی کە خوای گەورە حەرامی کردووە لە ڕەوشتو ئاکاری ناشیرین.

## پ٦٨/ خەڵکانی وا هەیە لە ڕۆژی مانگی ڕەمەزاندا کە بەڕۆژووە لە بیتاقەتیا شەڕ بەخەڵك دەفرۆشێتو بە گژ خەڵکدا دەچێت ئایا حوکمی ئەو کەسانە چییە؟

و/ وەڵاهی پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (وإذا كانَ يَوْمُ صَومِ أحدِكم) (٥١) ئەگەر ڕۆژی بەڕۆژووبوونی یەکێکتان بوو ئەگەر کەسێکیش هات شەڕی لەگەڵ کردی یان جنێوی پێدای با بڵێت من بەڕۆژووم من بەڕۆژووم، نەك جنێوی پێ بداتەوەو شەڕی لەگەڵ بکات، کەواتە کەسێك کە شەڕیشت پێ بفرۆشێتو جنێویشت پێ بدات تۆ دەبێت بڵێی من بەڕۆژووم نە شەڕت لەگەڵ دەکەمو نە جنێویشت پێ دەڵێم، چ جای ئەوەی تۆ خۆت دەست

---

(٤٩) رواه البخاري (٥٠٦٥) ومسلم (١٤٠٠).

(٥٠) أخرجه أحمد.

(٥١) لحديث أبي هريرة قال (قال رسول الله " إذا كان يوم صوم أحدكم فلا يرفث ولا يصخب فإن سابه أحد أو قاتله فليقل إني صائم) (متفق عليه).

پێشخەری بکەیتو لەخەڵك تورە بیتو قسەی ناشیرین بە خەڵك بدەی، ئەوە بەڕاستی ئەجری ڕۆژووی نامێنیت ئەو کاتە مرۆڤ گوناهبار دەبێت وە لەمانای ڕۆژووەکەش نەگەیشتووەو خێری بۆ نانوسرێ پەنا بە خوا.

**پ٦٩/ هەیە لە ئافرەتان لە مانگی ڕەمەزاندا لەبەر ئەوەی بەڕۆژوون خۆیان دائەپۆشن، وە کە مانگی ڕەمەزان کۆتایی پێهات دەست ئەکەنەوە بەوەی کەوا جوانی خۆیان دەربخەن بۆ پیاوانی نامەحرەم وە خۆیان ئەڕازێننەوەو تەنها لەمانگی ڕەمەزاندا خۆیان دادەپۆشن، ئایا ڕۆژووی ئەو ئافرەتانە قەبووڵە یان نا؟ وە ئەم کارەیان تا چەند لەگەڵ شەرعدا دەگونجێت؟ چونکە هەندێ لە خەڵکی ئەڵێت لە ڕەمەزانیشدا خۆیان دانەپۆشن باشترە لەبەر ئەوەی کەوا ئەوانە بەندەی ڕەمەزانن و بەندەی خوای گەورە نین، ئەگەر بەندەی خوای گەورە بونایە ئەوە مانگەکان هەمووی مانگی خوای گەورەیەو بەدرێژایی ساڵ خۆیان دائەپۆشی نەك تەنها لە مانگی ڕەمەزاندا؟.**

و/ وەڵاهی بڵێین بەندەی ڕەمەزانن کەواتە با لە ڕەمەزانیش خۆیان دانەپۆشن قسەیەکی هەڵەیە، ئەگەر بۆ یەك ڕۆژیش مرۆڤ خۆی داپۆشێت ئەوە جێگای دڵخۆشیە خوای گەورە دامەزراویان بکات، بداتێ وەکارێکی چاکەیە، چونکە:

﴿فَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُ ﴾﴿الزلزلة:٧﴾.

یەك مسقاڵە زەڕەش مرۆڤ خێر بکات ئەوە دەیبینێتەوە وە ئەو ئافرەتەی کە پێش ڕەمەزان پۆشتە نەبووەو لاشەی خۆی دەرخستووە بۆ خەڵك ئامۆژگاریمان ئەوەیە کە تەقوای خوای گەورە بکەن، چونکە هەموو کات ئافرەت لە ئیسلام گرانبەهایە، شتی گرانبەهاش دەبێت لەشوێنی پارێزراو و لە شوێنی توندو بەرزو بەنرخدا بێت، ئافرەت تا لە پۆشاکی خۆیدا بێتو بۆ پێویستی خۆی نەبێت نەیەتە دەرەوە ئەوە ڕێزی ئافرەت لەوەدایە، وە کاتێکیش کە ڕەمەزان جلێکی شەرعی لەبەر دەکاتو خۆی دادەپۆشێت دەگەڕێتەوە لای خوای خۆی ئەوە دڵمان پێ خۆشە بەوە وە دوعای خێری بۆ دەکەین ان شاء الله خوای گەورە دامەزراویان بکات ، وە کە جلیش لەبەر دەکات با نیەتی خۆی خاڵص بکاتو داوا لە خوای گەورە بکات کە بەردەوامی پێ ببەخشێت نەك بەو نیەتە جل لەبەر بکات بڵێ من بۆ ڕەمەزانمەو دوای ڕەمەزان تەواو دای دەنێمەوە، ئەگەر ئەو نیەتەی هەبێت ئەوە فێڵ لەخۆی دەکات، چونکە مرۆڤ دەبێت نیەتی چاکەی بەردەوامی هەبێت، نەك نیەتی خراپەی بەردەوامی هەبێت، وە نابێت مرۆڤ وەکو ئەو ئافرەتە وابێت کە خوای گەورە لە قورئان باسی دەکات:

﴿وَلاَ تَكُونُواْ كَالَّتِي نَقَضَتْ غَزْلَهَا مِن بَعْدِ قُوَّةٍ أَنكَاثًا﴾﴿النحل:٩٢﴾.

ڕۆژێك تا ئێوارە خەریکی ڕستنو چنین بێت ئێوارەکە هات داوەکەی ڕابکێشێتو هەمووی هەڵوەشێنێتەوە، کەواتە هیچی نەکرد، یان شاعیرێك دەفەرموویت: (متی يَبلُغُ البُنيانُ يوماً تمامَه، -- إذا كنتَ تبنيهِ وغيرُك يهدمُ؟) تۆ مانگی ڕەمەزان خەریکی عیبادەت بیت کە ڕەمەزانیش تەواو بوو ڕۆژی جەژن هات یەکسەر دەست بکەیت بە تاوانو جلەکانت دابنێیتو یەکسەر دەست بکەیت بە تاوانو گوناهکردنو واز لە نوێژ بێنیت، ئەوە خۆی ماڵی خۆی کاول دەکات بەدەستی خۆی ﴿يُخْرِبُونَ بُيُوتَهُم بِأَيْدِيهِمْ ﴾﴿الحشر:٢﴾.

وەکو خوای گەورە دەفەرموویت: ماڵی خۆیان بەدەستی خۆیان کاول دەکەن، خۆیان ڕووڕەش دەکەن لای خوای گەورە، ئەوجا کێ دەڵێت تۆ دوای ڕەمەزان کە گەڕایتەوە لای شەیتانو وازت لە خوای گەورە هێنا کێ دەڵێ لەو کاتەدا تۆ نامری بە ڕووڕەشیو بە زەلیلیەوە، بە کۆڵی تاوانەوە، کەواتە ئامۆژگاریمان بۆ ئەو خوشکانە ئەوەیە کە وانەبن بەڵکو زیاتر ڕوو لە خوابن ان شاء الله ڕەمەزان ببێتە هەنگاوێكو قۆناغێك کە تێیدا بگەڕێنەوە لای خوای خۆیانو تەوبەیەکی ڕاست بکەنو لاپەڕەیەکی سپی لەگەڵ خوای خۆیان هەڵبدەنەوەو بەردەوام بن لەسەری إِنْ شَاءَ اللَّهُ خوا موەفەقیان بکات.

**پ٧٠/ کەواتە سفوریەکەیان پەیوەندی بەڕۆژەکەیانەوە نییە و ئەجرو پاداشت لەسەر ڕۆژووەکەیان وەردەگرن؟**

و/ بێگومان ان شاء الله .

**پ٧١/ وە سزاش لەسەر ئەم ئیشەی تریان وەردەگرن؟**

و/ بێگومان بەڵێ .

**پ٧٢/ وە ئەگەر هاتو بەو نیەتەوە خۆی داپۆشێت کە دوای ڕەمەزان دەست پێ بکاتەوە لەسەر ئەو خۆ دانە پۆشینە؟**

و/ تاوانێکی گەورەیەو ئەو نیەتە هەڵەیە.

**پ٧٣/ ئەکرێت ئەو شتانەمان بۆ باس بکەیت یان ڕونی بکەیتەوە کە دروستە مرۆڤی ڕۆژووەوان لەکاتی بەڕۆژبوونیدا ئەنجامیان بدات وە ڕۆژوەکەی پێ بەتاڵ نابێتەوە؟**

و/ خوای پەروەردگار هیدایەتمان بداتو نیەتمان خالص بکاتو کردەوەکانمان صواب بکاتو ئاخیرمان خێر بکات، بێگومان کۆمەڵێك شت هەیە هەندێك لە عەوامو خەڵکی نەخوێندەوارو نەشارەزا وا دەزانن کە دروست نیە ڕۆژوەوان بیکات، یاخود ڕۆژوی پێ دەشکێ لە حەقیقەتیشدا جائیزەو دروستە بۆ ڕۆژووەوان، وە بگرە هەندێ جار سوننەتیشە لەوانە بۆ نمونە سیواك، سیواك کە سەیر کەین لە مەزهەبی شافیعی دا دەفەرمویت: (ويُستحب السواك إلا للصائم بعد الزوال) سیواك موستەحەببە تەنها بۆ ڕۆژووەوان نەبێت لە دوای نیوەڕۆوە کە نابێت سیواك بکات، کەواتە هەر کەسێك کە بەڕۆژوو بێ وا تێگەینراوە کە لە دوای بانگی نیوەڕۆوە بۆ عەسر بۆت نیە تۆ سیواك بەکار بێنیت،

**پ٧٤/ مەبەستیان لەو قەدەغە کردنە چیە؟**

و/ مەبەست ئەوەیە کە وا حاڵی بوون کە پێغەمبەری خوا ﷺ باسی (خلوف فم الصّائم ) دەکات تامو بۆنی ناخۆشی دەمی ڕۆژووەوان دەڵێن سیواك ئەو بۆنو تامە ناخۆشە ناهێڵێت، کەواتە نابێت بەکاری بێنین بۆ ئەوەی تامو بۆنە ناخۆشەکە بمێنێت، بەلاَم نازانم مەسەلەکە مەسەلەیەکی، یەکەمیان: تامو بۆنی ڕۆژووەوان (مەعنەویە)، دووەمیشیان: فەرموودەمان هەیە لەسەر ئەوەی کە سیواك لە هەموو کاتێکدا سوننەتە بۆ ڕۆژوەوانو غەیری ڕۆژوەوان چونکە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموویت:

(لَوْلا أَنْ أَشقَ عَلَى أُمتِي لأَمَرْتُهمْ بِالسّوَاكِ عند كُلِّ صَلاةٍ، أَوْ مَعَ كُلِّ وُضُوءٍ) [٥٢] .

---

(٥٢) رواه البخاري (٨٨٧) ومسلم (٢٥٢).

واتە: ئەگەر قورس‌و ناخۆش نەبوایە لەسەر ئوممەتەكەم ئەوا فەرمانم پێیان دەكرد كە لەگەڵ هەموو دەست نوێژێكدا سیواكیان بكردایا، وە بۆ هەموو نوێژێكیش سیواكیان بكردایا، (مَعَ كُلِّ وُضُوءٍ) وە (عند كُلِّ صَلاةٍ) (كُل) نافەرموێت تەنها ئەو نوێژانەی كە پێش زەوالن بەڵام نوێژەكانی دوای زەوال قەیناكە، كەواتە سیواك سوننەتە ڕۆژوووەوان بیكات پێش نیوەڕۆو دوای نیوەڕۆش ان شاء الله وە هەروەها دروستە ئاو لە دەم‌و لووتی وەربدات (المضْمضة والاستنشاق)، وە نوێژی هیچ كەسێك دروست نیە بەبێ دەست نوێژ (لا يَقْبَلُ اللهُ صَلاةَ أحَدِكُمْ إِذَا أحْدَثَ حَتَى يَتوضأ) (٥٣)،

واتە: خوای گەورە نوێژی كەستان قەبوڵ ناكات كە دەست نوێژی شكا تاوەكو دەست نوێژ هەڵ نەگرێتەوە، دەی نوێژ بەبێ دەست نوێژ قەبوڵ نیە، دەست نوێژیش تەواو نیە بەبێ ئاو لە دەم‌و لوت وەردان، وە پاككردنەوەی ئەو دووە پێویستە.

**پ٧٥/ ئایا وەكو هەر ئەو كاتانە كە ئاو لە دەم‌و لوتی وەردەدات كە بەڕۆژوو نیە یاخود لە ڕەمەزانە بە شێوازێكی كەمتر؟**

و/ بە ڕۆژوو بێ یا بە ڕۆژوو نەبێ ڕەمەزان بێ یا ڕەمەزان نەبێ پێویستە ئاو لە دەم‌و لوتی وەربدات ئەوە واجبی دەست نوێژە، واتە: هەندێك لە زانایان دەفەرموون كە ئەو دەست نوێژە بەتاڵە وە ئەو دەست نوێژە صەحیح نیەو ڕاست نیە ئەگەر ئاو لە دەم‌و لوتی وەرنەدات، چونكە خوای پەروەردگار كە فەرموویەتی: (**فاغْسِلُواْ وُجُوهَكُمْ**) واتە: ڕووتان بشۆن، دەم‌و لوتیش لە ڕووە، كە ئینسان نەیشوات ئەوا دەست نوێژەكەی تەواو نیەو بەتاڵە، جا لێرەدا ئایا وەكو یەكە؟ نەخێر پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: (وَبَالِغْ فِي الْمَضْمَضَةِ وَالِاسْتِنْشَاقِ إِلَّا أَنْ تَكُونَ صَائِمًا) (٥٤) واتا ئەمری كردوە بە (مضْمضة) پێغەمبەری خوا ﷺ بە ئەمر دەفەرموێت كە دەست نوێژت شوشت ئاو لە دەمت وەربدە، وە هەروەها (استنشاق) یش، بەڵام موبالەغەی تیا نەكات كە بەڕۆژوو بێت زۆر هەڵی نەكێشێت بەلوتی كە بگاتە ناوەوە ئەوەیان قەدەغەیە، دەنا ئاو لە لوت وەردان‌و لە دەم وەردان بەڵكو نەك تەنها دروستە وە ڕۆژووی پێ ناشكێت بەڵكو سوننەتیشە وە بگرە واجبیشە ڕۆژووەوان بیكات.

**پ٧٦/ ئەگەر ئاگای لێ نەبوو لەكاتی ئاو لە دەم وەرداندا ئاو گەیشتە قوڕگی؟**

و/ ئەگەر بەبێ عەمدی بیكات ئەوا هیچی لەسەر نیە ان شاء الله وە ڕۆژووەكەی ناشكێت، چونكە ئەگەر خواردن‌و خواردنەوەش بەبێ عمدی بخوات بە قەست‌و مەبەستەوە نەبێ ڕۆژوی پێ ناشكێ چ جای ئەوەی كە مەبەست پێی دەست نوێژەو قەترەیەك ئاو بچێتە لوتیەوە ئەوا پێی ناشكێ ان شاء الله، وە هەروەها كۆمەڵێك شتی تریش هەیە كە دروستە بۆ ڕۆژووەوان بۆ نمونە (تأخير الغسل إلى بعد الفجر) دواخستنی (غُسل الجنابة) بۆ دوای بانگی بەیانی، بۆ نمونە كەسێك كە حاڵەتی جەنابەتی هەبوو لەشەودا بانگی بەیانی دا بۆی هەیە دوای بانگەكە – نەك نوێژ چونكە نوێژ بەبێ (غسل)ەكە دروست نیە– دوای بانگەكە خۆی بشوات بۆی هەیەو دروستە یا

---

(٥٣) متفق عليه.

(٥٤) رواه أبو داود (١٤٢، ١٤٣) ، والترمذي (٣٨) ، والنسائي (٦٦/١، ٦٩) ، وابن ماجه (٤٤٨).

بەڕۆژوەو بچێت مەلە بکات یان خۆی بشوات هەوڵ بدات نەهێڵێت ئاو بچێتە قوڕگ‌و دەمو لوتیەوە، ئەما خۆشۆردنەکەی دروستە ان شاء الله هیچ کێشەیەکی تیا نیە.

**پ٧٧/ ئەگەر خۆشۆردنەکە بە مەبەستی خۆ فێنك کردنەوە بێت؟**

و/ دروستە ان شاء الله هیچ مانعێك نیەو هیچ بەڵگەیەك نیە لەسەر ئەوەی کە ممنوع بێت.

وە هەروەها کل لە چاوکردن یان قەترەیەك دکتۆر بۆی دەنوسێت بۆ گوێی دەینوسێت یان بۆ چاوی دەینوسێت چاوی دەهێشێت قەترەیەکی بۆ دەنوسێت ئەوە زەرەر نادات ان شاء الله وە دروستە کە پێویستی پێ بیۆ بەکاری بێنیۆ کێشەی نیە ئەگەر (تالأویش بگاتە قوڕگی) بەهەمان شێوە بەلأم هەوڵ بدا کە قوتی نەدا بتوانێ فڕێی بداتەوە، چونکە ئەوەی کە زیاتر موباشرە لەگەڵ قوڕگ زیاتر لوتە ڕاستەوخۆیە ئەما چاو و گوێ ئەوا دوورترەو دورترە لەوەی کە بچێتە قوڕگەوە گەر بشچێت دەبێت ئێمە ئاگامان لەمەسەلەیەك هەبێت کە زانایان بۆ نمونە شیخ الاسلام ابن تیمیە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) (هەموو ئەو شتانەی کە ڕۆژووی پێ دەشکێن گەڕاندونیەوە بۆ دوو شت شتێکیان کە دەچێت ناو لاشە شتێکیشیان لەناو لاشەوە دێتە دەرەوە فەرمووی ڕۆژوو هەمووی بەو دوو شتە دەشکێت ئەوەی کە دەچێتە ناو لاشەوە مەرجە جێگای خواردنو خواردنەوە بگرێتەوە یەعنی خواردن بۆ خۆی خواردنەوە بۆ خۆی وە هەرشتێکیش کە لە جێگای خواردنو خواردنەوە بێت بۆ نمونە وەکو دەرزیەکی (مغذی) ئەوە جێگەی خواردنو خواردنەوە دەگرێتەوە ئەو دوو شتانە دەچنە ناو لاشە کە چووە ناو لاشە ئەوە کەواتە تۆ بە ڕۆژوو نەبویۆ وازت لە خواردنو خواردنەوە نەهێناوە ئەوە ڕۆژووی پێ دەشکێت .

**پ٧٨/ کەواتە ماموستا دەرزی ئەگەر** (مغذی) **نەبوو تەنها بۆ چارەسەر بوو؟** .

و/ ئەوە ئیعتیادیە وەکو لە ڕابردو باسمان کرد.

دووەم شێوە دووەم شتانێك کە ڕۆژووی پێ دەشکێ ئەو شتەی کە لە لاشە دەچێتە دەرەوە شیخ الاسلام (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمووێت: ئەوانەی کە لەلاشە دەچنە دەرەوە لاشە بێ هێز دەکەن لاشە یعنی توشی نارەحەتی دەکەنو بێ تاقەتی دەکەنو لاوازی دەکەن ئەوانەش ڕۆژوو دەشکێنن بۆ نمونە وەکو جیماع کردن کە ئینسان بێ هێز دەکاتو لاوازی دەکات یان ئینسان ئاوی بێتەوە لە لاشە بە هەمان شێوە کە لە لاشە دەردەچێت ووتمان ڕۆژووی پێ دەشکێت یان (حیض و نیفاس) خوێنی ئافرەت لە سوڕی مانگانەی دا بێت یان زەیستان بێت ئەوەش لە لاشە دێتە دەرەوە دیسان ئەو ئافرەتە لاواز دەکاتو بێ تاقەتی دەکات، یا ئیستفراغی ناو مەعیدەت بکەیت کە (استقاء) بکەی خۆت بڕشێنیتەوە خواردنی ناوەوە بێتە دەرەوە دیسان ئەو ئینسانە لاواز دەبێتو ڕۆژووەکەی دەشکێت، جا دەفەرموێت: ڕۆژوو هەمووی ئەو دوو شتەیە یان شتێك بچێتە ناوەوە بە مەبەستی خواردن، یان لە لاشەت بێتە دەرەوەو لاشەت بێ هێز بکاتو لاوازی بکات، بۆیە هەندێك لە زانایان مەسەلەی خوێن لەخۆ گرتنو حیجامەو کەڵەشاخ کردن ئەوەش هەر بە ڕۆژوو شکاندن دادەنێن، چونکە دەڵێن ئەو خوێنەش کە لە لاشە دێتە دەرەوە لاشەی ئینسان بێ هێزو لاواز دەکات، خوای پەروەردگاریش هەر شتێك کە بێ هێزت بکاتو بزانێت زەرەرت لێ دەدات وای کردوە ئەوە ڕۆژوو دەشکێنێ بۆ ئەوەی ئیسنان بە هیلاك نەچێت، وەکو کۆمەڵە شتێك کە باسمان کرد.

**پ٧٩/ پێغەمبەری خوا خۆی کەڵەشاخی کردوە بە ڕۆژوو بووە؟**

و/ زانایان بوون بە چەند مەزهەبێکەوە هەندێکیان ئەو فەرموودەیە دەکەنە بەڵگە کە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوەی کە حیجامەکە دەکاتو ئەوەی کە بۆی دەکات هەردووکیان ڕۆژوەکەیان شکاوە، ئەوە مەزهەبی حەنبەلیە ڕەئیان لەسەر ئەوەیە کە کەسێك کە حیجامە بکات ڕۆژوەکەی بەتاڵ دەبێتەوە، وە شیخ الاسلام ابن تیمیە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ئەو ڕایەی هەڵبژاردووە وە شیخ ابن عثیمین (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ئەمەی پەسەند کردوە، دیسان چونکە شتێکە لە لاشە ئەو خوێنە کە هاتە دەرەوە لاشە بێ هێز دەکات، وتمان ئەوەش یەکێکە لەو دوو جۆرەی کە ڕۆژووی پێ دەشکێ، کۆمەڵێکی تر لە زانایان دەفەرموون: نەخێر چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ (رَخّصَ لِلصائِمِ الْحِجَامَة) (٥٥).

واتە: پێغەمبەر ﷺ روخسەتی داوە بۆ ڕۆژوەوان کە کەڵەشاخ بگرێو مۆڵەتی پێ داوەو هیچ کێشەی نیە، وە هەروەها پێغەمبەر ﷺ (احْتَجَمَ وَهُوَ صَائِم ) کەڵەشاخی گرتووە بەڕۆژوش بووە، دەست بەوە دەگرن دەڵێن کەواتە دروستە وە ئەم فەرموودانە نەسخی فەرموودەی یەکەم دەکەنەوە، چونکە کە پێغەمبەر ﷺ فەرمووی شکاوە ئەوەی دووەم نەسخی کردۆتەوە، کۆمەڵێکی تر دەڵێن: بە پێچەوانەوە نەخێر شکانەکە نەسخی روخسەتەکە دەکاتەوە، بەلاّم لە حەقیقەتیشدا بەڵگەیەکی وا نیە، مادام تاریخەکەی زانراو نیەو بەڵگەیەکی وا نیە کە بڵێین ئەوە ناسخە یا ئەوە مەنسوخە، بۆیە هەندێك لە زانایان ئەوانەش کە دەڵێن بەحیجامە دەشکێ دەڵێن بۆ کەسێ کە لاوازی بکاتو بێ تاقەتی بکات دەشکێ چونکە لاوازی دەکات تا سەردەکێشێت بۆ شکاندن، هەندێکیشیان دەڵێن نەخێر مادام پێغەمبەر ﷺ کردویەتی وە ڕوخسەتی داوە وە ڕوخسەت غالبەن دوای مەنع دێت، لە قاعیدەی فیقهی شتێك کە منع بوو دویی ڕوخسەت هات دیارە ئەوە چیە ئاسانکاریەکە هاتوە دوای ئەوەی کە شتێك مەنع بوو دوای ئەوەی کە ڕوخسەتی پێ داو ئاسانکاری تێدا هات بۆ نمونە پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (إِنّي كُنْتُ نَهَيْتُكُمْ عَنْ زِيَارَةِ الْقُبُورِ فَزُورُوهَا) (٥٦) نەهیم لێکردن لە سەردانی قەبر دەی ئێستا بۆم حەلاڵ کردنو ڕێگەم پێ داوە، جا هەرکەسێك ان شاء الله کە حیجامەش بکات ڕای بەهێز لەسەر ئەوەیە کە پێویستی بوو بیکات ڕۆژوەکەی ناشکێت، بەلاّم کە پێویستی نەبێت وە بتوانێت خۆی تاخیر بکات بۆ شەو ئەو کاتە بیکات باشترە ان شاء الله احطیاط ئەوەیە کە لاوازی نەکاو دووچاری شکاندنی نەبێت والله اعلم.

**پ٨٠/ ئایا خوێندانەکەش هەمان قیاسی هەیە؟**

و/ هەمان حوکمی هەیە، چونکە لە لاشە دێتە دەرەوەو ئینسان بێ هێز دەبێت کە بتوانێت بە ڕۆژ نەی دات چاکە وەکە ناچار بوو بیدات إِنْ شَاءَ اللَّهُ ناشکێت.

---

(٥٥) أخرجه ابن خزيمة (٣/٢٣١)، والدارقطني في "السنن"(٢/١٨٢) وفي "العلل"(١١/٣٤٦) والبيهقي في "الكبرى" (٤/٤٤٠رقم٨٢٧٠).

(٥٦) أخرجه مسلم في صحيحه ، والترمذي في سننه وقال : حديث حسن صحيح.

**پ٨١/ ئەمە بۆ ئەوەی کە خوێن بە کەسێك بدات کە ئەو کەسە ناچارەو پێویستی بە خوێن هەیە لە کاتێکی لێقەومانە وە پزیشکیش لێکۆڵینەوەی بۆ دەکات بزانێت توانای خوێندانی نیە خوێنەکەی لێ ناگرێت لەم حاڵەتەیە دروستە خوێن بدات کە پزیشك پێی بڵێت دەتوانیت خوێن بدەیت؟**

و/ دروستە ان شاء الله .

**پ٨٢/ مامۆستا ( سەبارەت بە** (القبلة والمباشرة) **کە ماچی خێزانی خۆی دەکات یان لە خێزانی نزیك دەبێتەوە لەکاتی بەڕۆژوو بووندا تا چەند ئەم ڕۆژووە دروستە یان چەند کاریگەریی بەسەر ڕۆژووەکەی دا هەیە؟**

و/ پێغەمبەری خوا ﷺ وەك لە فەرمووودەیەك عَنْ عَائِشَةَ، (رضی الله عنها) قَالَتْ كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ يُقَبِّلُنِي وَهُوَ صَائِمٌ [٥٧] عائیشە(خوای لێ رازی بێت) دەفەرموویت: پێغەمبەری خوا ﷺ ماچی دەکردمو بەڕۆژووش بوو. (وکان یباشرها وهو صائم) دەهاتە لایو بەرۆژووش بوو، هاتنەکە نەك بۆ جیماع کردن بێت، بەڵکو لەگەڵ خەوتنو لەگەڵ درێژ بوون بووە، هەروەها گاڵتەشی لەگەڵ کردووە بەبێ ئەوەی کە بگاتە حەددی جیماع کردن، پێغەمبەری خوا ﷺ کە ئەوەی کردوە عائیشە دەفەرموویت: (وَكَانَ أَمْلَكَكُمْ لِإِرْبِهِ) واتە: بەڵام پێغەمبەری خوا ﷺ لە هەمووتان زیاتر خۆگرتر بووە هەرچەندە شەهوەتیشی هەبوو بێتو حەزیشی کرد بێت بەڵام خۆی گرتوە، بەڵام لەوانەیە گەنج نەتوانێت خۆی بگرێت، کاتێك گەنجێك خێزانی ماچ کاتو لەگەڵی درێژ بێت لەوانەیە خۆی پێ نەگیرێتو توشی تاوانێکی گەورە ببێت، توشی جیماع بێت ئەو کاتە هەم گوناهێکی گەورەی کردووە هەم بەڕۆژوو بوونی دوو مانگی دێتە سەر وەکو کەفارەت، دەنا لە أصل دا دروستە بۆ کەسێك کە (ضبط)ی نەفسی خۆی بکاتو خۆی بگرێت وە غالیبەنیش لەوانەیە بەتایبەتی گەنج خۆی نەگرێت مادام وایە (سد للذریعة) ئینسان خۆی بپارێزێ، بەڵام کەسێك کە پیرە یان بە تەمەنە یان شەهوەتی بەو شێوەیە نیە خۆی دەگرێت لەگەڵ خێزانی درێژیش بێتو بیشخەوێتو ماچیشی بکات ئاسایی بێت لای ان شاء الله غالبەن چونکە پیر شەهوەتی کەمترەو زیاتریش خۆگرترە لەگەنج والله اعلم .

**پ٨٣/ هەندێك کەس نەخۆشی** (ربوة) **یان هەیە پێویستیان بە بەکارهێنانی** (البخاخ) **هەیە ئایا ئەم** (البخاخ)**ە کاریگەری لەسەر بەتاڵ بونەوەی ڕۆژوەکەی هەیە، یان لەکاتی نەخۆشی بەکاری بێنێت دروستە؟**

و/ سەبارەت بە (البخاخ) زانایان سێ ڕایان هەیە چونکە شتێکی سەردەمیە، هەندێك لە زانایان دەفەرموون: چونکە تەڕاییەکی تیایە دەچێتە ناوەوە ڕۆژووی پێ دەشکێت، کۆمەڵێك لە زانایانی تر دەفەرموون ڕۆژووی پێ ناشکێت چونکە تەنها ساردیەکە فێنکاییەکە دەچێتە ناو شوێن هەناسەی ئینسانەوە ناچێتە ناو ماعیدەوە، وە کۆمەڵێکی تر لە زانایان (توقف) یان کردووە لە نێوان ئەوەدا کە دەشکێت یان ناشکێت ڕاوەستاون، دەڵێن پێویستی بە گەڕانو لێکۆڵینەوەی زیاتر هەیە، بەڵام کە ئەوە (ثابت)ەو ناچێتە ناو ماعیدەوەو ئاوێك نیە بچێتە ناو ماعیدە کە ئینسان بێ پێویست بکات لە خواردنو خواردنەوە بەڵکو تەنها هەناسەی فراوان دەکاتو لەو تەنگە نەفەسیە ئیسراحەتێکی پێ دەداتو فێنکاییەکی دەداتێ کە هەناسەی تەسك بوەتەوەو فراوانی بکاتەوە ئەوە ڕۆژووی پێ ناشکێت بەتایبەتیش کە مرۆڤ پێویستی پێ بوو لەو حاڵەتە دا بە ئیزنی خوا دروستە بۆیو ناشکێت والله اعلم.

---

(٥٧) رواه أبو داود (٢٣٨٤) . وسنده صحيح على شرط البخاري.

**پ٨٤/ بۆ ئافرەت ئایا کە چێشت لێ دەنێت بۆ ئەوەی بزانێت تامی چێشتەکەی چۆنە ئایا دروستە تامی چێشتەکەی بکات؟ وە شێوازی چۆنیەتیەکەی بە چ شێوازێکە؟**

و/ تام کردنی چێشت (تذوق الطعام) سلف صالح کردویانە، لە سەلەفەوە هاتووە کە صەحابە (ڕەزای خوای گەورەیان لێ بێت) بۆ ئەوەی بزانن خواردنەکە سویرە یان بێ خوێیە بەسەری زمان تامیان کردووە بەڵام دواتر فڕێی دەداتەوە نەك قوتی بدات ئەوە دروستەو ئاساییە ان شاء الله چونکە لەوە زیاتر دەکرێت کاتێك کە یەکێك لە ئێمە دەست نوێژ دەگرێت هەر ئاو دەکاتە ناو دەمیەوە بە گشتی کە ئاو کردنە دەم دروست بێت ئەی بۆ کە بەسەری زمان تامی خواردنێك بکەیت بەلاتەوە دروست نیەو وا دەزانی کە کارێکی گەورەیەو ڕۆژوت پێ دەشکێ؟! نەخێر ڕۆژوو بەوە ناشکێ‌و دروستە ئافرەت کە بەڕۆژووە بۆ ئەوەی لە خواردنەکەی خۆی بزانێت تامی چۆنە بەسەری زمانی تامی بکات دروستە ان شاء الله ڕۆژوشی پێ ناشکێت بە پشتیوانی خوای گەورە.

**پ٨٥/ ئایا ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە هەندێ لەو سیواکانەی کە تەڕەو تازەیە و جۆرە تامێکی تیایە مرۆڤ دەتوانێت لە کاتی بەڕۆژوو بووندا بەکاری بێنێت؟**

و/ والله سیواك کە لەسەر ئەصڵی خۆی‌و لەسەر تەبیعەتی خۆی بمێنێت سروشتی خۆی بمێنێت تەنها سیواکێك مرۆڤ بەکاری بێنێت سوننەتە، بەڵام کە لە هەندێك مادده بهاویشترێت‌و تامێکی تر بگرێت‌و کاتێك کە دەیکەیتە دەمتەوە تامی تر بێتە دەمتەوەو قوتی بدەیت ئەوەیان نابێت والله اعلم.

**پ٨٦/ ئەبێت کە گەیشتە ناو دەمت بیتفێنیتەوە یان تامەکەی بە ئاو بشۆریتەوەو تامەکەی نەمێنێت؟**

و/ گرنگ ئەوەیە کە تامی لە دەمت نەمێنێت‌و فڕێی بدەیت.

**پ٨٧/ ئەی مەعجونی ددان شۆرین ئایا دروستە بەڕۆژ ڕۆژووەوان ددانەکانی بشوات بە معجون؟**

و/ دروست ان شاء الله قیاسەن بۆ سەر سیواك کردن وە دەبێت ئاگامان لەوە بێت بەوەی کە هەر شتێك بێتە ناو دەمتەوە بە هاتنە ناو دەم ڕۆژوو ناشکێت، بەڵکو بەوە دەشکێت کە بچێتە خوارەوەو قوتی بدەیت، جا کە فلچەی ددان یان مەعجونەکە بەکار بێنیت‌و دوایی کە دەمو ددانت شۆری فڕێی بدەیتەوەو نەچێتە قوڕگتەوە ئاساییەو زانایانیش یەکێك لەوانە شیخ عیپمین فەتوای داوە لەسەر دروستیێتی والله اعلم.

**پ٨٨/ پێغەمبەر ﷺ وصالی کردووە، وە لە فەردمووەدەی تریشدا نەهی لێ کردوە کە دەفەرموویێت:** (لا تواصلوا) **ئایا جەمع لە نێوان ئەم دوو فەرموودەیە چۆنە ومانای** (وصال) **چیە؟**

و/ (وصال) واتا تۆ ڕۆژووی دوو ڕۆژ بەیەك بگەیەنیت، کەسێك بۆ نمونە ئەمڕۆ کە بەڕۆژووە نەیشکێنێت تا سبەی ڕۆژووی سبەینێش تەواو بکات، ئەمە پێغەمبەری خوا ﷺ لەسەرەتادا نەهی لێ کرد، چونکە فەرمووی ئێوە وەکو من نین ضونکة: ﴿وَالَّذِي هُوَ يُطْعِمُنِي وَيَسْقِينِ﴾[الشعراء:٧٩]

**واتە:** خوای گەورە خواردنم دەداو خواردنەوەشم دەداتێ، واتا خوای گەورە ووزەیەکی دەداتێ یان خواردن‌و خواردنەوەی دەداتێ کە ئەوەش موعجیزەیەکی خواییە بۆ پێغەمبەر ﷺ کە غەیری ئەو ئەوەی نیە، بۆیە نەهی لە ئوممەتەکەی کرد کە دوو ڕۆژ بەیەکەوە بگەیەنن، بەڵام لە دواییدا ڕوخسەت درا کە بکرێت، بەڵام جمهوری صەحابە نەیان کردووە واتا ئاسانکاری لەوەدایە کە مرۆڤ نەیکات، واتا لەسەر جادە گشتیەکە بڕۆین کە هەموو

صەحابە لەسەری بوون (ڕەزای خوایان لێ بێت) ئەوەش ئاسانکاریە ئەوەش لەگەڵ ئاسانکاری ئیسلام دێتەوە ئەوە چاکترە ان شاو الله خوای گەورە بە نسیبمان بکات .

**پ٨٩/ لەناو خەڵکیدا تا ئێستا هەندێ شت هەر بڵاوە کە گوایە کاریگەری بەسەر ڕۆژووەوە هەیە وەکو ئەوەی کە لەکاتی ڕۆژوو نینۆکیان بکەن، یان سەریان بتاشن، یان بۆن لە خۆیان بدەن، یان بۆنی گوڵێك بکەن، ئایا ئەمە هیچ بەڵگەی لەسەر هاتوە کە قەدەغە بێ بۆ مرۆڤی ڕۆژووەوان یاخود تەنها شتێکە لەناو خەڵکیدا بڵاوە؟**

و/ تەنها شتێکی ئەفسانەییو شتێکی خوڕافیەو بێ بەڵگەیەو هیچ بەڵگەی لەسەر نیە:

(إِنَّ اللَّهَ جَمِيلٌ يُحِبُّ الْجَمَالَ) [٥٨].واتە: خوای گەورە جوانەو جوانیشی پێ خۆشە، وە لە سونەنی فیترەتو پاکێتیدا ئەوەیە کە مرۆڤ نینۆکی خۆی بکات، مرۆڤ مووی خۆی بکات، ئەو شوێنانەی کە لە شەرعدا هاتووە، وە بۆنی خۆش لە خۆی بدات، ئەوانە هەموویان لە جوانیتیو پاکیتی ئیسلامو موسوڵمانیدایە، مرۆڤ بەڕۆژوو بێت ئەو کارانە بکات خێری پێ دەگات نەك گوناهی پێ بگات، لە کاتی بەڕۆژوو دا نینۆکی بکات یا خۆی بشوات یا بۆن لە خۆی بدات ئەو شتانە هەمووی شتی شەرعیە، چونکە هیچ بەڵگە لەسەر ئەوە نیە کە ڕۆژوو بەوانە بشکێت بەڵکو بەڵگە لەسەر ئەوەیە کە مرۆڤ بەڕۆژوو بێت یان بەڕۆژوو نەبێت پێویستە پاكو خاوێنو جوان بێت ان شاء الله .

**پ٩٠/ ئامۆژگاریتان بۆ ئەو کەسانە چیە کەوا بە ڕۆژ بەڕۆژوون بەلام کاتێك کە شەو دادێت زۆرێکیان دەمێننەوە شەو تا درەنگ بە دیار زنجیرە دۆبلاژکراوەکان، وە یاخود بە دیار فیلمە بیانیەکانەوە کە جۆرەها شتی بێ شەرعیو حەرامو قەدەغەکراوی تیایە، لێرە فەرمانی خوای گەورە جێ بەجێ دەکەن کە ئەوەندە ماندوو دەبنو بەڕۆژوو دەبن، بەلام کاتێك کەوا شەو دادێت لەولاوە خۆیان توشی تاوان و سەرپێچیو مەعصیەت دەکەن ؟**

و/ والله ئامۆژگاری ئەوەیە کە چەند جار تەئکیدمان لەسەر کردوەتەوەو دووبارەشی دەکەینەوە وەسیەتی خوای پەروەردگار بۆ ئێمەشو بۆ ئوممەتانی پێش ئێمەش:﴿وَلَقَدْ وَصَّيْنَا الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ مِنْ قَبْلِكُمْ وَإِيَّاكُمْ أَنِ اتَّقُوا اللَّهَ﴾ (النساء:١٣١) .وەسیەتی خوا بۆ ئێمەو بۆ ئوممەتانی پێش ئێمەش ئەوەیە کە تەقوای خوای گەورە بکەین وە ئەو ڕۆژووگرتنەشی بۆیە لەسەر ئێمە داناوە بۆ ئەوەی بە تەقوا بین، خوای گەورە دەفەرموویێت: ﴿إِنَّ الصَّلاَةَ تَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنْكَرِ ﴾(العنكبوت:٤٥). واتە: نوێژ لە فاحیشەو خراپەو لە مونکەرو بێ شەرعی مرۆڤ دەگێڕێتەوە، ڕۆژووش بەهەمان شێوە بۆ ئەوەیە کە تەقوای خوای گەورە بکەینو لە کاری خراپە بگەڕێینەوە، جا کە نوێژێك لە بێ شەرعیو خراپە نەتگێڕێتەوە، وە ڕۆژووگرتنێك لە خراپەو بێ شەرعی نەتگەڕێنێتەوە کەواتە تۆ نە لە نوێژ گەیشتوی نە لە ڕۆژوو گەیشتوی نە ئەجرو پاداشتی نوێژو ڕۆژووەکەت بۆ دەنوسرێت، بەڵکو تەنها لاشەیەکیت بەبێ ڕوحو بەبێ گیان، کەسێکیت کە تەنها رووکەشی، لە چەند شتێك تێگەیشتویو دەستت پێوەگرتونو بە تەقلیدی نوێژەکەت دەکەیو ڕۆژووەکەت دەگریو ساڵانە کە ڕەمەزان دووبارە دەبێتەوە بەبێ ئەوەی بزانیت حیکمەتی ڕۆژوو چیە، ژیان کە چەند گرنگەو خوای گەورە سوێندی پێ خواردوە ﴿وَالْعَصْرِ * إِنَّ الإِنسَانَ لَفِي خُسْرٍ * إِلاَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ ﴾(العصر:١-٣) .

---

(٥٨)أخرجه مسلم في صحيحه رقم ١٣١.

واتە: سوێند بەکات مرۆڤ لە زەرەرمەندی دایە تەنها ئەو مرۆڤە نەبێت کە چوار سیفەتی تیایە:

مرۆڤ ئیمانی هەبێتو کاری چاکە بکاتو ئامۆژگاری چاکە بکاتو ئارام بگرێت ئەو کەسە سەرفرازەو زەرەرمەند نیە، کەواتە ژیانی مرۆڤ بۆ ئەوەیە مرۆڤ کردەوەی چاکەی تیا بکاتو ئەمر بەچاکە بکاتو نەهی لە خراپە بکات، ژیان کێڵگەیەکە بۆ ئاخیرەت چ بچێنیت ئەوە دەدوریتەوە، ئەو ژیانە کورتەی دونیامان کە بەڕاستی زۆر کورتە چونکە ژیان بریتیە لە سێ ڕۆژ، ڕۆژێکیان تەمەنی ڕابردوتە گەر سەد ساڵیش بێت ڕۆیشتو نەما، ڕۆژێکیشیان داهاتووە نازانی دەگەیت پێی یان ناگەیت پێی، ڕۆژێکیشیان ئەوەیە کە تێیدایت، ئەمڕۆ هی تۆیەو بەس، ئەمڕۆ هی تۆیە کە تێیدایت، کەواتە کردەوەی چاکە بکەو بە تەمای ئەوە مەبە کە ڕابردو باش بوویت، وە بە ئومێدی ئەوەش مەبە کە سبەینێ چاك دەبیت، چونکە تۆ موڵکی سبەینێ نیت سبەینێش موڵکی تۆ نیە، ئەمڕۆ ڕۆژی تۆیە کردەوەی چاکەی تیادا بکە جا کە تۆش خوای گەورە زەمەنێکی موبارەكو پیرۆزت بە نسیب بکات ڕۆژانە بە خەو ڕۆژانە بە کاری خراپەو وە شەوانەش بە سەیر کردنی زنجیرەی دۆبلاژ کراو فیلمی تورکیو بیانی بە دیار ئەوانەوە دانیشیت لەم زنجیرەوە بۆ ئەو زنجیرە، لە کەناڵێکەوە بۆ کەناڵێکی تر زنجیر بەستی بکەیتو بزانیت ئەویان کاتژمێر ئەوەندەیەو کەناڵەکەی تریش زنجیرەیەکی تری هەیە کاتژمێر ئەوەندەیەو ئەوەی تریشیان کاتژمێر ئەوەندەیە ژیانی تۆ لەوەدا بێت بەڕاستی خەسارەتێکی گەورەیە، کە خوای گەورە فەرمووی: ﴿إِنَّ الإِنسَانَ لَفِي خُسْرٍ ﴾(العصر:٢) .

ئەو مرۆڤە زەرەر دەکات ژیانی تۆ لە زەرەرمەندی دایە وە سودیش لە ڕۆژوو لە نوێژەکەت نابینی، چونکە ئەو نوێژو ڕۆژووە تۆی نەگێڕایەوە لە خراپە کاتێك بە دیار فیلمێکەوە دادەنیشیت کە ئافرەتی ڕوتی تیایە کە ماڵو منداڵەکەت فێری دڵداریو خیانەتی زەوجیو بەد ڕەوشتیو بەدئەخلاقی دەکات، فێری ئەوەی دەکات کە چۆن لەگەڵ ژنی خەڵك عیلاقەت هەبێو ژنەکەت چۆن لەگەڵ پیاوی خەڵکی پەیوەندی هەبێ، کچەکەت چۆن لەگەل کوڕی خەڵکی هاوڕێیەتی هەبێ، ئەوە تۆ خۆت بە دەستی خۆت ماڵی خۆت کاول دەکەیت، خوای گەورەش دەفەرموێت:

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا قُوا أَنفُسَكُمْ وَأَهْلِيكُمْ نَارًا وَقُودُهَا النَّاسُ وَالْحِجَارَةُ﴾ (التحريم:٦) .

واتە: خۆتانو خێزانو ماڵو منداڵتان بپارێزن لە ئاگرێك کە سوتەمەنیەکەی مرۆڤ و بەردە. خوای گەورە بمانپارێزێت، کەواتە دەبێت ئێمە ماڵو منداڵمان بپارێزین لە ئاگری جەهەنەم نەك بە دەستی خۆمان وە لە مانگی ڕەمەزانی پیرۆزیش دا بە تایبەت بێین بە دیار سەتەلایتو تەلەفزیۆنەوە ماڵو منداڵمان بسوتێنینو ڕەوشتیان نەهێڵین، ئەو کاتە هیچ سوود لە ڕۆژوو لە نوێژەکەمان نابینین، وە بۆیە بە تەقوایش نابینو پاکمان ناکاتەوەو لە خوا نزیکمان ناکاتەوە، وە ئەو کەسانەیش کە دوای ڕەمەزان یەکسەر دەگەڕێنەوە سەر کاری خراپە چونکە لە ڕەمەزان دا ئیستفادەیان نەکردو نەیانزانی ڕۆژوو گرتن یانی چی، خوای گەورە هیدایەتی هەموو لایەکمان بداتو تەقوامان پێ ببەخشێتو ئاخیرمان خێر بکات ان شاء الله والحمد لله.

# نوێژی تەراویح

**پ٩١/ ووشەی تەراویح لە چیەوە هاتوە؟ وە بۆچی ئەم ناوەی لێنراوە؟**

و/ ووشەی تەراویح ووشەیەکی سەردەمی پێغەمبەری خوا نیە ﷺ واتا پێغەمبەری خوا ﷺ ئەو نوێژەی کە ئەمڕۆ پێی دەڵێین تەراویح ئەو ناوەی لێ نەناوە خۆی لە قورئانو فەرموودەدا نەهاتوە بەڵکو پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: [٥٩] (مَنْ قَامَ رَمَضَانَ إِيمَانًا وَاحْتِسَابًا) (قَامَ رَمَضَانَ) بۆیە زانایان دەفەرموون: (قيام رمضان) واتا نوێژی ڕەمەزان، کە مانگی ڕەمەزان بە جەماعەت دەکرێت یان قيام الليل یان صلاة الليل (مَنْ صَلَّى اثْنَتَيْ عَشْرَةَ رَكْعَةً) دوايي (صَلَّى رَكْعَةً وَاحِدَةً) کەواتە (صلاة الليل، قيام الليل، قيام رمضان) ئەوانە کە لە فەرموودەدا هاتوون، بەلاَم تەراویح زانایان کە پێی دەڵێن تەراویح مەبەستیان ئەوە بووە کە لەنێوان هەر دوو رکعەتو رکعەتێکی تردا ئیسراحەتێكو پشو بەخۆدانێك هەبووە بۆیە ئەو نوێژەیان ناو ناوە بە تەراویح.

**پ٩٢/ ئایا نوێژەکان ئەوەندە درێژ بوونە کە پێویستی بە پشوو بێت؟ یان شێوازی نوێژی ئەوان چۆن بووە؟**

و/ بێگومان کە سەیری نوێژی پێغەمبەری خوا ﷺ بکەین لە ڕەمەزاندا وە هەروەها سەیری نوێژی صەحابەش بکەین (ڕەزای خوای گەورەیان لێ بێت) ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، عائیشە (ڕەزای خوای گەورەی لێ بێت) وەسفی نوێژی پێغەمبەرمان بۆ دەکات ﷺ ئەو نوێژەی کە ئێمە پێی دەڵێین تەراویح دەگێڕێتەوەو دەفەرمووێت: عَنْ أَبِي سَلَمَةَ بْنِ عَبْدِ الرَّحْمَنِ أَنَّهُ سَأَلَ عَائِشَةَ – رضي الله عنها – كَيْفَ كَانَتْ صَلاَةُ رَسُولِ اللهِ ﷺ فِي رَمَضَانَ؟ فَقَالَتْ: (**مَا كَانَ رَسُولُ اللهِ ﷺ يَزِيدُ فِي رَمَضَانَ وَلاَ فِي غَيْرِهِ عَلَى إِحْدَى عَشْرَةَ رَكْعَةً**) [٦٠].

واتە: پێغەمبەر ﷺ نە لە ڕەمەزانو نە لە غەیری ڕەمەزان لە یانزە رکعات زیاتری نەکردووە ئەم نوێژی شەوە کە دەیکات ئەم یانزە رکعاتەی دەفەرمووێت چۆن دەیکرد: (كَانَ يُصَلِّي أَرْبَعًا فَلا تَسْأَلْ عَنْ حُسْنِهِنّ وَطُولِهِنَ) چوار رکعەتی دەکرد مەپرسە چەند بە جوانیو چەند بە درێژیو چەند بە خشوعی دەیکرد ئەو هەموو قورئانەی تیادا دەخوێند (ثُمَّ يُصَلِّي أَرْبَعًا) ئەوجا چواری تری دەکرد (فَلا تَسْأَلْ عَنْ حُسْنِهِنَّ وَطُولِهِنَّ) مەپرسە چەند جوانو چەند باشو چەند بە خشوعەوە دەیکرد (ثُمَّ يُصَلِّي ثَلاثًا) ئەوجا سێ رکعەتی تری دەکرد پێغەمبەری خوا ﷺ (السبع الطوال) تیا خوێندوە وە زۆر قورئانی تیا خوێندوە بە شێوەیەکی وا کە زۆربەی شەو خەریکی نوێژەکە بووە دوای ئەوە صەحابە (ڕەزای خوای گەورەیان لێ بێت) کاتێك کە عمری کوری خطاب (ڕەزای خوای پەروەردگاری لێ بێت) (جعل للناس الإمامين أُبَيٌّ بنُ كَعْب وتميم الداري) (أُبَيٌّ بنُ كَعْب و تميم الداري) دانا بۆ ئەوەی پێش نوێژی بۆ موسوڵمانان بکەن بە جەماعەت نوێژی تەراویح بکەن (فَأَمَرَهم أَنْ يُصَلِّيَ بِالنّاسِ ثَلاثًا عشرة ركعة ) ئەمری پێ کردن کە سێزدە رکعەت بۆ خەڵکی بکەن وەکو پێغەمبەری خوا ﷺ کە ئیمام مالك ریوایەتی کردوە بە سەنەدێکی صەحیح، سێزدە رکعات ئەوەش کە لە عمرەوە دەگێڕنەوە بیست رکعەتو بیست وسێ رکعەت ئەوەیان صەحیح نیە، ئەمەیان صەحیحە لە (موطأ)ی مالك دایە (كانوا يقرآن بالمئين) بە سەدان ئایەتیان دەخوێند ئەو دوو ئیمامە لە تەراویحەکەیان دا سەدان ئایەتیان دەخوێند (وَكَانُوا يَعْتَمِدُونَ عَلَى الْعَصِيِّ مِنْ طُولِ

---

(٥٩) رواه البخاري في الصوم باب من صام رمضان إيماناً واحتساباً برقم ١٩٠١، ومسلم في صلاة المسافرين وقصرها باب الترغيب في صيام رمضان برقم ٧٦٠.

(٦٠) رواه البخاري رقم الحديث (١٠٩٦)، ومسلم رقم الحديث (١٧٥٧).

الْقِيَامِ) خۆیان دەخستە سەر دارو گۆچان ئەوەندە ڕادەوەستان خۆیان بەوە دەگرت نەوەکا بەربنەوە کە شەوانی ڕەمەزان بەو شێوەیە بەڕێیان دەکردو بەو شێوەیە نوێژیان دەکرد بەو شێوەیە تەراویحیان دەکرد دیارە ئەم نوێژانەش بێگومان درێژن وە مرۆڤ تیایدا ماندوو دەبێت.

**پ٩٣/ ئایا حوکمی نوێژی تەراویح چیە؟**

و/ نوێژی تەراویح سوننەتەو واجب نیە جگە لەو پێنج فەرزە کە لەشەو و ڕۆژێك دا دەکرێت نوێژەکانی شەو و ڕۆژ سوننەتن‌و واجب نین بەڵام نوێژی تەراویح سوننەتێکی زۆر (مؤكدة) وە فەزڵی زۆری هەیە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی:

مَنْ قَامَ رَمَضَانَ إِيمَانًا وَاحْتِسَابًا غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ) [٦١] .

واتە: هەر کەسێك ڕەمەزان هەستێت‌و شەو نوێژ بکات وباوەڕی وابێت کە سوننەتەو چوەڕێی پاداشتی خوا بێت ئەوا خوای گەورە لە گوناهی ڕابردووی خۆش دەبێت.

کەواتە ئەو شەو نوێژەی ڕەمەزان پاداشتەکەی ئەوەیە کە خوای پەروەردگار لە گوناهی ڕابردووت خۆش دەبێت، ئەوە فەزڵی نوێژی تەراویح.

**پ٩٤/ ئایا پێغەمبەر ﷺ خۆی نوێژی تەراویحی بە جەماعەت ئەنجام داوە؟**

و/ بێ گومان پێغەمبەری خوا ﷺ سێ شەو کە نوێژی کرد موسوڵمانان شەوی یەکەم چەند کەسێك بوون، دوایی خەڵك بۆ بەیانی باسیان کرد کە ئەم شەو لەگەڵ پێغەمبەری خوا ﷺ نوێژی تەراویحیان بە جەماعەت کردووە، چوون لەگەڵ پێغەمبەری خوا ڕاوەستان‌و نوێژیان کرد، بۆ سبەی شەو زیاتر بوو بۆ شەوی سێیەم هەر زۆر زیاتر بوو، تا وای لێهات کە بۆ شەوی چوارەم مزگەوت پڕ بوو تا جێگا نەما، پێغەمبەر ﷺ بۆ نوێژی بەیانی نەهاتە مزگەوت وە کاتێکیش کە هات فەرمووی: (أني لم يخفَ عليّ مكانكم) بزانن وە نەبێ ئاگام لێ نەبێ ئێوە هاتون‌و لە مزگەوت ئەم شاو چاوەڕێتان ئەکرد بەڵام نەهاتم بۆ ئەوەی (خشيتُ أن تفرض عليكم) لەبەر ئەوە نەهاتم تەراویحتان بۆ بکەم بە بەردەوامی لە ترسی ئەوەی نەوەك واجب بێت لەسەرتان، بۆ ئەوەی واجب نەبێت نەهاتم، کەواتە ئەصڵەکە سوننەتە بەڵام مەترسی واجب بوونی هەبوو پێغەمبەری خوا ﷺ بە بەردەوامی نوێژی تەراویحی نەکرد بەڵام مادام کردی چەند شەوێك ئەوە بەڵگەیە لەسەر سوننەتیەتی کە پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ خۆی کردوویەتی .

---

(٦١)رواه البخاري في الصوم باب من صام رمضان إيماناً واحتساباً برقم ١٩٠١، ومسلم في صلاة المسافرين وقصرها باب الترغيب في صيام رمضان برقم ٧٦٠.

**پ٩٥/ ئایا ئافرەتانیش حوكمی پیاوانیان هەیە بۆ ئەوانیش لە حەقی ئەوانیش دا سوننەتە كەوا ئامادەی مزگەوتەكان بنو بە جەماعەت نوێژی تەراویح بكەن، یاخود لە ماڵێكدا كۆ ببنەوە بە جەماعەت بیكەن، یاخود حوكمی ئەوان جیاوازە؟.**

و/ بێگومان ئافرەتان پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (لا تمنعوا إماء الله مساجد الله) [٦٢] ڕێگری لە ئافرەتان مەكەن كە بێن بۆ ماڵەكانی خوا بۆ نوێژ، وە هەروەها بۆ نوێژی تەراویحیش كە بێن لە دوای ئیمامی پیاوەوە بیكەن لە شوێنی تایبەتی خۆیان بۆ ئەوەی تێكەڵی ڕوو نەدات بێگومان لەسەردەمی پێغەمبەری خوا ﷺ ئافرەتان لە نەفسی مزگەوت لە ڕیزەكانی دواوە ڕادەوەستانو پیاوەكان لە پێشەوە بوون بەلاَم تەقواو ئیمانی ئەوان قیاس ناكرێت لەگەڵ تەقوای خەڵكی ئەمڕۆ ئەوان زیاتر بە تەقواترو لە خواترس بوون بۆیە هیچ فیتنەیەك ڕووی نەداوە كە لە نەفسی مزگەوتیشدا نوێژیان كردوە بەلاَم ئەمڕۆ ئیمانی خەڵك لاواز بووە

﴿ظَهَرَ الْفَسَادُ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ بِمَا كَسَبَتْ أَيْدِي النَّاسِ ﴾﴿الروم:٤١﴾ .

خراپەكاری زیاد بووە وە بۆ(سد الذريعة) بۆ ئەوەی دەرگای فیتنە دابخەینو نەیكەینەوە زانایان دەفەرموون پێویستە ئافرەتان لە مزگەوت شوێنی تایبەتی خۆیان هەبێ كە بەو شێوەیە هاتن لە شوێنی تایبەتی خۆیان نوێژیان كرد لە دوای پیاوان دروستە إِنْ شَاءَ اللَّهُ، وە هەروەها ئەگەر ئیمامێكی پیاویش بۆ ئەوان هەبێ پێش نوێژیان بۆ بكات هەر دروستە هەر وەكو چۆن عومەری كوڕی خەتتاب (ڕەزای خوای لێ بێت) ئیمامێكی پیاوی تایبەتی بۆ ئافرەتان دانا لەسەردەمی خۆی كە پێش نوێژی بۆ ئافرەتان بكات.

**پ٩٦/ ژمارەی ركعەتەكانی فەرمووت عائشە دەفەرموێت پێغەمبەری خوا ﷺ لە یانزە ركعەتی زیاتر نەكردوە لە ڕەمەزانو لە غەیری ڕەمەزان كۆمەڵێك فەرموودەی زۆریش هەیە كەوا باسی ئەوە دەكەن كە پێغەمبەر ﷺ بیستو سێ ركعەتی كردبێت، وە ئیمامی عومەر بیستو سێی كرد بێت، ئایا هەموو ئەو ڕیوایەتانە هەموو زەعیفن هیچ ڕیوایەتێكی صەحیحیان تیا نیە یان بە مەجموعی** طرق **ناگەنە پلەی صحیح ؟.**

و/ پرسیارێكی جوانە بەلاَم پێش ئەوە شتێك ماوە پەیوەندی بە پرسیاری پێشووەوە هەیە پێویستە موسوڵمانانی لێ ئاگادار بكەینەوە ئەویش ئەوەیە كە دەڵێین دروستە بۆ ئافرەتان بۆ خوشكان كە بێن بۆ نوێژی تەراویح دەبێت ئاگایان لێبێت بە شێوەیەك بێن كە تیایدا خێرمەند بن نەك زەرەرمەند، ئافرەتان كە بێن بۆ نوێژی جەماعەت با بە نیەتی خالص بۆ خوای گەورە بێن، وە هەروەها بە شێوەیەكی شەرعیو بە لیباسو پۆشاكی شەرعی بێن، وە كە هاتن دەنگە دەنگو غەڵبە غەڵبو قسە نەكەن، وە خەریكی موبایل نەبن، خەریكی وێنەگرتن نەبن، خەریكی ئەوە نەبن سێ سێو چوار چوار بەیەكەوە دانیشنو مەجلیس ببەستنو عبادەتو نوێژو خواپەرستیو دوعاو قورئان خوێندن لەوانی تریش تێكدەن كە خەریكی عبادەتن، چونكە ئەو دیاریدەیە هەیە لەناو ئافرەتاندا پێویستە لە خوا بترسن هەر كەسێك بە نیەتێكی خالصەوە بێت، ئەگەر نا ئەوا بێگومان گوناهی زۆرە وە ئەوە شێوەیەكە لە فەسادیو خراپەكاری وە تاوانبار دەبێت، وە زۆر گوناهی دەگاتێ پەنا بەخوای گەورە، لە ماڵی خۆی دانیشێ زۆر زۆر خێرترە لەوەی كە بێ ئاوا خراپەكاری بكاتو نوێژی موسوڵمانانی تریش تێك بدات، وە لەوەش خراپتر

---

(٦٢) رواه مسلم .

زۆر تاوانی گەورەتر كە كەسانێكی كەم ئیمانو ئیمان لاواز لە كوڕانو كچان مزگەوتەكان بكەنە شوێنی مەوعیدەكانیان بۆ ئەوەی لەوێ لە ڕێگادا یەكتر ببینن یا لەوێ بە موبایل قسە لەگەڵ یەكتر بكەنو مەوعید دابنێنو چاویان بە یەكتر بكەوێ، هەر گەنجێك كوڕ یا كچ كە ئەو نیەتە لە دڵیدا بێ ئەوە خوای گەورە سوكی دەكات خوای گەورە سزای دەدات، خوای گەورە سەرفرازو بەختەوەری ناكات، بۆیە پێوستە لە خوا بترسن كوڕانیشو كچانیش بە نیەتێكی خالص ڕوو بكەنە ماڵەكانی خوای گەورەو وە قەدرو حورمەتی ماڵی خوای گەورە بزاننو عبادەتی خوای تیا بكەن نەك كاری بێ شەرعی.

**پ٩٧/ ئەگەر بە شێوازێكی شەرعیش ئافرەتان هاتن هەر ماڵەكانیان باشتر نیە كەوا لە ماڵەكانیان نوێژەكانیان بكەن؟**

و/ بێگومان باشترە تەنها لە حاڵەتێك دا نەبێ وەكو ئەصڵ بەڵێ بەڵام ئافرەتێك كە بزانێت لە ماڵەوە ناتوانێت شەونوێژ بكاتو تەراویح بكاتو عبادەتی خوا بكاتو دوعا بكات بەڵام كە هات بە كۆمەڵ بە هاوكاری جەماعەت دەتوانێ زیاتر بمێنێتەوە شەوەكەو خەوی لێ نەكەوێو عبادەتی خوا بكات لەو كاتەدا لەبەر ئەو شتانە ئەوا خێری زۆری دەگاتێو بێت چاكترە ان شاء الله.

بگەڕێینەوە سەر پرسیارەكە بەڵێ پێغەمبەری خوا ﷺ دوو فەرموودەی لێ وارد بووە فەرموودەیەكیان ئەوە بوو كە عائیشە (ڕەزای خوای لێ بێت) باسمان كرد كە پێغەمبەری خوا ﷺ نە لە ڕەمەزانو نە لە غەیری ڕەمەزان لە یانزە ڕكعەتی زیاتر نەكردوە، فەرموودەی دووەمیان پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: (صَلاةِ اللَّيْلِ، مَثْنَى مَثْنَى) [٦٣] نوێژی شەو دوو ركعەت دوو ركعەتە (فَإِذَا خَشِيَ أَحَدُكُمُ الصُّبْحَ فَلْيُوتِرْ بِوَاحِدَةٍ) هەر یەكێك لە ئێوە لەوە ترسا كە بانگی بەیانی بدات ئەوە با بە پەلە یەك ركعەت نوێژی (الوتر) بكات بۆ ئەوەی وترەكەی لە شەودا بكاتو نەچێتە ڕۆژەوە، جا كۆمەڵێك لە زانایان دەست بە فەرموودەی یەكەمەوە دەگرن دەڵێن لە یانزە ركعەت تەراویح نابێت زیاتر بكرێت، كۆمەڵێك زاناش دەست بە فەرموودەی دووەمەوە دەگرن پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی دوو ركعەت دوو ركعەت چەندی دەیكەی بیكە، ئەم دوو فەرموودەیە هەردووكی صەحیحە قسە لەوە دەكەین ئەما ئەوەی كە عومەر بیستو سێ ركعەت یا چلو شەش ركعەت یان چەند ركعەتی كردبێت ئەوا صەحیح نیەو ثابت نیە، صحیح لە عومەرەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) ئەوەیە كە باسمان كرد لە (موطأ)ی امام مالك دا هاتووە تەنها یانزە ركعەت ئەمری پێ كردن كە بیكەن، وە لە ریوایەتێكدا سیانزە ركعەت ئەوە جێگیرە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ، جەمع لە نێوان ئەو دوو فەرموودەیە چۆنە؟ مرۆڤی موسوڵمان دەبێت بڕوای بە هەموو فەرموودەكانی پێغەمبەری خواوە هەبێت ﷺ كۆمەڵی یەكەم دەڵێن فەرموودەی (مَثْنَى مَثْنَى) گشتیەو تایبەت دەكرێت بە فەرموودەكەی یانزە ركعەتەكە، كۆمەڵی دووەمیش دەڵێن نەخێر یانزە ركعەتەكە ئەوا بۆ كەسێكە كە بتوانێت بەو شێوە درێژیە قورئانی تیا بخوێنێت وەكو پێغەمبەری خوا ﷺ خوێندویەتی، بەڵام كەسێك كە نەتوانێت ئەوەندە قورئان بخوێنێت یان كەسێك بۆ خۆی قورئانی لەبەر نیە دەتوانێت دوو ركعەت دوو ركعەت بە كورتی بیكاو شەوەكە نەچێت هەر بە بیست دەقە یانزە ركعەت بكاو تەنها سورەتی (الفاتحة والاخلاص )ی

(٦٣) متفق علیه .

لەبەرە ئەوە بە بیست دەقە نوێژەکەی تەواو دەبێت ئەوجا شەو چی بکات؟ ئەوە بۆی هەیە تا بەیانی هەر دوو ڕکعەت دوو ڕکعەت بکات بە ئەندازەی خۆی کە قورئانی لەبەرە بیخوێنێت، بۆچونی تەواو وراجح لەم دوو مەسەلەیەدا بێگومان هەندێك لە زانایان لە ئەهلی سوننە ئەوەیان لا پەسندە کە یانزەیەو زیاتر لەوە تەنها ئەم دوو ڕکعەتەیە دوای ویتر کە دەکرێت بە دانیشتنەوە جگە لەوە دروست نیە، وە کەسانێکی تر ووتمان بەلایانەوە دروستە وە کە سەیری فەرموودەی (مَثْنَى مَثْنَى)ش بکەین بێگومان ئەوەی لێ فەهم دەکرێت کە دروستە إِنْ شَاءَ اللَّهُ کەسێك کە بیەوێت دوو ڕکعەت دوو ڕکعەت بکات چونکە فەرق نیە لە نێوان فەرموودەی پێغەمبەری خوا ﷺ لەگەڵ کارەکەیداو (تعارض) نیە کە دەڵێین بەڵێ کردەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ کە یانزە ڕکعەتە ئەوە سوننەتێکی کردارییە وە سوننەتی قەولیش بۆ خۆی فەرموویەتی ﷺ نوێژی شەو دوو ڕکعەت دوو ڕکعەتە کەسێك کە لە ئێوە بەیانی ترسا با ڕکعەتێك بکات ئەوە دیارە ڕێگەی پێداوە مرۆڤ دوو ڕکعەت دوو ڕکعەت بکات تا دەگاتە کاتی پێش نوێژی بەیانی، کەواتە دروستە إِنْ شَاءَ اللَّهُ ئەوە سوننەتی کرداریە ئەوەش سوننەتی قەولیە هیچ (تعارض) نیە لە بەینیاندا إِنْ شَاءَ اللَّهُ.

**پ٩٨/ ئایا ناتوانین بڵێین فەرموودەی: (مَثْنَى مَثْنَى) فەرموودەیەکی ( مجمل )ەو فەرموودەی یانزە ڕکعەتەکە ڕوونی دەکاتەوە؟**

و/ بۆیە ناتوانین وا بڵێین چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ هەر کەسێك تەماشای ئەو عبارەتە بکاو بیری لێ بکاتەوە (صَلاةِ اللَّيْلِ، مَثْنَى مَثْنَى) دوو ڕکعەت دوو ڕکعەت (فَإِذَا خَشِيَ أَحَدُكُمُ الصُّبْحَ) ئەو دوو ڕکعەتە دوو ڕکعەتە تا ئەو کات بەردەوام بێت دەگیتە بەیانی ئەوە ئەوەی لێ فەهم ناکرێت تەنها (١٠) ڕکعەت بێت بەڵکو ئەوەی لێ فەهم دەکرێت کە (مطلق)ە واتا (مفتوح)ە چەند دوو ڕکعەتی دەکەی بۆت هەیەو وە خیلافەکەش خیلافێکی اجتهادیە إِنْ شَاءَ اللَّهُ لە تێگەیشتنی ئەم دوو فەرموودەیە کەس هیچ لایەنێك نابێت تەبدیعی لایەنەکەی تر بکات بڵێت ئەوەی تریان بیدعەیە ئەوەی تریان (ضلالة)و گومڕاییە هەر کەسێك لەسەر قەولی یەکەم بێت (لَهُ ذَلِكَ) ئەوەی بۆ هەیە إِنْ شَاءَ اللَّهُ (مأجور) یشە لەسەری نوێژەکەی با وەکو پێغەمبەری خوا ﷺ وەکو صەحابە بەدرێژیو تێرو تەسەلی بکات کە ئێمە خۆمان الحمدلله لە مزگەوتی خۆمان بەو شێوەیە دەیکەین یانزە ڕکعەت دەیکەین بە درێژی خوای گەورە لێمان قەبوڵ بکات، بەلام کەسێکیش کە کار بە فەرموودەکەی تر بکات ناکرێت پێی بڵێین بیدعەیە یان گومڕاییە یا موخالەفەی سوننەتە، چونکە ئەویش کاری بە سوننەتێکی قەولی پێغەمبەری خوا ﷺ کردووە وە ئەو جۆرە خیلافانە فراوانن دەبێت سینگیشمان بۆی فراوان بێت .

**پ٩٩/ سێ ڕکعەتی کۆتایی دوایی ئەوەی هەشت ڕکعەت تەواو دەبێت ئەو سێ ڕکعەتەی کۆتایی ئایا ویترن هەرسێکیان یاخود ئەم دوو ڕکعەتەیان شەفعی پێ دەوترێت؟ .**

و/ دووەکەیان شەفعەو یەکەکەشیان ویترە.

**پ١٠٠/ ئایا لە نێوان هەر دوو ركعەتێك كە دەكرێت هیچ زیكرێكی تایبەت لە پێغەمبەری خواوە ﷺ وارد بووە كە دوو ركعەتی تەواو كرد بێتو زیكرێكی تایبەتی لە نێوان دا خوێندبێت؟**

و/ كە سەیری فەرموودەكانی پێغەمبەری خوا ﷺ بكەین نە پێش نوێژە تەراویحەكان نە دوای نوێژە تەراویحەكان نە لەنێوان دوو ركعەت دوو ركعەتەكان هیچ جۆرە زیكرێك نەهاتوە ئەوەی كە ئەمڕۆ دەیبینین لە مزگەوتەكان دەكرێت پێش ڕەمەزان بە (مرحبا مرحبا) دەست پێ دەكەنو لە سەرەتای ڕەمەزان تا پانزە مرحبا یەو لە شانزەوە بۆ دواوە (وداعا یا رمضان)ەو ئەوجا یا حەننانو یا دەییانو كۆمەڵێك شتی تر دەگوترێ ئەوانە هیچ ئەسڵو ئەساسی نیە لە سوننەت دا بەڵكو بیدعەیە وە هەروەها كاتێك كە هەڵدەستن بۆ دوو ڕكعەتی یەكەم دە هەزار صەڵاوات لەسەر پێغەمبەری خوا ﷺ كە هەڵدەستن بۆ دوو ركعەتی دووەم بیست هەزار صەڵاوات لەسەر پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوانە هەمووی داهێنراوەو گومڕاییە وە دەبێت عەقڵی مرۆڤ لەگەڵ سوننەت بێت پێمان سەیر نەبێت كە بڵێین بیدعەیە، چونكە ئەو عبادەتە ئەگەر خێر بوایە پێغەمبەری خوا دەیكرد ﷺ بەڵام موشكیلەی مرۆڤی موبتەدیعو جاهل ئەوەیە شەیتان پاڵی پێوە دەنێو بیدعەكەی لا خۆشەویستو موبارەك دەكاتو سوننەتەكەشی لا ناخۆشو بێ نرخ دەكات، بۆیە تەماشا دەكەین پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوەندە ڕادەوەستا لە نوێژدا تاوەكو قاچەكانی دەئاوسا، صەحابە ئەوەندە ڕادەوەستان سەدان ئایەتیان دەخوێند تەركیزیان دەخستە سەر ئەسڵە سوننەتەكە كە نوێژەكەیە شتی تریان نەبوو هی ئێمە ئەمڕۆ بیدعە زۆر دەخایەنێت ئێستا ئەوەندەی بە یا حەننانو یا دەییانو الوداع و ئەو جۆرە شتانەو صەڵاوات دەیخایەنن زۆر زیاترە لەو كاتە زەمەنیەی كە بە نوێژەكە دەیخایەنن نوێژەكە تەماشا دەكەین وەكو ئەوە نیە كە پێغەمبەری خواو ﷺ صەحابە دەیانكرد، هەیانە تەنها یەك سورەتە لە هەموو ڕكعەتەكان دووبارەی دەكاتەوە هەیە لە هەموو ركعەتێك یەك ئایەت دووبارە دەكاتەوە (قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ) الله أكبر (اللَّهُ الصَّمَدُ) الله أكبر كە بەڕاستی ئەوە گاڵتە كردنە بە نوێژ خوای گەورە باسی مونافقین دەكات:

﴿وَإِذَا قَامُوا إِلَى الصَّلاةِ قَامُوا كُسَالَى يُرَاءُونَ النَّاسَ وَلا يَذْكُرُونَ اللَّهَ إِلَّا قَلِيلًا﴾﴿النساء:١٤٢﴾.

مونافیقە كاتێك بۆ نوێژ هەڵدەستێ بە خێراییو تەمبەڵی دەیكات (ینقرون كنقر الغراب) چۆن قەلەڕەشێك دەنوك لە دەنكە گەنم دەدات ئەوانیش ئەوا بە پەلە لە سوجدەو ركوع ئارام ناگرێت تیایدا وە بەهەمان شێوە كە تەماشا بكەین وەسفی نوێژی ئیماندار چۆنە

﴿قَدْ أَفْلَحَ ٱلْمُؤْمِنُونَ * ٱلَّذِينَ هُمْ فِي صَلَاتِهِمْ خَاشِعُونَ﴾﴿المؤمنون:١-٢﴾.

موسوڵمان لە نوێژدا لە خواترسە زۆر دەمێنێتەوە لە ڕاوەستان قورئانی زۆری تیادا دەخوێنێت لە ركوع دا دەمێنێتەوە لە سوجدەدا كە ئاواش بڵێین با سوننەتەكە بكەین یەكسەر لێمان ڕاست دەبنەوە كاكە پیرەمێرد هەیەو خەڵكی نەخۆش هەیەو ناتوانن، ئەوانە دەتوانن بۆ بیدعە چەند كاتژمێر بمێننەوە بەڵام بۆ شتێك كە سوننەتی پێغەمبەری خوایە ﷺ نامێننەوە لە كاتێكیشدا كە ڕوخسەت هەیە پێغەمبەر ﷺ فەرمووی بە پێوە نوێژ بكە گەر نەتتوانی بە دانیشتنەوە گەر نەتتوانی بە پاڵ كەوتنەوە بیكە بە تایبەتیش سوننەت هەر لە سەرەتاوە بۆت هەیە بە دانیشتنەوە بیكەی با ئیمام نوێژەكەی درێژ بكاتەوە بۆ ئەوەی تامو چێژی خۆی هەبێتو لەزەتی عبادەتەكە

هەبێت إِنْ شَاءَ اللَّهُ کەواتە ئەو زیادانە هەمووی داهێنراوە، بۆ ئەوەی زیاتر تێبگەین جارێکیان کەسێك لای ابن عمر (ڕەزای خوای لێ بێت) کە پژمی ووتی: الحمد لله والصلاه والسلام علی رسول الله، ابن عمر فەرمووی: پێغەمبەری خوا ﷺ وای فێر نەکردوین کە پژمین لە دوای الحمد لله صەڵاوات لێبدەین، کابرا ووتی: جا بۆ خوای گەورە لەسەر صەڵاوات دان لەسەر پێغەمبەری خوا ﷺ سزامان دەدات، فەرمووی: خوای گەورە لەسەر موخالەفەی سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ سزات دەدات، بزانە صەحابە کە عبدالله ی کوڕی عمر پێغەمبەری خوا ﷺ لە هەموو کەسێك خۆشتری ویستوە، بەڵام لێرەدا دەفەرموێت: ئەوە زیادە کرا صەڵاواتەکەی قەبوڵ نەبوو کە لە دوای الحمد لله بکرێت لە پژمین دا قبوڵی نەبوو چونکە بیدعەیەو داهێنراوە، ئێمەش نوێژەکان چی هەیە با ئەوە بکەین ئەسڵەن نوێژەکە بە خشوعو بە لە خوا ترسانەوە ئەو هەموو پێشگرو پاشگرانەی بۆ دانەنێین کە جوانی نوێژەکەی نەهێشتوەو تەنها بوەتە کۆرسو دەنگ هەڵبڕینو بە جەماعەت هاوارکردن کە هیچی شەرعی نیەو قەرزار دەبنەوە لەسەری .

**پ١٠١/ ئایا حەننانو دەییان ناوی خوای گەورەن کە هاواریان پێ بکرێتو لە ناو تەراویحەکان بوترێت یا حەننانو یا دەییان ؟.**

و/ نەخێر لە فەرموودەی صەحیح دا نەهاتوە ئەوە نابێت هاوار بکرێت پێیانو هاوار کردن پێیان دروست نیە لەبەر ئەوەی ناوی خوای گەورە نین .

**پ١٠٢/ هەر لە نێوان ركعەتەكاندا هەندێ جار ئەڵێن:** (یامحمد ﷺ اشفع لنا یوم الزحام)

و/ هاوار دەکەنە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوە شەریك بۆ خوا دانانە پەنا بەخوا.

**پ١٠٣/ بەبێ ئەوەی کە ماموستایانی پێش نوێژ ئاگاداری خەڵکەکە بکەنەوە کە ئەمە هاوار کردنە بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ وە شەریك دانانە بۆ خوای گەورە؟**

و/ داواکردن لە پێغەمبەری خوا ﷺ لە ژیانی دونیادا بەڵێ وە لە ڕۆژی قیامەتیش کە ئێمەش زیندووینو پێغەمبەرانیش زیندون دەچنە لای پێغەمبەرانو تا لای پێغەمبەری خوا ﷺ داوای شەفاعەتی لێ دەکەن بەڵێ، بەڵام لە ژیانی دونیادا لە دوای مردنی خۆی داوای لێ بکرێت شەفاعەتمان بۆ بکە ئەوە گومڕاییەو شیرکە، خوای پەروەردگار فەرموویەتی:

﴿إِن تَدْعُوهُمْ لا يَسْمَعُوا دُعَاءَكُمْ وَلَوْ سَمِعُوا مَا اسْتَجَابُوا لَكُمْ وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ يَكْفُرُونَ بِشِرْكِكُمْ وَلا يُنَبِّئُكَ مِثْلُ خَبِيرٍ﴾﴿فاطر: ١٤﴾.

وە هەروەها خوای پەروەردگار فەرموویەتی:

﴿فَلا تَدْعُ مَعَ اللَّهِ إِلَهاً آخَرَ فَتَكُونَ مِنْ الْمُعَذَّبِينَ ﴾﴿الشعراء: ٢١٣﴾.

خوای گەورە بە نەصی قورئان دەفەرموێت: ﴿إِنَّكَ مَيِّتٌ وَإِنَّهُمْ مَيِّتُونَ ﴾﴿الزمر: ٣٠﴾.

وە لە ئایەتی تریشدا خوای گەورە دەفەرموویٚت: ئایا ئەگەر مردیت ئەوان هەڵدەگەڕێنەوە لە دین کەواتە پێغەمبەری خوا ﷺ مردووە لە نەزرەی ئێمەی دونیادا ئەو مردووە ڕاستە ژیانێکی هەیە ژیانێکی بەرزەخی و ناوگۆڕە بەلاّم ئێستا دەڵێین پێغەمبەر ﷺ مردووە یان زیندووە، ئەگەر بڵێین زیندووە کەواتە بۆچی أبوبکر بوو بە خەلیفە لە دوای پێغەمبەری خوا ﷺ حەق نەبوو أبوبکر ببێتە خەلیفە مادام پێغەمبەر خۆی زیندووە و هەر خۆی أموری دونیا بەڕێوە دەبات، ئەی بۆچی وەحی ڕاوەستا بۆچی جبریل نەهاتە خوارەوە هیچی تر بۆچی کۆمەڵێك شتی تر دروست بوو لە دوای پێغەمبەری خوا ﷺ بینایە لەسەر ئەوەی کە پێغەمبەری خوا مردوە ﷺ بەلاّم بڵێین ئەو زیندوە ئەوە تەواو نیەو هاواری بکەینێ ئەوە شەریك بۆ خوا دانانە جا هەرکەسێك بێت تەراویح بکات و لەو لاشەوە بڵێت: (یا محمد اشفع لنا یوم الزحام) شەفاعەتمان بۆ بکە ڕۆژی ئیزدحام ئەوە شەریکی بۆ خوا داناوە پەنا بەخوای گەورە عبادەتەکانی هەڵدەوەشێتەوە، مرۆڤ لە غەیری خوا نابێت هاوار بکاتە کەس وە خوای گەورە دەفەرموویٚت:

﴿وَمَنْ يَدْعُ مَعَ اللَّهِ إِلَهاً آخَرَ لا بُرْهَانَ لَهُ بِهِ فَإِنَّمَا حِسَابُهُ عِنْدَ رَبِّهِ إِنَّهُ لا يُفْلِحُ الْكَافِرُونَ﴾ ﴿المؤمنون:١١٧﴾.

هەرکەسێ لەگەڵ خوا هاوار کاتە یەکێکی تر ئەوە هیچ بەڵگەی پێ نیە حیسابیشی لای خوا ئەوەیە کە خوای گەورە مرۆڤی کافر سەرکەوتوو ناکات .

**پ١٠٤/ قنوت لە چەندی ڕەمەزانەوە دەست پێ دەکات ئایا لەسەرتاوە قنوت دەخوێنرێت یاخود لە پانزەوە؟**

و/ ڕای ڕاجح واللە اعلم لە پانزەی ڕەمەزانەوە لە نیوەی کۆتایەوە دەست پێ بکرێت.

**پ١٠٥/ ئایا لە پێش ركوعە یان لەدوای ركوع؟**

و/ قنوتی نوازل لەدوای ركوعە كاتێك كە بەلاّیەك دێت لە دوای ركوع هەڵدەستیتەوە قنوتەكە دەخوێنیت، بەلاّم قنوتی ویتر ڕای ڕاجح ئەوەیە کە لە پێش ئەوەی بچیتە ركوعەوە قنوت بخوێنرێت.

**پ١٠٦/ ئەگەر لە دوای ركوع دەست بەرز بكەیتەوە دەتوانرێت بڵێیت كارێكی بیدعەو بێ شەرعیە؟**

و/ نا ان شاء اللە مادام خیلافی اجتهادی بێت مەسەلەی حوکم دان بە بیدعە قورسە بەلاّم وتمان ڕای دروست ئەوەیە کە قنوتەکەی پێش ركوع بێت إِنْ شَاءَ اللَّهُ واللە اعلم .

# ئیعتکاف کردن

**پ١٠٧/ ئایا ئیعتیكاف كردن مانای چیە؟ وە چۆنە؟ وە مەرجەكانی چیە؟ وە كەی دەست پیّ دەكات؟ وە لەچ شوێنێكدا ئەكرێت؟ وە ئەو حوكمانەی كە پەیوەستن بە ئیعتیكافەوە؟.**

**خوای گەورە دەفەرموویێت:** ﴿وَلا تُبَاشِرُوهُنّ وَأَنْتُمْ عَاكِفُونَ فِي الْمَسَاجِدِ ﴾﴿البقرة:١٥٧﴾ **لە ڕوانگەی ئەم ئایەتەوە مانای** (عَاكِفُونَ) **چیە؟ وە مانای** (الاعتكاف) **چیە؟ پاشان لە دواتردا بە درێژی دەچینە سەر ڕاڤەی ئایەتەكەو لێكدانەوەی ئایەتەكە؟**

و/ سەرەتا خوای پەروەردگار لەم ئایەتە پیرۆزە دا ئاماژە بە حوكمێك دەكات كە تایبەتە بەو كەسانەی كە لە ئیعتیكاف دان، بەڵام وەكو باستان كرد جاریّ تەفسیری ئایەتەكەمان مەبەست نیە تەنها ووشەی (عَاكِفُونَ) یان (الاعتكاف)، (عَاكِفُونَ) اسم فاعلە لە (عكف)ەوە هاتوە، وە (عكف)یش بە مانای حەپس كردنو مانەوە دێت، واتا مرۆڤ خۆی لە شوێنێك بمێنێتەوە وە (اقامة) لە شوێنێك بكات وەكو ئەوەی بڵێی خۆی خۆی حەپس بكات، نەك حەپس بە مانای سجن كردن بەڵكو بەو مانایە كە مرۆڤ وا لە خۆی بكات لە شوێنێك بمێنێتەوەو لێی دەرنەچێت، وە بۆ ئەوەی بتوانێت عبادەتێك بەجێ بگەیەنێت، وە لە شەرعیشدا بە گوێرەی بەڵگەكانی قورانو سوننەتو ووتەی زانایان كە لە قورئانو فەرموودە تێگەیشتون (الاعتكاف) بریتیە لە عبادەتێك كە مرۆڤی موسوڵمان پێی هەڵدەستێت ئەو عبادەتەش شێوازی تایبەتی خۆی هەیە كە ئەوەیە مرۆڤ دەمێنێتەوەو خۆی یەكلا دەكاتەوە بۆ عیبادەتی خوای پەروەردگارو زیكری خوای گەورەو یادی خوای پەروەردگار.

**پ١٠٨/ حوكمی ئەو ئیعتیكافە لە ڕووی شەرعەوە چیەو تا چەند شەرعیە؟ وە ئایا پێغەمبەری خوا ﷺ خۆی ئیعتیكافی كردووە لە مزگەوتەكاندا ماوەتەوە بۆ خوا پەرستی؟**

و/ ئیعتیكاف بیّ گومان دروستە لە شەرعی ئیسلامداو هاتووە، چونكە پێغەمبەری خوا ﷺ ساڵانە لە ڕەمەزاندا ئیعتیكافی دەكرد، عائیشە (ڕەزای خوای پەروەردگاری لیّ بێت) دەڵێت: ( عن عائشة –رضي الله عنها– أَنّ النَّبِيّ ﷺ كَانَ يَعْتَكِفُ الْعَشْرَ الْأَوَاخِرَ مِنْ رَمَضَانَ حَتّى تَوَفَّاهُ اللّهُ ثُمّ اعْتَكَفَ أَزْوَاجُهُ مِنْ بَعْدِهِ )[٦٤].

واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ دە شەوی كۆتایی ڕەمەزان (الْعَشْرَ الْأَوَاخِرَ) ئیعتیكافی دەكرد تا وەفاتی كرد، پاشان خێزانەكانی لە دوای خۆی ئیعتیكافیان دەكرد.

وە لە فەرموودەیەكی تردا عائیشە دەفەرموویێت: (كَانَ يَعْتَكِفُ الْعَشْرَ الْأَوَاخِرَ).

واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ لە دە شەوی كۆتایی ڕەمەزان (الْعَشْرَ الْأَوَاخِرَ) ئیعتیكافی دەكرد تا وای لێهات ئەو ساڵەی كە تیایدا وەفاتی كرد بیست ڕۆژ پێغەمبەری خوا ﷺ ئیعتیكافی كرد .

**پ١٠٩/ سەبارەت بە شوێنی ئیعتیكاف كردن ئایا شوێنێكی تایبەتی هەیە كە ئیعتیكافی تیا بكرێت، یاخود بە ڕەهایی لە هەر شوێنێكدا ئیعتیكاف بكرێت دروستە؟ واتا ئایا لە ماڵەوە هەر كەسێك دەتوانێت بۆ خۆی ئیعتیكاف بكات؟ یاخود هەندێك كەس دەچن بۆ ئەشكەوتەكانو لە شوێنی دوور لە شار ئیعتیكاف دەكەن؟ یاخود**

---

(٦٤) متفق علیه .

**هەندێك كەس دەچن بۆ شوێنی تاریك یاخود لە مزگەوتەكاندا؟ ئایا شوێنێكی تایبەتو دەستنیشان كراوی هەیە كەوا لە شەرعدا دیاری كرابێتو دەستنیشان كرابێت؟**

و/ ووتمان حوكمی ئیعتیكاف كە دروستە بەڵكو سوننەتیشە بەڵام واجب نیە، ئەو سوننەتە مرۆڤ لە كوێ بە جێی بگەیێنێت، لەچ شوێنێك مرۆڤ ئەو سوننەتە بكات، خوای پەروەردگار لە قورئانە پیرۆزەكەیدا دەفەرموویێت:

﴿وَلا تُبَاشِرُوهُنّ وَأَنْتُمْ عَاكِفُونَ فِي الْمَسَاجِدِ ﴾﴿البقرة:١٥٧﴾.

واتە: مەچنە لای خێزانەكانتان لە كاتێكدا كە ئێوە موعتەكیفن لە مزگەوتەكاندا،

وە عائیشەش (ڕەزای خوای لێ بێت) لە ووتەیەكی دا كە صەحیحە دەفەرموویێت:

(وَلاَ اعْتِكَافَ إِلاَّ فِي مَسْجِدٍ جَامِعٍ)) [٦٥]،

واتە: ئیعتیكاف نیەو نابێت تەنها لە مزگەوتێك نەبێت كە نوێژی هەینی تێدا بكرێت.

كەواتە ئیعتیكافو مانەوەی موسوڵمان بۆ عیبادەت كردنی خواو یەكلا بوونەوە بۆ خواو دابڕان لە خەڵك بۆ ئەوەی لەگەڵ خوای خۆت یەكلا ببیتەوە ناكرێت بڵێی ئەو عیبادەتە تایبەتە كە ئیعتیكافە لە ماڵان دەیكەم، یان لە ئەشكەوتێكدا دەیكەم، یان لە شوێنێكی چۆڵدا دەیكەم، نەخێر ئەم عیبادەتە تایبەتە بە مزگەوتەكانەوە دەبێت مرۆڤی موسوڵمان لە مزگەوت دا بیكات، بەڵام ئەوەی كە هەندێك كەس بیكات بڵێت من دەچمە ئەشكەوتێك چونكە پێغەمبەری خوا ﷺ كاتی خۆی پێش ئەوەی كە وەحی بۆ بێت دەچوو بۆ (غار حراء) لەوێ ئەو خەریكی خەڵوە كێشانو ئیعتیكاف بوو بێگومان ئەوە نابێتە بەڵگە چونكە دوای دابەزینی وەحی پێغەمبەری خوا ﷺ جارێكی تر نەچووەوە بچێت ئیعتیكاف لە ئەشكەوتێك دا بكات یا لە شوێنێكی چۆڵ بیكات بەڵكو لە مزگەوتەكان دا لە مزگەوت ئیعتیكافی دەكرد، وە هەروەها ئیعتیكاف كردنو مانەوە لە غەیری مزگەوت ئیمامەكان دەفەرموون گومڕاییە، چونكە هەر كەسێك بێتو لە غەیری مزگەوت بمێنێتەوە بێگومان جومعەی دەچێت، جەماعەتی دەچێت، ئەوەش مرۆڤ پێی فاسق دەبێتو توشی گوناهی گەورە دەبێت كە واز لە جومعەو جەماعەت بێنێت، كەواتە شەڕی زیاترەو زەرەری زیاترە لە خێرو لە چاكەكەی.

**پ١١٠/ كەواتە هەر ئیشێك كەوا پێغەمبەری خوا ﷺ لە پێش دابەزینی وەحی كردبێتی نابێتە بەڵگە بۆ ئێمە؟**

و/ بێگومان شەریعەت ئەوەیە كە لە قورئانی پیرۆزدا خوای پەروەردگار بە وەحی بۆ پێغەمبەری ناردبێت ﷺ ئەوە بەڵگەیە.

**پ١١١/ ئایا ئیعتیكاف لە هەموو مزگەوتەكاندا دروستە بكرێت؟ یاخود تایبەتە بەو سێ مزگەوتەوە ( كەعبەی پیرۆز و مزگەوتی پێغەمبەرو ﷺ مزگەوتی قودس؟).**

و/ زانایان لەو بارەیەوە سێ بۆچونیان هەیە: بۆچونی یەكەم: ئەوەیە كە ئیعتیكافو مانەوە لە هەموو مزگەوتێك دا دروستە تەنانەت ئەگەر بچوكیش بێتو جومعەشی تیا نەكرێت، وەكو مزگەوتی گەڕەكو كۆڵانەكان، بۆچونی دووەمی زانایان ئەوەیە كە دەبێت مزگەوتەكە جامع بێت واتا موسوڵمانان تیایدا كۆ ببنەوە بۆ نوێژی هەینیو

---

[٦٥] رواه أبو داود رقم الحديث (٢٤٧٥)، والبيهقي في السنن رقم الحديث (٨٣٧٧) . قال الشيخ الألباني في صحيح أبي داود (٢٣٥/٧) .

نوێژی هەینی تیادا بکرێت بۆ ئەوەی کە ئەو کەسەی لە ئیعتیکاف دایە نە جومعەی بچێت نە موحتاجی ئەوەش بێت کە بچێتە مزگەوتێکی جامع بۆ جومعە کردنو لە مزگەوتی خۆی ئیعتیکاف دەکاتو جومعەشی لێ هەیە ئەوە بۆچونی دووەمە کە بۆچونی جمهوری زانایانە وە قەولی عائیشەیە (ڕەزای خوای پەروەردگاری لێ بێت) (وَلاَ اعْتِكَافَ إِلاَّ فِي مَسْجِدٍ جَامِعٍ) (٦٦) ، واتە: ئیعتیکاف نیەو نابێت تەنها لە مزگەوتێك نەبێت کە نوێژی هەینی تێدا بکرێت.

وە ئایەتەکەش خوای پەروەردگار بە (مطلق)ی کە هێناویەتی:

﴿وَلا تُبَاشِرُوهُنّ وَأَنْتُمْ عَاكِفُونَ فِي الْمَسَاجِدِ ﴾﴿البقرة:١٥٧﴾ .

بەڵام ووتمان قەولی عائیشە (ڕەزای خوای پەروەردگاری لێ بێت) بە (نفی و بە الاستثناء) (وَلاَ اعْتِكَافَ إِلاَّ فِي مَسْجِدٍ جَامِعٍ)، بۆچونی سێیەم (لا اعْتِكَافَ إِلا فِي المساجد الثلاثة) ئەوە لە حذیفەوە گێردراوەتەوە (ڕەزای خوای پەروەردگاری لێ بێت) وە قەولی سعید بن المسیب(یشە (ڕەزای خوای پەروەردگاری لێ بێت)، وە لە (عطاء)یشەوە هاتوە بەڵام ئەو ئەپهرەی کە لە عطاوە هاتوە موقوفە لەسەر خۆی کە لە عطاوە هاتوە (مقطوع)ە، مسجد الاقصی تیایی نیە تەنها مسجد الحرام و مسجد النبوی تیایە ئەوەش کە لە حزیفەوە هاتوە (ڕەزای خوای پەروەردگاری لێ بێت) بە دوو شێوە هاتوە بە مەرفوعی دابێتیە پاڵ پێغەمبەری خوا ﷺ وە بە (موقوف)یش قسەی خۆی بێت خلاف هەیە لە بەینی زانایانی حدیث ئایا (لا اعْتِكَافَ إِلا فِي المساجد الثلاثة) مەرفوعەو فەرموودەی پێغەمبەری خوایە ﷺ یان (موقوف)ە لەسەر حذیفە (ڕەزای خوای پەروەردگاری لێ بێت) بە هەر حاڵ بۆچونی جمهور ئەوەیە کە لە هەموو مزگەوتێکی (جامع) دا دروستە، وە بۆچونی حزیفە وە سعید بن المسیب، تەنها لە سێ مزگەوت دا وە بۆچونی (عطاء) تەنها لە دوو مزگەوت دا لەم سەردەمەشدا هەندێك لە ئەهلی عیلمی فاچل، زانایانی ئەئیمەی ئەهلی سوننە تیایان دا هەیە کە بۆچونی وایە تەنها لەم سێ مزگەوتە دا دەبێت، بەڵام بۆچونی جمهوری زانایانی ئەهلی سوننە ئەوەیە کە دروستە لە هەر مزگەوتێك کە جومعەی تیادا بکرێت وە وەڵامیشیان بۆ فەرموودەکەی (حذیفة) (ڕەزای خوای پەروەردگاری لێ بێت) ئەوەیە کە دوو وەڵامیان هەیە یەکەمیان خیلاف هەیە لە (رفع و وقف)ی دا، دووەمیشیان ئەوەیە کە لە تەفسیرو تێگەیشتنی بۆچونەکەدا لە ئیعتیکاف واتا هیچ ئیعتیکافێك تەواو نیەو پاداشتی تەواو نیە وەکو ئەو ئیعتیکافەی کە لەو سێ مزگەوتەدا دەکرێت وە ئەوەشیان ئاسانترە لەسەر ئوممەتی محمد ﷺ کە موسوڵمانان لە هەر ووڵاتێك بن لە هەر شارێك بن بێ بەش نەبن لەو عیبادەتەو بتوانن لە مزگەوتەکان دا وەکو خوای پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿وَلا تُبَاشِرُوهُنّ وَأَنْتُمْ عَاكِفُونَ فِي الْمَسَاجِدِ ﴾[البقرة:١٥٧].

ئیعتیکافی خۆیان بکەنو لەو عیبادەتە بەرزە بێ بەش نەبن وەکو چۆن بۆیان هەیە لە هەموو مزگەوتێك دا نوێژەکەی خۆیان بکەنو تەراویحەکەیان بکەن و لیلة القدر بکەن وە بەهەمان شێوەش بتوانن ئیعتیکافی خۆیان بکەن ئەوە مەزهەبی جمهورە والله اعلم ئەوەشیان راجح ترە ان شاء الله، لەگەڵ ئەوەدا کە هەر کەسێك بۆی

(٦٦) رواه أبو داود رقم الحديث (٢٤٧٥)، والبيهقي في السنن رقم الحديث (٨٣٧٧) . قال الشيخ الألباني في صحيح أبي داود (٢٣٥/٧) .

بکرێت لەو سێ مزگەوتە دا ئیعتیکاف بکات (المسجد الحرام والمسجد النبوي والمسجد الاقصى) بێگومان ئەوە باشترەو چاکترەو الله اعلم .

**پ١١٢/ (تەفسیری ابن عباس (خوایان لێ ڕازی بێت) بۆ ئایەتەکە ﴿وَأَنْتُمْ عَاكِفُونَ فِي الْمَسَاجِدِ﴾[البقرة:١٥٧] تەنها بۆ سێ مزگەوتە، ئایا ئەم تەفسیرەی ابن عباس دەبێتە بەڵگە کەوا تەنها دروست بێت لەو سێ مزگەوتەیا بکرێت و لە مزگەوتەکانی تردا دروست نەبێ یا ئەمیش هەر بۆچونێکی تایبەتیە؟**

و/ ووتمان جمهوری صەحابە (ڕەزای خوای پەروەردگاریان لەسەر بێت) وە جمهوری علماء وا تێگەیشتون لە ئایەتەکەو لە قەولی صەحابە لە قەولی حژیفەو ئەوان وا تێگەیشتون کە گشتیە بەڵام کە تەنها بۆ ئەو سێ مزگەوتەیە واتا لەم سێ مزگەوتە لە هەمووی باشترو چاکترە ئەوجا مەرج نیە لە هەر صیاغێکی عەرەبیدا کە (نفي و الاستثناء) هەبوو وا بزانین کە ئەوە بۆ حصری حەقیقیە، هەندێك جار بۆ حەصری اضافیە یان نسبیە، حصر لە زمانی عەرەبی دا دوو شێوەی هەیە حەصری (مطلق) هەیەو حەصری (کمال)یش هەیە، واتا ئیعتیکافی کامڵ و پاداشتی زۆر لەو سێ مزگەوتەدا نەبێ نیە، یان بۆ نمونە لە فەرموودەی تردا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: (مَنْ حَمَلَ عَلَيْنَا السِّلَاحَ فَلَيْسَ مِنَّا) (٦٧) واتە: ئەوەی چەك دژمان هەڵگرێت ئەوە لە ئێمە نیە.

ئایا ئەو کەسە کافر دەبێت؟ نەخێر، یان (من غشّنا فليس منا).

واتە: ئەوەی فێڵمان لێ بکات لە ئێمە نیە.

کۆمەڵێك هەیە لە زانایان کە تەفسیری دەکەن تەفسیرێکی وا کە لەگەڵ ئایەت و فەرموودەکانی تر بێتەوەو یەك بگرێتەوە، یان (لَا يُؤْمِنُ أَحَدُكُمْ حَتَّى يُحِبَّ لِأَخِيهِ مَا يُحِبُّ لِنَفْسِهِ) (٦٨) چۆن (لَا يُؤْمِنُ) واتا ئەم مرۆڤە کافر دەبێت؟ نەخێر، واتا (لا يؤمن إيماناً كاملاً) ئیمانی کامل نیە تاوەکو ئەوەی بۆ خۆی پێ خۆشە بۆ منیش پێ خۆش نەبێ، یان (لَا يَدْخُلُ الْجَنَّةَ زَانٍ) کەسێك کە زینا بکات ناچێتە بەهەشتەوە، واتا چی ناچێتە بەهەشتەوە؟ مانای ئەوە نیە کە هەر ئەسڵەن ناچێت، واتا چوونی سەرەتایی و ئەوەڵی ناچێت بەڵام دوایی دەچێت والله اعلم .

**پ١١٣/ ئایا ئیعتیکاف لە چ کاتێکدا دەکرێت، ئایا کاتێکی دیاریکراوی هەیە کە تایبەت بێت بە ڕەمەزانەوە یاخود بە درێژایی ساڵ هەر کاتێك موسوڵمان توانی ئیعتیکاف دەکات؟**

و/ زانایان لەسەر ئەوەن کە بە درێژایی ساڵ مرۆڤ هەر کاتێك بیەوێت هەر شەو و ڕۆژێك بیەوێت ئیعتیکاف بکات بۆی هەیە ئیعتیکاف بکات إِنْ شَاءَ اللَّهُ تایبەت نیە بە ڕەمەزانەوە بەڵام لە ڕەمەزاندا باشترە.

**پ١١٤/ ئایا ئیعتیکاف هیچ مەرجێکی هەیە ئەو کەسەی کەوا ئیعتیکاف دەکات ئەبێت ئەو مەرجانەی تیا بێت وەکو ئەو کەسەی کەوا موعتەکیفە مەرجە لەسەری کەوا بە ڕۆژوو بێت؟**

و/ ئەو کەسەی کە ئیعتیکاف دەکات ئایا مەرجە بەڕۆژوو بێت یان مەرج نیە؟ زانایان لێرەدا دوو بۆچونیان هەیە بۆچونێکیان هی ی مالیك و ئەحمەدو ئەبو حەنیفەیە، ئیمامی ئەحمەد لە ریوایەتێکدا دەفەرموێت: مەرجە بەڕۆژوو بێت، ئەگەر بە ڕۆژوو نەبێت ئەوا ئیعتیکافەکەی درووست نیە بە بەڵگەی ئەوەی خوای پەروەردگار ئایەتی

---

(٦٧) رواه البخاري (٦٣٦٦) ، ومسلم (١٤٥) .

(٦٨) صحيح البخاري – كِتَاب الْإِيمَانِ – بَاب مِنْ الْإِيمَانِ أَنْ يُحِبَّ لِأَخِيهِ مَا يُحِبُّ لِنَفْسِهِ .

ئیعتیکافی لەگەڵ ئایەتی صیام باسکردووە، بۆیە دەبێت ئیعتیکاف لە کاتێکدا بێت کە مرۆڤ بەڕۆژوە، وە دیسان ووتەی عائیشە (ڕەزای خوای لێ بێت) کە دەفەرمووێت: (وَلاَ اعْتِكَافَ إِلاَّ بِصَوْمٍ) .

واتە: ئیعتیکاف نیە تەنها بەڕۆژووەوە نەبێت.

بەڵام قەولی تر کە مەزهەبی ئیمام شافیعە (ڕەحمەتی خوای گەورەی لێ بێت) وە ئیمامی أحمد لە ڕیوایەتێکی تردا دەفەرموون: بەڕۆژوو بوون مەرج نیە بەڵام سوننەتە مرۆڤ کاتێك کە موعتەکیفە بەڕۆژووش بێت ئەوە خێرترە نەك مەرج بێت، ئەوەش بە بەڵگەی فەرموودەکەی عومەر (ڕەزای خوای پەروەردگاری لێ بێت) کە دەفەرمووێت: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ من لە جاهیلیەتدا نەزرم کرد بوو شەوێك لە (مسجد الحرام) ئیعتیکاف بکەم، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی (أوف بنذرك) بێگومان ئەو شەو موعتەکیف بوو لەشەودا ڕۆژووی تیا نیە، وە هەروەها لە فەرموودەیەکی تریشدا کە ئیمام موسلیم ڕیوایەتی کردووە دەفەرمووێ پێغەمبەری خوا ﷺ (اعْتَكَفَ فِي الأَوّلِ مِنْ شَوّالٍ) [٦٩] یەکەم ڕۆژی شەوال ئیعتیکافی کرد، لە فەرموودەیەکی تر دا (اعْتَكَفَ فِي الْعَشْرِ الأَوّلِ مِنْ شَوّالٍ) دە ڕۆژی یەکەمی شەوال ئیعتیکافی کرد، بێگومان یەکەم ڕۆژی شەوال چیە ڕۆژی جەژنە کە تیایدا بەڕۆژوو بوونو ڕۆژوو گرتن نیە، کەواتە بۆچوونی دروست ئەوەیە کە بە ڕۆژوو بوون لە کاتی (الاعتكاف) دا سوننەتە وە واجب نیە، هەڵبەتە ئەوە بۆ غەیری ڕەمەزان دەڵێین ئەگەر نا لە ڕەمەزان واجبە مرۆڤ بە ڕۆژوو بێت.

### پ١١٥/ جگە لەم مەرجە هیچ مەرجێکی تری هەیە؟

و/ مەرجی ئەوەیە کە مرۆڤ لە مزگەوت نەچێتە دەرەوە تەنها بۆ حاجەتێك نەبێت بۆ عوزرێکی شەرعی خۆی نەبێت لە مزگەوت نەچێتە دەرەوە، چونکە ئیعتیکاف ئەوەیە کە تۆ خۆت حەبس بکەیتو لە مزگەوتدا بمێنیتەوە بۆ عیبادەتی خوا کەواتە مەرجەکەی ئەوەیە تۆ لە مزگەوت دابنیشیتو نەچیتە دەرەوە، وە وتیشمان دیسان لە خێزانی خۆیشی نزیك نەبێتەوە بۆ ئەوەی کە ئیعتیکافەکەی بەتاڵ نەبێتەوە.

### پ١١٦/ ئەو کەسەی کەوا دەکات کەی دەچێتە شوێنی ئیعتیکافەکەی وە کەی دەردەچێت؟

و/ زانایان دوو بۆچونیان هەیە سەبارەت بەوە، یەکێکیان ئەوەیە کە ئەو کەسەی ئیعتیکاف دەکات پێویستە دوای نوێژی بەیانی لە مزگەوت کە بە جەماعەت دەیکات بچێتە موعتەکەفەکەی خۆیەوە، واتا دەست بە ئیعتیکاف بکات وە بۆچونی ئەوەشیان لە قەولی عائیشە (ڕەزای خوای پەروەردگاری لێ بێت) (يصَلي الصُبْح ثمَّ يَدْخلُ معتكفه) [٧٠].

واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ نوێژی بەیانی دەکرد پاشان دەچوو موعتەکەفەکەی خۆی لەو شوێنەی کە تیایدا دەمایەوە، کە فەرموودەیەکی صەحیحە، بۆچونی دووەم ئەوەیە کە نەخێر ئەو کەسەی کە ئیعتیکاف دەکات دەبێت لە پێش بانگی مەغریب بچێتە موعتەکەفەکەیەوە بچێتە مزگەوتەوە چونکە شەو لە پێش ڕۆژە کە کەسێك بیەوێت دەست پێ بکات بە ئیعتیکاف دەبێت لە شەوەکەوە دەست پێ بکات پێش بانگی مەغریب دەچێتە

---

(٦٩) رواه مسلم .

(٧٠) متفق عليه .

موعتەکەفی خۆیەوە، وە فەرموودەی عائیشەش ئەوە نەفی ناکات، چونکە زانایان دەفەرموون پێش مەغریب پێغەمبەری خوا ﷺ چوەتە موعتەکەفەکەی واتا نیەتی ئیعتیکافی هێناوە بەڵام کە نوێژی بەیانی کردوەتەوە دیسان چوەتەوە موعتەکەفی خۆی ئاوا تەفسیری دەکەن واللە اعلم .

**پ١١٧/ ئایا ئیعتیکاف کاتەکەی چەندە؟ کەمترین ماوەی چەندە کە لە هەندێك لە مزگەوتەکان دەبینیت نوسراوە ئەگەر هاتیە مزگەوتەوە نیەتی ئیعتیکاف بێنە ئایا تەنها ئەو ماوە کەمە بەسە بۆ ئەوەی مرۆڤ ئیعتیکاف بکات یاخود ماوەکەی دیاریکراوە؟**

و/ بێگومان مرۆڤ گەر یەك دەقە لە مزگەوت بێت، کاتژمێرێك لە مزگەوت بێت هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نیە، وە وارد نەبوە لە فەرموودەدا کە لە شەوێك کەمتر ئیعتیکاف هەبێت، شەوێك بەڵێ هاتوە لە فەرموودەکەی عومەر (ڕەزای خوای پەروەردگاری لێ بێت) کە باسمان کرد نەزری کرد بوو لەسەر خۆی جا بۆیە زانایان دەفەرموون: کەمترینی شەوێکە، وە زیاتر شەو ڕۆژێك وە زیاتر مرۆڤ ئیعتیکاف بکات باشترە، بەڵام لە شەوێك کەمتر ئیعتیکاف نابێت وە ئەو کەسانەی کە نوسیویانە لە مزگەوت نیەتم وایە کە چومە مزگەوت ئەوە ئیعتیکافە ئەوە بیدعەیەکە سەلەفی صالح نەیان کردووە، بۆ نوێژی جەماعەت چوونە بۆ ئیعتیکاف نەچوونە کەس نەی ووتوە من ئێستا نیەتم ئیعتیکافە چومە مزگەوت، چونکە ئیعتیکاف مەرجەکانی ئەوەیە کە مرۆڤ نەچێتە لای خێزانی خۆی ئایا مومکینە مرۆڤ لەکاتی نوێژی جەماعەت دا بچێتە لای خێزانی خۆی؟ مەرجی ئیعتیکاف ئەوەیە کە مرۆڤ لە مزگەوت نەچێتە دەرەوە تەنها بۆ عوزرێکی شەرعی خۆی نەبێت، ئایا مرۆڤ کاتێك کاتی نوێژی جەماعەت دێت لە مزگەوت دەچێتە دەرەوە کەواتە ئەوە بەڵگەی لەسەر نیەو بیدعەیەکیشە مرۆڤ پێویستە وازی لێبێنێ، بەڵام کۆتاییەکەی کە ووتمان لە پێش بانگی مەغریب دەست بە ئیعتیکاف دەکاتو دەچێتە مزگەوت، وە کەی کۆتایی پێ دێنێت دوای بانگی مەغریب بۆ ڕۆژی دوایی ئەوەیان شەو و ڕۆژێك ئیعتیکافەکەی تەواو دەبێت، بۆیە سوننەتە کە هەرکەسێك دە شەوەکەی ڕەمەزان بگرێت ئیعتیکاف بکات ئەوە پێویستە لە ڕۆژی بیستی ڕەمەزان پێش مەغریب بچێتە مزگەوتەوە نیەتی ئیعتیکاف بێنێت بۆ ئەوەی ڕۆژی کۆتایی ڕەمەزان کە بانگی مەغریبی داو ڕۆژوو تەواو بوو کە دەکاتە شەوی جەژن لە موعتەکەفەکەی خۆی دێتە دەرەوەو کۆتایی پێ دێت، بەڵام ئەو کەسانەی کە دوای نوێژی بەیانی دەست پێ دەکەن ئەوە کاتێك کە لە نوێژی بەیانی تەواو دەبن بچن بۆ نوێژی جەژن ئەو کاتە لە موعتەکەفەکەی خۆی دێتە دەرەوەو تەواو دەبێت.

**پ١١٨/ کەواتە ئەو مەرجانەی کەوا هەیەتی نەبوونی مەرجێك دەبێتە هۆی هەڵوەشانەوەی ئیعتیکافەکەی؟**

و/ ئەوەی کە ئیعتیکافی پێ هەڵوەشێتەوە دەرچون لە مزگەوت بەبێ عوزر، چونکە ووشەی ئیعتیکاف واتا مانەوە کە تۆ نەمێنیتەوە واتا تۆ موعتەکیف نیت ئەوە حەقیقەتو ماهیەتی ئیعتیکافەکەت لێ هەڵدەوەشێنێتەوە بەبێ عوزر تۆ بچیتە دەرەوەو بگەڕێیت لەدەرەوە، دووەمیشیان جیماع کردن مرۆڤ بچێتە لای خێزانی خۆی ئەوە بێگومان ئیعتیکافەکەی هەڵدەوەشێتەوە، خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿وَلا تُبَاشِرُوهُنّ وَأَنْتُمْ عَاكِفُونَ فِي الْمَسَاجِدِ تِلْكَ حُدُودُ اللّهِ فَلا تَقْرَبُوهَا﴾[البقرة:١٥٧] .

نابێت لێی نزیك بکەوینەوە ئەو دوو شتە هەڵی دەوەشێنێتەوە، هەروەها بێگومان ردەش کە مرۆڤ لە دین هەڵگەڕێتەوە هەڵی دەوەشێنێتەوە.

**پ١١٩/ ئایا ئەو کەسەی کە ئیعتیکاف دەکات لەکاتی مانەوەی ئیعتیکافەکەی خۆی بە چیەوە سەر قاڵ بکاتو مەژغوڵی چ شتێك بێت؟**

و/ ئەگەر بزانین مەبەست لە ئیعتیکاف چیە ئەو کاتەش دەزانین چی باشە بیکات، مەبەست لە ئیعتیکاف تەنها ئەوە نیە مرۆڤ لاشەکەی خۆی حەبس بکات لە مزگەوت نەچێتە دەرەوە، ئیعتکافی حەقیقی ئەوەیە دڵەکەی خۆی حەبس بکات دڵەکەی خۆی حەبس بکات ئەو دڵەی لەگەڵ خوای پەروەردگار بێت پەیوەست بێت بە خوای خۆیەوە وە لەخەڵك دابڕێت، چونکە زانایان دەفەرموون چوار شت هەن زۆر سەبەبی ئەوەن کە مرۆڤ دڵی مرۆڤی پیَ نەخۆش بێت وە مرۆڤی پیَ لە خوای گەورە دوور بکەوێتەوە (زۆر خەوتن، زۆر خواردن، زۆر خواردنەوە، زۆر تێکەڵی کردن) ئەو چوار شتە مرۆڤ تێك دەدەن خوای پەروەردگار بۆ چارەسەری ئەو چوار شتە چوار عیبادەتی بۆ داناوین: بۆ ئەوەی کە زۆر نەخەویت شەوانە (قیام اللیل)ت هەبیَو شەو نوێژ بکەیت، بۆ ئەوەی کە زۆر نەخۆیتو زۆر نەخۆیتەوە ئەوە بە ڕۆژەکەی بەڕۆژوو دەبیت، بۆ ئەوەی کە زۆر تێکەڵی خەڵك نەکەیت ئیعتیکاف دەکەیتو دەمێنیتەوە، کەواتە مانای ڕاستەقینەی ئیعتیکاف ئەوەیە کە مرۆڤ لە مزگەوت بمێنێتەوە بەلاشە لە خەڵکیش جیا بێتەوەو دڵەکەشی لەگەڵ خوای خۆی بێتو زیکری خوای پەروەردگار بکاتو خۆی بە قورئان خوێندنو یادی خوای گەورەوەو دوعا کردنو نوێژی سوننەتەوە مەشغوڵ بکات، بەلاَم مزگەتیش بکاتە شوێنی دانیشتنو گاڵتەکردنو پێکەنینو قسەکردن لەگەڵ خەڵكو مەجلیس بەستن ئەوە مانای ئیعتیکاف کردنی لەدەست دەچێت وە تێیدا نیە، ئەو کاتە خێری بۆ نانوسرێت بەڕاستی دەبێت ئاگای لە خۆی بێت، وەئامۆژگاری بۆ ئەو کەسانەی کە ئیعتیکاف دەکەن خۆیان بۆ خوای پەروەردگار یەکلا بکەنەوەو خەریکی عیبادەتی خۆیان بن بە تەنیا، بۆیە ئیمامی أحمد (ڕەحمەتی خوای پەروەردگاری لیَ بێت) بۆچونی وابوو ئەو کەسەی موعتەکیفە خۆی بە دەرسیشەوە مەشغوڵ نەکات دەرسی زانستی شەرعیش نەڵێتەوە بۆ ئەوەی ئەو ماوەیە خۆت لەگەڵ خوای خۆت یەکلا بکەیتەوە بە تەنها .

**پ١٢٠/ کەواتە نابێت کەسێك خوێندکار بێتو تاقیکردنەوەی هەبێت ئەو دە شەو و دە ڕۆژە کە دەمێنێتەوە ئەو کاتەی کە ئیعتیکاف دەکات پەرتوکەکانی قوتا بخانەی بەرێتو لەویَ دەرسەکانی بخوێنێت؟**

پاداشتی زۆر زۆر کەم دەبێتەوە ئەوە ئیعتیکافی ڕاستەقینە نیە ئیعتیکافی ڕاستەقینە ئەوە نیە تۆ فکرت بە بیرکاریو فیزیاو کیمیاوە مەشغوڵ بێت، ئیعتیکافی ڕاستەقینە ئەوەیە تۆ دڵەکەی خۆت لەگەڵ خوای خۆت بێت، داوای لێخۆش بوونی لیَ بکەیتو دوعای لیَ بکەیتو لێی بپاڕێیتەوەو زیکری بکەیتو قورئانی پیرۆز بخوێنیت بۆ ئەوەی دڵەکەت پاك بێتەوەو سەلامەت بێت لە نەخۆشیەکانی.

**پ١٢١/ ئایا چ شتێك دروستە بۆ موعتەکیف کەوا لە کاتی ئیعتیکافەکەیا ئەنجامی بداتو چ شتێك ڕێگەی پێ دراوە؟**

و/ بێگومان موعتەکیف بۆی هەیە دەرچێت بۆ ئیشێکی پێویستی خۆی یان بۆ عوزرێك، بۆ نمونە لە مزگەوت کە شوێنی دەست نوێژ نەبێت بۆی هەیە بچێتە مالێك مالی خۆی بۆ نمونە دەست نوێژ بگرێت، یان کە پێویستی بە خۆشۆردن بوو بچێتەوە مالەوە خۆی بشوات، بەلام بە ئەندازەی پێویستی خۆی بێت، نەچێت دابنیشێت لە مالەوە، تەنها بچێت بە پەلە دەست نوێژ بگرێتو خۆی بشوات، یان کە کەس نەبوو خواردنی بۆ بێنێت لە مالەوە دروستە بچێت خواردنەکەی بێنێت یان کە نەگونجا دروستە بە پەلە بچێت نانەکەی بخواتو بێتەوە، کەواتە دەرچوون بۆ شتێك کە زەروریەت بێت یا نەخۆش کەوتوە بە پەلە دەیبەنە شوێنێك دەرزیەك یان عیلاجێکی دەکەنو دەیهێننەوە، یان لەناو مزگەوت دا بۆ نمونە شتێك کە موباحە دروستە بۆی بیکات بۆ نمونە دادەنیشێت سەردانی یەکێکی تر دەکات شتێکی کەم نەك کاتی خۆی زۆر پێوە بگرێت، پاشان دروستە خێزانی بێت سەردانی بکات لە مزگەوت شوێنی تایبەت نەك لەبەر چاوی پیاوان، وە دروستە لە مزگەوتدا کە شوێنی دەست نوێژ هەبێت دەست نوێژی تیادا هەلبگرێت، وە دروستە شوێنێکی تایبەت بۆ خۆی دابنێت کە تیایدا بمێنێتەوەو تێکەلی خەلك نەکات، وە دروستە جێگا واتا دۆشەكو بەتانیشی هەبێتو بیهێنێت دایبنێت لە مزگەوت دا ئەو شتانە هەمووی بۆی دروستە، چونکە عائیشە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەیفەرموو:

(السُّنَّةُ عَلَى الْمُعْتَكِفِ أَنْ لا يَعُودَ مَرِيضًا، وَلا يَشْهَدَ جَنَازَةً، وَلا يَمَسَّ امْرَأَةً وَلا يُبَاشِرَهَا، وَلا يَخْرُجَ لِحَاجَةٍ إِلا لِمَا لا بُدَّ مِنْهُ )[٧١]

سوننەت بۆ موعتەکیف ئەوەیە کە نە سەردانی نەخۆش بکات نە شوێن جەنازەش بکەوێت نە بچێتە لای خێزانیشی وە دەریش نەچێت تەنها بۆ کارێکی پێویستو گرنگ نەبێت .

**پ١٢٢/ جیاوازی نێوان ئیعتیکافو خەلوە چیە؟**

و/ ئیعتیکاف شەرعیەو سوننەتە، بەلام جۆرە خەلوەیەك هەیە کە کەسانێکی بەناو صۆفی دەیکەن دەچێتە ئەشکەوتێکەوە دادەنیشێت بۆ نمونە چل ڕۆژ یان چەند ڕۆژ خەریکی عیبادەت دەبێتو دوور دەکەوێتەوە لە نوێژی جەماعەتو لە مزگەوتو لە موسولمانانو لە نوێژی هەینی بێگومان ئەوە بیدعەیە: ﴿وَرَهْبَانِيَّةً ابْتَدَعُوهَا مَا كَتَبْنَاهَا عَلَيْهِمْ ﴾[الحديد:٢٧]. ڕەهبانیەتی نەصارا ئاوا بووە، دینداریەتی موسولمانان ڕەهبانیەتی تیا نیە (لا رهبانـيّة فی الإسلام) بەلکو لە مزگەوتەکانو لە مالی خوا دەبێت بۆ ئەوەی جەماعەتەکەت بکەیتو جومعەکەت بکەیت بۆ ئەوەی ئاگات لە شەوانی قەدر بێت، تۆ لە مزگەوت تەراویح دەکەیت ئەوا شێوەیەکی شەرعیە بەلام تۆ نان لە خۆت حەرام بکەیت یان بلێیت من بە چەند قلە خورمایەك ئیعتیکاف دەکەم وە دوور دەکەومەوە لە مزگەوتەکانو دەچمە شوێنێکی چۆل ئەمە دروست نیە.

**پ١٢٣/ ڕوناکیش لە خۆیان قەدەغە دەکەنو تەنها دەبێت شوێنەکەیان تاریك بێت؟**

و/ بێگومان ئەمانە هیچی سوننەت نیەو بیدعەیەو داهێنراوە لە دیندا .

---

(٧١) رواه أبو داود (٢٤٧٣) وصححه الألباني في صحيح أبي داود .

# شەوی قەدر

# ليلة القدر

**پ١٢٤/ ئوممەتانی پێش ئیسلام تەمەنیان درێژ بووە وە موسوڵمانانیشیان لەو تەمەنە درێژەدا عیبادەتێکی زۆریان بۆ خوای گەورە ئەنجام داوەو ئەجرو پاداشتێکی زۆریان بۆ خۆیان کۆکردوەتەوەو تەمەنی ئوممەتی ئیسلام وەکو پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموویێت: لە نێوان شەست بۆ حەفتا ساڵە بە شێوەیەکی گشتی تەمەنێکی کورتیان هەیە سەبارەت بە ئوممەتانی تر، بەڵام خوای گەورە ئەم تەمەنە کورتەی بۆ (تعویض) کردونەتەوە بەوەی کەوا شەوی قەدری بۆ داناون کە هەر کەسێك لەو شەوەدا ئاوەدانی بکاتەوەو زیندوی بکاتەوە بە عیبادەت کردن و پەرستنی خوای گەورە خێری هەزار مانگی بۆ ئەنوسرێت کە ئەویش ڕەحمەتی خوای گەورەیە بەم ئوممەتە تاوەکو دڵیان لە خۆیان دانەمێنێت و لە ئوممەتانی تر دوا نەکەون لە عیبادەت کردن و پەرستنی خوای گەورەدا، مامۆستا گیان ئەکرێت باسی مانای ووشەی قەدر بکەیت؟ وەئەم ووشەیە بەچ مانایەك هاتووە وە مانای چیە؟**

و/ (لیلة القدر) واتە شەوی قەدر کە ئەم هەموو (فضل)و مەزنیەتیەی هەیە بزانین قەدر واتای چیە؟ لە زمانی عەرەبیدا ووشەی قەدر دوو مانای هەیە: یەکێکیان بە مانای پلەو پایەی بەرز، دەڵێن (فلان ذو قدر) فلانە کەس خاوەن قەدرێکی زۆرە واتا خاوەنی مەنزیلەتێك و ڕێزێکی گەورەیە، ڕێزی هەیە لەناو خەڵکداو پلەو پایەی هەیە لەناو خەڵك، مانای دووەمیشیان (القدر) بە مانای (التقدیر) دێت (قدر الله علیه كذا یُقدّر تقدیراً) خوای گەورە ئەوەی لەسەر من دانا ئەوەی لەسەر من نوسی (القدر) بە مانای (التقدیر) واتا نەخشە کێشان و قەزاو قەدەر کە لە قەزاو قەدەرەوە هاتووە، پەروەردگار چارەنوسی مرۆڤ بنوسێت جا هەردوو ماناکەیشی صەحیحە (لیلة القدر) هەم شەوێکی خاوەن ڕێزو مەنزیلەت و پلەو پایەی بەرزی هەیە، ئەم شەوە کە لە هەموو شەوانی ساڵدا خاوەن مەنزیلەت ترو خاوەن شەرەف ترو خاوەن پلەو پایە بەرزترە لە هەموو شەوەکان مەزنترە کە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموویێت: (مَنْ حُرِمَهَا فَقَدْ حُرِمَ الْخَيْرَ كُلَّهُ) (٧٢) شەوێکی تیایە ڕەمەزان کە شەوی قەدرە هەر کەسێك خێری ئەو شەوەی لە دەست بچێت ئەوە هەموو خێرێکی لە دەست چووە، کەواتە پلەو پایەی ئەو شەوە زۆر گەورەیە وەکو دێینە سەری ان شاء الله بەڵام مانای دووەمیش بریتیە لەوەی کە بە مانای (التقدیر) دێت، خوای پەروەردگار لە ئایەتێکی تر دا کە دەفەرموویێت:

﴿إِنَّا أَنزَلْنَاهُ فِي لَيْلَةٍ مُّبَارَكَةٍ إِنَّا كُنَّا مُنذِرِينَ (٣) فِيهَا يُفْرَقُ كُلُّ أَمْرٍ حَكِيمٍ (٤) أَمْراً مِّنْ عِندِنَا إِنَّا كُنَّا مُرْسِلِينَ (٥)﴾ [الدخان:٣-٥].

ئێمە قورئانمان دابەزاند لە شەوێکی موبارەکدا ئێمە ئینزاری خەڵك دەکەین بەوەی کە قورئانمان دابەزاند، کە لەو شەوەدا (فِيهَا يُفْرَقُ كُلُّ أَمْرٍ حَكِيمٍ) لەو شەوەی کە قورئانی تیادا دابەزی (فِي لَيْلَةٍ مُّبَارَكَةٍ) یەکەم شەوێکی مبارکە، دووەمیشیان لەو شەوەدا (فِيهَا يُفْرَقُ كُلُّ أَمْرٍ حَكِيمٍ) هەموو ئەمرێك کە حیکمەتەو کار لە جێیە جیا دەبێتەوە، لەم شەوەدا تا ساڵێکی تر بڕیار دەدرێت فلانە کەس خۆشحاڵە، نا خۆشحاڵە، فەقیرە، دەوڵەمەندە، نەخۆشە، لەش ساغە، وە بەرز بوونەوەو دابەزینی بەڵاو موسیبەت و عافیەتی هەموو شتێکی تا ساڵێك لەم شەوەدا

(٧٢) رواه ابن ماجه في سننه(١٦٤٤)،وقال عنه الألباني حسن صحيح في سنن ابن ماجه(١٣٤١) وكذلك في صحيح الترغيب و الترهيب (١٠٠٠)، وحسنه في صحيح الجامع الصغير(٢٢٤٧)،وقال اسناده حسن في تخريج مشكاة المصابيح(١٩٠٥) .

بڕیار دەدرێت: (فِيهَا يُفْرَقُ كُلُّ أَمْرٍ حَكِيمٍ) جا (ليلة القدر) دوو مانای هەیە هەم شەوی ئەوەیە کە (التقدیر)ی ساڵانە دادەنرێت واتا خوای پەروەردگار نەخشەی ژیانی ئەو مرۆڤە بۆ ساڵێك کە بێگومان لە ئەزەلەوە نوسراوە بەڵام لەو شەوەدا بۆ مەلائیکە دەری دەخاتو لەو شەوەدا جیای دەکاتەوەو دیاری دەکرێتەوە وە هەروەها مادام ئەوەشی تیایەو کە (التقدیر)ی ژیانی مرۆڤی تیادا دەکرێت چارەنوسی مرۆڤی تیادا بڕیار دەدرێت بۆ ساڵێك وە قورئانی پیرۆزی تیادا دابەزیوە شەوێکی پیرۆزە کەواتە شەوێکە مەنزیلەتی گەورەیەو خاوەنی پلەو پایەی بەرزە.

**پ١٢٥/ خوای گەورە سورەتێکی لە قورئاندا بە ناوی ( القدر ) دابەزاندووە کە تیایدا باسی فەزڵو گەورەیی شەوی قەدر دەکات، لە ڕوانگەی تەفسیری ئەو سورەتەوە ئەگەر بە کورتیش بێت فەزڵو گەورەیی ئەم شەوەمان بۆ ڕوون بکەیتەوە؟**

و/ هەڵبەتە یەکێك لە فەزڵەکانی ئەم شەوە پیرۆزە ئەوەیە کە خوای پەروەردگار سورەتێکی بەو ناوەوە دابەزاندوە کە دەفەرموویت: ﴿إِنَّا أَنزَلْنَاهُ فِي لَيْلَةِ الْقَدْرِ ﴾[القدر:١].

ئێمە ئەم قورئانەمان دابەزاندوە کە پیرۆزەو هیدایەتە بۆ خەڵك ﴿هُدًى لِّلنَّاسِ وَبَيِّنَاتٍ مِّنَ الْهُدَى وَالْفُرْقَانِ﴾ (البقرة:١٨٥) ڕێگا بۆ خەڵك ڕۆشن دەکاتەوەو حەقو ناحەق بۆ خەڵك لێك جیا دەکاتەوە، لەم شەوەدا ئەم قورئانە دابەزیوە، کەواتە فەزڵو گەورەیی ئەم شەوە لە چیەوە دەستی کەوت؟ لەوەدا کە قورئانی تیادا دابەزیوە کە (الشیخ عبدالرحمن بن ناصر السعدی) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموویت: شەوێکە خوای گەورە تیایدا نیعمەتێکی تیادا پێ بەخشیوین کە بەڕاستی بەندەکان ناتوانن شوکری بکەن لەقەدەر شوکری نایەن، نیعمەتێکی ئەوەندە گەورەیە کە قورئانی دابەزاندوە ئەم قورئانە دەستوری ژیانەو ڕێنماییکارو هیدایەتە بۆ خەڵك، ئەم قورئانە نەبوایە خەڵکی وەکو ئاژەڵ دەبوون، حەقو ناحەق تێکەڵ دەبوو، حەڵاڵو حەرام تێکەڵ دەبوو، پاکو پیس تێکەڵ دەبوو، زوڵم لە خەڵك دەکراو خەڵك لە تاریکاییو جەهالەتدا دەبوون، شەخص پەرستیو بتپەرستی دەبوو، قورئانی پیرۆز هیدایەت دەرە ﴿إِنَّا أَنزَلْنَاهُ فِي لَيْلَةِ الْقَدْرِ ﴾[القدر:١]. گەورەترین نیعمەتە بەڕاستی لە چ شەوێك دەفەرموویت دامان بەزاندووە (لَيْلَةِ الْقَدْرِ) لە شەوی قەدردا، سودێك لە (أَنزَلْنَاهُ) دا کە خوای گەورە قورئانی دابەزاندووە دیارە خوای گەورە خۆی زاتی خۆی لەسەر عەرشەو لە سەرووە بۆیە قورئانی دابەزاند کە خوای گەورە بە زاتی خۆی لە هەموو شوێنێك بوایە وەکو هەندێك کەسی نەزانو نەفام وا دەڵێن ئەوە نەی دەفەرموو ئێمە دامان بەزاندووە بەڵکو دەیفەرموو ئێمە ناردوومانە خوای پەروەردگار قورئانی پیرۆزی دابەزاندووە، لە بەرزەوە بۆ نزم، کەواتە خۆی لە بەرزە لەسەر عەرشە زاتی خوا بەڵام عیلمو زانیاری خواو دەسەڵاتی خوا لە هەموو شوێنێکە، لە شەوی قەدر دامانبەزاند کە لە ئایەتێکی تردا خوای گەورە وەسفی شەوەکەی کرد بە (لَيْلَةٍ مُّبَارَكَةٍ) شەوێکی پیرۆزە هەم پیرۆزەو قەدرو مەنزیلەتی بەرزە وە هەم (فِيهَا يُفْرَقُ كُلُّ أَمْرٍ حَكِيمٍ) [الدخان:٤].

﴿وَمَا أَدْرَاكَ مَا لَيْلَةُ الْقَدْرِ﴾[القدر:٢]ئەوجا خوای گەورە دەفەرموویت: ئەی محمد ﷺ تۆ چوزانیت شەوی قەدر چیەو مەزنێتیو گەورەیێتیو ڕێزی ئەم شەوە چیە؟ تۆ نازانی تەنها خوا دەزانێت کە ئەم شەوە چ شەوێکی مەزنو گەورەیەو فەزڵی چەندە زۆرە، ئەوجا خوای گەورە خۆی بۆمان باس دەکات کە فەزڵی ئەم شەوە چیەو تێمان بگەیێنێت: ﴿وَمَا أَدْرَاكَ مَا لَيْلَةُ الْقَدْرِ * لَيْلَةُ الْقَدْرِ خَيْرٌ مِنْ أَلْفِ شَهْرٍ﴾[القدر:٢-٣] شەوی قەدر خێرترە لە هەزار

مانگ، خێرو عیبادەت لەم شەوەدا پاداشتەکەی زیاترە لە خێرو عیبادەتی هەزار مانگ کە هەشتاو سێ ساڵو چوار مانگ دەکات، کە فەزڵی ئەوەندە زۆرە وەکو لەسەرتا باستان کرد کە موسوڵمانان ئوممەتانی پێش ئێمە کە تەمەنێکی درێژیان هەبووە، هەزار ساڵ زیاتر یان کەمتر توانیویانە عیبادەتێکی زۆرو توێشویەکی زۆر بۆ قیامەتی خۆیان کۆ بکەنەوە، بەڵام تەمەنی ئێمە کەمە خوای گەورە بە چاکتر بۆمان (تعویض) دەکاتەوە بەوەی کە شەوی قەدری بۆ داناوین ئەوەش کە فەزڵێکی گەورەی خوایە لەسەر ئەم ئوممەتە بەڕاستی عیبادەتی شەوێکمان بۆ بە هەزار مانگ حیساب بێت ﴿لَيْلَةُ الْقَدْرِ خَيْرٌ مِنْ أَلْفِ شَهْرٍ﴾[القدر: ٣] ئەوەش فەزڵی دووەمە، فائیدەی یەکەمیان کە دابەزینی قورئانەکەیە، وە دووەمیان خێرەکەی ئەوەندەیە، وە سێیەمیان ﴿تَنَزَّلُ الْمَلَائِكَةُ وَالرُّوحُ فِيهَا بِإِذْنِ رَبِّهِم مِّن كُلِّ أَمْرٍ﴾ (القدر: ٤) مەلائیکەت بە گشتی وە روح کە روح الأمین کە جبریلە تیایدا دادەبەزن بە ئیزنی خوای پەروەردگار، دابەزینی مەلائیکەتو دابەزینی جبریلیش ڕەحمەتو بەرەکەتی لەگەڵە کە هەر شوێنێك مەلائیکەت بێن دەورەی بدەن ئەوا ڕەحمەتو بەرەکەتی تیا دادەبەزێت (مِّن كُلِّ أَمْرٍ) جا (من) یان بە مانای (لام) دێت یان بە مانایی (الباء) دێت، واتا (لأجلِ كُلُّ الأَمْرِ) واتا بۆ هەموو شتێك بۆ ئەوەی بڕیارەکە بڕیاری خوای پەروەردگاری تیادا جێ بەجێ بکەن، (بكُلِّ أَمْرٍ) بە هەموو شتێکەوە دێن کە دێن تەقدیری هەموو خەڵك دیاری دەکرێت لەم شەوەدا هی ساڵێك (سلامٌ هي) ئەوەش کە فەزڵی سێیەم بوو، شەوێك کە مەلائیکەتو (روح الأمین) تیایدا دابەزێت دیارە شەوێکی مەزنە وە هەروەها لەم شەوەشدا ئەو هەموو خێرو بەرەکەتو سەلامەتیە وە نەبێت کاتژمێرێك یان دوو کاتژمێر بێت (سَلَامٌ هِيَ) واتا ( هي سلامٌ) بەڵام بە سەلام دەستی پێ کرد بە مزگێنیو موژدەکە ئەم شەوە گشتی سەلامەتیەو ڕەحمەتو بەرەکەتە ﴿سَلَامٌ هِيَ حَتَّى مَطْلَعِ الْفَجْرِ﴾ (القدر: ٥) تاوەکو بەرەبەیان تاوەکو کاتی نوێژی بەیانی ئەو شەوە پڕە لە خێرو بەرەکەتو ڕەحمەت، -خوای گەورە بێ بەشمان نەکات لەو خێرە- وە یەکێکی تر لە فەزڵەکانی ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: (مَنْ قَامَ لَيْلَةَ الْقَدْرِ إِيمَانًا وَاحْتِسَابًا، غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ وَمَا تَأَخَّرَ) (٧٣) لە زیادەی ئیمام أحمد دا (ڕەحمەتی خوای پەروەردگاری لێ بێت)، خوای گەورە لە گوناهی ڕابردوو داهاتوشی خۆش دەبێت إِنْ شَاءَ اللَّهُ.

## پ١٢٦/ ئایا شەوی قەدر کەیە، یاخود دەکەوێتە چەندی ڕەمەزانەوە؟

و/ هەندێ لە زانایان پێیان وایە شەوی قەدر لە شەوی بەراتە کە دەوترێت شەوی بەرات واتا شەوی پانزەی شەعبان کە ئەوەش هەڵەیە، بەڕاستی خوای گەورە بۆ خۆی دەفەرموویت: ﴿شَهْرُ رَمَضَانَ الَّذِي أُنْزِلَ فِيهِ الْقُرْآنُ﴾[البقرة:١٨٥].

قورئان لە مانگی ڕەمەزاندا دابەزی واتا دەست کردن بە دابەزینی قورئان سەرەتای دابەزینەکەی لە شەوێکی ڕەمەزاندا بوو، کەواتە لە ڕەمەزاندا بوو، پاشان خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿إِنَّا أَنْزَلْنَاهُ فِي لَيْلَةِ الْقَدْرِ﴾[القدر:١]. کەواتە (لَيْلَةِ الْقَدْرِ)یش قورئانی تیادا دابەزیوە قورئانیش لە ڕەمەزان دابەزی کەواتە (لَيْلَةِ الْقَدْرِ) لە

(٧٣) رواه البخاري في الصوم باب من صام رمضان إيماناً واحتساباً برقم ١٧٦٨، ومسلم في صلاة المسافرين وقصرها باب الترغيب في قيام رمضان برقم ١٢٦٨.

ڕەمەزاندایە بێگومان ئەوە وەکو بەڵگەی قورئانی، وەکو بەڵگەی فەرموودەش پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: (الْتَمِسوها في العشرِ الأواخرِ مِن رمضان) (٧٤) واتە: لە دە شەوەکەی کۆتاییدا هەوڵدەن (لَيْلَةِ الْقَدْرِ)تان دەست بکەویت‌و لە خێرەکەی بێبەش نەبن، کەواتە لە دە شەوی کۆتایدایە، پاشان ئاسانکاری تریشی کردووە: (فِي الْوِتْرِ من الْعَشْرِ الْأَوَاخِرِ) لە شەوە تاکەکانی دە شەوی کۆتایدایە، بەڵام دیاری نەکراوە، بەڵام بۆچونی زۆرێك لە زانایان شەوی بیست‌و حەوتە بەڵام دڵنیا نیە بەڵکو لە تاکەکانی ئەو دە شەوەدایە شەوی بیست‌و یەك، شەوی بیست‌و سێ، شەوی بیست‌و پێنج، شەوی بیست‌و حەوت، شەوی بیست‌و نۆ، لەو پێنج شەوەدا مرۆڤی موسوڵمان هەوڵ بدات دەستی بکەویت‌و بێ بەش نەبێت لێی إِنْ شَاءَ اللَّهُ.

**پ١٢٧/ حیکمەت لە دیاری نەکردن‌و یەکلا نەکردنەوەی شەوەکە چیە؟ وەبۆچی شەوەکە دەست نیشان نەکراو تا هەموو خەڵکی بە بێ گومان لەو شەوەدا دابنیشن‌و عیبادەتی تیادا بکەن‌و خێری شەوەکەیان دەست بکەوێت؟**

و/ پێغەمبەری خوا ﷺ لە فەرموودەیەك دا کە ئیمامی بوخاری (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ڕیوایەتی کردووە دەفەرمووێت: (إِنِّي خَرَجْتُ أُخْبِرُكُمْ بِلَيْلَةِ الْقَدْرِ) (٧٥) فەرمووی من لە ماڵەوە هاتمە دەرەوە بۆ ئەوەی پێتان بڵێم (لَيْلَةِ الْقَدْرِ) کام شەوەیە (فَتَلاحَى فُلانٌ وَفُلانٌ) بەڵام فلانە کەس‌و فلانە کەس بوو بە دەمە قاڵەو کێشەیان بۆیە (فَرُفِعَتْ) خوای گەورە ئەوەی لە دڵ بردمەوە کە کام شەوەیەو لە بیرم چووەوە، سەرقاڵ بووم بە کێشەیەی ئەو دوو کەسەو لە بیرم چووەوە مەشغوڵیەتی ئەوان لە بیری بردمەوە کە کام شەوەیە کە پێتان بڵێم، بەڵام (وَعَسَى أَنْ يَكُونَ خَيْرًا لَكُمْ) پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی لەوانەیە ئەوە خێر بێت بۆ ئێوە، خێرەکەی لە چی دایە؟ ئەگەر زانیبامان کام شەوەیە ئەوە بە درێژایی ساڵ مرۆڤ عیبادەتی خوای گەورەی نەدەکردو کەمی دەکردو ئیجتهادی نەدەکردو هەوڵی نەدەدا بەڵکو دەیزانی شەوێکە لەو شەوەدا عیبادەت دەکات‌و باقی شەوەکانی تر تەمبەڵی دەکات، بەڵام ئێستا وای کردوە مرۆڤ لە ڕەمەزاندا هەمووی تێ بکۆشێت لەناو ڕەمەزانیشدا لە دە شەوەکە لەناو دە شەوەکەش پێنج شەوە تاکەکان بۆ ئەوەی زیاتر مرۆڤ خێرو بەرکەتی بە نسیب بێت‌و عیبادەتی خوا زیاتر بکات بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: (٧٦) (وَعَسَى أَنْ يَكُونَ خَيْرًا لَكُمْ) إِنْ شَاءَ اللَّهُ خێری تیایە. سودێکیش کە لەم فەرموودەیە وەری بگرین بزانە (فَتَلاحَى فُلانٌ وَفُلانٌ فَرُفِعَتْ) دەفەرمووێت فلانەو فلان دەمەقاڵەیان بوو ئەو زانستە لە بیرم چووەوو بەرز کرایەوە کەواتە کێشەی ناو موسوڵمانان زەرەرو زیانەو خێرێکی گەورەی لە دەست دا وە ان شاء الله خێریش لەوە دایە کە ئێستا هەیە، بەڵام بەردەوام دووبەرەکی‌و پارچە پارچەگەرێتی موسوڵمانان شەڕی پێوەیە نەك خێری پێوەبێ، ئامۆژگاری بۆ موسوڵمانان ئەوەیە واز لە پارچەگەرێتی بێنین ئەوەش بەوە دەبێت کە بگەڕێینەوە سەر مەنهەجەکەی پێغەمبەری خواو ﷺ صەحابە (ڕەزای خوای گەورەیان لێ بێت) .

---

(٧٤) رواه البخاري ( ١٩١٢ ) وانظر ( ١٩١٣ ) ورواه مسلم ( ١١٦٧ ) وانظر ( ١١٦٥ ).

(٧٥) رواه البخاري ( 1919 ).

(٧٦) رواه البخاري ( 1919 ).

**پ١٢٨/ خوای گەورە لە سورەتی (الفجر) دا سوێند دەخوات بە دە شەوی سەرەتای مانگی** (ذي الحجة) ﴿وَالْفَجْرِ * وَلَيَالٍ عَشْرٍ﴾[الفجر:١-٢] **ئایا ئەم دە شەوە خێری زیاترە یاخود دە شەوی کۆتایی ڕەمەزان؟**

و/ ڕای ڕاجحی زانایان ئەوەیە کە بەراورد لەنێوان دە شەوی سەرەتای مانگی (ذي الحجة) لەگەڵ دە شەوی کۆتایی مانگی ڕەمەزان وەکو شەوەکان دە شەوی کۆتایی ڕەمەزان خێرترە، بەڵام وەکو ڕۆژەکەی دە ڕۆژی سەرەتای (ذي الحجة) خێرترە، واتا ئاوا نەك بە رەهایی (مطلق)ی بە ڕۆژ ئەویان خێرترە بە شەویشیان ئەمیان چونکە (لَيْلَةِ الْقَدْرِ) ی تێدایە .

**پ١٢٩/ ئایا ئەم شەوانەی کە موسوڵمانان دادەنیشن بۆ دەست کەوتنی ئەو خێرە چۆن زیندووی بکەنەوەو بە چی ئاوەدانی بکەنەوە؟ یاخود هاوەڵانی پێغەمبەری خوا (خوای گەورەیان لێ ڕازی بێت) چۆن ئەم شەوەیان زیندوو کردووەتەوە؟**

و/ لە بوخاریو موسلیم دا هاتوە لە عائیشە (ڕەزای خوای پەروەردگاری لەسەر بێت) دەفەرموێت: كان رسول الله ﷺ (إِذَا دَخَلَ الْعَشْرُ) کە پێغەمبەری خوا ﷺ چوبایەتە دە شەوەکەوە (شَدّ مِئْزَرَهُ وَأَحْيَا لَيْلَهُ، وَأَيْقَظَ أَهْلَهُ) (٧٧) پێغەمبەری خوا ﷺ (شَدّ مِئْزَرَهُ) واتا ئەو شوێنەی لە پشتێنەوە بۆ خوارەوەی مرۆڤ ئەوەی کە لەبەری دەکات جا ئیزار جۆرە جلێکە یەمەنیەکان ئێستاش هەر لە بەریانە وەکو خاولیەکی گەورەیە لە خۆیانی دەئاڵێنن لە ناوەڕاستەوە، یان بەشی خوارەوەی پۆشاکەکەی پێغەمبەری خوا ﷺ توندی دەکرد، توند کردن دوو مانای هەیە: مانایەکی ئەوەیە کە مرۆڤ خۆی گورجو گۆڵ کردەوە واتا بۆ کارێکی گرنگ بۆ عیبادەت، مانای دووەمیشیان ئەوەیە کە شەرواڵەکەی توند کرد واتا ناچێتە لای خێزانی، هەر دوو ماناکەشی دروستە، پێغەمبەری خوا ﷺ لەم دە شەوە لە ئیعتیکاف دا بوو لە ئیعتیکافیش دا مرۆڤ ناچێتە لای خێزانی وە خۆیشی گورجو گۆڵ دەکردەوە زیاتر لە جاران (كان يجتهدُ فيها مايجتهدُ في غيرِها) لە فەرموودەیەکی تردا کە موسلیم دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا ﷺ لەم دە شەوەدا ئیجتهادو تێکۆشانێکی دەکرد کە لە غەیری ئەم دە شەوەدا نەی دەکرد، جا بەم شێوەیە پێغەمبەری خوا ﷺ ئیجتهادی دەکرد، (وَأَحْيَا لَيْلَهُ) شەوەکە بە گشتی زیندوو دەکردەوە ئاوەدانی دەکردەوە بە خواپەرستی، واتا تێیدا نەدەخەوت وە پێغەمبەری خوا ﷺ (وَأَيْقَظَ أَهْلَهُ) خێزانەکەشی بە خەبەر دەهێنا لە خەو بۆ خواپەرستی، وە لە فەرموودەیەکی تردا هاتوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ (كَانَ يُصَلِّي مِنَ اللَّيْلِ مَا شَاءَ) (٧٨) شەو نوێژی دەکرد وە کاتێك کە ویستبای بگاتە ویتر، ویترەکەی بکات خێزانی هەڵدەساند بۆ ئەوی ئەوانیش هەڵسنو نوێژ بکەنو لە خێری ئەو شەوانە بێ بەش نەبن.

**پ١٣٠/ ئایا نەخەوتن مەرجە بۆ ئەوەی کەوا ئەو کەسەی کە دادەنیشێت خێری تەواوی دەست کەوێت؟**

و/ پرسیارەکە لە شوێنی خۆی بوو، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ (وَأَيْقَظَ أَهْلَهُ) خێزانەکەی بە خەبەر دەهێنا، دیارە خەوتبونو بە خەبەری دەهێنان کەواتە مانای ئەوە نیە کە دە شەوی کۆتایی هەر کەسێك کە بیەوێت زیندووی بکاتەوە بەوە دەبێت کە هیچ نەخەوێت، یان کاتژمێرێکیش نەخەوێت، نەخێر (بێگومان کەسێك نەخەوێتو

---

(٧٧) رواه البخاري (١٩٢٠) ومسلم (١١٧٤).

(٧٨) صحيح البخاري .

بەردەوام عیبادەت بکات خێرەکەی زیاترە وەکو صەحابە (ڕەزای خوای پەروەردگاریان لێ بێت) لە دوای نوێژی عیشاوە دەستیان دەکرد بە نوێژ تاوەکو لەوە دەترسان کە بانگی بەیانی بدات لەوە دەترسان کە فریای پاششێو نەکەون، خەریکی عیبادەت دەبوون کەسێك وا بتوانێت ئەوە خێرترە.

**پ١٣١/ ئەی کەسێك کە بەم شێوازە نەتوانێت؟**

و/ کە بزانێت ئەگەر هەر نەخەوێت لەوانەیە کۆتایی ئەو کاتە پیرۆزەی لەدەست بچێت‌و نەتوانێ خۆی ڕابگرێت‌و خەوی لێ بکەوێت نا با لەسەرەتای شەو شتێك بخەوێت بۆ ئەوەی خۆی چالاك بکاتەوە بۆ کۆتایی شەو، یان بە ڕۆژ هەوڵ بدات بخەوێت بۆ ئەوەی بە شەو نەخەوێت واتا مەرج نیە.

**پ١٣٢/ عادەتەکە وایە کە سەرەتای شەو لە دوای گەڕانەوە لە نوێژی عیشا خەڵکی دەخەوێت تاوەکو نزیك کاتژمێر دە، دەو نیو لە دوای ئەوە هەڵدەستنەوە؟**

و/ وەکو دروستیێتی دروستە إِنْ شَاءَ اللَّهُ وە (لَيْلَةِ الْقَدْرِ) بەوە لە دەست ناچێت، بەڵام باشتر وایە مرۆڤ نەخەوێت‌و هەوڵ بدات بە ڕۆژ بخەوێت بۆ ئەوەی قەرەبووی بکاتەوە بۆ شەو إِنْ شَاءَ اللَّهُ بەس بڵێین مەرج بێت نەخەوتن مەرج نیە وەکو ئەو فەرموودەیەی کە باسمان کرد .

**پ١٣٣/ کەواتە صەحابە (خوای گەورە لێیان ڕازی بێت) بە درێژایی شەو نوێژیان کردووە شەوەکانیان تەنها بە نوێژو عیبادەت زیندو کردۆتەوە جگە لەمە شتێکی تریان نەکردووە؟**

و/ ئەوەی کە واردە لە ئایەت‌و فەرموودەو ئەپهرەکان دا صەحابە (ڕەزای خوای پەروەردگاریان لێ بێت) لەم دە شەوەدا خەریکی نوێژ بوون‌و زۆربەی کاتی شەوەکەیان بە نوێژ بەسەر بردووە (كَانَ يَقْرَءُونَ بالْمِئِيْنَ) بە سەدان ئایەتیان دەخوێند لە نوێژەکانیاندا، وە زۆر ڕادەوەستان‌و زۆر لە سوجدەدا دەمانەوەو نوێژێکی تەواویان دەکرد، هەروەها پێغەمبەری خواش ﷺ:

(يُصَلِّي أَرْبَعًا فَلا تَسْأَلْ عَنْ حُسْنِهِنَّ وَطُولِهِنَّ، ثُمَّ يُصَلِّي أَرْبَعًا فَلا تَسْأَلْ عَنْ حُسْنِهِنَّ وَطُولِهِنَّ) (٧٩) .

واتا بەو شێوەیە بە درێژی‌و بە جوانی دەیانکرد، هەروەها دوعایان دەکرد لە خوای گەورەو لێی دەپاڕانەوە وە هەروەها زیکری خوای پەروەردگاریان دەکرد، بەڵام نەك زیکری بە کۆمەڵ کە گڵۆپ بکوژێننەوە وبەیەکەوە دەست بکەن بە (الله الله) ئەوە نەهاتوە لە سوننەتدا بەڵکو زیکرێکی بیدعەیەو صەحابە نەیانکردوە (ڕەزای خوای پەروەردگاریان لێ بێت) بەڵێ شەوەکانیان بە عیبادەت بەرێوە دەبرد .

**پ١٣٤/ لە زۆرێك لە مزگەوتەکان لە کوردستاندا خەڵکی ئەو شەوانە زیندوو دەکەنەوە یان بە حیسابی خۆیان ئاوەدانی دەکەنەوە بە سروود ووتن‌و دەف لێدان، یاخود زۆرجاریش بە پرسیارو وەڵام کە پرسیارو وەڵامەکان بەشێکی کەمیش پرسیارەکان دینیەو سەبارەت بە شەریعەتی ئیسلامە، وە زۆرێك لە پرسیارەکان پرسیاری ڕۆشنبیری گشتی‌و پرسیاری وەرزشیە ئایا ئەم شتە تا چەند دروستە کە ئەم شەوانە بەم شێوازە زیندوو بکرێتەوە؟ ئایا هەمان ئەجرو پاداشتی ئەو کەسانەیان هەیە کەوا نوێژ دەکەن‌و زیکری خوا دەکەن‌و قورئان دەخوێنن‌و عیبادەت دەکەن یان نا؟**

---

(٧٩) متفق علیه .

و/ بێگومان، (خير الهدى هدى محمد ﷺ) باشترین ڕێنمایی ڕێنمایی پێغەمبەرە ﷺ وە هەروەها (كُلُّ خَيْرٍ فِي اتِّبَاعِ مَنْ سَلَف وَكُلُّ شَرٍ فِي ابْتِدَاعِ مِنْ خَلَفْ) هەموو خێرێك لەوەدایە شوێنی سەلەفی صالّح بكەوین، شوێن صەحابە بكەوین (ڕەزای خوایان لیّ بێت) بزانین چۆن ئەو دە شەوانەیان ئاوەدان كردۆتەوەو زیندوو كردوەتەوە ئێمەیش بەو شێوەیە، وەكو باسمان كرد صەحابە (ڕەزای خوایان لیّ بێت) بە عیبادەتو نوێژ بەڕێوەیان بردووە، نوێژی درێژو بەردەوام سەبریان گرتوە لەم دە شەوەدا، بەلاّم ئەمرۆ كە دەبینین وەكو ئاماژەتان پیّ كرد واتە بە داخەوە ڕێڕەوی ئەم دەشەوە بۆ زیندوو كردنەوەی گۆڕاوە لەوەی كە خەڵك خەریكی عیبادەتو ئیعتیكافو نوێژو گاعەت بێت خەریكی ئەوەن كە چۆن خەڵك كەسب بكرێت وە بیّ بەشیش دەكرێن لەم دە شەوەداو ئەم خێرەیان لە دەست دەچێت كە هەیە، بە چیەوە مەشغوڵ دەكرێن بۆ نمونە بیستومانە لە مزگەوتی وا هەیە ڤیدیۆو سیدیان هێناوەو دایان ناوەو فلیمێكیان بۆ لێدەدەن بۆ نمونە جا با لەسەر ئیعجازی قورئانیش بێت، ئەوە بەڕاستی زیندوو كردنی شەو بەو شێوەیە نابێت، یان پرسیارو وەلاّم، یان پێشبڕكیّ، یان سروود ووتنو دەفە لێدانو ئەو جۆرە شتانە ئەوانە هەمووی بیدعەیە، بەڕاستی سەلەفی صالّح شتی وایان نەكردووە، وە شەرترین شەڕیش ئەوەیە مرۆڤ شوێن (خلف) بكەوێت، كەواتە مرۆڤی موسوڵمان هەوڵ بدات شوێن صەحابە بكەوێت بۆ ئەوەی خێری دەست بكەوێت نەك شوێن كەسانێك بكەون كە شوێن هەواو ئارەزوی خۆیان دەكەونو بە عەقڵی خۆیان دەیانەوێت شەوەكان زیندوو بكەنەوە كە كردەوەكانیان ئەوە نیشان دەدات كە هەدەفی سەرەكی تیایدا ئەوەیە كە خەڵك كەسب بكەن نەك شەوەكان زیندوو بكەنەوە، مەبەست ئەوەیە كە چۆن ووتار بۆ خەڵك بدرێت ووتارێكی وا كە تەماشا دەكەی هەموو شەوێك زیاتر لە چەند ووتارێك لە هەر مزگەوتێكدا بدرێت وە كۆڕی تیادا ببەسترێت وە پرسیارو وەڵامی تیادا بكرێت وە پێشبڕكێی تیادا بكرێت ئەم شتانە بەڕاستی (السلف الصالح) ئەم دە شەوەیان بەو شێوەیە بەڕێوە نەبردووە، وە ئەگەر پێویست بكات بۆ نمونە ئامۆژگاریەك یان مونكەرێك دەبینیت نەهی لیّ دەكەیت یان تێبینیەك دەدەیت كە موسوڵمانان ئەم دە شەوە تەمبەڵ مەبن با خەو نەتان باتەوەو عیبادەتی خۆتان چاك بكەن، وە ئەم دە شەوە چالاك بن، كە ووتارێك بێت بۆ هاندانیان بۆ زیاتر عیبادەت كردن لەم دە شەوەدا ئاساییەو دروستە، بەلاّم دەست بكرێت بە محاچراتو خەریكی پرسیارو وەلاّم بینو دەفە لێدانو ئەو جۆرە شتانە بەڕاستی بیدعەیە وە خەڵك بیّ بەش كردنە لەو خێرە گەورەیە كە لەو دە شەوەدا هەیە، یان كاتێك تەماشا دەكەین كاتی نوێژەكانیان ئەو پەڕی كاتژمێرێكیش ناخایەنێت بەلاّم كاتی قسەكردنو پێكەنین زۆر دەخایەنێت كە ئەوەش لە سوننەتدا نەهاتووە.

**پ١٣٥/ ئایا دابەش كردنی خواردن لەم شەوانەدا كە شەوەكان درێژ بێتو خەڵكەكە برسیان بێت، جۆرە خواردنێك دابەش بكرێت تا چەند دروستە؟**

و/ لەم شەوانەدا دروستە، چونكە خوای پەروەردگار دەفەرمووێت:

﴿وَكُلُوا وَاشْرَبُوا حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَكُمُ الْخَيْطُ الأَبْيَضُ مِنَ الْخَيْطِ الأَسْوَدِ مِنَ الْفَجْرِ﴾[البقرة:١٨٧].

دروستە مرۆڤ لە شەوانی ڕەمەزاندا بخواتو بخواتەوە، بەلاّم وا نەكرێت كە بكرێتە بەرنامەیەك هەموو شەوێك لە دوای هەموو دوو ڕكعەتێك دا خواردن بێنیو دابەشی بكەیت، یەكەم مزگەوتەكان پیس بكرێن دووەمیشیان

خەڵکەکە زیاتر فکری لای خواردنەکەی بێتو ماعیدەی قورس بێتو بە خواردنەوە مەشغوڵ بێت زیاتر با ئەوەندە مرۆڤ سەبر بگرێت، پێش ئەوەی بێتە مزگەوت با خواردن بخوات، ڕێگر نیە کە برسیشی بوو هەرکەسێك برسی بوو مانع نیە شتێك بخوات، بەڵام بیکەینە عادەتێكو بەردەوامو دوای هەموو دوو ڕکعەتێك خواردنی تایبەتیان بدرێتیو کە چەند زەرەرێکی تیابیو قورسیان بکات لە عیبادەتەکەیان باش نیەو زێدەڕەوی تیایدا باش نیە

**پ١٣٦/ ئایا تایبەت کردنی (صَلاةُ التّسْبِیحِ) بە مانگی ڕەمەزان یاخود تایبەت تریش بکرێت بەم شەوانەوە کە خەڵکی دەمێننەوەو بە کۆمەڵ ئەنجامی بدەنو ئیمامێك پێش نوێژیان بۆ بکاتو نوێژی (التّسْبِیحِ)یان بۆ ئەنجام بدات تا چەند دروستە؟**

و/ (صَلاةُ التّسْبِیحِ) هەندێك لە زانایان دەفەرموون فەرموودەکەی حسنە کە (حسن) بێت کەواتە دروستە بکرێت، کە دروستیشە تایبەت نەکراوە بە هیچ شەوێكو بە هیچ ڕۆژێك لە ساڵدا هەر کەسێك تایبەتی بکات ئەوەی کە باست کرد لە ڕەمەزاندا یان لە شەوانی قەدردا یان لە شەوانی تاکدا ئەو تایبەت کردنە دروست نیەو بیدعەیە، جا لە هەر شەوێك کە بۆی گونجا لە ڕەمەزان یان جگە لە ڕەمەزان بیکات کێشە نیە إِنْ شَاءَ اللَّهُ بەڵام باوەڕی وا نەبێت کەوا سوننەتە لەم شەوانەدا.

**پ١٣٧/ ئەی بە کۆمەڵ بکرێت؟**

و/ ئەوە نەهاتوە لە سوننەتی پێغەمبەری خوادا ﷺ، کەواتە سوننەتە هەر کەسێك بۆ خۆی بە تەنها بیکات وە تایبەتی نەکات بە ڕۆژێك یاخود بە مانگێکەوە .

**پ١٣٨/ ئایا دوعایەکی تایبەت هەیە لە شەوانی قەدرا مرۆڤی موسوڵمان تایبەت پێی لە خوای گەورە بپاڕێتەوە؟**

و/ بەڵی عائیشە (ڕەزای خوای پەروەردگاری لێ بێت) پرسیاری لە پێغەمبەری خوا ﷺ کردو فەرمووی: ئەگەر من شەوی قەدر دوعام کرد چی بڵێم؟ فەرمووی: بڵێ:

(اللَّهُمّ إِنّكَ عَفُوٌّ كَرِيمٌ تُحِبُّ الْعَفْوَ فَاعْفُ عَنِّي) (٨٠) .

واتە: خوایە تۆ لێبوردەو لێخۆش بوو میهرەبانیت بمبەخشەو لێمان ببورە .

**پ١٣٩/ ئایا نیشانەکانی ئەم شەوە چیە؟**

و/ نیشانەکانی ئەم شەوە، شەوەکە جەوەکەی موناسیبە نە گەرمەو نە ساردە، وە شەوێکی گەشە وە ڕۆژیش خۆر هەڵدێت لەم شەوە کە بۆ بەیانیەکەی (تَطْلُعَ الشّمْسُ فِي صَبِيحَةِ يَوْمِهَا بَيْضَاءَ لَا شُعَاعَ لَهَا) (٨١)، خۆر کە دەردێت بەیانیەکەی سپیە تیشکی نیە، ئەوە نیشانەکانی شەوی قەدرە، بەڵام کۆمەڵێك شتی تر هەیە خوڕافیات هەیە کە تیایدا سەگ ناوەڕێتو تیایدا دوو ئەستێرە بەیەك دەگەنو تیایدا خەون ببینێتو ئەم شتانە هەمووی خوڕافیاتەو ئەسڵو ئەساسی نیە.

---

(٨٠) رواه الترمذي وقال هذا حديث حسن صحيح .

(٨١) رواه مسلم في الصحيح .

# زەکاتی سەرفترە

**ئایە زەکاتی سەرفترە چی یە؟ وە بەچی دەدرێت؟ وە کەی دەدرێت؟ وە چۆن دەدرێت؟ وە چین ئەو حوکمانەی کە تایبەتن بە زەکاتی سەرفترەوە؟**

**پ١٤٠/ زەکاتی سەرفترە چی یە؟**

و/ زەکاتی سەرفترە لە زمانی عەرەبیدا پێی دەگوترێ (زکاة الفطر) واتە ئەو زەکاتو خێرەی کە واجب دەبێ بەهۆی ڕۆژوو شکاندنو تەواوبوونی مانگی ڕەمەزانەوە (الصّدَقَةُ تَجِبُ بِالفِطْرِ مِن رَمَضَانْ) خێرێکە واجب دەبێ لەسەر ئینسان کەبیکا باسی دەکەین إنْ شَاءَ اللّهُ، بەهۆی چیەوە واجب دەبێ؟ بەهۆی تەواوبوونی مانگی ڕەمەزان بەهۆی ڕۆژوو شکاندنی مانگی ڕەمەزان کە کۆتایی پێ دێ .

**پ١٤١/ کەواتە حوکمەکەی لەشەرعدا واجبە؟**

و/ بەڵێ بێگومان واجبەو فەرزە.

**پ١٤٢/ حیکمەت چی یە لە فەرز بوونو واجب بوونی سەرفترە؟**

و/ بێگومان هەر حوکمێك کە خوای پەروەردگار داینابێ حیکمەتێکی تێدایە. ئەو حیکمەتە هەندێ جار دەزانرێو هەندێ جاریش نازانرێ، بەڵام دڵنیاینو بیروباوەڕمان وایە کە هیچ حوکمێکی خوا بێ حیکمەت نیە، هەموو کارەکانی لە جێی خۆیەتی، حیکمەتی سەرفترە (زکاة الفطر) بریتیە لە چاك بوون لەگەڵ فەقیرو هەژارو بەو خێرەی کەتۆ دەیاندەیتێ بێ پێویستیان بکەی لە سواڵ کردنو داوای خواردن کردن لە ڕۆژی چەژندا. چونکە ئەو خێرە ئەو زەکاتە کاتێك واجب دەبێ کە ڕەمەزان تەواو دەبێ، کەواتە بۆ شەوی چەژن وە بۆ ڕۆژی چەژن کە ئەو زەکاتە وەردەگیرێ ئەو فەقیرو هەژارانە ئەوانیش بۆ ئەوەی بەشداری دەوڵەمەندەکان بکەن لە خواردنداو خواردنێکیان هەبێ کە ئەوانیش دڵیان پێ خۆش بێ نەك دەوڵەمەند خواردنی خۆی هەبێتو فەقیریش بێ خواردن بمێنێتەوە. وە حیکمەتێکی تریشی ئەوەیە: کە پاك بوونەوەی ڕۆژووەوانە لەهەر قسەیەکی لەغوو لەهەر (رفث)ێك لەهەر خراپەیەك کردبێتی ئەم زەکاتە پاکی دەکاتەوەو ئەجری ڕۆژووەکەی بۆ تەواو دەکات هەروەکو ابن عباس دەگێڕێتەوە پێغەمبەری خوا زەکاتی سەرفترەی واجب کرد ﷺ:

( فَرَضَ رَسُولُ اللّهِ ﷺ زَكَاةَ الْفِطْرِ طُهْرَةً لِلصّائِمِ مِنْ اللّغْوِ وَالرّفَثِ وَطُعْمَةً )[٨٢].

کە (طُهْرَةً لِلصّائِمِ مِنَ اللّغْوِ وَالرّفَثِ) لە پێناوی چیدا؟ بۆ خاتری چی؟ بۆ خاتری ئەوەی کە ڕۆژووەوان پاك بێتەوە لە (لغو)یەك کەکردوویەتی لە (رفث) یێك لە قسەیەکی زیاد لە قسەیەکی هەڵە لە کردەوەیەکی ناشیرین کە کردوویەتی بۆ ئەوەی پاك بێتەوە بەو زەکاتەو پاداشتی ڕۆژووەکەی تەواو بۆ بمێنێتەوە، وەهەروەها حیکمەتی دووەمیشی بۆ جگە لە ڕۆژووەوانەکەیە بۆ خەڵکانی فەقیرو هەژارە بۆ ئەوەی لە ڕۆژی چەژندا ئەوانیش بێ خواردن نەمێننەوە بەهۆی ئەو زەکاتەوە کە دەدرێت ئەوانیش خواردنی خۆیان هەبێتو بتوانن بەشداری دەوڵەمەندەکان بکەن لەو ڕۆژە چەژنەداو دڵیان خۆش بێت .

---

(٨٢) رواه أبو داود ١٣٧١ قال النووي : رَوَاهُ أَبُو دَاوُد مِنْ رِوَايَةِ ابْنِ عَبّاس بِإِسْنَادٍ حَسَنٍ.

**پ١٤٣/ کەواتە ئەگەر بۆ پاککردنەوەی ڕۆژووەوان بێت لە هەر کەمو کوڕیەك یان لەهەر تاوانێك لە کاتی بەڕۆژووبووندا ئەنجامی دابێ کەواتە کاتی زەکاتی سەرفترە ئەکەوێتە کۆتایی ڕەمەزانەوە؟**

و/ بێگومان زەکاتی (الفطر) کاتی واجبوونەکەی زانایان دوو بۆچونیان هەیە کۆمەڵێك لەزانایان دەفەرموون بەئاوابوونی ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ڕەمەزان زەکات (الفطر) واجب دەبێ، کۆمەڵێکیان دەڵێن: زەکاتی (الفطر) بەرەبەیانی ڕۆژی جەژن واجب دەبێ کەواتە چ کاتێك واجب بوو؟ بۆچونی یەکەمیان بێ یان بۆچونی دووەمین بێ ڕەمەزان کە تەواو بوو ئەوە زەکات (الفطر) واجب بووە، جا بەچوونە ناو شەوی جەژن یان بە چوونە ناو ڕۆژی جەژن بەهەر کامێکیان بێ شەو و ڕۆژی جەژن ئەو زەکاتە واجب دەبێ پێش ئەوە واجب نی یە.

**پ١٤٤/ لە ئیبن عومەرەوە (خوا لێی رازی بێت) هاتووە کە ڕۆژێ یا دوو ڕۆژ پێش جەژن زەکاتی سەرفترەی دەرکردبێ؟ ئەمە سەبارەت بە ئایا درووستە پێش بخرێ ئەو زەکاتە پێشتر بدرێ یان نا ؟ واتە باشترین کاتی تەواو بوونی ڕەمەزانە؟ .**

و/ واجب بوونەکەی ئەو کاتەیەو ئەو کاتە واجب دەبێ، بەڵام کەسێك کە پێشی بخات تا چ ڕادەیەك چەند ڕۆژ پێش واجب بوونی بۆی هەیە بیکات؟ دەڵێین: لێرەدا ئێمە دەگەڕێینەوە سەر ووتەی پێغەبەری خوا ﷺ وەئەگەر هەبێ وەئەگەر نەبێ دەگەڕێینەوە سەر کرداری صەحابە: (عَلَيْكُمْ بِسُنَّتِي وَسُنَّةِ الْخُلَفَاءِ الرَّاشِدِينَ)[٨٣] (مَا أَنا عَلَيْهِ الْيَوْمَ وأصحابي) صەحابە (ڕەزای خوای پەروەردگاریان لێ بێت) بەڵێ وەکو ئاماژەتان پێکرد لە ئیبن عومەرەوە (خوا لێی ڕازی بێت) ڕۆژێك یا دوو ڕۆژ پێش جەژن زەکاتی سەرفترەی دەردەکردو دەیدا بەو کەسانەی کە زەکاتی سەرفترە کۆدەکەنەوە کەواتە بۆ ئەوەی کە بۆ نموونە لیژنەیەك هەبێ‌و هەڵسێ بەوەی کە زەکاتی سەرفترەی خەڵك کۆبکاتەوە ئەو لیژنەیە بۆ ئەوەی فریا بکەون ڕۆژێك یا دوو ڕۆژ پێش جەژن دەست بکەن بە ماڵەکاندا بگەڕێن ئەو زەکاتە کۆبکەنەوە دروستە ڕۆژێك دوو ڕۆژ پێش جەژن ئەم زەکاتە بدرێ. کە صەحابە ئاوایان کردووەو وەکو ئیبن عومەر (خوا لێی رازی بێت) کردی .بەلاّم لە شانزەی ڕەمەزانەوە یا لە حەڤدەوە یا چەند ڕۆژێك لە پێش ڕەمەزانەوە وارد نەبووە لە صەحابە (ڕەزای خوای پەروەردگاریان لێ بێت) کە ئەو زەکاتەیان دەرکرد بێت لەو کاتەدا .

**پ١٤٥/ ئایا کەسانێك هەڵدەستن بە کۆکردنەوەی زەکاتی سەرفترە ئایا دروستە هەرکەسێ بۆ خۆی ئەو زەکاتە بە خزمو کەس‌و کاری خۆی بدات؟ یاخود پێویستە کۆمەڵێك هەبێ یا لیژنەیەك هەڵسن بە کۆکردنەوەی زەکاتەکەو ئەوان بەسەر فەقیرو هەژاراندا دابەشی بکەن؟**

و/ لەسەردەمی پێغەمبەری خوا ﷺ کۆمەڵێك کەس هەبوون کە دەگەڕان‌و ئەو زەکاتەیان کۆدەکردەوە، وەکە شتێکی ئاوا هەبێ باشە بۆ ئەوەی کە ئەو لیژنەیە بێ خەڵکانی فەقیر دیاری بکرێن‌و ناونوس بکرێن‌و زەکاتەکە کۆبکرێتەوە دابەش بکرێ بەسەریاندا هەم بۆ خاتری فەقیرو هەژارەکان چاکە، هەم بۆ خاتری خەڵکەکەش کە زەکاتەکە دەردەکات کار ئاسانیەکە بۆ ئەوان ئەو ئەرکەیان لەسەر نامێنێ کە لیژنەیەك بەو ئیشەوە هەڵدەستێ،

---

(٨٣) رواه أبو داود ، والترمذي ، وابن ماجه ، وغيرهم . و صححه جمع من أهل العلم ، منهم الترمذي ، والبزار ، والحاكم.

بەڵام ئەگەر ئەو لیژنەیەش نەبێ بێگومان هەرکەسەو بۆ خۆی زەکاتی سەرفترەی خۆی دەربکات‌و بیداتە کەسێك کە شیاوی بێت کە زەکاتی سەرفترەی بدرێتێ ئەوە دروستە إِنْ شَاءَ اللَّهُ.

**پ١٤٦/ ئایا زەکاتی سەرفترە لەسەر کێ واجبە؟**

و/ زەکاتی سەرفترە بێگومان کەسێك دەبێ موسوڵمان بێ کە موسوڵمان نەبێ بیشیدا لێی قەبوڵ ناکرێت هەر چەندە ڕای جمهور لەسەر ئەوەیە کە ئیسلام مەرجە، بەڵام ئیمامی شافعی (ڕەزای خوای پەروەردگاری لێ بێت) دەفەرمووێ: مەرج نییە چونکە لەسەر کافریش زەکاتی سەرفترە واجبە بەڵام بێگومان لێی قبوڵ ناکرێت کە موسوڵمان نەبێت، سەرەڕای ئەوەی کە موسوڵمان بێ وە تواناشی هەبێ لەسەر دەرکردنی ئەو زەکاتە، واتە قوتی شەو و ڕۆژێکی خۆی‌و ئەو خێزانەی کە ئەو بەرپرسیاریەتی قوتی ئەوانی هەبێ زیاد لەوە ئەوە زەکاتی سەرفترەی لەسەر واجبەو دەبێت دەریبکات. بەڵام کە خواردنی شەو و ڕۆژی نەبێ ئەوە زەکاتی سەرفترەی لەسەر نی یە، وە لەسەر هەموو کەسێکیش پێغەبەری خوا ﷺ زەکاتی واجب کردووە (عَلَى الْعَبْدِ وَالْحُرِّ، وَالذَّكَرِ وَالْأُنْثَى، وَالصَّغِيرِ وَالْكَبِيرِ مِنْ الْمُسْلِمِينَ) (٨٤) گەورە بێت یا بچوك، ئازاد بێت یا کۆیلە، ژن بێت یا پیاو، گەورە بێت یان بچوك هەر هەمووی زەکاتی لەسەر واجبە بەڵام ووتمان بە مەرج؟ بە مەرجی ئەوەی کە هەیێ کەسێك کە نەیێ بێگومان:

﴿لَا يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا﴾ ﴿البقرة:٢٨٦﴾.

**پ١٤٧/ کەواتە ئەگەر کەسێك هەژاریش بێ قوتی شەو و ڕۆژێکی هەبێ واجبە لەسەری زەکاتی سەرفترە دەربکات؟**

و/ بیگومان ئیبن عیيمین (ڕەزای خوای پەروەردگاری لێ بێت) دەفەرمێت: ئەو کەسە زەکاتی سەرفترە دەدات کە ئەندازەی ماڵی هەبێ واتا ماڵەکەی ئەوەندە بێ کە بگاتە ئەندازە. بەڵام لێرەدا بێگومان ئەوە راجح نییە هەرکەسێ قووتی شەو و ڕۆژی خۆی‌و خێزانەکەی هەبێ ئەو کەسانەی کە نەفەقەیان لەسەرە ئەوا پێویستە بیدات وە مرۆڤیش لەبری خۆی‌و منداڵەکان‌و خێزانەکەی زەکاتەکەی دەدات .

**پ١٤٨/ کەواتە سەرپەرشتیاری خێزان هەڵدەستێ بەدانی زەکاتی سەرفترە؟ هەرکەسێ بەخۆی زەکات دەرناکات؟ ئەگەر ئەو کەسانە راتبیان هەبێ یان پارەی سەربەخۆیان هەبێ هەر سەرپەرشتیارەکە واتە باوکەکە زەکاتیان بۆ دەردەکات؟**

و/ ئەگەر ئەو کەسە بۆ خۆی بیکات باوکەکە لێی بەرپرسیار نەبێ کێشە نییەو دروستە، بەڵام کەسێك کە منداڵە کە بالغ نییە بۆ نموونە یا ئافرەتێکە ئەوانە سەرپەرشتیاریان بۆیان دەردەکات‌و لەسەریان لا دەچێت إِنْ شَاءَ اللَّهُ

(٨٤) رواه البخاري (١٥٠٣) ومسلم (٩٨٤).

**پ١٤٩/ چ شتێك بە زەكاتی سەرفترە ئەدرێت؟**

و/ زەكاتی سەرفترە جیاوازە لە زەكاتی ماڵ ابن عمر (ڕەزای خوای پەروەردگاری لێ بێت) دەگێڕێتەوە لە بوخاریو موسلیم دا دەفەرموێ پێغەمبەری خوا ﷺ زەكاتی سەرفترەی واجب كرد (صَاعاً مِنْ تَمر، أو صَاعا مِنْ شَعِير، أو صَاعاً مِنْ أقطٍ)(٨٥) وە لە ریوایەتێكی تردا (وصَاعاً مِنْ طَعَام) پێغەمبەری خواﷺ واجبی كردووە كە (صاع) یێك واتە چوار مشت كە دوو كیلۆ و سەدو پەنجاو حەوت گرام دەكات، پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوندەی واجب كردووە هەركەسێ لەبری هەر كەسێك چوار مشت كە (صاع)یێك دەكات زەكاتی لەسەر واجبە، لە چی بیدات؟ لە خواردن جا خواردنی ئەو كاتە كەشك بووە بۆ نموونە جۆ بووە خورما بووە ئەو جۆرە شتانە بووە یان گەنم سەردەمی صەحابە (ڕەزای خوای پەروەردگاریان لێ بێت) ئەوان وایان دەركردووە ئەوە واجب بووە لەسەریان كە دیاریان كردووە. جا مادام لە ڕیوایەتێكدا هاتووە كە دەفەرموێ (وصَاعاً مِنْ طَعَام) كەواتە هەرشتێ خواردن بێ قوتی خەڵك بێ دروستە إِنْ شَاءَ اللّهُ مەرج نییە بڵێین تایبەتەو دەبێ ئیللا كەشك بدرێ یا خورما بدرێ لە وڵاتی ئێمەدا بۆ نموونە خورما نییە یا لەوانەیە كەشك نەبێ یا لەوانەیە كە جۆ بدەیتە كەسێك سودی نەبێ بۆ فەقیرو هەژار، لەوڵاتێكەوە بۆ وڵاتێكی تر دەگۆڕێ، یا لەشوێنێكەوە بۆ شوێنێكی تر دەگۆڕێ ئەوەی كە پێغەمبەری خوا ﷺ ئیشارەتی پێكردووە ئەوا خواردنی خۆیانو قوتی ئەوان لەو شوێنەداو لەو سەردەمەدا ئەوە بووە، ئەمڕۆ كە خواردنی خەڵك برنجە بۆ نموونە دروستە دەبێ بدرێ بێگومان ئەوەش باشترە لەوەی گەنم بداتە خەڵك یا جۆ بداتە خەڵك، كەواتە خواردنی خەڵك چی بێت دەبێت ئەوەیان بدرێتێ، لەبەر ئەوەی فەرموودەكە باسی خواردن دەكات دەبێ خواردنیان بدرێتێ .

**پ١٥٠/ ئەگەر كەسێك توانای هەبێت دەتوانرێت زیاتر بدرێت؟ یاخود ئەندازەكەی دیاری كراوە ؟**

و/ كەسێك كە زیاتر بدات گومان لەوەدا نییە كە باشترە، چونكە زەكات ئەسڵەكەی لەسەر (مواساه الفقراو) دامەزراوە واتە: دڵنەوایی فەقیرو هەژارو چاكە كردن لەگەڵی جا كەتۆ چاكە كە زیاتر بكەی ئەوە گومانی تێدا نییە چاكترە، چۆن خوای پەروەردگار لە فیدیەی خواردنی هەژاراندا دەفەرمووێ: (وَأَن تَطَوَّعَ خَيْرًا لَّكُمْ) ئەگەر بێتو لە فیدیەی نەفەرێك زیاتر بدەن خواردنی دوو نەفەر بدەن ﴿فَمَن تَطَوَّعَ خَيْراً فَهُوَ خَيْرٌ لَّهُ﴾[البقرة:١٨٤]. باشترە بە هەمان شێوەش زەكاتی سەرفترە كەتۆ لە جیاتی نەفەرێك (صاع)یكە كەتۆ بیكەیتە پێنج مست خێرت زیاتر دەگاتو گوناهت ناگات إن‌ءشاوَ اللّهُ، لێرەدا ئەسڵ تێیدا (تعبد)نییە، ئەسڵ تێیدا (مواساة الفقراء) لەمەسەلەی (تعبدیات) چۆن هاتووە نابێ بۆی زیاد بكەی، بەڵام شتێك كە دیارە عیلەتەكەی چاكە كردنە لەگەڵ هەژاران ئەوە تۆ بێگومان كە چەندێك زیاتر بدەی باشترە بەڵگەشمان ئایەتەكەی خوای پەروەردگار (وَأَن تَطَوَّعَ خَيْرًا لَّكُمْ) .

---

(٨٥) متفق علیه .

**پ١٥١/ ئەگەر هاتوو ئەو خواردنە کە پێی بدرێ جۆری خواردنەکە دەستنیشان نەکراوە بۆ نموونە ئەگەر برنجە ئێستا چەند جۆرێ برنج لە بازاڕدا هەیە برنجی وا هەیە بۆ نمونە کیلۆی بە دوو هەزارە بەهەزارە بە پێنج سەدە ئایە زەکاتەکەی لەسەر لا ئەچێ یاخود بەگوێرەی هەبوون و نەبوونی ئەو کەسەیە خۆی چ جۆرە برنجێك ئەخوات ئەبێ لەو برنجە دەربکات؟**

و/ ئەسڵ ئەوەیە کە خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿مِنْ أَوْسَطِ مَا تُطْعِمُونَ أَهْلِيكُمْ﴾[المائدة:٨٩].

باشتر وایە خواردنێکی مامناوەند بێ نەئەو تەکلیفەی لەسەر دابنرێ بچێ باشترین برنج بکڕێ بۆ خەڵك، نەخراپترین برنجیش کە بیداتە خەڵك و بۆیشی ببەی لەوانەیە پێیان نەخورێت و نەیخۆن، کەواتە مامناوەندیەت لەم شتانەدا داواکراوە، بەلاّم کەسێك کەنەیبێت و لەوە زیاتر ئیمکانیەتی نەبێ چ برنجێکی هەیە دروستە إن شاء اللّهُ ئەو چی دەخوات ئەوە بدات لەگەڵ ئەوەشدا گەورەیی ئەوەیە کە باشتربێ.

**پ١٥٢/ ئایا ئەم زەکاتەی سەرفترە بەکێ دەدرێت؟ ئەو هەشت پۆلەیە کە خوای گەورە باسی کردووە یاخود جیاوازە؟**

و/ زەکاتی ماڵ بەڵێ بۆ هەشت پۆلەکەیە، بەلاّم زەکاتی سەرفترە پێغەمبەری خوا ﷺ دیاری کردو فەرمووی: (طَعَمة للمِسْاكِينِ طعموهم عن السؤال في هذا اليوم) [٨٦] دەفەرمووێ: خواردنێکە بۆ فەقیرو هەژار بەس خواردنە وەبۆ فەقیرو هەژارانە بۆ ئەوەی بێ پێویستیان بکەن لە سواڵ کردن و داواکردن لەخەڵك لەم ڕۆژەدا، نەیفەرموو بۆ کەسێ قەرزدارە، بۆ کەسێك کە لەجیهادە، بۆ کەسێك کە خەریکی کارێکی خێرە، بۆ ئەو کەسەیە کە فەقیرو هەژارە (طَعَمة للمِسْاكِينِ) ئەوە بۆچونی دروستە .

**پ١٥٣/ کەواتە ئەو کەسانەی خۆیان فەقیر نەبوون دروست نی یە وەریبگرن، چونکە لەکۆندا وا باو بووەو خەڵکی وا ڕاهێندراون کە زەکاتی سەرفترە وە باقی زەکاتەکانی تر بدەن بە چینێکی تایبەت. ڕوونکردنەوەیەك لەسەر ئەم بابەتە؟**

و/ ووتمان پێغەمبەری خوا ﷺ دیاری کردووە (طعم للمسلكين) خواردنێکە بۆ فەقیرو هەژار جا بۆ نموونە جارێك وەکو مامۆستایەك ئەگەر مسکین و فەقیربن ئەوا شیاون کە مسکین و فەقیر نەبن شیاو نین با مەلاش بن، کەمن شیاونیم إن شاء اللّهُ کەواتە مەرج نییە بلێم مادەم کەسێك کە مامۆستای مزگەوت بێ بۆ نموونە ئەوا سەدا سەد شیاوی زەکاتی سەرفترەیە، کاتێك دروستە کە مسکین و فەقیر بن(طعم للمساكين) کە ئەو نیشانەی تێدابێ حەڵاڵەو دروستە بۆی وە لەسەریشت لادەچێت کە بیدەیتێ، بەلاّم کەدەوڵەمەند بێت و مسکین نەبێ نەبۆ ئەو دروستە وەری بگرێ نەبۆ من و تۆ دروستە پێی بدەین چونکە لەسەرمان لاناچێت (طعم للمساكين)دەبێ مسکین بن.

(٨٦) رواه أبو داود وابن ماجة والدارقطني والحاكم وصححه.

**پ١٥٤/ ئایا بۆ ئەو کەسانەی کەوا لەدەرەوەی وڵاتن کاتێك کە زەکاتی سەرفترە دێت لێرە کەسوکاریان یا باوکی زەکاتی سەرفترەی بۆ دەردەکات ئایە ئەویش بەهەمان شێوە ئەو ئەندازەی کەوا لێرە هەیە بەو شێوازەی بۆی دەردەکات؟ یان بەو شێوازەی کە لای خۆیان کە لەوێ خواردن گرانترە . بە چ شێوازێك بۆی دەردەکات؟**

و/ ئەو کەسە لەهەر شوێنێك بژێت لەو شوێنەی کە تێیدا دەژێت واجبە لەسەری (صاعێك لە خواردنی ئەو شوێنە بداتە هەژارو مسکین ئەو (صاع)ە خواردنە قیمەتی چەند بوو کە لەوێ هەژارو مسکین دەست کەوت ئەوە بۆ خۆی لەوێ دەیداتە موسوڵمانان، کەلەوێ دەستی نەکەوت کەسێك تەکلیف دەکات لێرە لە وڵاتی موسوڵمانان بۆ ئەوەی نەبێتە فێڵێك لە شەرع لەوێ (صاع)ێك خواردن واجبە لەسەری بۆنموونە ئەو (صاع)ە خواردنە مەبلەغێك پارە زیاترە لە مەبلەغێك پارەی (صاع)ێکی ئێرە ئەوە لەوێ لەسەری واجب بووە، سەلامەتترین شت بۆ دینەکەی ئەوەیە کە لەوێ چەندێکی لەسەر واجب بووە ئەوا لێرە کەسێك بکاتە وەکیل لە وڵاتی موسوڵمانان کە بایی ئەوەندە خواردنی بۆ بکڕێو بەسەر فەقیرو هەژاردا دابەشی بکات.

**پ١٥٥/ بۆ نموونە ئەگەر ئەو خواردنە کەوا لەوێ زەکاتی سەرفترە دەردەکات ٥دۆلار بێت ئەبێ بایی ئەو ٥ دۆلارە خۆراکی بۆ بکڕێتو بەسەر فەقیرو هەژارندا دابەشی بکات؟**

بەڵێ.

**پ١٥٦/ خوا پاداشتی خێرت بداتەوە ئایە کەسێك ئەگەر لە ڕەمەزاندا بمرێتو پێش ئەوەی کەوا زەکاتی سەرفترە دەربکات پێویستە بۆ کەسوکاری زەکاتی سەرفترە بۆ ئەم مردووە دەربکەن یاخود بەمردنی لەسەری لائەچێت؟**

و/ ووتمان زەکاتی سەرفترە بەخۆرئاوا بوونی ئاخیری ڕۆژی ڕەمەزان واجب دەبێ لەسەر قسەی هەندێ لە زانایان، وە بە بەرەبەیانی ڕۆژی چەژن واجب دەبێ لەسەر قسەی هەندێکی تریان، کەواتە کەسێك لە ڕەمەزاندا بمرێت ئەوە خۆری ئاخر ڕۆژی ڕەمەزان ئاوا نەبووە مادام لە ڕەمەزاندا مرد کەواتە زەکاتی سەرفترە لەسەری واجب نەبووە کەواجبیش نەبێ پێویست ناکات بیدات.

**پ١٥٧/ ئایە ئەگەر کەسێك نەیتوانی لەکاتی خۆیدا دەری بکات ئەو زەکاتە هەر لەسەری پێویستە دەری بکات؟ یاخود ئەگەر لەکاتی خۆیدا دەرینەکرد لەسەری دەکەوێتو پێویست نییە جارێکی تر دەری بکات؟**

و/ فەرموودەی ابن عباس (ڕەزای خوای پەروەردگاری لێ بێت) کاتێك کە باسی ئەوەی کرد پێغەمبەری خوا ﷺ زەکاتی سەرفترەی واجب کردووە فەرمووی: (مَنْ أَدَّاهَا قَبْلَ الصَّلاةِ فَهِيَ زَكَاةٌ مَقْبُولَةٌ) (٨٧) هەرکەسێ ئەو زەکاتە بدات پێش نوێژی چەژن ئەوە زەکاتەکەی قبوڵە، کەواتە کاتی دەرکردنی چاكو تەواو و سوننەت ئەوەیە کە دوای نوێژی بەیانی تاوەکو پێش نوێژی چەژن لەو کاتەدا دەربکرێت ئەویش کە خواردنە بدرێتە فەقیرێك لە ڕۆژی چەژندا بۆ ئەوەی خواردنی هەبێت، ئەمە کاتە سوننەتەکەیەتی، ووتمان دروستیشە ڕۆژێك یا دوو ڕۆژ پێش چەژن بدرێ، بەڵام باشتر ئەوەیە، جا پێغەمبەری خوا ﷺ کە ابن عباس لێی گێڕایەوە فەرمووی: هەرکەسێ ئەو زەکاتە دەربکات پێش نوێژی چەژن ئەوە زەکاتێکە وەرگیراوە: (وَمَنْ أَدَاهَا بَعْدَ الصَّلاةِ فَهِيَ صَدَقَةٌ).

وە ئەوەی دوای نوێژ دەری بکات ئەوە صەدەقەو خێرە زەکات نییە.

(٨٧) رواه أبو داود ١٣٧١ قال النووي : رَوَاهُ أَبُو دَاوُد مِنْ رِوَايَةِ ابْن عَبَّاس بِإِسْنَادٍ حَسَنٍ.

**پ١٥٨/ کەواتە هەر کەسێ دوای نوێژی چەژن زەکاتەکەی دەربکات ئەوە خێرێکە لە خێرەکان کە کردوویەتی‌و زەکاتی سەرفترە نییە؟**

و/ بەڵێ بەوە لا نەچووە لەسەری، بەڵام بۆ نموونە ئەگەر ئاگای لێنەبوو یان مەژغوڵ بوو، یان لە بیری چوو یان عوزرێکی هەبوو لەو کاتەدابوو کەنوێژیش کرا ئایە لەسەری لا دەچێت نەخێر لەسەری لاناچێت دەبێ هەر زەکاتەکەی بداتە فەقیرێك یان هەژارێك وە داوای لێخۆشبوون لە خوای گەورە بکات ئەگەر جۆرێك لە کەمتەرخەمی هەبوو بێت.

**پ١٥٩/ چ کاتێك ئەو زەکاتە ئەدات کاتێك لە دەستی چوو لە کاتی خۆیدا بیدات؟**

و/ دوای ئەوە یەکسەر زەکاتەکە دەدات.

**پ١٦٠/ ئایا دروستە بە پارە زەکاتی سەرفترە بدرێت؟ واتە قیاس بکرێ لەسەر پارەو بزانرێ ئەو بڕە خواردنەی کەوا پێویستە بدرێ بە پارە بایی چەندە پارەکە لە جیاتی ئەوە بە فەقیرو هەژاران بدرێ ؟**

و/ دەڵێم وەکو خوای گەورە فەرموویەتی:﴿ وَمَا كَانَ رَبُّكَ نَسِيًّا﴾ [مريم:٦٤].

پەروەردگارمان شتی لەبیر ناچێتەوەو شتی لێ ون نابێت‌و یەکی ناکەوێ لەهیچ شتێك‌و هەموو شتێك دەزانێ وە پێغەمبەرەکەشی ﷺ ﴿وَمَا يَنْطِقُ عَنِ الْهَوَى (٣) إِنْ هُوَ إِلا وَحْيٌ يُوحَى (٤) ﴾[النجم:٣-٤]. ئەوەی کە پێغەمبەرەکەشی ﷺدەیڵێ وەحیە وەهەرشتێکیش پێغەمبەرەکەی ﷺ لەبیری بچێت خوای گەورە دەیخاتەوە بیری، کەواتە پێغەمبەری خوا ﷺ لە باسی زەکاتی ماڵو ساماندا باسی پارەی کرد، بەڵام لە زەکاتی سەرفترە باسی پارەی نەکرد، ابن عباس وە ابن عمریش دەفەرموون: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرزی کرد لەسەرمان زەکاتی سەرفترە (صَاعاً مِنْ طَعَام) (صاع)ێك چوار مشت لە خواردن وە ئەوەش کە تەئکیدی لێدەکاتەوە دەبێ خواردن بێ دەفەرمووێ: (طعم للمساکن) خۆراکێکە بۆ کێ بۆ فەقیرو هەژار دیسان زیاتر تەئکیدی کردەوە (طهرهم عن السؤال في هذا اليوم) بۆ ئەوەی لەو ڕۆژەدا بێ پێویستیان بکەن نەچن داوای خواردن لە دراوسێ یان لە خەڵك بکەن، چونکە ڕۆژانی ڕەمەزان کاتی خۆگرتنەوەیە لە خواردن، بەڵام ڕۆژی چەژن ڕۆژی خواردن‌و خواردنەوەیە، لەڕۆژی خواردن‌و خواردنەوەی چەژندا فەقیرو هەژار پێویستی بە خواردن‌و خواردنەوە هەیە، بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ بێ حیکمەت نییە کە خواردنی داناوە، کەواتە لەسەر ئەسڵەکە پێویستە بمێنینەوە، بەبیانوی ئەوەی کەوا پارەکە بۆ فەقیر زیاتر سودی لێ دەبینێت لە خواردنەکە نەخێر ئەم شتە پێویست نییە وابێ‌و مەرجیش نییە وابێ، چونکە لەوانەیە ئەگەر بە پارە بیدەیتە کەسێك لەوانەیە بە جگەرەی بدات بۆ نموونە یان دەیداتە کەسێك بۆ پۆشاك‌و جلو بەرگی خۆی سەرفی بکات بۆ نموونە یان بچێ قەرزێکی پێبداتەوە، بەڵام ماڵو منداڵەکەی بەبرسێتی مانەوەو خواردنێکی خۆشیان نەخوارد لەڕۆژی چەژنداو شتێکیان نەبوو وەکو خەڵك‌و دراوسێکانیان بتوانن ئەوانیش خواردنیان هەبێ لە ڕۆژی چەژندا، کاوتە ئەسڵ ئەوەیە، بەڵام ئەگەر بۆ نموونە زەروورەتێك هاتە پێشەوە یا حاجەتێك هاتە پێشەوە لە حاڵەتی زەروورەت بۆ نموونە کەسێك دەڵێ لەبەریتانیا ناتوانێ خواردن بنێرێتەوە بۆ کوردستانی ئێمە ئەوە کەسێك تەکلیف دەکات پارەی بۆ دەنێرێتەوە بەس ئەو کەسەش کەتەکلیف دەکرێ دەبێ خواردنی بۆ بکڕێ یان بیدەیتە فەقیرەکە بیکەیتە مەرج لەسەری‌و سیقەشت

پێیێ کە خواردنی بێ بکڕێ لەو حاڵەتانە دروستە پارە بدات، بەڵام شتکە هەر بۆچی گەڕایەوە؟ هەربۆ خواردنەکە گەڕایەوە . سەیر لەوەدایە بەڕاستی کە لە سوننەت لادراوە ئەوە لە مەزهەبی ئیمام شافیعی (ڕەزای خوای پەروەردگاری لێ بێت) دەبێ خواردن بێ‌و دروست نییە بەپارە بێت، بەڵام کە دەبینین هەندێك جار بۆ هەندێك شت کە مەسڵەحەتی مادی تێدایە واز لە مەزهەبی ئیمام شافیعی دەهێنرێ بۆ؟ بۆ مەزهەبی ئیمام أبو حەنیفە کە بڵێن والله تێیدا بە دروستی دەزانرێ زەکاتی سەرفترە بە پارە بدرێ.

**پ١٦١/ لێرەدا فەرمووت لەمەزهەبی ئیمامی شافیعیش دەڵێ دەبێ خواردن بێ؟**

و/ واز لەمەزهەبەکەش دێنرێ بۆ؟ چونکە ئاسانترە ئەگەر پارە بێ هەر لەمزگەوت وەردەگیرێ یا لەهەر کۆڵانێك بێ وەردەگیرێ بۆ ئەوەی بیخاتە گیرفانی خۆیەوە ئەوەش بەڕاستی شەرعی نییەو دروست نییە، ئەسڵ ئەوەیە مرۆڤ لەسەر سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ بمێنێتەوە جا دەبینین مونافەسەیەك هەیە هەندێ جار دەبینین لە لای هەندێ مامۆستای ئاییندا لەگەڵ ڕێزمدا بۆ مامۆستایانی ئایینی هەندێ مامۆستایان لەو لاو لە کۆڵانەکاندا دەکەونە مونافەسەی خۆیان وەرە خەڵکینە بۆنموونە لیژنەی فەتوا ئەوەندەی داناوە من کە سەرتان چاك دەکەمەوە کە ناویشیان ناوە سەر چاککردنەوە –ئەوە سەرفترەیە نەك سەرچاککردنەوە– واتە ئەو زەمانەیە بەهۆی سەرفترەوە لە (فطر)ەوە هاتووە بەهۆی ئەوەوە واجب دەبێ وەرە من بە کەمتر بۆتان چاك دەکەمەوە لیژنەی فەتوا چەندی داناوە من کەمترتان لێوەردەگرم وەکو بڵێی مونافەسەیەکەو سەیدەلیات‌وعیادەیە وەرە من بەهەرزانتر پێتان دەفرۆشم ئەو شتانە مرۆڤی موسوڵمان دەبێ لەوە تێگەیشتوتر بێ إِنْ شَاءَ اللَّهُ زەکاتی سەرفترە وەکو خواردن دەدرێ برنجێکی باش بدرێ إِنْ شَاءَ اللَّهُ بیدە فەقیرو هەژار.

**پ١٦٢/ ئایا دروستە گۆشت بدەیت لەجیاتی خواردن؟**

و/ ئەوە بۆچونی هەندێ لەزانایانە دروستە بدرێ إِنْ شَاءَ اللَّهُ کەوابێت بەشی ئەو ماڵە بکات چونکە گۆشت بە(صاع) ئەندازە ناکرێت، بەڵام قیاسی بکەی بەبرنجێکی باش قیمەتەکەی چەندە بەوە مریشکیان بۆ بکڕی والله أعلم دروستە إِنْ شَاءَ اللَّهُ مادام خواردنە.

**پ١٦٣/ ئەگەر کەسێك زەکاتی سەرفترەی دەرکرد ئایە ئەو زەکاتەی لەسەر لا چووە یاخود پێویستە دووبارە بە خواردن دەریبکات؟**

و/ ئەگەر لەبەر زەرورەتێك نەبێ دەبێ دەریکات ئەسڵ ئەوەیە لەسەر سوننەت بمێنینەوە والله أعلم .

# جـەژن

**پ١٦٤/ چەژن** (عيد) **بە مانای چی دێت؟**

و/ (عيد) لە زمانی عەرەبیدا لە (عاد يعود) هاتووە (عاد) واتا گەڕایەوە (يعود) دەگەڕێتەوە (عيد) ئەوەیە كە هەموو ساڵێك دەگەڕێتەوەو دووبارە دەبێتەوە، وە خەڵكی تێیدا كۆدەبێتەوەو بە خۆشیو شادیەوە بۆ خەڵكی دێتەوە، كەواتە لە زمانی عەرەبیدا بەمانای ئەو شتەیە كە دووبارە دەبێتەوەو دەگەڕێتەوەو جارێكی تر دێتەوە، وە چەژنیش ئەوەیە كە ساڵانە دووبار دەبێتەوەو موسوڵمانان تێیدا كەیف خۆشو دڵ خۆش دەبنەوە .

**پ١٦٥/ حیكمەت لە دانانی ئەو دوو چەژنە چەژنی ڕەمەزانوچەژنی قوربان لەم كاتانەدا چییە؟ وە بۆ چی لەم كاتانەدا ئەم دوو چەژنە دانراون؟**

و/ بێگومان هەموو نەتەوەیەك ڕۆژێك یان چەند ڕۆژێكیان هەیە كە تیایدا بە چەژنی خۆیان داناوە وە دڵی خۆیان تێیدا خۆشدەكەن بە بۆنەیەكی نەتەوەیی بێت یا نیشتمانی بێت یا بەهۆی سەركردەیەكەوە بێت یا بەهۆی هەر شتێكەوە بێت، تەماشا دەكەین لەناو خەڵكی جیهاندا چەند هۆكارو چەند موناسەبەو بۆنەیەك هەیە بەبۆنەی ئەوانەوە خەڵكی كردوونی بە چەژن، بەڵام لە ئیسلامدا وەكو فەرموودەی ئەنەس (ڕەزای خوای پەروەردگاری لێ بێت) كە دەفەرمووێت: ( قَدِمَ النَّبِيُّ ﷺ الْمَدِينَةَ) پێغەمبەری خوا ﷺ كە هاتە مەدینە (وَلأَهْلِ الْمَدِينَةِ يَوْمَانِ يَلْعَبُونَ فِيهِمَا) (٨٨) ئەهلی مەدینە دوو ڕۆژیان هەبوو كردبوویان بە جەژنو یاریو گاڵتەی خۆیانیان تێدا دەكردو كەیف خۆشی خۆیانیان تێدا دەردەبڕی، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: (أَبْدَلَكُمُ اللَّهُ بِهِمَا خَيْرًا مِنْهُمَا ) خوای گەورە ئەم دوو ڕۆژەی بۆ گۆڕینەوە بە خێرترو باشتر لەم دوو ڕۆژە (يَوْمَ النَّحْرِ يَوْمَ الفطر) كە ڕۆژی چەژنی قوربانو ڕۆژی چەژنی ڕەمەزانە، ئەی ئەهلی مەدینە ئەو دوو ڕۆژەی كە خۆتان كردووتانە بە چەژن خوای گەورە بۆی گۆڕین بە دوو ڕۆژ كە خۆی بۆی هەڵبژاردنو پێ بە جەژنتان كە ئەو دوو ڕۆژە بەڕاستی ڕۆژی ئەوەیە كە مرۆڤی موسوڵمان تێیدا دڵی خۆی خۆش بكاتو بە جەژنی بزانێ، بۆچی؟ چونكە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: (خيرا منهما) خوای گەورە بۆی گۆڕین بە خێرتر، خێرترەكە لەوەدایە كەوا تەماشا دەكەین ئەم جەژنە بەدوای دوو ڕوكنی گەورەی ئیسلامەتی دا دێن، جەژنی ڕەمەزان بەدوای ڕوكنی سێیەمدا دێت ئەویش ڕوكنی ڕۆژوو گرتنە، وە جەژنی قوربانیش بەدوای ڕوكنی حەجدا دێت، هەریەكێك لەم دوو جەژنە بەدوای ئەم دوو ڕوكنەدا دێن، یەكێك لەم دوو ڕوكنە كۆمەڵێك عیبادەتی تریشی لەگەڵە موسوڵمان لە مانگی ڕەمەزاندا خەریكی ڕۆژوو گرتنو شەو نوێژ كردنو دوعا كردنو خێرو خێرات كردنو قورئان خوێندنن، پاشان لەدوای ئەم هەموو عیبادەتو گەڕانەوەیە بۆ لای خوا ڕۆژێك هەیە كە دڵی خۆی تێدا خۆشكاو خۆشحاڵی خۆی تێدا دەربڕێ كە ئومێدیو ڕەجای وایە خوای پەروەردگار لە گوناهی خۆشبووە وە ئەجری بەنسیب كردووەو پلەی بەرز كردۆتەوەو یەكێك بووە إِنْ شَاءَ اللَّهُ لەوانەی كە خوای گەورە ڕزگاری كردوون لە شەوانی ڕەمەزاندا لە ئاگر، كەواتە حەقی خۆیەتی دڵی خۆی خۆش بكاتو جەژنی بێت كە لە ئاگری جەهەننەم ڕزگاری بكاتو بەختەوەری بەردەوامو قیامەتی بەنسیب بكات، بەهەمان شێوەش حاجی كاتێك كە دەچێتە حەجەوە وە ڕۆژی

(٨٨) أخرجه أحمد في المسند رقم (١٣١٦٤)، وصححه الألباني في صحيح الجامع ٤٣٨١ .

عەرەفە لە عەرەفات ڕادەوەستێت کە (الحج عرفة) حەجیش ئەوەیە بەتایبەتی گەورەترین ڕوکنی حەج عەرەفەیە دوای ئەوە چەژنی قوربان دێت کە خوای گەورە لە حاجیەکان خۆش دەبێ حەقی خۆیەتی مرۆڤی موسوڵمان جەژنی بۆ بکات، چونکە ئەو عیبادەتە مەزنو گەورەیەی بە نسیب بووە خوای گەورە تێیدا لە بەندەکانی خۆی خۆشبووە کەواتە دەتوانین بڵێین چۆن خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿قُلْ بِفَضْلِ اللهِ وَبِرَحْمَتِهِ فَبِذَلِكَ فَلْيَفْرَحُوا هُوَ خَيْرٌ مِمَّا يَجْمَعُونَ ﴾[يونس:٥٨].

موسوڵمان بە گەورەیی‌و ڕەحمەتی خوا دڵی خۆش دەبێ، جەژنی موسوڵمان ئەوە نییە تەنها جلی جوان لەبەر بکات بەڵکو جەژنی موسوڵمان ئەوەیە کە دڵی بەوە خۆشبێ کە خوا لێی ڕازی بووە خوا لێی خۆشبووە عیبادەتێکی بە جێ گەیاندووە لەخوای خۆی نزیك بۆتەوەو تەوبەی کردووە ئەوە مانای جەژنی ڕاستەقینەیە، بەڵام ئەو جەژنانەی تر کە دەبینین جەژنە بە بۆنەی شتێکەوە لە ڕاستیدا مرۆڤ پێی ناخۆشبێ زۆر زۆر باشترە لەوەی کە پێی خۆشبێ، ناخۆشحاڵی توشیێ چاکترە لەوەی کە خۆشحاڵی تووش بێ، یا بەبۆنەی شتێکی کەم نرخە یان شتێکی چەند کەسانێکە هیچ پەیوەندی بەمەصیری مرۆڤەوە نییە بەهەشتی بەنسیب بێ یا رزگاری بێت لە جەهەننەم بۆیە جەژنی ئیسلامەتی ئەم دوانەیە کە خوا بۆی داناوین وە خێرتریشن لە هەموو ئەو جەژنانەی کە خەڵکی بۆ خۆیانیان دادەنێن .

**پ١٦٦/ کەواتە جیاوازی نێوان جەژنی موسوڵمانان و کافران ئەوەیە کە جەژنی موسوڵمانان دانانەکەی لەلایەن خوای پەروەردگارەوەیە وە لەپاش ئەنجامدانی عیبادەت‌و پەرستشە بۆ خوای گەورە بە پێچەوانەی چەژنی کافرانەوە؟**

و/ وەماناشی تێدایە مانایەکی زۆر گەورەی تێدا کە خوا لێت خۆش بوو خوا ڕەحمی پێ کردی لە خوا نزیك بوویتەوە بەڵام جەژنی ئەوان بریتییە لە چی؟ وەکو خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَالَّذِينَ كَفَرُوا يَتَمَتَّعُونَ وَيَأْكُلُونَ كَمَا تَأْكُلُ الْأَنْعَامُ وَالنَّارُ مَثْوًى لَهُمْ ﴾﴿محمد:١٢﴾.

بەس ڕادەبوێرن‌و تێکەڵی ژنو پیاو و خۆشحاڵی خۆیان بە فاحیشە دەردەبڕن‌و وادەزانن ئەوە جەژنە کە ئەوەش حەقی خۆیەتی بگرین نەك دڵیان بەوە خۆش بێ چونکە ئەوە لە خوا نزیکیان ناکاتەوە لە دۆزەخ نزیکیان دەکاتەوە .

**پ١٦٧/ موسوڵمانانیش بەشداریان نەکەن؟**

و/ نابێ موسوڵمانان بەشداری چەژنی ئەوان بکەن خوای گەورە دەفەرمووێت:

﴿وَالَّذِينَ لَا يَشْهَدُونَ الزُّورَ ﴾﴿الفرقان:٧٢﴾.

غەیری ئەو دوو چەژنەی خوا دایناوە دروست نییە موسوڵمان هیچ شتێکی تر بە جەژن دابنێت

**پ١٦٨/ جگە لەم دوو جەژنە ئایا موسوڵمانان جەژنێکی تریان هەیە؟**

و/ ڕۆژانی هەینی کە جەژنی هەفتانەیە هەینیش بریتییە لە جەژنی موسوڵمانان هەینیش جەژنێکی ترە موسوڵمان تێیدا دڵ خۆش دەبێ‌و خۆی دەشوات‌و خۆی دەڕازێنێتەوەو دەچێتە ماڵی خوای پەروەردگارو کۆبونەوەیەکی ترە کە موسوڵمانان لە هەینیدا کۆدەبنەوە دیسان .

**پ١٦٩/ كەواتە ئەو جەژنانەی كە لەشەرعدا بۆ موسوڵمانان دیاری كراوە تەنها ئەم سێ جەژنەیە؟**

و/ بەڵێ بێگومان.

**پ١٧٠/ ئەی ئەو جەژنانەی تر كەوا لای خەڵكی بە جەژن دادەنرێت وەكو یادی لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ وەكو كۆچ كردنی پێغەمبەر ﷺ بۆ مەدینە، وەكو ئیسراو میعراج، وەكو نیوەی شەعبان كە شەوی بەراتی پێ ئەڵێن، وە چەندەها جەژنی تر كە لەناو موسوڵمانانـدا باوە ئایە ئەمانە هیچ بەڵگەیەكی لەسەرە لەقورئان یا لە فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ كە لە شەرعدا بە جەژن دانرابێت؟ یاخود خەڵك خۆیان دایاننـاوە؟**

و/ بێگومان پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (لَتَتْبَعُنَّ سَنَنَ مَنْ كَانَ قَبْلَكُمْ) [٨٩] ئێوە شوێن ڕێچكەو ڕێبازی ئوممەتانی پێش خۆتان دەكەون لە یەهودو نصارا لە فارس و لە ڕۆم وە بست بە بست و گەز بە گەز شوێنیان دەكەون ئەگەر بچنە شوێنێكی زۆر سەخت و دژواریشەوە كە هیچ سودی تێدا نەبێت ئێوە شوێنیان دەكەون و لاسای ئەوان دەكەنەوە لە هەموو شتێكدا، پێغەمبەری خوا ﷺ كە ئەم دینەی بۆ ئێمە هێنا لەلایەن خوای پەروەردگارەوە پێی نەوتین ئاهەنگ بگێڕن بەبۆنەی شەوی ئیسراو میعراج، ئاهەنگ بگێڕن بەبۆنەی لە دایكبوونی من، ئاهەنگ بگێڕن بەبۆنەی ١٥ی شەعبان، بەبۆنەی هیجرەتكردنی من لە مەككە وە بۆ مەدینە، نەخێر پێغەمبەر ﷺ هەرگیز ئەو جۆرە شتانەی بۆ دانەناوین، بەڵكو زیاتر فاطمیەكان دایان هێنا كە لەڕاستیشدا فاطیمیش نەبوون و نیسبەتی خۆیان دایە پاڵ فاتیمەی زەهرا، بەڵكو عوبەیدی بوون ابو عوبەیدی قەدداح كە قەومێكی ئیسماعیلی قەرانتی باتنی بوون ئەهلی بیدەع و شیرك و خورافە بوون لە مصر كە دایان هێنا، صلاح الدینی ئەیوبی دەوڵەتەكەیانی تێكدا وە دواییش بڵاو بووەوە لە لەوڵاتی موسڵمانان، ئێستا كۆمەڵێك ئاهەنگ دەكرێت بەبۆنەی ئیسلامەوەو بەناوی ئیسلامەوە كە لە ڕاستیدا هێشتنەوەی تویكڵێكی ئیسلامە وە لەناو بردنی ناوەڕۆكی ئیسلامە، بەوە خەڵك چەواشە دەكرێت كە لە ساڵێكدا ڕۆژێك یادی پێغەمبەری خوا بكرێت ﷺ یادكردنێكی بێشەرعیش كەواتە تێكڕای ساڵەكە خەڵكی بۆ خۆی چی دەكات بابیكات بەڵام لە ساڵێ ڕۆژێكدا كە مەولودێكی كرد بەهەشت بۆ خۆی مسۆگەر دەكات، بێگومان ئەوە جەژن نییەو لاسایی كردنەوەی یەهودو نەصارایە، لاسای كردنەوەی ئەهلی ئەهواو بیدەعە وەهەرشتێكیش كە (مَنْ عَمِلَ عَمَلًا لَيْسَ عَلَيْهِ أَمْرُنَا فَهُوَ رَدٌّ) [٩٠] پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمویت: هەركەسێك كردەوەیەك بكات ئەمری ئێمەی لەسەر نەبێت ئەوە ڕەت دەكرێتەوەو لێشی قبوڵ ناكرێت یان: ( مَنْ أَحْدَثَ فِي أَمْرِنَا هَذَا مَا لَيْسَ مِنْهُ فَهُوَ رَدٌّ) [٩١] هەر كەسێك شتێك لە دینەكەی مندا بێنێت كە تێیدا نەبێت ئەوە لێی وەرناگیرێت، ئەمەش هەمووی داهێنانە لە دیندا ئەگەر خێر بوایا ئەوا صەحابە دەیانكرد، ئەوە پێغەمبەر ﷺ دەیكرد وەئەگەر بشوترێت خۆ هەندێك شت هەیە كە دوای پێغەمبەر ﷺ كراوە وەكو تەراویح بەجەماعەت لە هەموو شەوەكان، ئەوا دەڵێین ڕێگرو بەربەست و مانعێك هەبووە كە بەردەوام بێت لەسەری ئەویش (خشيةَ أن تُفرضَ) لەترسی ئەوەی نەوەكو فەرز بێ لەسەریان، بەڵام ئایە هیچ ڕێگرێك هەبووە لەوەی كە مەولود بكرێ؟ نەخێر نەبووە، هیچ ڕێگرێك هەبووە لەوەی جەژنێك بۆ ئیسراو میعراج دابنرێ؟ نا

---

(٨٩) صحيح البخاري – أحاديث الأنبياء – ما ذكر عن بني إسرائيل– رقم الحديث : ( ٣١٩٧ ).

(٩٠) رواه البخاري ومسلم.

(٩١) أخرجه البخاري ومسلم.

نەبووە، جەژنێك وەكو سەری ساڵی تازە نەبووە، كە مادام نەبووەو نەیشی كردووە وە خێریشی ویستووە كەواتە خێری تێدا نییەو دروستیش نییە مرۆڤی موسوڵمان بیكات، وە لە خۆشویستنمان بۆ پێغەمبەری خوایە ﷺ كە ئەو قسەیە دەكەین‌و نامانەوێ پێشی بكەوینەوە لەشتێك كە ئەو نەیكردبێ ئێمە بیكەین، دەمانەوێ شوێنی بكەوین‌و لە دوای ئەو بڕۆین چی كردووە ئاوا بكەین‌و لە خۆمانەوە شتێك بێنینە ناو دین‌و بە باشی بزانین‌و بە چاكی بزانین‌و بە دینی بزانین كەواتە ئەوە یان خوا نەیزانیوە –خوا بمانپارێزێت– ئەوەش كوفرە، یان پێغەمبەرەكەی ﷺ ڕاینەگەیاندووەو خەیانەتی كردووە– خوا بمانپارێزێت– ئەوەش كوفرە، یان ئەویش ڕایگەیاندووەو صەحابەكان شاردویانەتەوە كە ئەو خێرە گەورەیە هەیە، كە لە سەدەی چوارەم عوبەیدیەكان لە میصر دایانهێناو دوایش سوڵتان موزەفەرەدین لەهەولێری ئێمە دایهێنا ئایە پێغەمبەرو صەحابەو شافیعی‌و حەنەفی‌و مالیك‌و ئەحمەد ئەوانە هیچیان نەیانزانی كەواتە بیدعەو گومڕایی‌و داهێنراوەو موسوڵمان دەبێ خۆی لێ بەدور بگرێ لەبەر خۆشویستنی خوا نەك لەبەر ناخۆشویستنی پێغەمبەر ﷺ –پەنا بە خوای گەورە– پێغەمبەری خوامان ﷺ لە خۆمان خۆشتر دەوێ بۆیە ئامادەین هەرشتێك سوننەتی ئەو بێ جێبەجێی بكەین‌و هەرچەندە تووشی نارحەتیش بین لە پێناوی ئەودا، وە هەر شتێكیش كە نەیكردبێ ڕەتی دەكەینەوە قبوڵمان نییە إِنْ شَاءَ اللَّهُ.

**پ١٧١/ ئایا لەجەژنەكاندا چ شێك دروستە موسوڵمانان بیكەن؟ یاخود چ شتێك ڕێگای پێدراوە؟**

لە ڕۆژانی جەژندا بێگومان ڕۆژی خۆشی‌و خۆشحاڵی دەربڕینە، لە فەرموودەی صەحیحدا هاتووە كاتێك ئەبوبەكر (ڕەزای خوای پەروەردگاری لێ بێت) هاتە یەكێك لە ماڵەكانی پێغەمبەر ﷺ لە ماڵی عائیشە تەماشای كرد دوو جاریە دەفە لێدەدەن‌و گۆرانی دەڵێن خەریك بوو ڕێگایان لێ بگرێ كە پێغەمبەری خوا هات ﷺ فەرمووی لێیان گەڕێ ئەوا هەموو قەومێك جەژنی خۆیان هەیە ئەوەش چەژنی ئێمەیە، نەیفەرموو جەژنی عەرەبە فەرمووی جەژنی موسڵمانە بەڵكو جەژنی عەرەب كە ئەهلی مەدینە هەیان بوو پێغەمبەری خوا ﷺ ڕەفزی كردەوەو هەڵی وەشاندەوەو جەژنی ئیسلامی دانا كە جەژنی ڕەمەزان‌و جەژنی قوربانە، وە لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێم بەداخەوە تەماشا دەكەین هەندێك كەس كەدەیەوێ خۆی بەبانگخوازی ئیسلام حیساب بكات‌و هەوڵی ئەوە دەدات ئیسلام بگەڕێنێتەوە بەڵام خۆیشی چ بیدعەو خورافەتێكە دەیكات‌و ئەو بۆنەو موناسەباتە بیدعی‌و داهێنراوانە بە هەل دەزانێت بە گومانی خۆی بۆ ئەوەی خەڵكی بانگ بكات بۆ حیزبەكەی خۆی، كەواتە تەماشا دەكەین ئیسلام بەكار دەهێنرێت بۆ مەسڵەحەتی حیزب‌و لە ئیسلام دەدرێ لەسەر حیسابی ئیسلام، دەیانەوێ خەڵك بۆ حیزب ڕاكێشن نەك حیزبایەتی بكەنە وەسیلەیەك بۆ خزمەتی ئیسلام، چونكە بیدعە دژی ئیسلامەو خوا پێی ڕازی نییە، بیدعەكە دەكەن كەوا زەرەرە لە ئیسلام لە پێناوی ئەوەی كە خەڵكێك كۆبكەنەوەو ئەو موناسەباتانە هەڵیكەو بیقۆزنەوە، دەڵێن بۆ دەبێ غەیری ئێمە بیقۆزێتەوە با ئێمە بیقۆزینەوە –پەنا بەخوای گەورە– ئەوە جەهالەتە بەردەوام قسەمان بۆ ئەو كەسانە ئەوەیە كەپێیان دەڵێین ئایە ئەگەر بێت‌و پارەیەكی حەرام لە شوێنێك هەبێ بۆت هەیە بڵێی بۆ ئەوەی لەبەر فڵانە كەسی نوێژ نەكەر با نەیبا با من بۆ خۆم بیبەم؟ نەخێر حەرامە با ئەویش بیبا من ناتوانم بیبەم، ئافرەتێك بەرەڵایە –پەنا بەخوای پەروەردگار– بانگی خەڵك دەكات خەراپەی لەگەڵ بكات ئایا دەكرێ بڵێین بۆ كەسێكی نوێژ نەكەر بچێ خراپەی لەگەڵ بكات با من

بچم؟ نا نەخێر شتێك بێشەرعی بێ نابێ بیکەم ئەگەر خەڵکی خوانەناس‌و دوور لە دینیش بیکات، نابێ من لاسایی ئەوان بکەمەوەو بڵێم قەیناکە با منیش لێی مەحرومو بێبەش نەبم، بەڵکو لە شتی حەرامدا با بێبەش‌و مەحروم بم إِنْ شَاءَ اللَّهُ، کەواتە ئەوە یەکێکە لەوانەی خۆشحاڵی دەربڕین‌و دەففە لێدان بۆ جاریەو کچۆڵەی بچوك دروستە.

**پ١٧٢/ کەواتە دەبێت تەمەنیان بچوك بێ‌و گەورە نەبن نەکرێتە بەڵگەی ئەوەی کەوا ئافرەتان دروستە گۆرانی بڵێن؟**

و/ نەخێر نا واللە ئەوە دروست نییە ئەوە یەکەمیان، دووەمیشیان ئینجا مۆسیقا بە هیچ شێوەیەك دروست نییە لە ڕۆژانی جەژندا هەڵبەتا ئەمڕۆ نەك لەجەژندا لە غەیری جەژنانیش حەڵاڵ کراوە بۆ موسوڵمانان –پەنا بەخوای گەورە– ئەوەش یەکێکە لەنیشانەکانی ئاخیری زەمان وەکو پێغەمبەری خوا ﷺ لە صەحەحیحی بوخاریدا دەفەرمێت:

(لَيَكُونَنّ مِنْ أُمّتِى أَقْوَامٌ يَسْتَحِلُّونَ الحِرَ والْحَرِيرَ وَالْخمرَ وَالمَعَازِفَ) (٩٢).

واتە: لە کۆتایی زەماندا کەسانێك لە ئوممەتی من پەیدا دەبن کە زیناو ئاوریشم‌و مەی خواردنەوەو مۆسیقا حەلاڵ دەکەن (واتا ئەم شتانە خۆیان حەرامن بەلاَم خەڵکی حەلاڵیان دەکەن)

**پ١٧٣/ وەلە ڕیواتێکی تردا هاتووە کە (ولَيْسَتَا بِمُغَنِّيَتَيْنِ) ئەوەش نەبێ کە گۆرانی بێژ بن واتە شتێکی کاتییە و بە بۆنەی جەژنەوە بووە؟**

بەڵێ بێگومان.

**پ١٧٤/ خوا پاداشتت بداتەوە، خۆ ڕازاندنەوە بۆ جەژن تا چ ڕادەیەك دروستە بۆ ژن و پیاوان؟**

و/ ئیبن عەبباس دەفەرمووێ: (كان رسولُ الله ﷺ يَلبسُ يوم العيد بردة حمراء) (٩٣) پێغەمبەری خوا ﷺ ڕۆژی جەژن جلێکی سوورو جوانی لەبەر دەکرد، وە هەروەها ابن عمر (ڕەزای خوای پەروەردگاری لێ بێت) دەگێڕێتەوە کە عومەری کوری خەتتاب (ڕەزای خوای پەروەردگاری لێ بێت) چوو بۆ بازاڕ جلێکی جوانی کڕی پاشان هاتەوە فەرمووی ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ: ( ابْتَعْ هَذِهِ يلبسها يوم لِلْعِيدِ وَالْوُفُودِ) (٩٤) بۆ ئەوەی ڕۆژی جەژن لەبەری بکەی وە بۆ وەفدیش کاتێك کە دێنە لات، پێغەمبەری خوا ﷺ قبوڵی کرد کە ڕۆژی جەژن مرۆڤ جلی جوان لەبەر بکات‌و خۆی برازێنێتەوە کارێکی باشە إِنْ شَاءَ اللَّهُ واللە أعلم .

**پ١٧٥/ مامۆستا گیان حوکمی خۆشوشتن چیە لە چەژنەکاندا ئایا لە پێغەمبەرەوە ﷺ هیچ شتێکی وا هاتووە؟**

و/ نەخێر وەکو کاری ابن عمر (ڕەزای خوای پەروەردگاری لێ بێت) لە ابن عومەرەوە هاتووە کە بۆ ڕۆژی چەژن خۆی دەشوشت، ئیمامی مالك (ڕەزای خوای پەروەردگاری لێ بێت) ڕیوایەتیان کردووە هەروەها قسەی علی کوری ابی طالب (ڕەزای خوای پەروەردگاری لێ بێت) کە دەفەرمووێ: خۆ شوشتن بۆ ڕۆژی جەژنی قوربان‌و ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان بەهەمان شێوە .

(٩٢) رواه البخاري تعليقا برقم ٥٥٩٠ ، ووصله الطبراني والبيهقي ، وراجع السلسلة الصحيحة للألباني ٩١.

(٩٣) السلسه الصحيحه – للشيخ الألباني١٢٧٩.

(٩٤) متفق عليه أخرجه البخارى فى كتاب العيدين(٢٥٠٩) وأخرجه مسلم كتاب العباس(٦١١٨)(٣١٦٣١).

**پ١٧٦/ خوا پاداشتت بداتەوە سوننەتە لە کوێ نوێژەکانی چەژن ئەنجام بدرێت؟**

و/ پێغەمبەری خوا ﷺ لەگەڵ ئەوەشدا نوێژی لەمزگەوتەکەی خۆی بە هەزار نوێژ هەیە لەگەڵ ئەوەشدا دەچووە دەرەوەی شار وە شوێنێك پێی دەگوترێ (مصلی) واتە شوێنی نوێژ، نوێژگایەك بوو پێغەمبەری خوا ﷺ لەوێ لە ساحەیەکی گەورە پێغەمبەری خوا ﷺ دەچووە ئەو دەشتە وە بۆ نوێژی جەژنی ڕەمەزانو نوێژی جەژنی قوربان لەوێ نوێژی دەکردو لە مزگەوت نەیدەکرد، کەواتە سوننەت وایە لەوێ بێ تەنها مەگەر عوزرێك هەبێ، بۆ نموونە بارانە یان مەترسیەکە، یان کێشەیەکە، یان ڕێگرێك هەبێ ئەگەر نا ئەصڵ ئەوەیە مرۆڤی موسوڵمان سوننەت وایە خێریش لەوەدایە کە نوێژی جەژن لە (مصلی) بکات لە دەرەوە بۆ ئەوەش موسوڵمانان هەموویان کۆببنەوە لە شوێنێك، بۆ نمونە هەر شارێك تەماشا بکەین لەوانەیە ٣٠، ٤٠، ٥٠، مزگەوتی تێدا بێت ئەگەر هەر موسوڵمانەو لە مزگەوتی خۆی نوێژ بکات کەواتە ئەو مەبەستەی کە ئیسلام هەیەتی لە کۆبونەوەی موسوڵمانان نایەتە جێ هەر موسوڵمانەو عادەتی ڕۆژانە چۆن کە لە مزگەوتەکەی خۆی نوێژ دەکات هەر ئەوانە یەکتر دەبینن، بەڵام کاتێك لە (مصلی) نوێژ بکرێت لە دەشتێکی فراوانو گەورە موسوڵمانانی شار بچن لەوێ کۆببنەوە وە یەك ئیمام نوێژیان بۆ بکات ئەوە کۆبونەوەی موسوڵمانانی پێوە دیارە، ئەوەش مەبەستێکی شەرعییە ئەوەش جەژنێکی ڕاستەقینەیە سوننەت لەوەدایە کەموسوڵمانان لە (مصلی) نوێژ بکەن ووتمان ئیلا مەگەر عوزریان هەبێ.

**پ١٧٧/ لە کوێوە دێی بۆ نوێژ وە لە کوێوە دەڕۆیتەوە؟ ئایە لەهەمان ڕێگاوە دێیتەوە یاخود ڕێگاکە ئەگۆڕیو حیکمەت لە مەدا چییە؟**

و/ سوننەت وایە پێغەمبەری خوا ﷺ :( یذهب مَاشِيًا وَيَرْجِعُ مَاشِيًا ويغير الطريق ) کە بە پێ دەڕۆیشت وە بە پێ دەگەڕایەوە وە ڕێگاکەشی دەگۆڕی، لەو ڕێگایەی کە دەچوو لەو ڕێگایە نەدەهاتەوە حیکمەت ئەوەیە کە موسوڵمانێکی زۆر ببینێتو سەلامیان لێ بکات واللە أعلم.

**پ١٧٨/ پێغەمبەر ﷺ بە پێ دەڕۆیشت ئایە سوننەتە ئێمەش بە پێ بڕۆین بۆ نوێژی چەژن یاخود بە سەیارەش دروستە؟**

و/ وەکو دروستیەتی دروستە بێگومان بە سەیارەش بڕۆی، چونکە بە پێ ڕۆیشتن نە واجبەو نەفەرزیشە، بەڵام هەرکەسێ شوێن پێغەمبەر ﷺ بکەوێت لەوەدا کە بە پێ بڕوا بۆ ئەوەی لەو ڕۆژەدا هەمووی یەکسان بێت موسوڵمانان هەمووی هەر بە پێ بڕوات چونکە هەیە سەیارەی نییەو ڕۆژی چەژنیشە ڕۆژی ئەوەیە موسوڵمانان برایەتیو خۆشەویستیان زیاد بێ لەناو یەکتردا نەك یەکێك بە سەیارەی ئاخر مۆدیل بڕواو فەقیرێکیش بە پێڵاوێکی ناشیرین بڕوا، لەو ڕۆژەدا سوننەت وایەو باشتر وایە بەپێ بڕواتو بە پێیش بگەڕێتەوە واللە اعلم.

**پ١٧٩/ خوا پاداشتت بداتەوە چ کاتێك بچی بۆ نوێژی چەژن؟**

و/ سوننەت تەبکیرە واتە وا چاکە مرۆڤ زوو بڕوا بۆ (مصلی) بۆ شوێنی نوێژکردن بەڵام کاتی نوێژەکە کە مەبەستمان ئەوەبێ نوێژەکە کەی دەست پێ دەکات؟ نوێژی جەژنی ڕەمەزانو نوێژی جەژنی قوربانیش

هەردووکیان دوای بەرز بوونەوەی خۆرو دوای خۆرهەڵاتن‌و بەرزبوونەوەی بە قەدری ڕومحێك کاتێ کە (کراهة) نەما ئەو کاتە دەست پێ دەکەن، بەڵام باشتر وایە نوێژی جەژنی ڕەمەزان تۆزێك دوا بخرێت بۆ ئەوەی موسوڵمانان فریای ئەوە بکەون لەبەینی نوێژی بەیانی‌و نوێژی جەژنەکەیاندا سەرفترەکەیان بدەن‌و فریا بکەون لەو کاتەدا، وە نوێژی جەژنی قوربانیش سوننەت وایە کە پێش بخرێت، بەڵام نەك پێش خۆر هەڵاتن نەخێر هەر لەو کاتەدا گوتمان بە ئەندازەی ڕومحێك خۆر بەرزبێتەوە یەکسەر بکرێت بۆ ئەوەی موسوڵمانان فریا بکەون بگەڕێنەوەو قوربانیەکەیان بکەن .

**پ١٨٠/ الله اکبر کردن‌و تەکبیر کردن لە جەژنەکاندا کەی دەست پێ ئەکات وە کەی کۆتایی دێت؟**

و/ خوای پەروەردگار دەفەرموویت:

﴿وَلِتُكْمِلُوا الْعِدَّةَ وَلِتُكَبِّرُوا اللَّهَ عَلَى مَا هَدَاكُمْ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴾﴿البقرة:١٨٥﴾.

بۆ ئەوەی کە ئێوە عیددەی ڕەمەزان تەواو بکەن عیددەکە تەواو دەکەی هەر سی ڕۆژی ڕەمەزان بەڕۆژوو دەبی ئەگەر مانگی شەوال نەبینین هیلال نەبینین (وَلِتُكَبِّرُوا اللَّهَ عَلَى مَا هَدَاكُمْ) وەهەروەها تەکبیری خوای پەروەردگاریش بکرێت کاتێك کە ڕەمەزان تەواو بوو الله اکبر دەست پێ دەکات (وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ) پێغەمبەری خوا ﷺ کە دەر دەچوو: ( يُكَبِّرُ حَتَّى يَأْتِيَ الْمُصَلَّى وَحَتَّى يَقْضِيَ) [٩٥] پێغەمبەری خوا ﷺ کاتێك کە دەردەچوو بۆ نوێژی جەژنی ڕەمەزان دەستی دەکرد بە (الله اکبر) کردن وە(رافعاً صوته) دەنگیشی بەرز دەکردەوە (التهليل والتكبير) وەکو لە ابو هورەیرە هاتووەو سەنەدەکەشی (حسن)ە دەنگی بەرز دەکردەوەو ﷺ (الله اکبر)ی دەکرد تاوەکو لە نوێژ دەبووەوە (الله اکبر)ی جەژنی ڕەمەزان، بەڵام جەژنی قوربان پێغەمبەری خوا ﷺ هەر لە بەیانی ڕۆژی عەرەفەوە دەستی بە (الله اکبر) دەکرد تا ئاخیر ڕۆژی ایام التشریق .

**پ١٨١/ ئایا ئەم (الله اکبر) تەکبیرانە دروستە بە شێوازێکی کۆمەڵ بکرێت یاخود هەر کەس بۆ خۆی بیکات؟**

و/ ابن عمر (ڕەزای خوای پەروەردگاری لێ بێت) لەمینا لە شوێنەکەی خۆی (الله اکبر)ی دەکردو دەنگی بەرز دەکردەوەو ئەهلی مزگەوتیش کە گوێیان لێدەبوو ئەوانیش لەگەڵ ئەو دەنگیان بەرز دەکردەوە، ئەوجا ئەهلی بازاڕیش کە گوێیان لێدەبوو یەکسەر دەنگیان بەرز دەکردەوە بە (الله اکبر) (حتى يرتج السوق بالتكبير) تاوای لێهات مینا هەر هەمووی دەلەرزایەوە بە بەرزی دەنگی (الله اکبر)ی موسوڵمانان کە لە هەموو لایەکەوە (الله اکبر)یان دەکرد، وە هەروەها ئافرەتانیش (وكن مكبرن)ئەوانیش (الله اکبر)یان دەکرد بە تەکبیری ئەبانی کوڕی عوسمان (ڕەزای خوای پەروەردگاری لێ بێت) لەگەڵ پیاوان لەمزگەوت (الله اکبر)یان دەکرد لەم لایە هەندێ لە زانایان دەفەرموون ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ابن عمر (الله اکبر)ی دەکرد لەمزگەوت ئەوانیش لەگەڵ ئەو دەیان ووت‌و ئەهلی بازاڕیش لەدوای ئەوان دەیان ووت، وە هەروەها ئافرەتان دەیانووت ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی دەنگ بەرز بکرێت وە هەروەها ئەگەر خەڵکیش لەدوا وتەوە بیلێتەوە کێشە نییە إِنْ شَاءَ اللَّهُ بەڵام هەندێ لە ئەهلی عیلم لە ئەمەی ئەهلی سوننەو جەماعەو شێخ عیپمین و شێخ بن باز (ڕەحمەتی خوایان لێ بێ) ڕایان وایە کە (الله اکبر) کردن بە جەماعی‌و دەنگ بەرز کردنەوە بە جەماعی سوننەت نییەو لە سوننەت دا

(٩٥) سلسلة الأحاديث الصحيحة للألباني، ١٧١.

نەهاتووە، واتە لە پێغەمبەرەوە بێگومان نەهاتووە ﷺ بەڵام ئەو ئەسەرەمان باس کرد لە ابن عمرەوە (ڕەزای خوای پەروەردگاری لێ بێت) بەڵام ڕای ئەوانیش وایە (ڕەحمەتی خوایان لێ بێ) کە خەڵکی هەریەکەو لەبەر خۆی (الله اکبر) دەکات ئەگەر بەبێ ویستی خۆیان (الله اکبر)ەکانیان موتتەفیق بوو یەکی گرت ئەوا کێشە نییە ئەگەر هەمووی ببێتە یەك دەنگ، بەڵام هەموویان بەیەکەوە دەست پێ بکەین‌و (الله اکبر) بکەن ئەوە واجب نییە والله اعلم.

**پ١٨٢/ بەیانیانی ڕۆژانی جەژن یاخود هەردوو جەژن لە زۆربەی هەرە زۆری مزگەوتەکانەوە کەسێك قورئان دەخوێنێت‌و کۆمەڵێکی تریش لەنێوان ئایەتەکانا ( الله اکبر ) دەکەن حوکمی ئەو شێوازە چۆنە؟**

و/ ئەو قورئان خوێندنەو تایبەت کردنی بەڕۆژانی جەژن هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نییە بێگومان هەر عیبادەتێکیش تایبەت بکرێت بەکاتێك کە خواو پێغەمبەری خوا ﷺ تایبەتیان نەکردبێ ئەوە دەبێتە بیدعە، ئەوە قاعیدەیەکە لە قەواعیدی مەعریفەی بیدع‌و ناسینی بیدەع، هەر عبادەتێك تایبەت بکرێ بەشوێنێك یا بەشێوازێك یا بە چەند کەسێك یا بە حاڵەتێك یا بە ژمارەیەك کەپێغەمبەری خوا ﷺ تایبەتی نەکردبێ بەو شێوازە ئەوە دەبێتە بیدعە جا ئەو قورئان خوێندنە سوننەت نییە، تەنها ئەوە سوننەتە موسوڵمانان لە بەیانیانی ڕۆژانی جەژن تەنها (اللـه اکبر) بکەن لەوە زیاتر نابێ .

**پ١٨٣/ ئایا دروستە تایبەت بکرێ لەدوای نوێژە فەرزەکانەوە لەمزگەوتەکاندا هەر لەدوای ئیمام سەلامی دایەوە یەکسەر دەست دەکات بە ( الله اکبر ) کردن؟.**

و/ بێگومان ئەوە (اللـه اکبر)ی ڕۆژانی جەژنی قوربانە چونکە جەژنی ڕەمەزان باسمان کرد ماوەکەی کەمە لەڕۆژانی جەژنی قوربان صەحابە (ڕەزای خوای پەروەردگاریان لێ بێت) (الله اکبر) یان دەکرد لە بازاڕ، لە مزگەوت، لەدوای نوێژەکان‌و لەشەوداو لە ڕۆژداو لە ڕۆیشتنیان‌و لە هاتنیان (الله اکبر)یان بەردەوام دەکردو تایبەتیان نەدەکرد بە دوای نوێژەکان، جا هەرکەسێك (الله اکبر) بکات بۆ نمونە پێش نوێژ بیکات، لەماڵی خۆی بیکات، کە دەچێتە دەرەوە بیکات، وە لەدوای نوێژیش بیکات، کێشە نییەو دروستە إِنْ شَاءَ اللّهُ بۆ کەسێك کە بێجگە لەدوای نوێژەکان بیکات دروستە إِنْ شَاءَ اللّهُ بەڵام ئەو کەسەی (الله اکبر) ناکات تەنها دوای نوێژە فەرزەکان نەبێت بۆ ئەو دروست نیە چونکە تایبەتی کردووە بەدوای نوێژەکان .

**پ١٨٤/ ئایە شێوازی ووتنی تەکبیرەکانی جەژن چۆنە؟**

و/ ئەم شێوازە تەکبیر لێدانەی کە ئێستا هەیە لەسەر سوننەتەو شەرعی یە (الله اکبر الله اکبر لا اله الاّ الله والله اکبر ولله الحمد) ئەمە شێوازێکی سوننەتە إِنْ شَاءَ اللّهُ موسڵمانان لەسەری دەڕۆن سوپاس بۆ خوای گەورە .

**پ١٨٥/ لە هەردوو جەژناکاندا ئایا سوننەتە موسوڵمان شتێك بخوات یان نا؟ وە ئەگەر سوننەتە چ کاتێك دەیخوات؟ وەچی دەخوات؟**

و/ لەجەژنی ڕەمەزاندا سوننەت وایە پێش ئەوەی کە دەرچێ بۆ (مصلی) وشوێنی نوێژەکەی شتێك بخوات وەکو پێغەمبەری خوا ﷺ دەرنەدەچوو تاوەکو شتێکی دەخوارد، کە چەند دەنکە خورمایەکی دەخوارد دوای نوێژی بەیانی کە دەردەچوو واتە ئەوکاتەی دەردەچوو بۆ نوێژی جەژنی ڕەمەزان چەند دەنکە خورمایەکی دەخوارد .

**پ١٨٦/ ئەی ئەگەر خورما نەبوو ؟**

و/ ئاو بخواتەوە یا هەر شتێکی تر بێ دروستە إِنْ شَاءَ اللَّهُ حیکمەتەکەشی ئەوەیە کە بۆ ئەوەی ئەو بیروباوەڕە هەڵەیەی کە لای خەڵك هەیە هەر بەڕەمەزان حیسابە تاوەکو نوێژی جەژن نەکرێ ئەمە هەڵەیە هەر ڕۆژی جەژن جەژنەو ڕەمەزان نییە پێش نوێژیش دروستە مرۆڤ شت بخوات وە لە لایەکی تریشەوە لە ڕۆژانی ڕەمەزان لەم کاتەدا دوای نوێژی بەیانی وە دوای خورهەڵات دروست نەبوو کەس نان بخوات بەڵام ئێستا چەند دەنکە خورمایەك ئەخۆی ئەوە سونەتێکە مرۆڤ بیکات پێش ئەوەی بچێ بۆ نوێژی جەژن چەند دەنکە خورمایەك بخوات چاکترە إِنْ شَاءَ اللَّهُ، بەڵام نوێژی چەژنی قوربان سوننەت وایە هیچ شتێك نەخوات لە جەژنی قوربان تاوەکو لە نوێژەکەی دێتەوە بۆ ئەوەی کە قوربانیەکەی کرد لەوە بخوات إِنْ شَاءَ اللَّهُ.

**پ١٨٩/ ئایا لە پێش و پاشی نوێژی هەردوو جەژن هیچ نوێژێکی تری سوننەت هەیە؟**

و/ ابن عەباس (ڕەزای خوای پەروەردگاری لێ بێت) وەکو بوخاری بۆمان دەگێڕێتەوە لەوەوە کە دەفەرمووێ: پێغەمبەری خوا ﷺ (لَمْ يُصَلِّ قَبْلَهَا وَلاَ بَعْدَهَا) (٩٦) نەپێش نوێژی جەژن هیچ سوننەتێکی کردووە نە لەدوای نوێژی جەژنیش هیچ سوننەتێکی تری نەکردووە بۆ ئەوەی واش نەزانرێ کە (مصلّی) بریتییە لە مزگەوت (تحية المسجد) یشی ناوێ کە گەیشت (مصلَى) ئەو شوێنەی نوێژگا نوێژی لێدەکەن لە جەژنان پێویست بە (تحية المسجد) ناکات، هەر کەسێ بچێ با دانیشێ تاوەکو ئیمام دێ إِنْ شَاءَ اللَّهُ وە نوێژی جەژنیش وەکو نوێژی هەینی نییە بلێین لەدوای هەینی کە سوننەتە ئەوەیش لەدوای هەبێ شتی وا نییە .

**پ١٩٠/ بەڵام ئێستا لە مزگەوت نوێژی جەژن ئەنجام دەدرێ ئەکرێ ئەو کەسەی کە دەچێتە مزگەوتەوە دوو ڕکات نوێژی (تحية المسجد) بکات ؟**

و/ بێگومان لەبەر مزگەوتەکە نەك لەبەر چەژنەکە .

**پ١٩١/ خوا پاداشتان بداتەوە، حوکمی نوێژی هەردوو جەژن لە شەرعدا چییە ئایە سوننەتە یاخود واجبە وە بەڵگە لەسەر ئەم بابەتە؟**

و/ زانایان سێ بۆچونیان هەیە لەم باسەدا: بۆچونی یەکەمیان ئەوەیە کە نوێژی جەژن فەرزە فەرزی عەینە لەسەر هەمو موسوڵمانێکی عاقل هەروەکو چۆن پێنج نوێژەکانی تر فەرزن، وە ئەمەش بۆچونی ئیمامی ابو حەنیفەیە وە قسەیەکی ئەحمەدە (ڕەزای خوای پەروەردگاریان لێ بێت) وە یەکێکە لە قسەکانی شافیعی (ڕەزای خوای پەروەردگاری لێ بێت) ئەوەشە کە شێخ الاسلام ابن تەیمیە (ڕەزای خوای پەروەردگاری لێ بێت) تەرجیحی کردووەو بە صەوابی داناوە، وە بۆچونی دووەم ئەوەیە کە فەرزە بەڵام فەرزی کیفایەیە واتە ئەگەر کۆمەڵێك پێی هەڵسن لەسەر ئەوانی تر لادەچێ وەکو چۆن نوێژی جەنازە یا نوێژی باران کە کۆمەڵێك پێی هەڵسن لەسەر ئەوانی تر گوناهەکەی لادەچێ، بۆچونی سێیەمیان ئەوەیە کە سوننەتە فەرزی کیفایە نییە ئەگەر کەسێکیش نەیکات گوناه نییەو مرۆڤ گوناهبار نابێ .

(٩٦) رواه البخاري .

**پ١٩٢/ لەم بۆچونانە كامەی باشترەو كامەی بەڵگە پاڵپشتیەتی؟**

و/ ئەوەی كە راجحە والله أعلم بۆچونی یەكەمە مەزهەبی ابو حەنیفەیە (ڕەزای خوای پەروەردگاری لیٚ بێت) كە شێخ الاسلامیش تەرجیحی كردووە وە یەكێكیشە لە قسەكانی شافیعی (ڕەزای خوای پەروەردگاریان لیٚ بێت) بەچەندان بەڵگە بۆ نمونە ئەو بەڵگەیەی كە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەمری بەموسوڵمانان كردووە كە بۆ نوێژی جەژن دەرچن ئەمریش بۆ وجوبە وەكو فەرموودەی امُّ عگیّە لەموسلیمدا دەفەرموێت: (أَمَرَنَا رَسُولُ اللَّهِ ﷺ أَنْ نُخرِجَهُنّ)[٩٧] پێغەمبەری خوا ئەمری پێكردین كە ئافرەتانیش بێنە دەرەوە بۆ نوێژی چەژن نەك هەر پیاوەكان بێنە دەرەوە بەڵكو ئافرەتانیش بێنە دەرەوە (الفطر والاضحي) لەنوێژی جەژنی ڕەمەزان‌و جەژنی قوربانددا (العَوَاتِقَ والحُيّضَ وذواتِ الخُدورِ) هەتاوەكو ئەو ئافرەتانەی كەوا سوڕی مانگانەشیان هەیە كە بیٚ نوێژیشن بۆیان نیە نوێژیش بكەن پێغەمبەری خوا ﷺ ئەمری كرد ئەوانیش بێنە دەرەوە بەڵام (فَأَمّا الْحُيّضُ فَيَعْتَزِلْنَ الناس) ئەو ئافرەتانەی كەوا بیٚ نوێژن لە شوێنی نوێژەكە جیا دەبنەوە بەس نوێژ ناكەن.

**پ١٩٣/ ئایا ئەو ئافرەتانەی كە ئێستا لە مزگەوت نوێژ ئەكریٚ ئامادەی مزگەوت دەبن یاخود ئەو كاتەی لە (مصلی) نوێژگایەو بۆیە نوێژ ناكەن؟**

و/ ئەوە بینایە لەسەری ئەوەی كە ئایە دروستە ئافرەت بێتە مزگەوت یان دروست نییە إن شاءَ اللّهُ باسی لێوە دەكەین بەڵام مەبەستمان چییە (فَأَمَّا الْحُيَّضُ فَيَعْتَزِلْنَ الصَّلاةَ وَيَشْهَدْنَ الْخَيْرَ وَدَعْوَةَ الْمُسْلِمِينَ)[٩٨] أم عطيّة فەرمووی: پێغەمبەری خوا ﷺ ئەمری پیٚ كردووین ئەوانەی كە بیٚ نوێژیشن بێن بەڵام بەس لەكاتی نوێژەكەدا دادەبڕێن بەڵام بۆ ئەوەی ئامادەی ئەو خێرە بن وە ئامادەی دوعای موسوڵمانان بن لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەكەویٚ بۆ نوێژی هەینی كە واجبەو فەرزی عەینە لەسەر هەموو پیاوێك، پێغەمبەری خوا ﷺ ئەمری نەكردووە بە ژنانیش دەرچن وە كە دروستیشە كە ژن بێن بۆ نوێژی هەینی ئەمری نەكردووە ئافرەتێك كە بیٚ نوێژ بێت بیٚ كەچی تەماشا دەكەین بۆ نوێژی جەژن پێغەمبەری خوا ﷺ ئەمری كردووە ئافرەتی بیٚ نوێژیش هەردەبیٚ بێت ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كە واجبە نەك تەنها سوننەتێكی مُستحب بیٚ زۆر موئەككەدە پێغەمبەری خوا ﷺ تەئكیدی لەسەر كردووە وە هەروەها تەماشا دەكەین بەڵگەیەكی تریشیان ئەگەر لە ڕۆژێكدا جەژن‌و هەینی كۆ بۆوە هەر كەسیٚ نوێژی جەژن بكات ئەوا نوێژی هەینی لەسەر نامێنیٚ‌و واجب نامێنیٚ لەسەری هەركەسیٚ نوێژی جەژن بكات نوێژی هەینی لەسەر نامێنیٚ، چونكە دوو جەژن لەڕۆژێكدا كۆ بێتەوە (اكتفاء) بەنوێژی یەكێكیان دەكرێت‌و ئەوەی تر ئەو نوێژە هەینیەی لەسەر نامێنیٚ جا كە نوێژی جەژن لە قووەتی نوێژی هەینی دا نەبوایە ئەوە نوێژی هەینی تێدا نەدەچوو، بەڵگەی سێیەمیشیان (مُداوَم)ی پێغەمبەری خوا ﷺ وەهەروەها خولەفا راشدینەكان وە گەورەیانی ئیسلام تا ئەمڕۆ ئێمە واز لەم دوو نوێژە نەهێنراوەو بەردەوامبوونی پێغەمبەری خوا ﷺ لەسەری ئەوەش بەڵگەیەكە لەسەر ئەوەی كە ڕەئی راجح ئەوەیە كە فەرز بیٚ، بەڵام ئەوانەی كە دەڵێن فەرزی كیفایەیە ئەوە هەڵەیە هەڵەكەشی لەوەدا دەردەكەویٚ كە فەرزی كیفایە

(٩٧) روى البخاري (٣٢٤) ومسلم (٨٩٠).

(٩٨) روى البخاري (٣٢٤) ومسلم (٨٩٠).

ئەوەیە كە ڕێك پێویستە بكرێت سەیری كارەكە دەكەین بكرێت بۆ نموونە نوێژی جەنازە بۆ نموونە دەفن كردنی مردوویەك پێویستە كۆمەڵێك هەڵسن ئەو مردووە بنێژن زەید بێ یا عەمر بێ بەكر بێ یا عەلی بێ كێشە نییە كێیە گرنك ئەوەیە ئەو ئیشە ئەنجام بدرێ كە ناشتنی مردوویەكە كە نوێژ كردنە لەسەر مردوویەك كە نوێژی بارانبارینە یان ئەمر بە چاكەو نەهی لە خراپەو ئەو جۆرە شتانە فەرزی كیفاییە، بەڵام نوێژی جەژن شتێك نییە بڵێین واللە دەبێ ئەو شتە ئەنجام بدرێ كە مەسڵەحەتێكی موسڵمانانە بەڵكو مەسڵەحەتی شەخصی خۆتە هەر كەسەو پێویستە (وَيَشْهَدْنَ الْخَيْرَ وَدَعْوَةَ الْمُسْلِمِينَ) هەریەكێ لە ئێمە پێویستە لەسەری ئامادەی ئەو خێرە بێ ان شاء الله تعالى بەڵام ئەو بۆچوونەی كە دەڵێ (مُستحب)ە ئەوە زۆر دوورە بە پێی ئەو بەڵگانەی كە باسمان كردن.

**پ١٩٤/ ئافرەتان ئایا كاتی بێ نوێژی ئامادەی مزگەوت دەبن یاخود تایبەتە بە (مصلّى) وە؟**

و/ پێغەمبەری خوا ﷺ كاتێك كە عائیشە ڕەزای خوای پەروەردگاری لێبێت لەگەڵی هات بۆ حەج وە پێش ئەوەی (مسجد الحرام نفست) عائیشە (ڕەزای خوای پەروەردگاری لێ بێت) كەوتە سوڕی مانگانەو بێ نوێژی كە بۆ حەجیش هاتووە دەستی كرد بەگریان، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی(اِفْعَلِي مَا يَفْعَلُ الْحَاجُّ غَيْر أَنْ لَا تَطُوفِي بِالْبَيْتِ حَتّى تَطَهّرِي)[٩٩]

هەرچی حاجی دەیكات تۆش بیكە تەنها ئەوە نەبێ كە تۆ تەواف ناكەی‌و نوێژ ناكەی تا پاك دەبیەوە، پێغەمبەری خوا ﷺ نەیفەرموو نابێ بیشچیتە مزگەوت چونكە خۆیشی‌و هاوەڵەكانیشی هەموویان چونە (مسجد الحرام) وە ئەوەی كە حاجی دەیكات حاجی دەچێتە مزگەوت كەواتە قەدەغەی نەكرد لەو ئافرەتە كە بچێتە مزگەوت كەواتە لەسەر بۆچونی هەندێ لە زانایان بینایە لەسەر ئەو فەرموودەیە واتە دروستە بۆ ئافرەت كە لە نوێژی جەژن ئامادە بێت یان بۆ نموونە موحازەرەو دەرسێكە بۆ ئەوەی كە ئەو ئافرەتە بێبەش نەبێ كە حەز دەكات بێت دابنیشێت بەڵام مزگەوت بە پاكی ڕابگرێت ئەوە إِنْ شَاءَ اللّهُ دروستە بەلاَم ئەو فەرموودەیەی كە دەفەرمووێ: (إِنّي لاَ أُحِلُّ الْمَسْجِدَ لِحَائِضٍ) من مزگەوت بەحەڵاڵ نازانم بۆ ئافەرتێكی حائیز ئەو فەرموودەیە زانایان دەفەرموون ئەو فەرموودەیە فەرموودەیەكی صەحیح‌و ڕاست نییە واللە اعلم .

**پ١٩٥/ خوا پاداشتان بداتەوە ئەمر كردنی پێغەمبەری خوا ﷺ مانای وایە لەسەر ئەوانیش پێویست بێ و فەرز بێ؟**

و/ بێگومان هەمان شتە بەڵام پێویستە ئافرەتان ئاگایان لە ئادابی چونە نوێژی جەژن بێت ئەو ئادابانەش لە فەرموودەكەی (أم عگیە) بۆمان دەردەكەوێت كاتێك پرسیاریان لە پێغەمبەری خوا كرد ﷺ (لا يَكُون لَهَا جِلْبَاب) ئەگەر یەكێك لە ئێمە پۆشاكی نەبێت كە پێی بێتە دەرەوە چۆن بێت تۆش دەفەرمووی با ئەوانیش بێنە دەرەوە؟ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: (لِتُلْبِسْهَا أُخْتُهَا مِنْ جِلْبَابِهَا) [١٠٠] با خوشكەكەی با یەكێك لە پۆشاكەكانی خۆی بداتێ پێی ببەخشێ با لەبەری بكات بۆ ئەوەی پێی بێ بۆ نوێژی جەژن، كەواتە ئافرەت كاتێك دەچێت بۆ نوێژی جەژن یا بۆ نوێژی هەینی یا بۆ هەر واجب‌و ئەركێكی شەرعی دەچێت بۆ عیبادەتی خوا

---

(٩٩) رواه البخاري ومسلم .

(١٠٠) رواه البخاري ومسلم .

پێویستە بە پۆشتەیی بڕواتو بۆن لە خۆی نەداتو بۆ دەرەوە جوانی خۆی دەرنەخات بۆ ئەوەی گوناهەکەی زیاتر نەبێ لە خێرەکەی، بۆ ئەوەی نەبێتە فیتنە بۆ موسوڵمانانی تریش،ئەمە کە بۆ عیبادەتێك بڕوا پێویست بێ وا بە ئەدەبو لە خواترسانەوە بڕوا ئەی بۆ غەیری عیبادەت بڕوا بێگومان زیاتر پێویستە بە حیشمەتەوە بڕواو تەبەروجی جاهیلی نەکات وە نەبێتە هۆکاری فیتنە بۆ موسوڵمانانیش وە بەر لەعنەتی خواو پێغەمبەری خواش نەکەوێت ﷺ.

**پ١٩٦/ ئەگەر جەژنو هەینی کەوتەنە یەك ڕۆژەوە ئەوا جەژنەکە هەینیەکە لەسەر موسوڵمانان لا ئەبات ڕوونکردنەوەیەك دەربارەی ئەو بابەتە تەنها نوێژی هەینیەکە لە مزگەوت نایکات یاخود لە ماڵەوە ئە نجامی ئەدات یاخود هەر بەیەك جاری لەسەر موسوڵمانان لا ئەچێ؟**

و/ زانایان دوو بۆچونیان هەیە لێردا کۆمەڵێك لە زانایان دەفەرموون نوێژی چەژن کە هەینی لا دەبات واتە هیچی لەسەر نامێنێ تەواو کە نوێژی جەژنی کرد نە هەینی دەکات نە نوێژی نیوەڕۆش دەکات، بۆچونی دووەمی زانایان ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا ﷺ هەڵبژاردنی دا (من شَاءَ مِنْكُمْ ان يُصَلِّي فالُيصَلِّي) هەرکەسێ حەز دەکا بیکات بابیکات واتە هەینیەکە ئەوەی کە هەینی نەکات ئەبێ نیوەڕۆ بکات یان نا بۆچونی دووەم ئەوەیە کە نوێژی نیوەڕۆیەکەی خۆی هەر ئەبێ بکات بەڵام وەکو هەینی لەسەری نەماوە والله اعلم.

**پ١٩٧/ باشتر وایە بچێ بۆ نوێژی هەینی؟**

و/ باشتر وایە والله اعلم کە بابەتەکەش خیلافیە والله اعلم.

**پ١٩٨/ کاتی نوێژی جەژنەکان کەیە؟**

و/ نوێژی جەژنەکان لە دوای بەرزبونەوەی خۆر ووتمان تاوەکو نوێژی نیوەڕۆ تاوەکو (قبل الزوال) دروستە إِنْ شَاءَ اللَّهُ بەڵام باش وایە کە ووتمان جەژنی قوربان پێش بخرێت وە جەژنی ڕەمەزانیش کەمێك دوا بخرێت والله اعلم.

**پ١٩٩/ ئایا لە نوێژی جەژنەکان بانگو قامەتیان هەیە وەکو نوێژەکانی تر؟**

و/ ابن عباسو جابریش (ڕەزای خوای پەروەردگاریان لێ بێت) وەکو لە موسلیمدا هاتووە (لَمْ يَكُنْ يُؤَذَّنُ يَوْمَ الْفِطْرِ وَلا يَوْمَ الأَضْحَى) [١٠١] ڕۆژی جەژنی قوربانو ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان بانگ نەدەدرا وە (بِغَيْرِ أَذَانٍ وَلا إِقَامَةٍ) وەبە بێ ئەوەی بانگ بدرێو وەبە بێ ئەوەی قامەتیش بکرێ نوێژی جەژن، کەواتە نەبانگ دەدرێ و نەدەبێ قامەتیش بکرێت وەهەرکەسێکیش بانگ بدا بۆ نوێژی جەژن ئەوە بیدعەیەکی کردووە یاخود (الصلاة جامعة الصلاة جامعة) ئەمەشیان بیدعەیەکی ترە لە سوننەدا نەهاتووە والله اعلم .

**پ٢٠٠/ ئایا شێوازی کردنی نوێژی جەژنەکان چۆنە؟**

و/ نوێژی جەژن دوو ڕکاتە کە واجبە بە بۆچونی راجح وەکو باسمان کرد دوای ئەوەش کە نیەت دێنێ لە دڵدا دەیهێنێ وە کە بۆچونی راجح وایە واجبە خۆ ئەگەر سوننەتیش بێ وەکو لە مەزهەبی شافعیدا موستەحەبیش بێ ئەوە ڕێگە بە موسوڵمانان نادات هەندێك لە ماموستایانی ئاینی بە داخەوە دەیڵێم موسوڵمانان لە ساڵێکدا تەنها

(١٠١) متفق علیه .

دوو نوێژی جەژنیان هەیە زیاتر نا تەماشا دەکەین نایەڵن ئەو دوو نوێژەیان بە نسیب بێتو مەحرومیان دەکەن لێیو دەڵێن ئەو کەسەی کە قەرزدارە بانیەتی قەڵای لێ بێنێت، پێشوەخت ئەوەیان پێ دەڵێن وە ئەوەش کە نیەتی قەڵای لێهێنا ئەوە نابێ (الله اكبر)ەکان بکات چونکە ئەو نوێژی قەڵا دەکات، بێگومان ئەوە بیدعەیەکە﴿إِن يَتَّبِعُونَ إِلاَّ الظَّنَّ وَمَا تَهْوَى الأَنفُسُ وَلَقَدْ جَاءَهُم مِّن رَّبِّهِمُ الْهُدَى﴾ ﴿النجم:٢٣﴾.

وە ئەگەر قەڵاش هەبێ خۆ کاتێکی زۆر زۆر هەیە قەڵای تێدا بکاتەوە بۆ تەنها ئەو دوو نوێژە خێرە هەیە لە دەست موسوڵمانانی دەدەنو موسوڵمانانی لێ بێبەش دەکەن ئەگەر لە ژیانی مرۆڤدا لە ژیانی ئەو خەڵکەی کە دێن بۆ نوێژی جەژن کاتو عومریان نەمابێ تەنها ئەو دە دەقیقە مابێ کە نوێژی جەژنی تیا ئەکەن کاتەکەش تەسك بێ ئەو کاتە قەڵاشی لەسەر بێتو نوێژی جەژنیش وەکو ئەوان دەڵێن سوننەت بێت تا چ بکات واجبێكو موستەحەبێك قەیناکە با قەڵاکەی بکات، بەڵام کاتەك فراوانەو زۆرە بۆ ئێوە لەسەر مەزهەبەکەی خۆیشتان بۆ وا دەکەن موسوڵمان بێبەش بن لەو سوننەتە ئەگەر سوننەتیش بن واجبش نەبن با ئەویش بکەن دوایی با قەڵایەکەشیان بکەن ئەگەر نوێژی قەڵا هەبێت .

### پ٢٠١/ ئەگەر سوننەتیش بێ خۆ دوو دروشمی موسوڵمانانە؟

و/ بۆچونی راجح ئەوەیە کەنە ئەویان دروستە (قەڵا)، وە ئەویان واجبە(نوێژی جەژنەکان) بۆچونی راجیح واجب نابێ وازی لێ بهێنرێو ئەبێ بکرێ وە نوێژی قەڵاش نییە هیچ بەڵگەیەکی لە قورئانو فەرموودە لەسەر نییە خوای گەورە دەفەرمووێ :

﴿فَإِذَا قَضَيْتُمُ الصَّلَاةَ فَاذْكُرُوا اللَّهَ قِيَامًا وَقُعُودًا وَعَلَى جُنُوبِكُمْ فَإِذَا اطْمَأْنَنْتُمْ فَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ إِنَّ الصَّلَاةَ كَانَتْ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ كِتَابًا مَوْقُوتًا﴾[النساء:١٠٣].

خوای گەورە نوێژی فەرزەکان لەسەر ئیمانداران کاتی بۆ دانراوەو کاتی دیاری کراوی هەیە نوێژی عەصر لەم سەعاتە ئەوەندە دەست پێ دەکات بۆ نمونە لەوەندەش کۆتای پێ دێ نە پێش کاتی عەصر بۆت هەیە بیکەیت نە دوای عەصریش بۆت هەیە بکەیت ئەو کاتەیە تەنها بۆ کەسێك هەیە یەکێك لەم دوو عوزرەی هەبێت خەولێکەوتن (نوم) یان لە بیرچوون (نسیان) پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی:

(مَنْ نَامَ عَنْ صَلاةٍ أَوْ نَسِيَهَا فَلْيُصَلِّهَا إِذَا اسْتَيْقَظَ) (١٠٢).

واتە: هەر کەسێك خەوی لێکەوت لە نوێژێك بۆ نمونە کەسێك کرێکاری دەکات ماندووە سەعات سێی دوای نیوەڕۆ هاتۆتەوە لە ئیش نانی خواردوو خەوی لێکەوتو ئەوەندە شەکەتو ماندووە کە بەخەبەر هات بانگی مەغریب بووە نوێژی عەصری لە دەست چوو پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموی هەرکەسێك کە خەوی لێکەوت هەر کاتێك بە خەبەر هات با یەکسەر نوێژەکەی بکاتەوە نافەرموێ با قەڵای کاتەوە (فليصلها) یەکسەر با بیکات دەفەرمووێ کاتی خۆیەتی (أو نسيها) یان لە بیری چوەتەوە وەکو پێغەمبەری خوا ﷺ لە ڕۆژی خەندەق لە بیری چووەوە لەبەر مەشغەڵەت کاتێك کە مەغریب بوو ئەو کاتە هاتەوە بیری یەکسەر ئەمری کرد بانگ درا نوێژی عەصری کرد بە ئەدا نەك بە قەڵا دوای ئەوە نوێژی مەغریبی کرد بەڵام کەسێك بە عەمدی بە ویستو

(١٠٢) متفق عليه .

ئیرادەی خۆی کە نەنوستووە نە لە بیریشی چووە نوێژ ناکات دەڵێ نایکەم دوایی قەڵای دەکەمەوە، یا بە نیەتی قەڵاش نییە دەڵێ من تۆبەم کردووە دەمەوێ قەڵایان بکەمەوە واتە قەزای بکەمەوە ئەو شتە لە دینی ئیسلامدا هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نییە، خەڵکیش با دڵی خۆی بەوە خۆش نەکات بەڵکو لە فەرموودەی صەحیحدا هاتووە لە سنن ابن ماجەدا کە هەرکەسێ لە ڕۆژی قیامەت یەکەم شت کە مرۆڤ موحاسەبە دەکرێت لەسەری نوێژەکانیەتی، ئەگەر نوێژەکانی تەواو بوون ئەوا هەموو کردەوەکانی تری بۆ تەواو دەکرێت، وە ئەگەر نوقسانی هەبوو خوای گەورە دەفەرمووێ: (انظر لعبدی هل لە من تطوع) بزانن بەندەکەی من نوێژی سوننەتی هەیە ئەگەر سوننەتی هەبوو کەلێنی فەرزەکانی بۆ پڕبکەنەوە، کەواتە کەسێك کە نوێژیشی چوو بێت تەوبە بکاتو نوێژی سوننەت بکات نوێژی فەرزی بۆ پڕ دەکرێتەوە نەك قەڵای بکاتەوە کە نییە، وە دیسان نەك ئەو دوو نوێژە کە شیعاری گەورەی موسوڵمانان لە دەست موسوڵمانان بدرێن ئەوە کارێکی هەڵەیە بەڕاستی واجبیشە ئەو دوو نوێژە بکرێن ووتمان ئەوە لە نییەتەوە کە نییەت دێنێ لەدڵدا نەك بە دەمیش نییەتی نوێژی جەژنە کەواجبە لەسەری بیکات دوای (الله اکبر)ی تەکبیرەی ئیحرام حەوت جار لە ڕکاتی یەکەمدا (الله اکبر) دەکات ئەوجا دەست دەکات بە فاتیحە خوێندنو بێگومان کە دەیخوێنێ لە پاش ئیمامەوە دەیخوێنێ ئیمام بە دەنگی بەرز دەیخوێنێت وە دوای ئەوەش کە دەچێتە ڕکوعەوە چۆن نوێژەکانی بەیانی دەکات ئاوا دەیکات کە هەڵسایەوە بۆ ڕکاتی دووەم (الله اکبر)ی کردبێو هەڵسایەوە دوای هەڵسانەوە ئەوجار پێنج جار (الله اکبر) دەڵێ ئەوجا دیسان کە ئیمام دەیڵێت ئەوانیش لە دوای ئیمام دەیڵێنەوە کە ئیمامیش فاتیحەی خوێند ئەوانیش ئینجا فاتیحە دەخوێنن بۆچونی ڕاجح ئەوەیە کە بخوێندرێ دوای ئەوە کە ئیمام سورەتێکی تر بخوێنێ ئەوان نایخوێنن گوێ دەگرن پاشان نوێژەکە ئاسایی خۆی تەواو دەبێتو کۆتایی پێ دێت .

**پ٢٠٢/ کەواتە شێوازەکە وەکو نوێژی سوننەت وایە تەنها لە ڕکاتی یەکەمدا حەوت تەکبیرەی تیا ئەکرێتو لە ڕکاتی دووەمدا پێنج تەکبیری هەیە، ئایا لە نێوان ئەو تەکبیرانەدا هیچ زیکرێکی تایبەت هەیە کە سوننەت بێ بخوێندرێت ؟**

و/ لە پێغەمبەری خواوە ﷺ هیچ شتێك بە صەحیحی وارد نەبووە کە لە نێوان (الله اکبر) و (الله اکبر)ێکی تر هیچ زیکرێکی تری کرد بێت تەنها لە ابن عمرەوە (ڕەزای خوای پەروەردگاری لێ بێت) بۆ دەست بەرزکردنەوە ابن عومەر دەستی بەرزکردۆتەوە بۆ زیکری لە نێوان (الله اکبر)ەکان، وە ابن مسعود (ڕەزای خوای پەروەردگاری لێ بێت) کە دەفەرمووێ: لە نێوان هەر تەکبیرەیەکدا حەمدو ستایشی خوا هەیە، وەکو بەیهەقی ڕیوایەتی کردووە فەرموودەکەش سەنەدەکەی (حسن)ە کەواتە لە پێغەمبەرەوە نەهاتوو ﷺ هەر کەسێ نەیکات بەس (اکتفاء) بە (الله اکبر)ەکان بکات هیچی تری لە نێوان نەڵێ کێشەی نییەو بەسیەتی، وە هەر کەسێکیش بیکات بڵێ ئەوەتە ابن مسعود (ڕەزای خوای پەروەردگاری لێ بێت) کردوویەتی لە خۆیەوە نایڵێ ئەو قسەیە دروستە إِنْ شَاءَ اللَّهُ مەسەلەکەش اجتیهادیەو کێشەی تێدا نیە والله اعلم.

**پ٢٠٣/ کەواتە ئەگەر ئەو زیکرانە دیاری نەکرا بێت سوپاس و ستایشی خوای گەورە بێت بەهەر شێوازێك بووترێت دروستە؟**

و/ دروستە والله اعلم.

**پ٢٠٤/ دەست بەرزکردنەوەش نەهاتووە لە پێغەمبەری خوا ﷺ.**

و/ ووتمان نەهاتووە تەنها لە ابن عومەرەوە هاتووە (ڕەزای خوای پەروەردگاری لیّ بێت) .

**پ٢٠٥/ ئەگەر کەسێك دەست بەرزکاتەوە؟**

و/ لەسەر ئەوەی کە بلّیٚ ابن عومەر لە خۆیەوە نایکات هەڵبەتە لە پێغەمبەری خوا ﷺ بیستوویەتی (ڕەزای خوای پەروەردگاری لیّ بێت) إِنْ شَاءَ اللَّهُ بۆی هەیە وە کەنەیشی کات (خير هدى هدى محمد) ﷺ کەنەیکات باشترەو هچ کێشەیەکی نیە إِنْ شَاءَ اللَّهُ چونکە تاکە کردارێکی هاوەڵێك نابیٚ بە بەڵگە دڵی پیٚ خۆش بکرێت.

**پ٢٠٦/ لەکاتی نوێژەکاندا ئیمام سورەتی دیاری کراو هەیە بخوێنێت؟**

و/ لە دوای سورەتی فاتیحە سورەتی (الأعلى) بخوێنێت لە ڕکاتی یەکەمدا وە سورەتی (الغاشية)ش لە ڕکەعەتی دووەمدا ئەم دوو سورەتە کورتو گونجاون ئیمام بخوێنێت .

**پ٢٠٧/ ئەگەر کەسێك فریای نوێژی جەژن نەکەوت کاتێك دێتە مزگەوتەوە نوێژ تەواو بووە چی ئەکات سوننەت وایە خۆی نوێژەکەی بکاتەوە؟**

و/ بەڵکو واجبیشە بیکاتەوە چونکە ئەو نوێژە ووتمان واجبە لەسەر هەموو موسوڵمانێك وە کە فریا نەکەوت دوایی پێویستە بەتەنها بۆ خۆی بیکات .

**پ٢٠٨/ ئەگەر فریای ڕکعەتێك کەوت؟**

و/ ڕکەعەتی دووەمی تەواو دەکات .

**پ٢٠٩/ ئەگەر فریای تەحیات کەوت هەردوو ڕەکعەتەکە؟**

و/ بەهەمان شێوە حوکمی هەینی نیيە کەبلّێین هەڵسێتەوە چوار ڕکەعەت بکات چونکە لە ئەسڵدا کە نوێژی جەژن فەڕز بوو بە دوو ڕکەعەت فەڕز بووە .

**پ٢١٠/ ئەگەر کەسێك نەخۆش بوو لە ماڵەوە نەیتوانی بێت ئەوەیش پێویستە لە ماڵەوە بۆ خۆی ئەنجامی بدات؟**

و/ لە ماڵەوە ئەنجامی ئەدات إِنْ شَاءَ اللَّهُ.

**پ٢١١/ ئایا لە پاش نوێژی جەژن وەکو نوێژی فەرزەکان دروستە ئەو زیکرانەی کەوا سوننەتە لە پاش نوێژە فەرزەکان بخوێندرێت لە پاش نوێژی جەژنیش بەهەمان شێوە دەخوێندرێت یاخود تایبەتە بە نوێژە فەرزەکانەوە؟**

و/ بێگومان تایبەتە بە نوێژی فەرزەوە وە هەرکەسیٚ ئەو زیکرانەی کەوا لە پاش نوێژە فەرزەکانەوە هەیە لە پاش نوێژە سوننەتەکانەوە یان لە دوای نوێژی جەژن بیکات کارێکی باشی نەکردووە، چونکە لە خۆیەوە شتێکی کردووە کە ئەمری پێغەمبەری خوای ﷺ لەسەر نییە وە بەردەوام دەمانەویٚ لەسەر سوننەت بڕۆین نەك لە

خۆمانەوە شت دابێنین ئەگەر زکرێکی خواش بێ ئەگەر عیبادەتێکیش بێ لە خۆمانەوە ناتوانین بیکەین چونکە دین بینایەکەی لە سەر تەوقیفە لەسەر دەلیلە نەك لەسەر استحسانات‌و پێباشبوونی خۆمان، چونکە ئیمامی شافیعی (ڕەزای خوای پەروەردگاری لێ بێت) دەفەرمووێت: (من استحسنَ فقدْ شرّع).

واتە: هەرکەسێ لەدیندا بۆ خۆی بلێ من پێم چاکەو من بەباشی دەزانم بەڵگەشی لەسەر نەبێت ئەوە شەریعەتی داناوەو شەریعەتیش حەقی خوای گەورەیە نەك حەقی ئێمە بێت کەواتە کارێکی خراپە.

**پ٢١٢/ ئایا ئیمام کەی دەست بە خوێندنەوەی ووتاری جەژن دەکات ؟**

و/ بێگومان نوێژی جەژن‌و ووتارەکەشی لە چەند ڕوانگەیەکەوە جیاوازن لە نوێژی هەینی‌و ووتارەکەی، لە ڕوانگەی ئەوەوە کاتی ووتاری جەژن لەگەڵ ووتاری هەینی کاتەکەیان جیاوازە، لە هەینی دا ووتار دەخوێنرێتەوە پاشان نوێژ دەکرێت، بەلاَم لە جەژندا نوێژ دەکرێت پاشان ووتار دەخوێنرێتەوە، لە هەینی دا ووتاری هەینی واجبە موسوڵمان تیایدا ئامادە بێت، بەلاَم لە جەژندا واجب نیە موسوڵمان ئامادە بێت بە ئارەزووی خۆیەتی هەر کەسێك حەز بکات دابنیشێت بۆ ووتاری جەژن هەر کەسێکیش حەز بکات بڕوات، کەواتە نوێژی جەژن دەکرێت پاشان ووتار دەست پێ دەکات وە ئەگەر پاش‌و پێش بکرێت بێگومان ئەوە بیدعەیەو مخالەفەیەو گۆڕینی سوننەت‌و شەریعەتی پێغەمبەری خوایە ﷺ وەکو (أبی سعید الخُدری) (ڕەزای خوای پەروەردگاری لێ بێت) بۆمان دەگێڕێتەوە دەفەرمووێت: لەسەردەمی پێغەمبەری خوا ﷺ وە لەسەردەمی ابوبکرو عمردا کە چەند جار نوێژی جەژنم لەگەڵیان کردووە نوێژیان دەکرد پاشان ووتار دەستی پێ دەکرد (قَالَ أَبُو سَعِيدٍ : فَلَمْ يَزَلْ النَّاسُ عَلَى ذَلِكَ حَتَّى خَرَجْتُ مَعَ مَرْوَانَ – وَهُوَ أَمِيرُ الْمَدِينَةِ)[١٠٣] دەفەرمووێت بەردەوام موسوڵمانان لەسەر ئەوە بوون نوێژ دەکرا ئەمجا ووتار بوو تا سەردەمی مەروان کە ئەمیری شاری مەدینە بوو، دەفەرمووێت لەگەڵ مەروان چووم بۆ نوێژ کە گەیشتینە (مصلی) بینیم مینبەرێك دانراوە کە سوننەتیش وایە نوێژی جەژن‌و ووتاری جەژن لەسەر مینبەر نەبێت ووتارەکە لەسەر زەوی بێت نەك لەسەر مینبەر بێت دەفەرمووێت سەیرم کرد مینبەرێك دانراوەو تەرخان کراوە کە گەیشتینە ئەوێ یەکسەر مەروان دەستی کرد بە سەرکەوتنی مینبەرەکە بۆ ووتار خوێندن دەفەرمووێت منیش جلەکەیم گرت‌و ڕامکێشا ووتم نەڕۆیت خۆی لێ پچڕکاندم‌و هەر ڕۆیشتە سەرەوە فەرمووی ئەو کاتە ڕۆیشت کە ئەوەی تۆ دەیڵێیت وتی منیش ووتم (غَيَّرْتُمْ والله) والله سوننەتەکەتان گۆڕی ئەوەی من دەیزانم والله ئەوە خێرە سوننەتەکەی پێغەمبەری خوا ﷺ خێر لەوەدا نیە کە تۆ دەیکەی، فەرمووی جاران خەڵك باش بوو دادەنیشت بۆ خوتبەی جەژن بەلاَم ئەمڕۆ خەڵك بۆ خوتبەی ئێمە دانانیشێت ناچار بۆ ئەوەی خەڵکەکە ناچار بکەین بۆ گوێگرتنی ووتارەکەمان ووتارمان خستوەتە پێش نوێژ بۆ ئەوەی خەڵکەکە دابنیشێت لەبەر چاوەڕوان کردنیان بۆ نوێژەکە گوێ لە ووتارەکە بگرن بە هەر حاڵ (أبي سعيد الخُدري) (ڕەزای خوای پەروەردگاری لێ بێت) ئینکاری لێ کرد وە بەو کارەشی ڕازی نەبوو وە کارێکی بێ شەرعی‌و بیدعەش بوو وە ئەو عوزرەش کە مەروان هێنایەوە عوزرێکی شەرعی نیە ئەم عوزرە هەمان عوزرە کە زۆربەی کەسانێکی موبتەدیع یان حیزبی لەسەردەمی ئێمەدا دەیهێننەوە، تەماشا دەکەین زۆر شت دەکەن دەڵێن خەڵکەکە گۆڕاوەو

---

(١٠٣) رواه البخاري (٩٥٦) ، ومسلم (٨٨٩) .

ئیمانی لاوازە ناچار ئێمە بەو وەسیلەیە دەتوانین وایان لێ بکەین وەسیلەکەش کە بیدعەیە لە ڕێگای سوننەتەوە ناتوانن خەڵکانێك بێننە سەر ڕێگا ناچار پەنا بۆ بیدعە دەبەن بۆ ئەوەی بە هۆی ئەو بیدعەیەوە خەڵکێك ڕابکێشن، بۆ نمونە ئاهەنگی مەولود نەبەوی بکرێت، ئاهەنگ بۆ ئەوە بگێڕێت کە بیدعەیە بۆ ئەوەی خەڵك کۆ بکەینەوەو موحازەرەو ئامۆژگاریان بکەین زۆر شتی تری بێ شەرعی دەڵێن مەبەستمان ئەوەیە لەو ڕێگایەوە نەبێت خەڵك کۆنابێتەوە، وە ئێمە ئەوەیان پێ دەڵێین کە (أبي سعيد الخُدري) (ڕەزای خوای پەروەردگاری لێ بێت) پێی ووتن (غَيَّرْتُمْ الله) دەڵێین گۆڕیتان دینەکەتان گۆڕی دین ئاوا نیە دین سوننەتە نەك بیدعە بێت، وەکو ابن مسعود (ڕەزای خوای پەروەردگاری لێ بێت) دەفەرمووێت:

(اقْتِصَادٌ فِي سُنَّةٍ خَيْرٌ مِنَ اجْتِهَادٍ فِي بِدْعَةٍ) (١٠٤) .

واتە: مرۆڤ لەسەر سوننەت بێت گەر زۆر چالاکیش نەبێت خێرترە لەوەی کە زۆر عیبادەت بکات بەڵام بەشێوەی بیدعەو لەسەر بیدعە بیکات.

کەواتە لاواز بوونی ئیمانی موسوڵمانان چارەسەرەکەی ئەوە نیە ئێمە بیدعەیەکیان بۆ دابهێنین، چارەسەرەکەی ئەوەیە ئێمە هەوڵ بدەین ئیمانی موسوڵمانان بەرز کەینەوەو سوننەتیان بۆ جێ بەجێ بکەین‌و بیانخەینە سەر سوننەت، نمونەی تر لەسەر ئەوانە بۆ نمونە لە مزگەوتەکان تەماشا دەکەین خەڵك ڕێك ڕاناوەستێت ئەگەر بێت‌و خەتێکیان بۆ ڕانەکێشین خەڵك ڕێك ڕاناوەستێت ئەی بۆ خەڵك جاران ڕادەوەستا لەسەردەمی پێغەمبەری خوا ﷺ لەسەردەمی صەحابەو تابعین بۆ ئەمرۆ ڕێك ڕاناوەستێت؟ دەڵێن خەڵك ئیمانی لاوازە، ئەی چارەی ئەوە چیە؟ چونکە ئیمان لاوازن شتێکیان بۆ دابهێنین کە پێغەمبەر ﷺنەی کردووە! یان ئەمریان پێ بکەین بگەڕێنەوە سەر سوننەتەکەو لە خوا بترسن‌و ئیمانیان هەبێت ئەم خەڵکەی کە لە مزگەوت ڕێك ڕاناوەستن ئەگەر یەك نائب عەریفێکی سەردەمی بەعس بێت بە داریکەوە هەر هەموویان ڕێك ڕادەوەستن بە یەك ئەمر، بەڵام بۆ لە بەرامبەر پەروەردگاردا لە ماڵی خوادا لە گەورەترین عیبادەتدا کە نوێژە بۆ ڕێك ڕاناوەستن؟! کەواتە قەدری نازانێت سودی نازانێت خۆی پێوە سەرقاڵ ناکات، یاخود فێر نەکراوە کە ئەوە عیبادەتێکی مەزنە، ڕێك ڕاوەستان بەشێکە لە نوێژەکەو نوێژەکەی پێ تەواو دەبێت، بەڵام خەلەلەکە لەوەدایە کە فێر نەکراوە بەو شێوەیە خۆ ڕابێنێت ئەوە پێویستە بکرێت بۆیە تەماشا دەکەین هەندێك جار کە ئیمامێك بە گوێرەی سوننەت ئامۆژگاری خەڵك بکات لە مزگەوتێك کە ڕانەهاتبن پێیان بڵێت خەڵکینە ڕێك ڕاوەستن تۆزێك ڕاوەستن تا خەڵك ڕێك دەخات خەڵك سەیری لێ دێت هەیە گاڵتەی پێ دێت هەیە پێی ناخۆشەو تورە دەبێت ئەمە چیە چونکە وا ڕانەهێنراوە، بەڵام پێغەمبەری خوا ﷺ نوێژی دانەدەبەست تاوەکو تەماشای دەکرد موسوڵمانان ڕێك ڕاوەستاون، کەواتە چارەسەری دوور کەوتنەوەی موسوڵمانان ئەوە نیە بیدعەیان بۆ دابهێنین ئەبێت بیانگەڕێنینەوە بۆ سەر سوننەتەکە وە ئاستی ئیمانیان بەرز بکرێتەوە بە موحازەرەی باش إِنْ شَاءَ اللَّهُ وە بە ( الترغيب والترهيب) بە پشتیوانی خوای گەورە چونکە خێر لە بیدعە دا نیە .

(١٠٤) رواه الطبراني (١٠/٢٠٨).

**پ٢١٣/ ئایا ئیمام کە ووتار دەست پێ دەکات بە (الله اکبر) کردنو بە تەکبیرە دەست پێ دەکات یان هەر وەکو ووتارەکانی تر وایە بە(إن الحمد لله) دەست پێ دەکات؟**

و/ هیچ بەڵگەیەکی صەحیح نیە لەسەر ئەوەی کە ووتاری جەژن جیاواز بێت لە ووتاری هەینی یان لە ووتارەکانی تر لەوەدا کە بە (الله اکبر) دەست پێ بکات، نەخێر ووتار سوننەت وایە هەر بە خوتبەی حاجە دەست پێ بکات بە (إن الحمد لله) دەست پێ بکات.

**پ٢١٤/ ووتاری جەژن چەند ووتارە وەکو هەینی دوو ووتارە یاخود تەنها ووتارێکە؟**

و/ نەخێر تەنها ووتارێکە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ نەهاتووە زیاتر لە ووتارێکی دابێت.

**پ٢١٥/ پیرۆزبایی کردن بە بۆنەی جەژنەوە ئایا شێوازێکی تایبەتی هەیە پێغەمبەری خوا ﷺ یاخود صەحابە لە جەژنەکاندا بە یەکتریان وتبێت؟**

و/ لە پێغەمبەری خوا ﷺ هیچ شتێکی وا نەهاتووە، بەڵام لە صەحابەوە (ڕەزای خوایان لێبێت) هاتووە کە دەگەیشتن بە یەك لە جەژندا دەیانفەرموو: (تقبل الله منا ومنكم) خوای گەورە عیبادەتو پەرستنو چاکە لە ئێمەو ئێوەش قەبوڵ بکات، ئەم نوێژە لە ئێمەو ئێوەش قەبوڵ بکات ئەمە هاتووە، یان (اعاده الله علينا وعليكم) خوای گەورە ئەم جەژنە بەسەر ئێمەو ئێوەشدا بگەڕێنێتەوە، ئەم جۆرە ووشانە هاتووە، بەڵام نەك تەنها جەژنتان پیرۆزو بەس، تەماشا دەکەین پیرۆزبایی کردنی صەحابە دوعا بووە (تقبل الله منا ومنكم) خوای گەورە عیبادەت لە ئێمەو ئێوەش قەبوڵ بکات، واتا جەژنیان هەر عیبادەت بووەو پیرۆزباییان هەر عیبادەت بووە، نەك وەکو ئێمە نە جەژنەکەمان عیبادەتە نە پیرۆزباییەکەمان عیبادەتە، کە دەگەینە یەکتر بەیانیت باش لەجیاتی (السلام عليكم) کە عیبادەتەو دوعایەو دە خێری بۆ دەنوسرێت ئەو کەسەی کە سەلام دەکات، وە ئەوەشی کە وەڵام دەداتەوە دە خێری بۆ دەنوسرێت، لە جیاتی ئەوە بەیانیت باش یان ئەم کاتەت باش، ئەوە باش نابێت بەڕاستی حاڵی مرۆڤ کاتێك کە خوا باشی نەکات تەنها بە قسەی منو تۆ باش نابێت، کەواتە باشتر وایە مرۆڤ پەیوەست بێت بەم سەلام کردنو پیرۆزبایی کردنە شەرعیانەوە کە لە قورئانو فەرموودەدا هاتووە، یان صەحابە (ڕەزای خوای پەروەردگاریان لێ بێت) لەسەری بوون .

**پ٢١٦/ لە دوای ووتنی** (تقبل الله منا ومنكم) **دروستە بە هەر شێوازێکی تر پیرۆزبایی لەیەکتر بکەن؟**

و/ إِنْ شَاءَ اللَّهُ دروستە.

**پ٢١٧/ ئەی لەناو خەڵکیشدا باوە وەك** (كل عام وأنتم بخير)؟

و/ ئەگەر نیەت تێیدا دوعا بێت مەبەست تیایدا دوعا بێت واتا هەموو ساڵێکی ئێوە هەر بە خۆشی بژین وە بەخێر بگەڕێتەوە بەسەرتاندا وەکو دوعا بێت دروستە إِنْ شَاءَ اللَّهُ بەڵام چەند ووشەیەك فێر ببینو دووبارەی بکەینەوە مەبەستمان دوعا نەبێت خێری پێوە نیە .

**پ٢١٨/ بە بۆنەی جەژنەوە زۆر کەس لە جیاتی سوپاسکردنی خوای گەورەو دوعاکردن‌و عیبادەت کردن لە جەژنەکاندا زۆر خراپەو تاوان ئەنجام دەدەن بەبۆنەی هاتنی جەژنەوە هەندێك لەو خراپەکاری‌و بیدعەو تاوانانەمان بۆ باس بکەن تاوەکو موسوڵمانان خۆیانی لێ بپارێزن بە پشتیوانی خوای گەورە.**

و/ بەڕاستی جێگای داخە کاتێك کە خوای گەورە نیعمەتێکی پێ بەخشین پێویستە شوکری خوا بکەین نەك کوفرانەی نیعمەتی خوا بکەین، پێویستە سوپاسی خوا بکەین چونکە زانایان دەفەرموون: شوکری خواو سوپاسکردنی خوا دوو خاسیەتی تیایە: یەکەمیان پێی دەووترێت: (الحافظ)، دووەمیشیان پێی دەووترێت: (الجالب)، (الحافظ) واتا پارێزەر، (الجالب) واتا هێنەر، واتا (الحافظ و الجالب) شوکر بۆ (الحافظ یشەو الجالب یشە) (الحافظ) واتا شوکر ئەو نیعمەتەی کە ئێستا تیایدای کە شوکری خوا بکەیت بۆت (حفظ) دەکات‌و دەیپارێزێت کە شوکری خوا بکەیت خوای گەورە ئەو نیعمەتەت لێ ناسێنێتەوەو بۆت دەپارێزێت، دووەمیشیان: (لَئِنْ شَكَرْتُمْ لَأَزِيدَنَّكُمْ) ئەگەر شوکری خوا بکەن خوای گەورە نیعمەتەکەتان بۆ زیادیش دەکات واتا (الجالب)یشە جەلبی چی دەکات نیعمەتی تریشت بۆ دێنێت خوای گەورە نیعمەتی تریشت بەسەردا دەڕژێنێت، کەواتە مرۆڤ کاتێك کە خوای گەورە نیعمەتی بەسەردا ڕشت ڕەمەزان تیایدا بەڕۆژوو بوو شەو نوێژی تیادا کرد، دوعای کرد، خێرو خێراتی تێدا کرد، قورئانی تیادا خوێندەوە، گەیشتە جەژن بە عیبادەت‌و بە ئیستیقامەت حەقی خۆیەتی کە بەردەوام بێت‌و شوکری خوای تیادا بکات، نەك لە ڕۆژی جەژندا هەموو ئەو چاکانەی کردویەتی هەڵی بوەشێنێتەوەو بگەڕێتەوە بۆ خراپەکاری‌و تاوانکاری وە زۆر تاوان‌و بێ شەرعی هەیە کە دەیبینین لە ڕۆژی جەژن دا دەکرێت، بۆ نمونە: یەکێك لەو بێ شەرعیانەی کە دەکرێت لە ڕۆژانی جەژندا ڕیش تاشینە کە هەر چوار مەزهەبەکە نەك بە فەتوای من هەر چوار مەزهەبەکە کە ماموستایانی ئاینی بۆ خۆیان چاك دەزانن کە ڕیش تاشین حەرامەو ئەو هەموو فەرموودەیەی لەسەرە پێغەمبەری خوا ﷺ کە فەرموویەتی: (وَأَعْفُوا اللِحَى) وە (أطلق اللحية) وە (وَفِّرُوا اللِحَى) ڕیشەکەتان بەرەڵاکەن‌و بیهێڵنەوەو وازی لێ بێنن، بۆ پیاو خوای گەورە ڕیشی داناوە وە پێغەمبەرەکەشی ﷺ فەرمانی کردووە بەرەڵای بکەین، وە ڕیش سوننەتێکی پێغەمبەرەو نیشانەی پیاوەتی مرۆڤە نەك نیشانەی حیزبایەتی بێت، یان نیشانەی تیرۆرستی‌و توندڕەویەتی بێت، کێ ڕیشی درێژتر بێت ئەوە دیارە توندڕەوترە دیارە تیرۆرستە دیارە شتێکی لەبن سەرە دیارە حیزبیە، نەخێر (الحمد لله) زۆربەی ئەو موسوڵمانانەی کە ڕیشیان هەیەو ڕیشیان بەردەدەنەوە دوورن لە دیاریدەی حیزبایەتی، دوورن لە دیاریدەی توند ڕەویەتی‌و زێدەڕەوی لە بەکافردانان‌و تیرۆریستی‌و فیکرەی خراپ‌و ئاژاوەگێڕی (الحمد لله) لەسەر سوننەتی پێغەمبەری خوان ﷺ وە با بیشزانین ڕیش هێشتنەوە تەنها ئەرکی موسوڵمانانی ئاینی نیە، ئەرکی کەسێك نیە کە مولتەزیمی تەواو بێت بە دینەوە، بەڵکو هەموو پیاوێکی موسوڵمان واجبە لەسەری ڕیشی هەبێت، جا ئایا مامۆستای ئاینی بێت یان مۆزەفێك بێت لە دائیرەیەك یان کرێکارێکی ناو بازاڕ بێت یان لە دائیرەی تەندروستی بێت یان لەهەر شوێنێك بێت پێویستە ڕیشی هەبێت، چونکە پیاوەو خوای گەورە وای دروست کردوە، وە (الحمد لله) بڕیارێکی دەستوری وولاتی عێراقیش‌و وولاتی هەرێمی خۆشمان لەسەر ئەوە نیە کە ڕیش هێشتنەوە حەرام بێت یان قەدەغە کرابێت‌و مەمنوع بێت، وە بگرە لە بەریتانیاو لە ئەمریکاو لەو وولاتانەش قەدەغە نیە، کەواتە بەڕاستی حەیفە بۆ

پیاوان کە ڕیش نەهێڵنەوە وە جوانی پیاو بەوەیە وەك عائیشە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەیفەرموو: (والذي زين الرجال باللحى) سوێند بەو خوایەی کە پیاوانی جوان کردووەو ڕازاندونیەوە بە ڕیش، با هەمووی ڕیشی هەبێت سوننەتی پێغەمبەری خوایە ﷺ واجبیشە وەکو ووتمان حەرامە تاشینی وە شیعاری حیزبایەتیش نیە، بەڵکو نیشانەی سوننەتی پێغەمبەری خوایە ﷺ نیشانەی پیاوەتی مرۆڤە کە خوا پیاوی وا دروست کردووە والله اعلم ئەوە یەکێکە لە تاوانو خراپەکاریو مونکەرەکان کە وا دەزانن جوانی ڕۆژی جەژن بە ڕیش تاشین دەبێت .

**پ٢١٩/ هەندێك لە پیاوانو ئافرەتان هەر بە بۆنەی جەژنەوە لەکاتی جەژنو پیرۆزبایی کردن لەیەکتری پیاوانو ئافرەتانی نامەحرەم تەوقە لەگەڵ یەکتردا دەکەن ئەمانیش لە خۆیانەوە نیە بەڵکو کەسانێك هەن کە بەناو دینەوە فەتوایان داوە کەوا دروستە ژنوپیاو بەیەکەوە تەوقە بکات حوکمی ئەو تەوقە کردنە لە شەرعدا چیە؟**

و/ گوناهێکی گەورەیە بە بەڵگەی فەرموودەی پێغەمبەری خوا ﷺ کە لە فەرموودەیەکی صەحیحدا فەرمووی: (لأَنْ يُطْعَنَ فِي رَأْسِ أَحَدِكُمْ بِمِخْيَطٍ مِنْ حَدِيدٍ خَيْرٌ لَهُ مِنْ أَنْ يَمَسّ امْرَأَةً لا تَحِلُ لَهُ) (١٠٥) .

واتە: ئەگەر بێتو بە دەرزی ئاسن تەقڵو درومان لەسەری یەکێکتان بدرێت بەبێ بەنج چەند نارەحەتو ئازارو خراپە ئەوە خێرترە بۆی لەوەی کە دەستی بەر دەستی ئافرەتێك بکەوێت کە بۆی حەڵاڵ نیە دەستی بەر دەستی بکەوێت.

کەواتە تەوقە کردن لەگەڵ ئافرەت کە مەحرەمی یەکتر نەبن حەرامەو مرۆڤ نابێت خۆی توشی گوناه بکاتو تەوقە لەگەڵ ئافرەتی بێگانە بکات، چونکە دروست نیەو بگرە تێکەڵاویش دروست نیە کە ڕۆژانی جەژن تەماشا دەکەین پیاوانو کوڕانو کچان تێکەڵ دەبن لە زۆر شوێنو لە زۆر ماڵ یاخود ڕازاندنەوەی ئافرەتان بۆ دەرەوە بێگومان کارێکی بێ شەرعیە، بەڵام کە ئافرەت خۆی دەڕازێنێتەوە بۆ پیاوی خۆی بەڵێ یان لەناو مەحرەمەکانی خۆی بەڵێ قەیناکە، بەڵام خۆی بۆ کوڕانی خەڵكو خۆی بۆ دەرەوە بڕازێنێتەوە بۆ ئەوەی کە پیاوانی خەڵکی بێ کەمەن کێش بکاتو توشی فیتنەیان بکاتو دڵیان نەخۆش بکات، وە خۆشی توشی بە هیلاك بردن بکات کارێکی خراپەو بێ شەرعیە، بەڕاستی کەسێك کە لە مانای ڕۆژوو و ڕەمەزان گەیشتبێت نابێت ئەو کارە بکات

**پ٢٢٠/ زۆر کەس لە بەیانیانی ڕۆژانی جەژندا بە تایبەتی ئافرەتان لە جیاتی ئەوەی کەوا نوێژی جەژن ئەنجام بدەن دەکەونە ڕێ بەرەو گۆڕستانەکانو ڕۆژانی جەژن تایبەت دەکەن بە سەردانی گۆڕستانەکانو مردووەکانەوە وە ڕۆژی جەژن کە دروشمێکی گەورەی موسوڵمانانە دەیکەن بەڕۆژێکی غەمو خەفەتو پەژارە وە ماڵەوەیان بەجێ دێڵن، وە کە دەیشگەڕێنەوە بە گریانەوە یاخود بە غەمو پەژارەو بە خەفەتو دڵ تەنگیەوە دەگەڕێنەوە حوکمی ئەم سەردانی کردنە لە جەژندا چیە؟**

و/ لە دوو ڕوانگەوە بێ شەرعیە، ڕوانگەی یەکەمیان تایبەت کردنی ڕۆژانی جەژن بەسەردان کردنی مردوو ئەوە بیدعەیەکەو لە دیندا نیە، دووەمیشیان هەڵگێڕانەوەی خۆشی ڕۆژی جەژن بەناخۆشیو غەمو پەژارەو گریان ئەوە دیسان بێ شەرعیەکی ترە خوای پەروەردگار دایناوە ڕۆژی جەژن ڕۆژی خۆشیو دڵشادیو

---

(١٠٥) رواه الطبراني في " الكبير " ( ٤٨٦ ) ، والحديث : قال الألباني عنه في " صحيح الجامع " ( ٥٠٤٥ ) : صحيح .

دڵگەشی موسوڵمانان بێت، دوعا بۆ مردووەکانمان بکەین بەڵام لەم ڕۆژەدا بڵێین با بچین سەردانی مردومان بکەین لەم ڕۆژەدا لەناو خۆماندا دیسان تەعزیەکە دابنێینەوەو غەمەکە دووبارە بکەینەوە کارێکی بێ شەرعیە، چونکە ئەم ڕۆژە ڕۆژی ئەوە نیە پێویستە موسوڵمانان لەوە بە ئاگا بن و خۆیان دووربخەنەوە لەوە إِنْ شَاءَ اللَّهُ وە ئامۆژگاری یەکتریش بکەن ئەو کارە نەکەن ڕۆژێکی تر با سەردانی مردوو بکات وە دوعای خێر بۆ مردووەکەی بکات لە ڕۆژی جەژن و جگە لە جەژنیش ئەوە باشترەو خێرترە بۆ مردووەکەشیان .

**پ٢٢١/ دابونەریتێکی تری بێ شەرعی لە جەژناندا ئەوەیە کە کەسێك پێش چەند مانگێکیش یەکێکی لێ مردبێت لە جەژندا ئەو پرسەیە دووبارە دەکرێتەوەو تازە دەکرێتەوە وە جاری وا هەیە لەبەر دەرگایە بە قەڵەباڵەغی خزم و کەس و کاری کۆ دەبێتەوە خەڵکی بەناوی پرسەوە دووبارە سەردانیان دەکات بەبێ ئەوەی جەژنە پیرۆزە بکات بەڵکو جاری وا هەیە خەڵکی وا هەیە فاتیحەش دائەدات کە چەند مانگە ئەو کەسە مردوە، تازەکردنەوەی ئەم پرسەیە حوکمی چیە لە شەرعدا؟**

و/ ئەم پرسەیە تازە بکرێتەوە کارێکی بێ شەرعی و بیدعەیە شتێکە بەڵگەی لەسەر نیەو گوناهە، وە وتت فاتیحەشی بۆ دادەداتەوە ئەسڵەن فاتیحە دادان بۆ مردوو هەر دروست نیە، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ دینێکی کامڵ و تەواوی بۆ بەجێ هێشتوین و هیچیشی لەبیر نەچۆتەوە وە لەو دینە کاملە تەواوەی خۆیدا فێری نەکردوین کە کەسێکمان مرد فاتیحەی بۆ دابدەین، یان کە چوینە سەر قەبران فاتیحەی بۆ دابدەین ئەوە ئەسڵ و ئەساسی نیەو بەڵگەی قورئان و فەرموودەی لەسەر نیە، بەڵکو بەڵگە لەسەر ئەوەیە کە مرۆڤ چووە سەر قەبران دوعایان بۆ بکات و بڵێت: سەلامی خواتان لێ بێت ئەی ئەهلی ئیماندارانی قەبرسان ئێوە لە پێش ئێمە ڕۆیشتن ئێمەش بە ئێوە دەگەین خوا لە ئێمەو ئێوەش خۆش بێت، خوای گەورە ئێمەو ئێوەش عەفو بکات، پێغەمبەری خوا ﷺ ئەم دوعایەی کردووە نەك فاتیحەی دادابێت، ئەوجا کەسانێك بێن لە لایەنێکی ترەوە موناقەشە بکەن ئایا قورئان بۆ مردوو دەچێت یان ناچێت؟ ئێمە باس لەوە ناکەین بۆ نمونە وایش دابنێین کە بیشچێت ئێمە ئەو پرسیارە دەکەین ئایا پێغەمبەری خوا ﷺ کردویەتی؟ کە نەیکردبێت نایکەین چونکە ئێمە لە پێغەمبەری خوا ﷺ موسوڵمان تر نین و نامانەوێت پێشی بکەوین بە هیچ شێوەیەك، دەمانەوێت لە دوایی بڕۆین خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿قُلْ إِنْ كُنْتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ ﴾﴿آل عمران:٣١﴾.

واتە: ئەی موحەممەد ﷺ پێیان بڵێ ئەگەر خواتان خۆش دەوێت شوێنم بکەون ئەوا خوای گەورەیش ئێوەی خۆش دەوێت و لە تاوانەکانتان خۆش دەبێت، نەی فەرموو پێشم بکەون ئەگەر شتێك نەمکردبێت بیکەن، ئێمە ئەو پرسیارە دەکەین هەر کەسێك کە فاتیحە دادەداو دەڵێت دروستە پرسیاری لێ دەکەین ئایا پێغەمبەری خوا ﷺ فاتیحەی بۆ تەعزیە خوێندووە؟ ئایا فاتیحەی لە قەبرساندا خوێندووە؟ ئەگەر ڕاست دەکەیت و دەڵێیت دروستە یەك فەرموودەی صەحیحمان بۆ بێنەوە؟ بێگومان پێی نیە کە پێت نیەو پێغەمبەر ﷺ نەیکردوە کە نەیکردبێت نایکەین، وەخولەفای راشدین بە هەمان شێوە نە ئیمامی (شافیعی نە ئەحمد نە ابو حنیفە نە مالیك) کەسیان نەیان کردووە کە کەسیان نەیان کردبیت ئێمەش نایکەین، لە خۆمانەوە شتێك ناکەین کە پێغەمبەری خوا ﷺ نەیکردبێت.

**پ٢٢٢/ حوكمی زیندوكردنەوەی شەوی جەژن وە تایبەتكردنی بە عیبادەت بە كەسانێك كە باوەڕیان وایە كەوا ئەم شەوە زیندوو بكرێتەوەو ئاوەدان بكرێتەوە بە عیبادەت خێرو ئەجرو پاداشتێكی زۆری هەیە ئایا ئەمە لە شەرعدا هیچی لەسەر هاتووە؟**

و/ پشتیان بەستوە بە قەولێك كە دەیدەنە پاڵ پێغەمبەری خوا ﷺ كە هەركەسێك دوو شەوی دوو جەژنەكە زیندوو بكاتەوە بە عیبادەت‌و شەونوێژ ئەوا دڵی نامرێت لە ڕۆژێكدا كە دڵەكانی تیادا دەمرن، ئەو فەرموودەیە فەرموودەیەكی (موضوع)ە هەڵبەستراوەو درۆیە بە دەم پێغەمبەری خواوە ﷺ وە هیچ بەڵگەیەكیشی لەسەر نیە كە پێغەمبەری خوا ﷺ شەونوێژی كرد بێت واتا هەڵسابێت ئەم شەوەی زیندوو كردبێتەوە بە عیبادەت وەكو چۆن شەوانی ڕەمەزانی زیندوو كردۆتەوە، قەیانا بەلاّم كە مرۆڤ عادەتی خۆی وابووبێت كە شەوانە ویتری كردووە با شەوی جەژنیش بیكات، بەلاّم ئەم شەوە تایبەت بكەی بە عیبادەت كردنێكی زیادەوە ئەوە بیدعەیەكەو گومڕاییە نەك هیدایەت بێت .

**پ٢٢٣/ كەسانێك لە جەژندا زۆر زیادە مەسرەفی دەكەن وە ئیسراف دەكەن‌و زیادە ڕەوی دەكەن لە مەسرەف كردن دا بە پێچەوانەشەوە كەسانێك لە جەژنەكانیشدا كە هەرچەندە هەبوونن دەستیان گرتوەتەوە وە خزمەتی ماڵ‌و منداڵی خۆیان ناكەن ئامۆژگاریت بۆ هەردوو لایەنەكە چیە ؟**

و/ ئەوانەی كە زێدەڕەوی دەكەن‌و ئیسراف دەكەن لە خواردنا بێت لە خواردنەوەدا بێت ئەوانە براو شوێنكەوتەی شەیتانەكانن وەكو خوای گەورە فەرموویەتی:

﴿إِنّ الْمُبَذِّرِينَ كَانُوا إِخْوَانَ الشَّيَاطِينِ ﴾[الإسراء:٢٧].

هەروەها خوای پەروەردگار نەهی كردووە لە ئیسراف كە دەفەرمێت:

﴿وَكُلُوا وَاشْرَبُوا وَلا تُسْرِفُوا إِنَّهُ لا يُحِبُّ الْمُسْرِفِينَ ﴾[الأعراف:٣١] .

واتە: بخۆن‌و بخۆنەوە بەلاّم زێدەڕەوی مەكەن چونكە خوای گەورە ئەوانەی خۆش ناوێت كە زێدەڕەوی دەكەن.

بخۆو بخۆوە لە ڕۆژی جەژن قەیناكە بەلاّم زێدەڕەوی كردن‌و مەسرەفی بە زیادە خوای گەورە پێی خۆش نیەو نەهی كردووە وە پێی ناخۆشە ماڵ بە زایەدان، وە دیسان لەم شێوەیەش هەندێك لە خوشكان لە ئافرەتانمان لە ڕەمەزاندا نەك لە جەژنیشدا لە ڕەمەزان هەر لە دوای نوێژی نیوەڕۆوە هەیانە هەر لە بەیانیەوە ئەمر بە پیاوەكەی خۆی دەكات شتی بۆ بكێشێتەوە لە بازاڕ خەریكی خواردن دروست كردن دەبێت تاوەكو كاتی بەربانگ ڕۆژێكی تەواو نە ئاگای لە قورئان خوێندنە نە ئاگای لە گوێگرتن لە قورئانە نە ئاگای لە زیكركردنە بەڵكو بە درێژایی ڕۆژەكەی بەوە خەریك دەكات كە جۆرەها خواردن دروست بكات واتا بە ڕاستی ئەوە لە مانای ڕەمەزان نەگەیشتون وە لەمانای ڕۆژوو گرتنیش نەگەیشتون كە كاتی خۆی بەوە سەرف بكات گوناهبار دەبێت لەسەری نەك خێری بگاتێ واللہ اعلم .

**پ٢٢٤/ هەر لە جەژندا زۆر جار دەوڵەمەندەکان ئاگایان لەوە نیە کە خەڵکانێکی زۆر فەقیرو هەژارو نەدار هەن کەوا تەنانەت توانای ئەوەشیان نیە کە خواردنی جەژنیان ئامادە بکەن ئامۆژگاریتان بۆ ئەو دەوڵەمەندانە چیە؟**

و/ ئامۆژگاری بۆ خۆمو بۆ ئەوانو بۆ هەموو موسوڵمانێك کە بیر بکاتەوە فەقیرو هەژار هەیە واتا جەژنیش بۆ ئەوەیە کە موسوڵمانان هەموومان تێکرا دڵخۆش بین نەك تەنها کەسێكو دوو کەسو عائیلەیەكو دوو عائیلە، وە دەبێت ئاگامان لە فەقیرەکان هەبێت إِنْ شَاءَ اللَّهُ و ئاوڕیان لێ بدریتەوە، خوای گەورە زەکاتو سەرفترەی واجب کردووە بۆ ئەوەی فەقیرو هەژارەکانیش خواردنیان هەبێت، وە زیاتریش لەوە کە مرۆڤ هەوڵ بدات خێرو صەدەقەو چاکەیان لەگەڵ بکات، ماڵێك جلی جوانی نیە پۆشاکی نیە پۆشاکیان بۆ بکرێت إِنْ شَاءَ اللَّهُ سەردانیان بکرێت کەوا پێویست بکات کە کەسیان نەبێتو فەقیر بن ئەوە بەڕاستی کارێکی خێرە إِنْ شَاءَ اللَّهُ بەڵام نەك مەبەستمان ئەو سەردانەیە کە هەر لە نوێژی جەژن دێیتەوە جارێ نانی جەژنت نەخواردووە تەماشا دەکەیت خەڵك دەدەن بەسەری یەکتردا، وە دەبێت هەرچی ماڵی گەورەکەکەیە سەردانی بکرێت، ئەوە بەڕاستی هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نیەو مەشەقەتەو پێویست بەوە ناکات، ئەو هەموو ئەزیەتە وە بەتایبەتیش کە پیاوان دێنە نوێژ وە ئافرەتانیش کە دێنە نوێژ سوننەت وایە کە لە مزگەوت پیرۆزباییان لە یەکتر کرد إِنْ شَاءَ اللَّهُ نوێژیان بەیەکەوە کرد ئەوا با کۆتایی بەوە بهێنرێت إِنْ شَاءَ اللَّهُ، پاشان تۆ خزمێکت هەیە کەسێکت هەیە بۆ نمونە پێویستە سەردانی بکەیت یان کەسێکی لێقەوماو هەیە کەسێکی خاوەن موسیبەت هەیە سەردانی بکەیت بە هەرحاڵ ئەوە خێرت دەگات، بەڵام هەموو ماڵێك سەردانی یەکتر بکەنو چوکلێت لە یەکتر وەربگرنو شیرینی لەیەکتر ببەخشنەوە ئەوا بەڕاستی کارێکە ماندوو بوونو مەشەقەتە خوای گەورە ئەو مەشەقەتەی لەسەر دانەناوین، بۆیە ئامۆژگاریم بۆ موسوڵمانان ئەوەیە ئیکتفا بەوە بکەن إِنْ شَاءَ اللَّهُ پیاوانو ئافرەتان لە مزگەوت پیرۆز بایی لە یەکتر بکەنو زیاتر لەوە نا تەنها ئەگەر خزمانی یەکترو کەسانێکی پێویست بیکەن، وە ئامۆژگاریشم بۆ موسوڵمانان ئەوەیە ئاگایان لە نوێژی جەماعەت بێت لە جەژندا، وە لەدوای جەژنیش دوای ڕەمەزان بە گشتی چۆن لە مزگەوت لە ڕەمەزانان ئاگایان لە مزگەوت بوو با دوای ڕەمەزانیش مزگەوتەکان چۆڵ نەکەن، چونکە مرۆڤی موسوڵمان کاتێك خوا خۆشی دەوێت کە ئەگەر عیبادەتێکی کرد بەردەوام بێت لەسەری:

(أحب الأعمال إِلَى اللَّهِ تَعَالَى أَدْوَمُهَا وَإِنْ قَلّ) بەردەوامی لەسەر عیبادەت لەسەر نوێژی جەماعەت کە واجبە وە مرۆڤ بەردەوامی هەبێت ﴿إِنّ الّذِينَ قَالُوا رَبُّنَا اللَّهُ ثُمّ اسْتَقَامُوا تَتَنَزّلُ عَلَيْهِمُ الْمَلائِكَةُ أَلّا تَخَافُوا وَلا تَحْزَنُوا وَأَبْشِرُوا بِالْجَنّةِ الّتِي كُنْتُمْ تُوعَدُونَ﴾[فصلت:٣٠] .

واتە: ئەوانەی کە ئیمانیان هەیەو تەقوایان هەیەو بەردەوامیان هەیە فریشتەکان لەکاتی گیان کێشاندا دادەبەزنە سەریانو پێیان دەڵێن مەترسنو خەفەت مەخۆنو مژدە بێت لێتان بەو بەهەشتەی کە پەیمانتان پێدراوە.

جا ئامۆژگاری بۆ خۆمو بۆ موسوڵمانان دوای ڕەمەزانیش بەردەوامیمان هەبێت وە یەکێك لە دیاریدەکانی بەردەوامی پابەند بونمانە بە جەماعەتو مزگەوتەوە والله اعلم .

# باسی شەشەڵان

**پ٢٢٥/ فەزڵی شەشەلاَن چیە؟ وە حیکمەت لە شەشەلاَن چیە؟**

یەکێك لە دیاریدەکانی بەردەوامی بەرۆژوو بوونی شەش ڕۆژی دوای ڕەمەزانە کە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمێت: (عَنْ أَبِي أَيُّوبَ الْأَنْصَارِيِّ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ: "مَنْ صَامَ رَمَضَانَ ثُمَّ أَتْبَعَهُ سِتًّا مِنْ شَوَّالٍ كَانَ كَصِيَامِ الدَّهْرِ)[١٠٦].

واته: هەرکەسێك مانگی ڕەمەزان به ڕۆژوو بێت وە شەش ڕۆژی شەوالیش تیایدا بەڕۆژوو بێت ئەوە وەکو ساڵێك بەڕۆژوو بێت وایە، بۆ ئەوەی کە ئێمە بەردەوام بین لەسەر عیبادەتو لە مانگی ڕەمەزاندا خواپەرستیەکەمان کۆتایی پێ نەیەتو بەندەی خوا بین نەك بەندەی ڕەمەزان بین‌و لە هەموو کاتێکیش لە دوای ڕەمەزانیش ئاگامان لە خوا بێت.

**پ٢٢٦/ مەرجە ئەم شەش ڕۆژە لە دووەم ڕۆژی جەژنەوە دەست پێ بکات؟**

و/ مەرج نیە، وە مەرجیش نیە بەسەر یەکەوە بێت، وە گرنگ بەردوام بوونە لەسەر عیبادەت إِنْ شَاءَ اللَّهُ وە لە هەمووشی گرنگتر بەردەوام ڕوو لە خوا بین‌و خوا بپەرستین وە شوێن سوننەتی پێغەمبەری خوا بکەوین ﷺ، وە کە فەرموویان خواو پێغەمبەری خوا ﷺ وایان فەرمووە قورئانو فەرمووده ملکەچی بین‌و موناقەشە نەکەین، نەڵێین باوکمان، باپیرمان، عادەتمان، نەنکمان، داپیرەمان، دابو نەریتمان، مەزهەبەکەمان، ئەو شتانە نەکەینە بەڵگە بۆ ڕەت کردنەوەی ئایەتو فەرموودەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت: دوو شتم بۆ بەجێ هێشتون هەر کەسێك دەستیان پێوە بگرێت قەت گومڕا نابێت ئەوانیش بریتین لە (قورئانو سوننەت) جا ئامۆژگاریم ئەوەیە دەستیان پێوە بگرین خوای گەورە هیدایەتمان بدات .

====================


**ماڵپەڕی بەهەشت**

**www.ba8.org**

لە دوعای خێر بێ بەشمان مەکەن


==================================

(١٠٦) أخرجه أحمد (٥/٤١٧ رقم ٢٣٥٨٠) وعبد بن حميد (ص ١٠٤ رقم ٢٢٨) ومسلم (٢/٨٢٢ رقم ١١٦٤) وأبو داود (٢/٣٢٤ رقم ٢٤٣٣) والترمذى (٣/١٣٢ رقم ٧٥٩) وقال: حسن صحيح . والنسائى فى الكبرى (٢/١٦٣ رقم ٢٨٦٢) وابن ماجه (١/٥٤٧ رقم ١٧١٦) وابن حبان (٨/٣٩٦ رقم ٣٦٣٤) .

ئامانجمان : ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح

www.ba8.org